# تەق تەق

## پەلکەزێڕینەی کەنار زێی بچووک

لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، جوگرافی، سیاسی، کارگێڕی

**ئاراس ئیلنجاغی**

**چاپی یەکەم**

2706 **کوردی** 2007 **زاینیی**

**ناوی کتێب: تەق تەق ، پەلکەزێڕینەی کەنار زێی بچووک**

**نووسەر: ئاراس ئیلنجاغی**

**دیزاینی بەرگ: ئاکۆ عەبدولمەجید**

**دیزاینی ناوەوە و کۆمپیوتەر: فەرەیدوون حەمزە**

**نۆبەتی چاپ: یەکەم**

**چاپخانە: یاد، سلێمانی**

**تیراژ:** 500 **دانە**

**ژمارەی سپاردن: ژمارە (**428**)ی ساڵی** 2007**ی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانی دراوەتێ.**

# پێشکەشە بە..

1- گیانی پاکی دکتۆری کۆچکردوو ( ڕەئوف کوێخا عەزیز ڕەشید ).

2- گیانی پاکی باوکی کۆچکردووم ( عمر فتح الله کاوێس ).

3- دایکم ، ( گوڵبەهار)ی کوێخا ساڵحی ئیلنجاغ.

4- خێزانم ( ڕۆژیدە بەکر عارف ) و ( ئامەدو ئەرمەند )ی کوڕم.

## سوپاسی بێ پایانم بۆ..

1- دکتۆر ڕەئوف کوێخا عەزیز تەق تەقی ، کە ئەرکی لە چاپدانی خستە ئەستۆ ، بە داخەوە مەرگ نەیهێشت بەرهەمەکە ببینێ.

2- ئەندازیار ( هەلاَت د.ڕەئوف )کە شوێنی باوکی گرتەوە بۆ سەرپەرشتی لە چاپدانی .

3- مامۆستا ( فریدون حەمزە سابر ) کە ئەرك و ماندوبونێکی زۆری کەوتە سەر هەم لە تایپکردن و هەمیش خەمخۆری وهەوڵدانی بۆ سەرکەوتنی بەرهەمەکە .



## بیرۆکەی ئەم کتێبە

دوای ئەوەی خوێندنی زانکۆم تەواو کرد هەستم بەوە کرد ، پێویستە شارۆچکەکەم خاوەنی مێژووی خۆی بێت بۆیە بڕیارم دا کتێبێکی لەسەر بنوسم لەگەڵ دەرکردنی مانگنامەی ( تەق تەق ) ساڵی 2001 ئەم بیرۆکەیەم برەو پێدا لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەی ( تاك ) خوالێخۆشبوو د.ڕەئوفم ناسی ،ئەم بیرۆکەیەم لای باس کرد ئەویش خۆشحاڵ بوو،وە بووە جێگەی ئەوەی کە زیاتر بایەخ بە بیرۆکەکەم بدەم هاوکارم بوو هەم لە ڕووی داڕشتنی بیرۆکەکەو ،هەمیش لە ڕووی تێچوونی لە چاپدانی کە بەڕاستی گرتیە ئەستۆی خۆی ،دوای کۆچیشی کوڕە گەورەکەی هەلاَت بەڵێنەکەی باوکی جێبەجێ کرد.

# دانەر لە چەند دێڕێکدا..



*ئاراس عمر فتح الله کـاوێس ، سـاڵی 1976 لـە گونـدی ئیلنجـاغی گـەورە هاتۆتە ژیانەوە.

*خوێنــدنی ســەرەتایی و ناوەنــدیو دواناوەندی لە تەق تەق تەواو کردووە.

*ســـاڵی 1997-1998 بەشـــی جوگرافیــای کۆلیــژی ئــادابی زانکـۆی سەلاحەددینی تەواو کردووە.

*دەستەی نوسـەرانی مانگنامـەی (تـەق تەق ) بووە لە ساڵی 2001 ز.

*دەستەی دامەزرێنەرو لێپرسراوی بەشی کارگێڕی ( ناوەندی ڕۆشنبیری تەق تەق )بووە .

*لە (2004/12/24)ەوە سەرنوسەری ڕۆژنامەی ( تاك )ە.

*بابەبەتی جۆراو جۆری لە ڕۆژنامەکانی ( ڕێگـای کوردسـتان ،ڕزگـاری ،هامون،خـەرمان ،هەنگاو ، تەق تەق )بلاوکردۆتەوە.

*یاریدەدەری کارگێڕییە لە ئامادەیی تەق تەقی تێکەلاو.

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| دەستپێك | 12 |
| پێشەكی | 13 |
| **بەشی یەكەم** | 15 |
| **شوێنی جوگرافیای تەق تەق و بایەخە ئابوورییەكەی** | |
| - تەق تەق لە چییەوە هاتووە | 17 |
| - هەڵكەوتەی جوگرافیای تەق تەق | 19 |
| - تەق تەق بژوێنی هەرێمی كوردستانە | 26 |
| - شوێنی ستراتیژی تەق تەق | 40 |
| - دیموگرافیای شارۆچكەی تەق تەق | 44 |
| **بەشی دووەم** | 47 |
| **بنەچەی خانەوادەكان و ئاوڕدانەوەیەك بۆ مێژوو** | |
| - كردنەوەی كلاورۆژنەیەك بە رووی مێژووی تەق تەق | 49 |
| - ساڵی گرانی و بەسەر هات و نوكتەكان | 51 |
| - پیشەگەری لە تەق تەق | 60 |
| - خانەوادەكانی تەق تەق | 67 |
| **بەشی سێیەم** | 113 |
| **تەق تەق لە گوندێكی كارگێڕییەوە بۆ یەكەیەكی ئیداری** | |
| - مزگەوتەكان | 119 |







| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| - تەق تەق و خوێندن | 128 |
| **بەشی چوارەم** | 159 |
| **تەق تەق لە ئەدەب و فۆلكلۆری كوردی و بزاوتە روشنبیرییەكان** | |
| 1- ربەی تەق تەق | 161 |
| 2- دكتۆر رەئوف كوێخا عزیز | 164 |
| 3- علی میران | 169 |
| 4- فاتح بێ لان | 170 |
| 5- شانۆگەری لە تەق تەق | 171 |
| 6- تیپی مۆسیقای تەق تەق | 172 |
| 7- مێژووی جوڵانەوەی وەرزش | 177 |
| 8- ناوەندی رۆشنبیری تەق تەق | 178 |
| 9- نووسین و رۆژنامەگەری لە تەق تەق | 179 |
| **بەشی پێنجەم** | 185 |
| **كاریگەری بارووداۆخە سیاسیەكان لەسەر شارۆچكەی تەق تەق** | |
| - هێڵەكانی رێكخستنی شۆڕشی نوێ | 193 |
| - ژیاننامەی شەهید وشیار | 200 |
| - گرتنی تەق تەق ساڵی 1987 | 201 |
| - نەوزاد كاكەرەش | 203 |
| - ئەنفالی زێودەر | 205 |
| - دەستڕێژە گوللەكەی 1991/3/2 | 207 |
| - 1991/3/10 راپەڕین لە تەق تەق | 209 |

- بەرەی کوردستانی لە تەق تەق 212

**چەند گوندێکی دیاری شارۆچکەی تەق تەق**

1- ناحیەی ئاشتی ( خرابە ) 219
2- گوندی باغەجنێر 223
3- گوندی ئیلنجاغی گەورە 231
4- گوندی ئۆمەر گومبەت 245
5- ناحیەی سێگردکان 249
بڵگەنامەکان 257
سەرچاوەکان 273





**پ...**

**خوێنەری بەڕێز ، ئەو بەرهەمەی بەردەستت خەرمانی گەڕان و سوڕان و بە دواداچوونی حەوت ساڵی تەمەنمە ( 2007-2000 )، بەدوای زەبەندێکی تێکچڕژاوی ( 200 ) ساڵەی کەس پیا نەڕۆیشتوو ، ئەوەی کراوە سەرەتایەکەو هەر هیچ نەبێ ڕێچکەیەکی شکێنراوی نێو ئەو زەبەندەی مێژووی شارۆچکەکەمە، دوای زیاتر لە ئەنجامدانی سەدان چاوپێکەوتن و خوێندنەوەی زیاتر لە ( 30 ) سەرچاوەو بەکارهێنانی زانیاری لە دەیان ڕاپۆرت و خوێندنەوەی دەست نوسێکی ( فاتح بێلانی شاعیر ) و هەڵدانەوەی دۆسیەو لاپەڕەی تۆمارە گشتییەکانی فەرمانگەکان و کردنەوەی لاپەڕەی ڕۆژنامەوگۆڤارەکان ،خۆم بە خۆشحاڵ دەزانم( تەق تەق پەلکە زێڕینەی کەنار زێی بچووک )لە ( 6 )بەشدا بکەمە دیاری بۆ شارۆچکەکەم .**

**کە لە دوو توێی بەشەکاندا لێکۆڵینەوە لەسەر ( هەڵکەوتەو شوێنی جوگرافیاو بایەخە ئابوریەکەیی و سەرەتایەکی مێژوییو بنەچەی خانەوادەکان و بزاوتە ڕۆشنبیریەکان و لایەنی کارگێڕی و کاریگەری بارودۆخە سیاسیەکان بەسەر شارۆچکەکەو خستنە ڕووی ( 5 ) گوندی دیاری ناحیەکە )کراوە.هەڵبەتە کاری دروست و تەواو خودا خاوەنیەتی ،بەندە کەم تازۆر بەرهەمەکەی لە ڕەخنە بێ بەری نییە ، ئیتر بەو هیوایەی توانیبێتم بەردێك ئەگەر چی بچووکیش بێت بخەمە سەر مێرابی مێژووی شارۆچکەکەم .**

**ئاراس ئیلنجاغی**
**مایسی 2007**
**تەق تەق**

# پێشەکی



**حاجی قادری کۆیی :**

**(عمر گونبەتی)لەزەتی داتە پی**

**(تەکەڵتوو)ی شکا زینی ئەسپی حەیات**

**ڕەهبەر سەید برایم**

**مێژوو لە (مێژە)وە هاتووە، (وو)پاشگرە بۆتــە مێــژوو هــەروەك پێشــوو، ڕەش+وو=ڕەژوو ،دێرۆك و دێرین و دێرزەمان و کەون، هەمووی کۆن وڕابردوو دەگەیەنن، هەرچەند ڕای واش هەیــە کــەوا (تەئریخ)وشــەیەکی کوردیــە والێــك دەدەنــەوە کــەوا لــە (تاریکی)یــەوە هاتبێ،گوایــە تــەئریخ بــە تاریــك و ناڕۆشــنی بــاس دەکرێــت و ڕاســتیەکان دەشاردرێنەوە،گۆتە گۆت هەیە لەسەر ناڕاستی و تاریکی تەئریخ!دەردی (میشلە)دەبێژێ: بــۆ ئــەوەی مێــژو تاکۆتــایی درۆبــێ ئەوەنــدە بەســە یــەك نەفــەر ڕاســتیەکان بشارێتەوە!!هەروەك تاریکی هەیە لەسەر نەورۆزو زوحاك و کاوە،بــە پێچــەوانەوە لێــك دەدرێنەوە ، تا ئێستاش رون نیە لەسەر خیانەتی مەلای خەتێ و مشیری حەمە سلێمان بــە جۆرێکی دیکە دەخوێندرێتەوە،مۆرکی ڕەش و خیانەتیان لە نێو دەسڕدرێتەوە، بۆ مێــژووی کورد زیاتر گەریدەو مێژو ناسانی بێگانە مێژووی کوردیان نوسیوەتەوە ،بیریاری مەزن(سن لوئی)دەبێژێ:**

**(ولاتێك کە خاوەن مێژوو نیە، ئەو وولاتە لە جێگەی مردوو ئەژمار دەکرێت) .**

**ئەو کتێبەی مامۆستا ئاراس ئیلنجاغی ، پەلکە زێڕینەیەکــە لــە ئاســمانی تــەق تــەق و گەوهەرێکە لە نــاو زێــی تــەق تــەق دەرهێنراوە،یەکــەم بــەردی بناغەیــە لــە تــەلاری شارۆچکەی دێرینەکەی تەق تەق !ڕاستە وتارو نوسین لەسەر تــەق تــەق نوســراوە بــەلاّم نەگەیشــتۆتە ئاســتی بــالاّی کتێــب ،دەبێتــە سەرچــاوەیەکی بەســوود بــۆ هــەڵهێنجانی لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەو زانیاری زانین لەسەر ئەو شارە ڕەنگینەی تەق تەق !ئــەو کتێبــە تاکە بۆ مێژووی تەق تەق !هەروەك( جاکسۆن براون ) قســەیەکی هەیــەو دەڵــێ: "کــاتێ**





**بیرێکی جوان بە مێشکتدا دێت ،گومــان مەکــەو بــە زوویــی دەســت بــەکار بــە ، دڵنیابــە کەلەهەمان کاتدا کەسانی تر هەمان بیری تۆ دێت بە مێشکیاندا ، ســەرکەوتوو کەسێکە کە زووتر دەست بەکار بێ".**

**مامۆستا ئاراس ئیلنجاغی دەست بەکار بووە،بــەو کــارە ،شــاکارە ،(تــەق تــەق ) پەلکــە زێڕینەی کەناری زێی بچووك وەك پرچی ئایشێ و فا تمان جوان و گەش دەبریسکێتەوە ،لە هەموو بوارو ڕویەکەوە دیارە ،دەهێنێ زانیاری لێ بزانی ، تەق تەق بناســی ،چــونکە لــە ڕووی ئەکادیمیەوە نوسراوە ،هەر خوداش (ئازگار)ە ، لە ڕاستیدا دڵەکان قــوفڵن ،بــەلاّم پرســیارکردن کلیلــەکانن ،گــەر کتێبــی (تــەق تــەق پەلکــە زێرینــەی کــەنار زێــی بچووك)نەبوایە ئەم شارە گەشتیارە ،بووکە ،لەدەم زێ لە ناو مێژوودا ووشك دەبوو ،بەلاّم مامۆستا ئاراس بە هیمەت و ڕەنجیخۆی شەلەگەی بۆبەست و پاراوی کردو مێرگی مێــژووی تەق تەقی گەشاندەوە،ناهەقی نیە زاتێکی وەك (دانتە)بڵێ : (مێــژوو نەبوایە،ئێســتا نەدەهاتە بوون و ڕابردوو بە داهاتووەوە پەیوەندی نەدەبوو )خۆزگە هەموو شــارو شــوێن و گونــدێك مێــژووی دەنوســرایەوە،لا پەڕەی ژیانیــان هەڵدەدرایــەوە ،هــەروەك فــەرمودەی حەزرەتی حاجی قادری کۆیی : کتێب و دەفتەرو تەئریخ و کاغەز**

**بە کوردی گەر بنوسرایە زوبانی**

**مەلاو شێخ ومیرو پادشامان**

**هەتا مەحشەر دەما نام و نیشانی**

**کورت و پوخت ، ئەو کتێبە بە نرخ و سوودمەندە ، پڕ زانیاریە ،ئــەو کتێبــەی بخوێنــەوە (تەق تەق)جوانتر دەناسی ،دیسانەوە دێرێکی حەزەرتی حاجی قادری کۆیی دەهێنمــەوە :**

**لە دەوری ئێمە ڕۆمان و جەریدە**

**ئەگەر چی مەقسەدە زانینی باوە،**

**ئەمان قەدری بزانن ئەم کتێبە**

**لە دنیا ئێستەکی هەمتای نەماوە**

**بۆ خۆشی و خوێندنەوەو بە دیدە گرتنی پەلکە زێڕینەی کەناری زێی بچووك .**

**ڕەهبەر سەید برایم**

**15/مایسی /2007**

# بەشی یەکەم

## شوێنی جوگرافیای تەق تەق و بایەخە ئابوریەکەی





## تەق تەق لە چیەوە هاتووە

1- بۆچونێکی بەربڵاو هەیە دەڵێ: تەق تەق لە (تاق تاق)ماڵەوە هاتووە[1] ،یەك لێرەو لەوێ یان هەر ماڵەی لە شوێنێکەوە هاتووە گریمان ئەمە دروستە ،بەڵام تاق لە هەنبانە بۆرینەی هەژار لاپەڕە 142 –143 ،هەشت مانای هەیە (تاك بەرامبەری جووت ،بێ هاوتا ،بێ وێنە ،دەلاقە ،گونبەز ،میچی بەکەوانە ،نیوەی ڕۆژێك ،بەشێ لە بیست و چوار بەشی ئاو ،کەوڵی مەڕو بزن) ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تۆمارەکانی سەردەمی عوسمانی بڵێین بە (تاق تاق )ناوی تەق تەق هاتووە ،ئەوا لە لایەك عوسمانیەکان زمانی کوردیان نەزانیوە و لەلایەکی تر شێواندویانە، وەك(داقوق کە کردویانە بە تاوغ و واتە مریشکی سورەوەکراو ) کاتێ دێ گەورەو دێ کۆك بکرێتە مریشك ،بەهیچ جۆرێ ناچێتە ئەقڵەوە ،(تاق تاق) ی تۆماری عوسمانیەکان بە دروست (تەق تەق)بێ.

2- چیرۆکێکی کۆن لە تەق تەق هەیە ،باس لە لافاوێکی زێی بچووك دەکات کە چۆن ئاوایی (کەڵەکچن)ی بردووە ،خەڵکەکەی ئاوارە بوون بۆ (قەرەناوو جگیلە و کانی ڕەش و تەق تەقی ئەمڕۆ)دیارترین کەسایەتی نێو چیرۆکەکە (نەنە حەلۆمەیە)، پیرەژنێکی بەساڵاچوو ئازا بوە ،ئاو هێناویەتی لە نێوان ئۆرزیەکەو فەرمانگەی لقی کشتوکاڵی تەق تەق لە کەندڕێك گیرساوەتەوە ،تا ئەمڕۆش کەندڕی (نەنە حەلۆمە) و بەسەر هاتەکەی جێگەی باسی گەورانە بۆ منالان ئینجا لێرەدا دەڵێن (نەنە حەلۆمە) وتویەتی "ئەوە چی بوو تەقە تەقی بەرد کاسی

---

1- فاتح بێلان تاڵەبانی ،لە ژمارەی (311)ی کوردستانی نوێ ،ساڵی 1993 بە (تاك تاك)ی نوسیوە،هەروەها کاك نەوزاد کاکەڕەش لە کتێبی کۆیەی مامۆستا جەمال فەتحوڵلا بە تاك تاك باسی کردووە ،لە چاوپێکەوتنێکی مامۆستا فەیسەڵ تەللوب لە زاری (مام عەبد جاسم)ەوە بە تاك تاك باسی کردووە.

**كردين "گوايە (تەق تەق)لەمەوە هاتووە (جەمال بابانيش)دەڵێ (تە قتەق ،لە ئەنجامی بەریەك كەوتنی بەرد بەیەكتری و دەنگەكەی تەق تەقی دروست كردووە.**

**3- ئەسپ سوارێ ،بەناو بەستی زێی بچووك ،گوزەری كردووە ،ئەسپەكە ئەسپێكی ناڵكراوبووە ،دەنگی تەقە تەقی نێوان بەركەوتنی ناڵچەكەو بەردەكان ، هەر لەگەڵ ئەمەش تەكە تەك و تەقەتەقی تەنەكەی كاروانچیان بە نێو بەستەكەدا.**

**4- بەهۆی زێی بچوكەوە چەند ئاشێكی ئاو لەهەردوو بەری زێی بچووك هەبووە ،ئەو دەنگەی لە كاتی كاركردنی ئاشەكان بەرگوێی خەڵك كەوتووە (چەقە چەق و چەقەنەو تەق و تۆق )بووە وەك چۆن هەنبانە بۆرینە ل165 تەق تەقۆك بەمانای چەقەنەی ئاش لێكدەداتەوە.**

**5- تەق تەق ،واتای زەوی بەردینە ،زەویەكی بن بەردو ڕەقە (هەنبانە بۆرینە ل165 )ئەمەش دەچێتە ئەقڵەوە چونكە لە چەمی كوێخا ڕەشیدەوە تاوەكو گۆمی مام تەها لە خواروی تەق تەق ،زەویەكان تێكڕا بەردینن ، كە ئاوی زێی بچووك هێناویەتی لە كاتی لافاوی بەهاردا ،ئەمەی ئەم بۆچونە پەسند تر دەكات ئەوەیە ناوە كۆنەكانی تە قتەق (كوچك نەخشینەو كەڵەكچن)هەر پەیوەستن بەبەردەوە ،كوچك واتە خڕكە بەرد ،كوچكە واتا بەردی بچووك ،نەخشینەش بە واتای ڕەنگاو ڕەنگ دێت وەك نەوزاد كاكەڕەشیش دەڵێ "كوچك نەخشینە لە قوچكی نیشانەوە هاتووە"، لە كوردەواریشدا ووتراوە كوچك چن واتە دیواری ووشكە بەرد (كەڵەكچن )یش دیواری ووشكە بەردە یا بە مانای (كۆمەڵە بەردی بەسەریەكادراو )دێت وتراویشە كوچكوكەڵەك واتە قەڵاقوچكە بوونی بەرد لەسەریەك (هەنبانە بۆرینە ل624) ،ئەمەش لەگەڵ قسەكەی نەنە حەلۆمە (تەقە تەقی بەرد كاسی كردین )یەك دەگرێتەوە،لەگەڵ لێكدانەوەكەی ناوی (تە قتەق)لەلایەن (جەمال بابان)ەوە لەسەر یەك بۆچوونە ،جگە لەمانە خزمانی (ئۆمەرگومبەت زاراوەی تە قتەقە شاخ و بناری كۆسرەت)یش (تەق تەقە خاك)بەكاردێنن. بە گوێرەی ئەم واتایانەی سەرەوە هەموو بیرو بۆچونەكانی تر**





**بەلاوە دەنێم و ئەمەیان پەسند دەكەم كە ناوی تەق تەق لە سروشتەوە وەرگیراوەو پەیوەستە بە خاك و بەردەكانی بەستی كەنار زێی بچووك.**

# هەڵكەوتەی جوگرافیای شارۆچكەی تەق تەق

**تەق تەق ،كەوتۆتە باشوری خۆرهەڵاتی شاری هەولێری پایتەختی هەرێم ،بە دووری (58)كم ،هەروەها بەڕێگای قیرتاو نێوان (هەولێر-كۆیە-تەق تەق)(98كم)ە، سەر بە قەزای( كۆیە) یەو بە دووری (23)كم بە ڕێگای قیرتاو لە باشوریدایە .[2]**

**سنوری لەگەڵ ناحیەی (ئاشتی) لە خۆرهەڵات و ناحیەی (سێگردكان) لە خۆرئاواو ناحیەی (شۆڕش)لە باكوری خۆرئاواو ناحیەی(شوان) لە باشوردا یەك دەگرێتەوە هەروەها (45)كم لەسەرووی شاری كەركوك هەڵكەوتووە.[3]**

**لە كەناری خۆرئاوای زێی بچووك ،خاڵی یەكتربڕین و تێكەڵ بوونی شێوە ئاخاوتنەكانی (هەولێریو كەركوكی و سلێمانی و كۆیی و لوڕیەكانی خۆرئاوایی تەق تەق)ە[4] هەر بۆیە ئەگەر تەق تەقیەك لە یەكێك لە شارەكانی تری كوردستان بێت و قسە بكات هەندێ جار بە كۆییو هەندێ جاری تر بە هەولێری و جارجاریش بە كەركوكی دەچێت :جگە لەمانە ڕایەڵی بەیەكگەیاندنی نێوان بانی كەركوك و كۆیەو پشدەرو بیتوێن و قەڵادزەی سەر سنور ،بەتایبەت بە هۆی پردە ناودارەكەی كە لە (1954-1958)دروست كراوە. [5]**

2- خەبات عەبدوڵلا ،بنەماتیۆریەكانی جوگرافیای عەسكەری كوردستانی باشوور ،چاپی دووەم ،چاپخانەی روون ،سلێمانی 2005ز ،ل315.

3- ئاراس ئیلنجاغی ،تەق تەق بژوێنی هەرێمی كوردستانە ،تاك ،ژمارە (6)ی حوزەیرانی 2005.

4- دێدەوانی یەعقوب ،تەق تەق سوودو هەڵكەوتەكەی، تەق تەق ،ژمارە (6)ی تشرینی یەكەمی 2001ز.

5- ئاراس ئیلنجاغی .....هەمان سەرچاوە.

6- نەخشەی هێزە چەكدارەكانی عێراق ،ڕووپێوی سەربازی ،ساڵی 1986.

## هەڵکەوتەی ئەسترۆنۆمی ( گەردوونی )

دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (35–36) پلەی باکور نێوان هێڵی درێژی (44–45) پلەی خۆرهەڵات[7]،ئەو شوێنە گەردوونییە ئاووهەوایەکی ڕاگوێزراوی (ئینتقالی) نێوان گەرمێن و کوێستانی پێبەخشیوە ،لە ناوچەی بارانی نیمچە مسۆگەردایە ،باران بارینی ساڵانەی لە نێوان (200–500)ملم دایە ،لە خوارووی وێستگەی ئاووهەوای (کۆیە)یە ،کە بەرزترین پلەی دابارینی ناوچەی بارانی نیمچە مسۆگەری تێدا تۆمار دەکرێت[8].

## تۆبۆگرافیای تەق تەق

لە دامێنی چیای هەیبەت سوڵتان بەرەو باشوری خۆرئاوایی ،ناوچەی نیمچە شاخاویە لە هەرێمی کوردستاندا ،کە بریتییە لە بانۆکەو گردۆڵکەو سۆرك و ڕەوەزە شاخ و بەردەلان ،بەرزی سنوری ناحیەکە بە هێڵی کەنتوی لە نێوان (350–750)م دایە [9] ،لە کۆنەوە لە کوردەواری ووتراوە (گەرمێن و کوێستان)ئەمانیش بەرامبەر هەردوو زاراوەی ناوچەی شاخاوییە کوێستان و ناوچەی نیمچە شاخاوی (گەرمێن)ە[□]،لە سنوری ئەم ناحیەیە چەند دیاردەیەکی بەرچاوی بەرزیو نزمی هەیەوەك (بانۆکەی تاڵەبان و ئیلنجاغ) و ڕووباری کۆیەو داربەرسەر لە باکوری خۆرئاوا ،هەروەها زێی بچووك و بەرزایی تەکەڵتوو لە خۆرهەڵات و بەرزایی گۆرقەرەج لە خۆرئاوایدا ،هەرچەندە چیای خاڵخاڵان لە سنوری ناحیەی (شوان)ە بەڵام لە شارۆچکەکە نزیکەو لە بەری خۆرهەڵاتی زێی

7– د.سلێمان عەبدوللاّ ئیسماعیل ،تایبەتمەندیەکانی باران لە هەرێمی کوردستانی عێراق ،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان ،سلێمانی 2006،ل51–52.

8– ئاراس ئیلنجاغی ،جوگرافیای تەق تەق ،تەق تەق ژمارە (1)ی سەرماوەزی 2700ی کوردی.

9– د.سلێمان عەبدوللاّ ئیسماعیل ....هەمان سەرچاوە ل178





بچووکدایە لە بەفرانباردا مەندیلێکی سپی لەسەر دەکات و لە بەهاریشدا بە گوڵ و گوڵزارو سەوزایی دڵی دانیشتوانی شارۆچکەی تەق تەق خۆش دەکات[10].

## 1- زێی بچووك



سەرچاوەی ئەم ڕووبارە لە دەشتی (لاهیجانی) ڕۆژئاوای شاری مەهاباد پێك دێت[11] سەرەتا ئاڕاستەی بەرەو باشوری خۆرهەڵات بە خۆرهەڵاتی چیای قەندیل و لەبەرزایی (3060)م لە ئاستی ڕووی دەریاوە گوزەر دەکات ،

ئینجا دواتر ئاڕاستەکەیخۆی دەگۆڕێت بۆ باشوری خۆرئاوا ،تێکڕای گۆمی ڕووبارەکە (22250)کم چوار گۆشەیە[12]هەر لە کوردستانی خۆرهەڵات ڕوبارۆچکەکانی (ئەحمەد ئابادو شاهۆ و دڵ هەرزن و چەمی کانی گوێزە)لقی(بانە) پێك دێنن کە گەورەترین لقی ڕوباری (زێی بچووك)ە.[13] هەروەها چۆمەکانی (بناوە سوتەو قزڵجەو ژاراوەی) دەڕژێتە نێویەوە ،لە ناوچەی (سەردەشت) ، (1000)گەز بەرزە ،نشێوی (کەڵوێ)زۆر خوڕە لە مەودای

10– ئاراس ئیلنجاغی ...هەمان سەرچاوە

11– د.عەبدوللاّ غەفور ،جوگرافیای کوردستان ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ،سلێمانی 2005 ز ،ل90

12– موحەمەد عەبدوڵلاّ عومەر ،ڕۆڵی ئاو لەبەعەرەبکردنی کەرکوك ،باسێك لە سەنتەری برایەتی ژمارە (20)ی هاوینی 2000 ز ل 142.

13– د.عەبدوللاّ غەفور ...هەمان سەرچاوە ل 91

(16)فرسەق ،(560) گەز دادەکەوێ هەر لەبەر ئەم خوڕییەی لەو مەڵبەندە بە (گاڤڕێن)ناو دەبرێت[14] .دواتر دێتە هەرێمی کوردستانی عێراق و چۆمەکانی (سیوەیل و کوکە سور) لقی (ماوەت)یا قەڵاچۆلانیشی پێ دەڵێن دەڕژێتە نێویەوەو بە پشدەر تێدەپەڕێ لە خوار (قەڵادزە)ڕووبارەکە فراوان دەبێ‌و چوار چۆمی بەرزاییەکانی قەندیلی دەڕژێتە ناویەوەو لەوێوە بە دەربەندی ڕانیە گوزەر دەکات بۆ پێدەشتی میرزا ڕۆستم و دووکان[15] دوای بەنداوی (دوکان)بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات و لە گوندی (کانی سوورو کلێسە)ی دەشتی کۆیە دێتە سنوری ناحیەی (تەق تەق) ،بە نێو گردۆلکەکانی دەشتی کۆیەو خۆرهەلاتی تەق تەق ڕێدەکات و ئینجا لە خوار تەق تەق هەر سێ لقە ڕووباری وەرزی (کۆیەوداربەسەرو شەرغە)ی دەڕژێتە ناو ،دواتر دەچێتە شارۆچکەی (پردێ)و لە خوار (پردێ)ەوە لقە ڕووبارۆچکەی (کەندێناوەی) دەچێتە ناو ئینجا شارۆچکەی (دوبز )دەبڕێ و لە فەتحە(یەکانە)و خوار (شەرگات)ەوە دەڕژێتە ڕووباری دیجلەوە،لە سەرچاوەوە تا ڕێژگەکەی (400)کم [16] ەو (1766)کم لە کوردستانی عێراقدایەو[17] داهاتی ئاوی ساڵانەی (7)ملیار م$^3$ )یەو [18] لەیەك چرکەدا (222,2)م$^3$ ئاوی پیادا دەڕوات[19] ساڵانە (17٪)ی داهاتی ئاوی ڕووباری دیجلە پێك دێنێت ئەم زێیە خراوەتە ڕیزی ڕووبارە هەمیشەیەکانەوە چونکە بڕی

---

14- عەلی ئەسغەری شەمیمی هەمەدان،جوگرافیای کوردستانی ئێران ،چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق،بەغدا ،ساڵی 1980 ،ل15

15- سەرپەرشتیاران(فەرید ئەسەسەرد و د.ئومێد نوری) ،گیروگرفتی ئاو لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ،بلاۆکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان ،کتێبی یەکەم ،سلێمانی ،ساڵی 2003 ز ،ل101.

16- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل102

17- موحەمەد عەبدوللاَ عومەر ...هەمان سەرچاوە ل142

18- عەبدوللاَ غەفور ...هەمان سەرچاوە ل19.

19- د.ئازاد جەلال شەریف ،ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستانی عێراق ،باسێك لە سەنتەری برایەتی ،ژمارە (13)ی ئەیلولی 1999 ،ل 36.





داهاتی ئاوی لە چاو بڕی داهاتی ئاوی چۆمە وەرزیەکان بڕێکی زۆرە ،ئەگینا ئەگەر ئەم ڕووبارە بەتەرازووی چۆمەوەرزیەکان کێشانە بکرێ دەبێ بخرێتە ڕیزی چۆمە وەرزیەکانەوە.[20]

## 2-بەرزایی تەکەڵتو[21]

یەکێ لەبەرزایەکانی ڕووی شارۆچکەی تەق تەق ،تەکەڵتوە بە دووری ( 6 )کم لە خۆرهەلاتدایە ،بەرزیەکەی (2651)پێ یا (810م) ە ،لە ئاستی ڕووی دەریاوە ،وەك دیاردەیەکی سروشتی بە ئاقاری گوندەکانی (تەکەڵتوو ناسراغا ،باغەجنێر ،موخەڕەس ، گەرمکی ساتوقەلاَ)درێژ بۆتەوە.لە لوتکە بەرزەکانی (لوتکە قەل)بەرزترینیانەو سی تەغار، ستونە گایە ،ستونە گا لوتکەیەکە دوو کونی تێدایە ئەگەر بچیتە نێویانەوە لە شێوەی ژوورێکی (2 بە 3 م)وایە ،هەروەها (کونە مێش )هەیە ،ئاوی خواردنەوەشی تێدایە مرۆڤ دەتوانێ لە کاتی تەنگانەدا پەنای بۆ ببات.

لە دیوی گوندی تەکەڵتوو[22]ئەشکەوتی (کەلێن)هەیە لە نێوان (لوتکە قەل) و (ناو شاخان) دایە ،لە ڕووی گوندی باغەجنێریش ئەشکەوتی (حوسەین)ی لێیە ،توانای حەوانەوەی (5-6)مێگەل مەڕو ماڵاتی هەیە لە کاتی شەویندا .

سوولاوکەو دۆڵی قەمیش و هەنکە وێزەو موشەو ڕەزان و پەمودانە کانیلەو چاوگەی ئاوی خواردنەوەی ئەم بەرزاییەن.

بەرزایی تەکەڵتوو بەلای گوندی (موخەڕەس)لە ناوچەو ئاقاری (هەرفتە)نزم دەبێتەوە ،بەلاَم کەورو ئەشکەوت و حەشارگەی زیاتری لێیە وەك ئەشکەوتی (شالە بەگی )سەر بە ئاقاری (موخەڕەس)ە شوێنی حەوانەوەی مێگەلێکی زۆری هەیە ،دواتر ئاوی سولی دەیکات بە دوو بەشەوە بەشی خۆرهەلاتی لوتکەکانی

---

20- سەرپەرشتیاران(فەرید ئەسەسەرد ،د.ئومێد نوری ...هەمان سەرچاوە ل102)

21- ئەم بابەتەم لە ژمارە (سفر)ی ڕۆژنامەی (تاك) لە 2004/12/24 بلاَو کردەوە کە سوودم لە بەڕێزان (موحەمەد تەکەڵتویی وماموستا سەلمان باغەجنێری)وەرگرتووە.

22- لە هەنبانە بۆرینەی هەژار موکریانی لە لاپەڕە 166 تەکەڵتوو بە مانای جێگەی ڕانی سوار زین هاتووە ،ئەگەر لە دوورەوە سەیری ئەم بەرزاییە بکەی بە تایبەت لە ناو(تەق تەق) شێوەی زینی وولاَغە،بیرو بۆچونێکی تریش هەیە دەلێ‌تەکەڵتوو لە تاکە کەلە تووەوە هاتووە.

(قـەپلان) نێـوان گـەرمك و تەكـەڵتوو و لوتكـەی (كـانی چـیغان)و (دۆڵـی بەقەمیش)دەگرێتـەوە ،لـە ڕووی گونـدی تەكـەڵتوو كانیلـەكانی (كونەكـەمتیار ،قۆچان ،هەوێز كاوڕانی)ایەیە ،هەروەها لەم بەرزایی یە ڕووەكی سروشتی زۆری لێیە وەك دارۆچكەی (مێو، بەلالوك،هەنجیرە كێوی ،دارەبەرن ،قـەزوان،داری تـرش) جگە لەمانـە پـاوان و لەوەرگایـەكی باشـی هەیـە بـۆ بـەخێوكردنی مـەڕو مـاڵات ڕووەكـی (كەبەر)كـە لوتكەیـەكی شـاخەكە بـەم نـاوە نـاونراوە ،لـە شـێوەی (توترکە)لەوەرزی بەهار گەشەو چرۆ دەكات لە هاویندا ووشك دەبێ .

(كەروێشك و ڕێوی و فسۆس و كەمتیار و گورگ)ئەو ئاژەڵانـەن كە لە نێو ئەو بەرزایـەدا كـون و لانـەیان هەیـە لەگـەڵ كۆمـەڵێك باڵنـدەی كێـوی وەك(سوێسـكەو كۆتره شاخی و كـەوی سپیو بـۆر )جگـە لەمانـەش (كونـە مێـش هەنگی)تێدایـە تەكەڵتوو نهێن گرو حەشار گەی پێشمەرگەو دانیشتوانی سنورەكە بوو لە ڕۆژانی سـەختی ئەنفالـدا ژمارەیـەكی زۆر لـە هاولاَتیـانی (باغـەجنێر ، تەكـەڵتوو، ناسراغا،موخەڕەس،ساتوقەلاَ ،گەرمك،شیوەجان ، گردخەبەر، قەسرۆك) خۆیـان تێـدا حەشـاردراوەو لـە ئـەنفال ڕزگـاربوون لـە 1988/5/4 لـەم بەرزایـەدا پێشـمەرگەكانی (ی.ن.ك)داسـتانێكی گـەورەیان تۆمـار كـرد ،كـاتێ ڕووبـەڕووی سوپای دڕندەیی ئەنفال چیەكان بونەوە.

## 3-بەرزایی گۆڕقەرەج


بە دووری (3)كم لە خۆرئاوایی تەق تەق هەڵكەوتووە (2286)پێ لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە ،لە دوو ووشە پێك هاتووە "گۆر +قەرەج"یا ئەوەتا گۆڕی قەرەجان یا تەختایی و گۆڕەپانی قەرەجان دەگەیەنی[23] هەندێ جار بە چیای (كـانی لەلـە)ش ناوزەنـد دەكـرێ ،نـاوی (گوندەكـەی حـاجی قـادری كـۆیی )یـە ،كۆمەڵێك كەوری گەورە گەورەی تێدایە (كەور دیان ،كەور جولەكە،كەور سلێمان ئاغا ،كەوری كوتكینە)بە بۆچوونی من گۆرقەرەج لە كەوری قەرەجەوە هاتووە لەوانەیە بە خزانی زمان كەور بوبێ بە گەور، گەور قەرەج دواتر بووە بە (گۆر قەرەج) ،كۆمەڵێك پێدەشتی پشتاو لەو لاو لەولای ئەم بەرزایە هەیە بە ناوەكانی (بانە بێدەر ،قورمینگە،شێر وەزەن،بانە ڕیخ،سیخوڕە،عەلە ،عاربە گوشل ،دۆڵی

23- ئاراس ئیلنجاغی ،ئاوڕێ لەكاولە گۆڕقەرەج ،ڕێگای كوردستان ،ژمارە (513)ی 2001/5/6.





لولـــوە ،قەلكە)قەلكـــە ئاقـــارێكی ســـەختەو لەســـەردەمی ڕژێمـــی گـۆڕبـــە گۆڕ(بەعس)خەڵكێكی زۆری گوندی گەرمكی داڵدە داوە.






هێڵكاری تەق تەق و گوندەكانی

# تەق تەق بژوێنی هەرێمی کوردستانە

تا ئەم دواییانە ووتەیەکی جێماوی نێو کۆمەڵگا (هەر بە ڕبەی تەق تەق)ە شارۆچکەی تەق تەقی خستبووە بەر گوێچکان و ناساندن ،کەچی ئەمڕۆ هەڵکەوتەو شوێنی جوگرافیای گرنگ و بەپیتی دەشتەلیتاویەکانی کەنار زێو سەر ڕێی هاتوچۆو هەبوونی دەرامەتی کانزاو ناکانزای وەك (نەوت و ئاو) و کەش و ژینگەیەکی گەشتیاری دروست و دەوڵەمەند لە سامانی ماسیو گونجاو بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ و دروست کردنی کێڵگەی پەلەوەرو لەبار بۆ کشتوکاڵ کردن ...تاد ئەمانەو چەندین خەسڵەتی تر کە لە پێگەو شوێنی هەڵکەوتەی تەق تەق دا بەدی دەکرێت ،بۆیە ئەگەر بارو دۆخی سیاسی و ئیداری لە هەرێمدا بەئارامیو شێنەیی بڕوات و نەخشەو پلانێکی زانستیانەی هەبێت ،ئەوا چاوەڕوان دەکرێت لە بوکی خێرو خۆشی دەم زێوە ببێتە بژوێنێك بۆ هەرێمی کوردستان ، ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانەی لە تەق تەق بەدی دەکرێن ئەمانەن:

1- ڕاوەماسی
2- بەنداوۆچکەی تەق تەق
3-وێستگەی کارەبا ی تەق تەق
4- کارگەی خۆشکردن و شوشتنەوەی پێستە
5- کێڵگەی نەوتی تەق تەق
6- پردی تەق تەق .
7- کێڵگەی پەلەوەری تەق تەق
8- گەشتیاری
9- شوێنی ستراتیجی تەق تەق لە هەرێم و عێراقدا.





## تەق تەق و ڕاوەماسی[25]

پیشەی ڕاو لە دێر زەمانەوە مرۆڤ پێوەی خەریك بووە ،کە هۆو پێناوێ بووە ،بۆ بژێوی ڕۆژانە ،ئینجا ڕاوی ئاویش یەکێکە لەو ڕاوە باوو بەربلاّوەکانی زۆربەی شوێنان بەتایبەتی ئەوانەی کەوتونەتە سەر زەریاو دەریاو دەریاچە گەورەکان یان ڕووبارو ڕووبارۆچکەو دەریاچەی سازگاریان هەبێت ،لێرەدا جێی مەبەست شارۆچکەی (تەق تەق)ە کە کەوتۆتە کەناری ڕۆژئاوایی زێی بچووك هەروەها هەردوو ڕووبارۆچکەی (کۆیەو داربەسەر)ی وەرزی کەوتونەتە ڕۆژئاوایی شارۆچکەکەو مەڵبەندێکن بۆ ڕاوەماسی (گۆشتی سپی)لە ئەنجامی زۆری ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەکەو خواستێکی زۆریش لەسەر گۆشتەکەی وایکردووە ڕێژەیەکی زۆر لە خێزانەکانی نێو تەق تەق و گوندەکانی ڕۆژهەلاّتی (کانی ڕەش ، مەلازیاد ،ساتوقەلاّ ،مخرس ،چۆمحەیدەر ،گوندەکانی ڕۆژئاوایی گەرمك و کانیلەلەو سێگردکان و سێکانی و تازە دێ و ئاومالّ و سارتك)تاوەکو بەستی شەرغە بە پیشەی ڕاوەوە خەریك بن ،کە سالاّنە بڕی (35-40)تەن ماسی ڕاو دەکرێت گرنگترین جۆرەکانی ماسیش(بزە ،زراعە ،سورە،هولە،گورگە،جورە، سلج ،دەمبە خەنە،ڕەشە، سپیلکە،خاریجی (دەرەکی) ،دەریایی (بحری) قوڕە ،مار ماسی ،پانکە ،گوپەرە، ئەمانە گشتیان ناوی ناوچەیین ،کە ماسیيە بزە لە هەمویان زیاتر گەورەدەبێت و لە هەندێ جار خۆی لە (10)کغم دەدات کە لە ناوچە قولەکاندا دەژی (سپیلکەو گوپەڕەش) لە هەمویان بچوکترن ،جۆری گورگە ئەگەر گەورەتربن مەترسی (چوپ)تەقاندیان لێدەکرێت چونکە پەڕەکەی سەر پشتیان دڕکێکی زۆر تیژی پێوەیە. لە وەرزی بەهاردا لە (21ی ئازار-21حوزەیران)ڕاو قەدەغە دەکرێت چونکە ماسیەکان لەم وەرزەدا گەرا دادەنێن کە

---

25- ئەم بابەتەم لە هەنگاوی ژمارە (10)ی 2700 ی کوردی بلاّو کردۆتەوە.

سامانێكی نیشتمانیەو پێویستی بە پاراستن هەیە ،ڕاویش بەچەند ڕێگاو شێوازێك دەكرێت كە ئەمانەن.

1- بەكارهێنانی تۆڕ :ئەمە باشترین ڕێگایە بۆ ڕاوكردن بەلأم بەمەرجێ تۆڕی بچووك بەكار نەهێنن كە بچوكترین ماسی ڕاو بكات .

2- قولاب هەڵدان :ئەم شێوازە لێرە تەنها بۆ گەشت و كات بردنە سەر بەكار دێت.

3- گرتنی ماسی بەماشە ئەم ڕێگایە زۆر كۆنەو ئێستا كەم بەكار دەهێنرێت زیاتر لە هەردوو ڕووبارۆچكەیكۆیەو داربەسەری وەرزی باوە .

هەندێك شێواز دەگیرێتەبەر كە نایاسایین وەك:

1- لێدانی كارەبا:ئەم جۆرە هۆ و پێناوە زیان بەخشە هەموو زیندەوەرانی نێو ئاو (گەورەو بچووك)دەكوژێت كاتێك ئاوەكە دەبێتە كارەبا.

2- پڕ ژە هركردنی گۆمەكان:ڕێگایەكی نادروستە زیان بە زیندەوەران و ژینگەش دەگەیەنێ.

3- بەكار هێنانی قومبەلە ڕێگایەكی ترسناك و زیان بەخشە چونكە مەترسی ئەوەی لێ دەكرێت گیانی مرۆڤەكان لە دەست بدات لە كاتی تەقینەوەیاندا جگە لەوە ماسی ووردو گەورە دەكوژێت وە ژینگەش پیس دەكات گرنگترینیان وەكو (نارنجۆك ،R.B.G،T.N.T،شوشەی پڕ باروت ،مین)كە بەكارهێنانیان دزێوترین شێوازە و دوورە لە شارستانیەت.

بەڕادەیەكی كەم ڕاو لە ڕووبارۆچكەی (كۆیەو داربەسەر)دەكرێت چونكە وەرزین و لە كاتی بێبارانیدا دەپچڕێن و دەبنە (گۆم گۆم)لە بەهاردا دەست دەكرێ بە ڕاوی ئەو ماسیانەی كە لە كاتی باران باریندا لە (زێی بچووك)ەوە هاتونەتە ناوهەردوو ڕوبارۆچكەكە بە ڕێگای بەكار هێنانی گیای گۆگەم (گیایەكی سەوزی گوڵ زەردە )وەك ژەهر وایە بۆ ماسیەكان و بەكار هێنانی تاكو ئێستاش ماوە و زۆر جار قومبەلە لە گۆمەكان دەدرێن ،ڕاوە ماسی لەم دوو ڕووبارۆچكەیە زیاتر لە گوندەكانی (ئیلنجاغی گەورە و مەرزان و ئۆمەرگومبەرت) سودێكی كاتی لێ دەبینن.





## بەنداوۆچكەی تەق تەق

كۆمەڵەی عێراقی ڕاوێژكاری (itsc) لە نێوان (2004/12/27 تاوەكو 2005/4/27)لەماوەی چوار مانگدا بەسەرپەرشتی ئەندازیار (حەیدەر)توانی ڕوو پێوی جیۆلۆجی شوێنی ئەو بەنداوە ،بە ڕووبەری (600)هكتار لە زەوی لە بەرزی (300-420)م لە ئاستی ڕووی دەریاوە ئەنجامبدات ،شوێنی دەست نیشانكراو بۆ بەنداوەكە نێوان هەردوو گوندی (چۆمحەیدەرو موخەڕەس)ی خۆرهەلأتی تە ق تەقە[26] هەروەها بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری و بەنداوەكانی شاری كۆیە لە 2005/7/16 هەڵسا بە ئەنجامدانی ئامارێك بۆ ئەو گوندانەی كە چاوەڕوان دەكرا ئاوی بەنداوەكە بیانگرێتەوە لە هەردوو ناحیەی (تەق تەق ) و (ئاشتی)كە دوو مانگی خایاند[27]

## وێستگەی كارەبای تەق تەق

ئەم وێستگەیە لە 23ی كانونی دووەمی 2007 ،كۆمپانیای جاكۆی مالیزی نێو دەوڵەتی (JACOINTR notato) بەیارمەتی جاكۆی مالیزی نێو دەوڵەتی، دەستیكرد بە جێبەجێكردنی لە ڕووبەری (200) دۆنم لە زەوی كە دەكاتە 123,64 ئێكر ،لە بانی تاڵەبان ،ماوەی جێبەجێكردنی پڕۆژەكە ساڵێك دەخایەنێت ،دواتر (260)مێگاوات كارەبا لە كاتژمێرێك بەرهەم دێنێ و (10)ساڵ لە ژێر چاودێری كۆمپانیای ناوبرا دەبێت بەلأم حكومەتی هەرێم دەبێ كەرەسەی خاوی نەوتی بۆ دابین بكات لەگەڵ كرێ ی تێچوونی گواستنەوەی ،كۆمپانیای

26- تاك ،ژمارە(2)ی شوبات 2005

27- تاك ،ژمارە (7)ی تەمموزی 2005

**جاكۆش هەر( 1) کیلۆوات بە 2,5 سەنت دەدات بە حکومەت.[28] بەڵام بە داخەوە ئەم پڕۆژەیە لە تەق تەق جێبەجێنەکرا.**

## کارگەی پێستە خۆشکردنی تەق تەق

**ئـەم کارگەیـە لەسـەر پارچـە زەوی ژمـارە (153)ی کـەرتی (4)ی گونـدی (کانیلەلـە) ،(50)دۆنمـی بـۆ تـەرخان کـراوە ،کۆمپانیای(ڕاسـخ)ی عێراقـی بـە هاوبەشـی کۆمپانیایـەکی ئیتـالی لـە کـانونی دووەمـی 2006 ،ئـەم پڕۆژەیـان وەرگرتـووە ،بڕیـار وابـوو لـە 20 دۆنم زەویـدا ئـەم کارگەیـە دروسـت بکـرێ ،بـە مۆدیلی 2005 و بەشێکی زۆری ئەلیکترۆنی بێ ،ووزەی بەرهەمداری لـە ڕۆژێکـدا (5000)پێستە خۆش بکا (4)هەزار پێستەی ئاژەڵی بچووک (1)هەزار پێستەی ڕەشە ووڵاغ ،کارگەکە  دوای تەواو بونی (140)کرێکار کاری تێدا دەکات ،بەردی بناغەی لە2006/1/4 لەلایـەن بەڕێز (عومـەر فەتاح)سـەرۆکی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان(ئیدارەی سلێمانی) و پـەروین بابـەکراغا وەزیـری پیشەسـازیو ووزە دانـرا ،بڕی (14,654,94)دۆلاری بۆ تـەرخانکرا ،بـەڵام بـە داخـەوە تـەنها بـەردی بناغەی دانرا [29] هیچ کاری لەسەر نەکرا.**

## کێڵگەی نەوتی گەشە پێدانی تەق تەق

**شوێنی کێڵگە:بە دووری (15)کم لە باکوری خۆرئاوای شارۆچکەی تەق تەقە ، لـە کۆتـایی هێڵـی پـانی (35)ی باکورو لـە نێـو هێڵـی درێـژی (44,30-44,35)ی ڕۆژهەڵاتە لە بەرزایی( 550م) لە ئاستی ڕووی دەریاوەیە[30] .**

---

28- تاك ،ژمارە (25) كانونی دووەمی ،2007.

29- تاك ،ژمارە (13)ی كانونی دووەمی 2006.

30- نەخشەی تەق تەق ، هێزە چەكدارەكانی عێراق ،1986 .





**سـەرنجی مێژوویی:لـە مـاوەی (44)سـاڵدا (1958-2006) چـوار جـار لەبـەر بـارودۆخی سیاسـی کوردسـتان و عێـراق لـەکارخراوە ،شۆرشـی ئـەیلولی 1961 ، جەنگی( عێراق -ئێران) 1980 ،جەنگی کوێت و ڕاپـەڕینی کوردستان 1990 – 1991،دێوەزمەی شەڕی ناوخۆ1996-1997.**

**ئـەو کۆمپانیانـەی کاریـان تێـداکردووە :کۆمپانیاینـەوتی عێـراق لەلایـەن شـەریکەی ئـەمریکی ،بەریتانی،فەڕەنسـی ،هۆڵەنـدی لەسـەردەمی مـەلیك فەیسـەڵ کوڕی غـازی ،دوای خۆمـاڵی کردنـی نـەوت لەلایـەن کۆمپانیـای نـەوتی نیشـتمانی عێـراق بەڕێوەچـوە سـاڵی 1971[31].لـە 1993/8/5 کۆمیتـەی بـاڵای پـڕۆژە تایبەتیەکانی دووەم کابینەی حکومەتی هەرێم بە کرێکارو ئەندازیاری کورد ، لە سـاڵی 2002-2006 کۆمپانیـای فـرە ڕەگـەزی (ئـەگینلو -ئـەداکس)تورکی سویسری.**

**پێکهاتـەی چینەکانی:ئەم کێڵگەیـە 29 کـم درێـژەو 12 کـم پانیەکەیـەتی ،ئەو چینانەی کە نەوتیتێدایە سێ چینە ،ئەوانیش شیرانیش و کۆمیتان و قەمچوغە وفۆڕمەیەشـنە ، نـەوتی قـورس و سـووك لـە پێکهاتـەی نەوتەکـەدا هەیـە ، نـەوتی سووك ڕێژەی بەنزینی زۆرەو لە بۆڕسەو بازاڕی نـەوت گرانترە ، هـەر چی نـەوتی قورسیشە قیرو شەمێ و ڕۆنی تێدایە [32].**

**پێویستی بۆ ئاو:لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لـە ڕووباری کۆیە لـە ناوچەی تاراوی ئیلنجاغی گەورە بە هـۆی بۆڕیـەوە ئاو گەیەنراوەتە پڕۆژەکە ، لە نیوەی دووەمی حەفتاکاندا لە گوندی (تۆبزاوە)وە ئاوی بۆ دابین کراوە تا ڕۆژانـی ئەمڕۆ.**

**کاریگـەری ئـابوری :د.عەبـدوڵڵا غـەفور دەڵـێ "بەرهـەمی سـاڵانەی بـە دەیـان ملیـۆن بـەرمیل دادەنرێـت[33]"ئەمـە لـە کـاتێ دەبـێ کـە بیرەکـان تـەواو لێبـدرێن و**

---

31- د.عەبدوڵڵا غەفور ،جوگرافیای كوردستان ،2005.ل

32- گڕی نەوتی شیواشۆك و وە جاغی ئیلنجاغ ،ڕەهبەر سەید برایم ، كوردستانی نوێ ، ژ(2767).

33- عەبدوڵڵا غەفور ،سەرچاوەی پێشوو .ل

پاڵێوگـــەی نـــەوتی کۆیـــەش بکەوێتـــە کـــار ، هـــەروەها دەتوانرێـــت دوای‌پێداویستیەکانی سوتەمەنی گەرمە کارەبای لێ بەرهەم بهێنرێت .

کاریگـەری بەسـەر ناوچـەکە :ڕووبـەری 135 کـم$^2$ گونـدەکانی دەوربـەری دەگرێتـەوە(ﷺ) کە لـە کۆنـدا بـە کرێکـاری‌و ئـەمڕۆش بـە پۆلیسـیەتی سـوود مەنـد بوون، لە کۆتایی 1979 ئەم ڕووبەرە دانیشتوانەکەی دەربەدەر کران وقەرەبوبیەکی ڕەمـزی کـران تـەنها لـەبری ڕەزو باغـەکانیان ،لەوانەیـە لـە داهـاتووش لـە گـەڵ گەشەکردنی پڕۆژەکە بکەونە بەر هەڕەشەی ڕاگواستن .

ناوەکـانی پڕۆژەکـە :لـە کۆنـەوە تـا ئـەمڕۆ پێـنج نـاوی هـەبووە (نـەوتی کەیوان،بێژنگ بەسـەر ،نـەوتی شیواشـۆک ،نـەوتی چوار جوتیار ،کێڵگـەی نـەوتی تەق تەق کە لە سەرەتاوە ئەم ناوەی هەبووە(ﷺ) .

شەش بیرە نەوت :ئەگەر چی وا چاوەڕوان دەکرێت ئەم کێڵگەیە زۆر زیاتر لە شەش بیرە نەوتی لـێ هـەڵ بکـەنرێت ،بـەڵام تـا ئـەمڕۆ شـەش بیـرە نـەوت شـوێنیان دیارە کە کەوتونەتە نێو زەوی ئەم گوندانە وەك لە خشتەکەدا دیارە.

| ژمارەی بیر | ناوی پارچە زەوی | گوند | یەکەی کارگێڕی |
|---|---|---|---|
| 1 | چوار جۆتیار | ئیلنجاغی گەورە | تەق تەق |
| 2 | چوار جۆتیار | ئیلنجاغی گەورە | تەق تەق |
| 3 | گەرماوە | ئیلنجاغی گەورە | تەق تەق |
| 4 | بورەی مامز | ئیلنجاغی گچکە (مەرزان) | تەق تەق |
| 5 | هەڕفتە | ئیلنجاغی گچکە (مەرزان) | تەق تەق |
| 6 | سەید قوری | داربەسەری گچکە | شۆڕش |

بیری ژمارە (4)لە 2006/5/14 لە لایەن کۆمپانیای ئامۆسی دوبەی دەسکرا بە هەڵکەندنی‌و هەردوو بیرەکەی تر (هەرفتەو سەید قوری)ئامادەن بۆ هەڵکەندن.

34- هەنگاو ،2001 ،ژمارە (9).

35- ڕزگاری ،ژمارە (115)





ساڵی 1979-1980 گوندەکانی سنورەکە ڕاگوێزران،533 حێزان بوون لە (10)گوندی ناحیەی (تە ق تەق و شۆڕش)وەك لە خشتەی خوارەوەدیارە(ﷺ)

| ژ | گوند | ژمارەی ماڵ | ناحیە |
|---|---|---|---|
| 1- | تاڵەبانی گچکە | 33 | تەق تەق |
| 2- | مەرزانی خوارێ | 16 | تە ق تەق |
| 3- | ئیلنجاغی گەورە | 135 | تەق تەق |
| 4- | تاڵەبانی گەورە | 90 | تەق تەق |
| 5- | مەرزانی کانی قەبران | 17 | تەق تەق |
| 6- | شیواشۆکی گەورە | 120 | تەق تەق |
| 7- | داربەسەری خوارێ | 30 | شۆڕش |
| 8- | داربەسەری سەرێ | 25 | شۆڕش |
| 9- | شیواشۆکی کوردان | 12 | شۆڕش |
| 10- | سماقە | 55 | شۆڕش |
| | سەرجەم | 533 | |

36- ئەمینی قادری مینە ،ئەمنی ستراتیجی عێراق سێکوچکەی بەعسیان لا308

**دوای ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان لە دوای ڕاپەڕین ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە (1472)کەس و (241)خێزانی گەڕاونەتەوە ،وەك لە خشتەکەی خوارەوە دیارە**[37]

| ژ | گوند | خێزان | دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| 1 | ئیلنجاغی گەورە | 110 | 687 |
| 2 | ئیلنجاغی گچکە(مەرزانیخواریٚ) | 6 | 29 |
| 3 | تاڵەبانی گەورە | 9 | 63 |
| 4 | تاڵەبانی گچکە | 14 | 71 |
| 5 | شیواشۆکی گەورە | 34 | 231 |
| 6 | شیواشۆکی گچکە | 17 | 94 |
| 7 | داربەسەری گچکە | 24 | 151 |
| 8 | داربەسەری گەورە | 9 | 48 |
| 9 | مەرزانی سەریٚ | 18 | 98 |
|  | سەرجەم | 241 | 1472 |

37– ئاراس ئیلنجاغی ،سەرنجێکی مێژوویی پرۆژەی نەوتی شیواشۆك ،ڕێگای کوردستان ،ژمارە (457)ی 2001/6/11






# ثردی تەق تەق[38]



کاتی دروستکردنی 1956-

**ڕایەڵی بەیەکگەیاندنی (شوان وساڵەیی وشێخ بزێنی)ی شاری کەرکوکە بەشارۆچکەی تەق تەق و کۆیەو ڕانیەو قەڵادزەو باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر, بۆسوود وەرگرتن لەکات ونزیك بوونەوەی ناوەڕاستی عێراق بەسنوری (ئێران –عێراق ) بیرۆکەی سەرەکی بنیات نانیەتی .**

**ساڵی (1954 ) شەریکەیەکی عەرەبی لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی سەردەمی ( مەلیکە گچکەلە ) فەیسەڵ کوڕی غازی ڕوپێو (مسح ) ی جیۆلۆجی باشوری ( تەق تەق ) ی کردوە شوێنی ئێستای پردەکە , بۆدڵنیابوون لەتوانای بەردەکان وخاکەکەی .**



**دواتر کۆمپانیای (بیتۆن مونیر باو ) ی ئەڵمانی دەستی کردوە بەبنیاتنانی پردەکە . ئەم پردە پێکهاتەکەی لەدوازدە پایەی ( دینگە) ڕاگر پێکهاتووە**

38– ئەم بابەتەم لە گۆشەی زێودەری ( تاك) ژمارە (14)ی شوباتی 2006 بلاْوکردۆتەوە، کە سودم وەرگرتووە لە ، مام ڕەفیق کوێخا ڕەشید ، مام بکر وەستا عارف ، کە کرێکاری ئەو کات بوون، رامان ژ(71) ، مایسی 2002. ڕێگای کوردستان ژ(502)، 13ی ئایاری 2002. توێژینەوەیەکی مەیدانی خوێندکاران (پەروین مەحمود و بەناز صابر 2002–2003 بەشی جوگرافیا کۆلیجی ئاداب زانکۆی سەلاْحەدین)

كـــەدوازدە پلێـــت لـــەژێر زەویدایە ,

هەرپلێتەو درێژی بەمەترێك مەزندە دەكرێت , نێوپایەكان بەپێبلیكانە (پەیـژە) دەتوانی بچیتە نێویانەوە , ئەم دینگانە پردەكەیان كردووە بەحەوت بەشەوە , ئەم بەشانە لەسەرەوەی پردەكە بەچواردە كەوانـەی كەمەرەییـەوە بەیەكەوە گرێدراون بۆئـەوەی قورسـایی پردەكـە بەیەكـەوە بەسـتراوی بگوێزنـەوە سـەردینگەكان واتـا( ستونی وئاسۆیی) , جگە لەمەش هەربەشە پردێك ( 20 سم ) نێوانیانـە بۆكشـانی هاوینـە لەلایـەك و ئەگەربەشـێكیان كـەوت یادووچـاری داڕمـان یـاوێرانكردن بـێ كارلەبەشـەكانی ترنـەكات , زۆربـەی كەرەسـەی بـەكارهاتوو لەبنیاتنانـدا شـیش وچیمەنتۆو پلێت بەكارهاتووە ئەڵمانەكان زۆر بەووردی وئەندازیارانـە كارەكانیـان ئـەنجام داوە , بۆنمونـە ( مسـتەر شـومایزە ) سەرپـەرشـتی میكـانیكی كـردوە وەك ئامێرەكـان , (مسـتەر وولـی ) سەرپەرشـتی كەرەسـتەی چیمەنتۆو شـیش وپلێتـی كـردوە , (مسـتەرئەلفرێد ) بەهاوكاری ( هـاری وبلفكـان) هـەمووكارەكانی نـەجاڕی لەئەسـتۆبووە , مسـتەرهێرد ئەفسـەرێكی ئەنـدازیاری سـەربازی سـەردەمی هیتلـەر بـووە سەرپـەرشـتیاری كۆمپانیـای (بیتـۆن مـونیر بـاوی ) كـردووە بـەهاوكاری (مایگەرد ) ئەندازیاری شارستانی كەیاریـدەدەری بـووە , لەگـەڵ هـەموو ئەمانـەش (مسـتەر سـۆبەر) كـەئینگلیزێكی خـەڵكی سـكۆتلەندا بـووە كاروبـاری گشـتی پردەكـەی لەئەسـتۆدابووە , هـەموو ئەمانـە لەسـاڵی 1956 لەقەڵاتـەی ئەمڕۆلـەنێو كەمپدا سەرپەرشتیاری پردەكەیان دەكرد , ئەوان توانیان شـوێنی ئێسـتای قەڵاتـە بەوشێوە جوانـە ڕێك بخـەن ,بەڵام بەداخـەوە ئەمڕۆئـەم قەڵاتەیـە دووچـاری نـەمان ولەناوچـوون هـاتووە ! ڕۆژانـەی كرێكـار لـە (200) فلـس تـاوەكو (1000) فلـس بـووە, واتـا دینـاری شـینی عێراقـی بۆیەئـەوكات خـەڵكی ناوچـەكە دەیـان ووت " گۆمەشین دیناری شین " چونكە ئەوگۆمەشینە زووتر تەنها ئەگەر هاوینان خۆیـان تێدا فێنك كردبێتەوە كەچی بەهۆی ئەوكرێكاریـەوە خـەڵكی ناوچـەكە بوژانـەوە. , جگە لەمرۆڤەكان گوێدرێژەكانیشیان ڕۆژانە كاتێ بارەچەوی بەستی ئەوكاتی تەق





تـەقیان هێنـاوە (200) فلـس وخاوەنـەكانیان (600) فلسـیان وەردەگـرت . ئـەم كرێكارانە ڕۆژانـە سـێ شـەفت كاریـان كـردووە هەرشـەفتەو (8) كاتـژمێر , لـەنێوان (200– 800 ) كرێكارلەهەرشـەفتێكدا , ئـەم پـردە گوژمـەی (750000 ) دینـاری عێراقی بۆتەرخان كـراوە , یـەك دینـاری ئـەوكات (3–4 ) دۆلاری ئـەمریكی بـووە , لەئەنجامی لافاوێكی بەهارەی زێی بچوك بەشێك لەكارەكان زیانیان بەركەوت بۆیـە شـەریكەی ( تـأمین ) 150000 دینـاری تـری بۆتـەرخانكرد ئـەم پـڕۆژە گەورەیـە وەزیری نێوخۆی عێراقی ئەوسەردەم ( سەعید قەزاز ) سێ جارسەردانی كردووەو لەگـەڵ كۆمپانیاكانـدا كۆبونـەوەی لەتـەق تـەق كـردووە . ئەگەرچـی مـام ڕەفیـق كوێخاڕەشید دەڵێ لە1958/1/1 تەواو بووەو وەرگیراوە , بەڵام وێنەگری چناڕۆك بەكامێرای ( عـەلی حەمـەد ئـەمین )وێنەیـەك لەسـاڵی 1957 گیراوە كەبەشداربوانی ئاهـەنگی كردنـەوەی پردەكـە دەخاتـە ڕوو كـەپێك هـاتووە لـە ( د. فـەخری دەبـاغ , محمود زیـاد ئاغـا , عـەلی مـەولود معاونیپۆلیسـی كۆیـە , هـادی ڕەشـید چاوشـلی قائیمقـامی كۆیـە , شـەفیق سـابیر , كاكـەزیاد ئاغـا , حـاكم بایزئاغـای دزەیـی , سوعاد تاڵەبانی بەڕێوبەری ناحیەی تەق تەق , عەبدولحەمید حاجی مەلا تۆفیق , مستەفابەگ , نوێنەری موتەسەریفی كەركوك , ئەندازیار مەجید عومەر ) ئەم پردە دوای (49 ) ساڵ لەتـەواوبوونی ئەگـەر (60–65 ) تـەنی بەسـەرابڕێت ئینجا (2–2,5) ملم دادەبەزێت .

## كێڵگەی پەلەوەری تەق تەق [39]

### پڕۆژەیەكی نمونەیی بەهەرمێن لە عێراق و كوردستاندا

ئەم پڕۆژەیە لە ساڵی 1976 لە پێدەشتی ڕاوگەی گوندی گەرمكی تە قتەق دەسـت بـە دروسـت كردنـی كـراوەو لـە نێـوان سـاڵانی 1981–1982 لەلایـەن كۆمپانیای(بیـك دتمچـان)ی فلیپینیـو پۆڵەنـدی كـاری تێداكراوە،سـاڵی 1983

39– ئـەم بابەتـەم لـە ژمـارە (8) ی (تـاك)ی ئـابی 2005بڵاوكردۆتـەوە، سـودم وەرگرتـووە لـە (مـام نیـزام بەڕێوەبەری پرۆژەی ناوبراو ، 2004) و (عبداللە سعید گەرمكی لە دایكبووی 1942 لە 2005/5/20)

یەکەم وەجبەی جوجەڵەی هاتە ناویەوە و بەخێوکرا،ساڵی 1989 حکومەتی عێراقی فرۆشتی بە کۆمپانیایەکی مەدەنی بە ناوی (کۆمەڵەی فوراتی هەرەوەزی) لە ئەنجامی پەلاماری حکومەتی عێراق بۆ کوەیت و پەیدابوونی بارودۆخی جەنگ و نائارامی و ڕاپەڕینی گەلانی عێراق و کورد بە تایبەتی،پڕۆژەی ناوبراو لەکارکەوت دواتر پاش ماوەیەك کەوتەوە کار بەڵام وەك پێویست نەبوو لە چاو ئەو بەرهەمەی کەلێی چاوەڕوان دەکرا ، دواتر فرۆشرا بە کۆمپانیای(کۆسرەت) و بەر لە پڕۆسەی ئازادکردنی عێراق لە مانگی (2002/12)کۆمپانیای ناوبراو وەریگرت و لەسەرەتای ساڵی 2003 دەستی کرد بە چاکردنەوەو نۆژەنکردنەوەی کە بڕی (4)ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کرا ،توانی چارەسەرێکی گونجاویش بۆ جوتیارانی گوندی گەرمك بدۆزێتەوە ،ڕووپێوی (510)دۆنم لە زەوی بگرێتە خۆ ئەم پڕۆژەیە (4)کێڵگەی بە خێوکردنی پەلەوەری تێدایە ،کە هەر کێڵگەیەك لە دوو هۆڵی گەورە پێك هاتووە ،ئەم (4)کێڵگەیە نزیکەی (100،000)سەد هەزار مریشك بەخێو دەکرێ تیایدا (80٪) یمریشکی هێلکەکەرەو (10٪)ی کەڵەشێرە ، هەڵێنگەیەکی هەیە کە لە ساڵی 2004 (400،000) چوار سەد هەزار دۆلاری بۆ تەرخان کراوە بۆ نۆژەنکردنەوەی، ئەم هەڵێنگەیەش لە هەفتەیەکدا لە توانای دا هەیە(8000)هەشت هەزار هێلکە هەڵبێنێ ،هەروەها لە (100)هێلکە دەتوانێ (80–90) هێلکە بکاتە جوجەڵە ،هەر وەجبەیەك لە بەخێوکردنی پەلەوەر پێویستی بە ساڵ و نیوێك هەیە ،ئەم پڕۆژەیە (100–110)کرێکار ڕۆژانە کاری تێدا دەکەن ،هەروەها ئەم پڕۆژەیە کارگەی ئالیفی خۆی هەیە و تەنها (پڕۆتین و سۆیەو هەندێ ڤیتامین) هەیە لە وولاتی هۆڵەنداوە بۆی دێت ،جگە لەمانە وەرشەی نۆژەنکردنەوەی تایبەتی هەیە کە چەند کرێکارێکی شارەزا کاری تیا دەکەن ،ئەم پڕۆژەیە لە توانای هەیە فراوانتر بکرێت بۆ چەند کێڵگەیەکی تری بەخێوکردنی پەلەوەر یان لە نێوان کێڵگەکاندا بکرێتە (باغە پرتەقال و قەیسی)دەتوانم بڵێم ئەم پڕۆژەیە بە یەکێك لە پڕۆژە دەگمەن و نایابەکانی وولاتی عێراق بەگشتیو هەرێم بە تایبەتی دادەنرێت.





## تەق تەق و گەشتیاری[40]

زێی بچووك شادەماری گوزەران و فراوانبونی تەق تەقە ،ئاوێکی شیرینەو پلەی سوێری گۆمی (دوکان)نزیکەی (173ملیگرامە لەیەك لیتردا) و پلەی گەرمی ئاوەکانی هەرێم (20)پلەی سەدییە لە هاویندا ئەمەش بۆ مەلەوانی دەست دەدات.[41]

بەفیڕۆ چونی ئاوی زێی بچووك بە هۆی کرداری دزە کردن و بەهەڵمبون (0,09ملیار م$^3$)یە لە ماوەی ساڵێکدا [42]،سەرباری ئەمانە ئاو سەرچاوەیەکی گەشت و گوزاری سەرەکیە و چەندەها چالاکی گەشتو گوزاری پێیەوە بەستراوە وەك (مەلەکردن ،خلیسکانێ لەسەر ئاو ،گەڕان بە ناو ئاودا بەبەلەم،وەرزشی سەوڵ لێدان ،ڕاوەماسی ....تاد[43]،زێی بچوکیش بنەمایەکی بنەڕەتیە لە خۆشکردنی کەش و هەوا و پەیدابوونی پۆشاکی سەوزی ڕووەکی لە شارۆچکەی تەق تەق ،هەر لەبەر ئەمەشە دەبێت گرنگی زێیەکە بزانرێت و ماستەر پلانی گەشت و گوزاری هاوچەرخانەی بۆ بکرێت[44].ئەگەر کەنار زێی بچووك بە کۆڕنیش و گازینۆو خێوەتگای گەشت و گوزاری و شۆستەی ڕێك و پێك و پێپلیکانەو پەیژە هەر لە گۆمی (مام تەها)ەوە لە باشوریدا تاکو (شاخی قەلان) و لەوێوە بۆ گازینۆی گەشتیاری تەق تەق (کەپرەکە) لەوێشەوە بۆ چەمی (کوێخا ڕەشید)دروست بکرێت ،لەگەڵ چەندین کەمپ و ئوتیلی حەوانەوە بۆ گەشتیاران ئەوا بێ گومان دەبێتە مەڵبەندێکی سەرنج ڕاکێش و دڵگیر .هەروەها سەرووی

40– ئەم بابەتەم لە گۆشەی نێوان دێری (تاك)ی ژمارە (25)کانونی دووەمی 2007 بلأوکردۆتەوە.

41– پڕۆفیسۆر د.ئازاد نەقشبەندی ،بایەخی گەشتوو گوزاری سامانی ئاوی کوردستانی عێراق ،باسێك لە سەنتەری برایەتی ژمارە (13)ی ئەیلولی 1999 ،ل 9–10.

42– د.ئازاد جەلال شەریف ،ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستانی عێراق ،باسێك لە سەنتەری برایەتی ژمارە (13)ی ئەیلولی 1999 ،ل 36.

43– پرۆفیسۆر د.ئازاد نەقشبەندی ،هەمان سەرچاوە ،ل6.

44– ووتارێکی سەلاح شێخ شەرەف ،پارێزگاری هەولێر لە کۆیە ،لە کۆنفرانسی ئاوەدانکردنەوەی تەق تەق ، کە ناوەندی ڕۆشنبیری تەق تەق )ئامادەی کردبوو. ، لە بەرواری 2005/7/17

تەق تەق نێوان (چۆم حەیدەر)و (موخەڕەس)بە گوێرەی ڕووپێوی جیۆلۆجی لە بارە بۆ بنیاتنان و دروست کردنی (بەنداوی تەق تەق)هەڵبەت بەنداویش خۆی لە خۆیدا دەبێتە ناوچەیەکی گەشتیاری،بوونی دارستانە سنۆبەریەکان لە بەرزاییەکانی (بانە ڕەقە و شێخ بایزو گردی حێمر[45] و گردە سوورەکەی لای پڕۆژەی ئاوی (کۆیە –تەق تەق) تاوەکو ڕووباری کۆیە کە ساڵی 1978 بە ڕووبەری (200)دۆنم چێنراوە [46] تێکرا ئەمانە دیمەنێکی ڕازاوە دەدەنە تەق تەق و گەشتیارانیش لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق و ناوچەکانی تری هەرێم لە هاویندا وەك هاوینە هەوار سەردانی دەکەن،بەمەش هەم حکومەتی هەرێم و هەمیش هاوڵاتیانی تەق تەق سوود مەند دەبن لەو بازرگانیەی کە بە بازرگانی نادیار ناونراوە.

## شوێنی ستراتیژی تەق تەق لە هەرێم و عێراق[47]

شارۆچکەکەم ، دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەلاتی هەولێر ،سەر بە قەزای کۆیەیە کەوتۆتە نێوان هێڵی پانی (35–36)ی باکور[48]، کەوتۆتە کەناری لای ڕاستی زێی بچووك ،ئەمەش بایەخەکەی زیاتر کردووە هەر لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ ، بە هۆی ئەم هەڵکەوتەی وای لەم شوێنە کردووە کە لە کۆندا ببێتە شوێنێکی گرنگی ئابوری بە تایبەت بازرگانەکانی شاری کۆیە ، زۆر سودیان لە تەق تەق وەرگرتوە ، چونکە کاتێك ئەیان ویست (توتن وگوێزو مێوژو هەنگوین و خەڵوزو دار ئەسپیندارو کەل و پەلی تر )ی ناوچەکە تا دەگاتە قەلادزە بگوێزنەوە بۆ شاری بەغداو یان باشوری عێراق(بەسرە) ، لە ڕێگای بەندەری تەق تەقەوە

45– خۆزگە گردی حێمر ،بە دارستانە سنەوبەریەکەیەوە ،دەچووە نێوو ئاوایی تەق تەق ، کە ئەمڕۆ ئەم دارستانەی لاپاڵی نەماوەو تا نزیك لوتکەی گردەکە بووە بە خانوبەرە.

46– ئاراس ئیلنجاغی ،فرمێسکیٚ بۆ دار سنۆبەریەکانی تەق تەق ،خەرمان ،ژمارە (5)ی کانوونی دووەمی 2001.

47– ئەم بابەتەم لە گۆشەی زێودەری تاك ژمارەی (15)ی ئازاری 2006 بلأوکردۆتەوە.

48– نەخشەی هێزە چەکدارەکانی عێراق ، 1986.





بووە(شریعە)[49]جگە لەمە ئەم ئاوو ئاوەدانیە بۆتە شوێنێکی پڕبایەخ بۆ گەشت و گوزار هەر لە چەمی کوێخا ڕەشیدەوە لەسەرووی تەق تەقەوە تا گۆمی مام تەها ، ئەم زێیە هەمیش بووە بە هۆی دروست کردنی پێدەشتی کەنار زیٚ و دەشتی بەپیت و ڕەندی بەپێز ، سوود گەلێکی باشی بۆ کشتیارەکانی ناوچەکە هەیە بەتایبەت لە دەشتە زیٚ کردەکانی تەق تەق و کەپەنەك و قەرەناو ....تاد لە گەڵ ئەوەی ئاوو هەوایەکی مام ناوەندی هەیە بەلاّم ناوچەیەکی ڕاگوێزیە لە نێوان کوێستان و گەرمێن ، ئەمەش لە دەقێکی گۆتەی کوردەواریدا بەدەر دەکەوێت (بۆ مەڕ لەوەڕاندن لە کوێستانان گەدەو بانە سەر لە گەرمیانان ئیلنجاغ و دار بەسەر )ئەم دوو دێیەی دوایی سەر بە ناحیەی تەق تەقن .هەر بۆیە تەق تەق دەکەوێتە ناوسنوری گەرمێن ،لەگەڵ ئەمەشدا بە هۆی زێی بچووك لە نێو شارۆچکەکە بەتایبەت کەنار زێیەکە زستانی مام ناوەند و هاوینێکی فێنکی هەست پێکراوی هەیە،لەبەر گرنگی هەڵکەوتەی وایکردووە ببێتە سەرەڕێی کاروانی بازرگانیو سەربازیو هات و چۆی خەڵکی شارەکانی تر بۆی ، بەمەش خەڵکەکەی چاو کراوەو ووشیارو ئاگادار بووە لەبارودۆخەکانی عێراق و کوردستان ،ئەم حاڵەتەش بەبەڵگە سەلمێنراوە لەشەڕی عێراق– ئێران کە تاکە ڕێگەی کاروانی سەربازی بووە بۆ پاراستنی سنوری باکوری خۆرهەلاّتی عێراق بۆیە ڕژێمی ئێران (2–3)جار هەوڵی ڕووخانی پردی تەق تەقی داوە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ، هەر ئەمەشە تەق تەقی کردووە بە ناوچەیەکی بەستەر لە نێوان هەر سیٚ شارە گرنگەکەی هەرێم (کەرکوك –سلێمانی –هەولێر) بۆ نمونە پارچە زەوی کەپکە قەلی (سابیری عەیشیٚ)لەگوندی کەپەنەکی شوان خاڵی بەیەك گەیشتنی هەر سیٚ پارێزگای ناوبراوە ،هەر بۆیە ڕژێمی پێشوو لە ئەنفالدا ناوچەکانی سنوری ئەنفالی چواری وەك پردی بەستنەوە بوو لە نێوان ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانیو هەولێر بەم کردارەش هیچ جێگەو پەناگەیەك نەما ، کە خەڵك و

49–د.جمال محمد باجلان ، گرنگی تەق تەق لە دەڤەرەکەدا، تاك ، ژمارە (13)ی کانونی دووەمی 2006.

پێشمەرگە ڕووی تێبکەن [50] لێرە زێی بچووک چەکێکی دژوار بوو کاتێک لە بەنداوی دوکانەوە کۆلاو کۆل بەردرایەوە ، بەمەش خەڵکێکی زۆری (قەڵاسێوکە و شێخ بزێنی خواروو سەرو و ساڵەییو شوان و دەشتی کۆیە)نەیانتوانی بپەڕنەوەو خۆیان دەرباز بکەن ،بەڵێ دەبێ ئەوەش بزانین لە ڕاپەڕینی 1991 ی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان سنوری تەق تەق و دەوروبەری یەکێك لە میحوەرە سەرەکیەکانی شالاوی پیرۆزی پێشمەرگە بووە بۆ ڕزگار کردنی کەرکوك ، ماوەتەوە بڵێم هەر لە بوونی دەرامەتی ئاوو کانزای نەوت لە کێڵگەی نەوتی تەق تەق لە داهاتووی عێراق و ناوچەکە تەق تەق دەبێتە یەکێك لە شارۆچکە بە هەرمێن و بژوێنەکان ،بۆیە دەکرێ شارەوانی تەق تەق بە هاوکاری کردنی کشتیارەکانی ناوچەکە سنور بگوازێتەوە بۆ زەویە کشتوکاڵیە نزیکەکان و فراوانتر بکرێت ، تەق تەق لەبەر ئەوەی پاشکۆی هیچ جۆرە سیستەمێکی فیودالی(دەرەبەگ و ئاغایەتی) ئاغاکانی کۆیەو شێخ بزێنیو شێخەکان نەبووە ،وە هیچ تیرەو هۆزێکی عەشایەرگەری دەسەلاتی لە ناوچەکە نەبووە ، بۆیە ئەفسەرێکی بەریتانی وەك پێشنیارێکی جوان لە ساڵی 1919 ز دەڵێ"بەلەبەر چاوگرتنی زۆر گرنگی گوندی تەق تەق ،وای لێهاتووە یا وا دەخوازێت بکرێتە مەڵبەندێکی کارگێڕی ڕاستەوخۆ ، بەتایبەت کاتێك ناکەوێتە چوار چێوەی دەسەلاتی عەشایەر گەری ، وە لەوانەیە ئەمەش خۆی بسەپێنێ ، لەم حاڵەتەش هەردوو گوندی تالەبان وگەرمك ڕێز پەڕ بکرێن چونکە دوو کۆمەڵە نشینگەی عەشایەر گەرین لە ناوچەکە[51] "ئەمەی لە باسکردنی عەشیرەتی شێخ بزێنی خستۆتە ڕوو.


50- ئەنفال ، کوردو دەوڵەتی عێراق ،شۆڕش حاجی ڕەسول ، 2003، ل107.

51- ملاحظات عن عشائر الكردستان الجنوبيه بين الزاب الكبير وديالى : Ely Banistere Soane حوزەیران 1919 ، ل114.





## سنوری کەرتی تەق تەق



لە لایەن عەلی عومەر عەلی ئامادەكراوە.

# دیمۆگرافیای شارۆچكەی تەق تەق

تەق تەق لە ڕووی پێكهاتەی دانیشتوانەوە ،كۆمەڵێكی جوتیاریە ،دەرئەنجامی بارودۆخە نائارامەكانی كوردستان ،وەرزێرەكانی (سالّەیی ،شوان،شێخ بزێنی و دەشتی كۆیەو ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوایی تێخزاوە)[52]

عوسمانیەكان لە سالآنی (1831–1876) سەرژمێرییان ئەنجامداوە ،بەلآم هیچ زانیاریەك لەو بارەیەوە بەدەست نەكەوت ،دوای نەمانی عوسمانیەكان سالّی 1919 تەق تەق بووە بە ناحیەو چەقی ناحیەكە(15)مالّ بووە[53]

هەروەها هیچ زانیاریەكەم لەسەر ئامارەكانی سالآنی (1927، 1935 ،1947)ی حكومەتی عێراق بە چنگ نەكەوت لەگەلّ ئەمەشدا تەق تەق یەكەیەكی كارگێڕی هەبووە ، ناكریّ لەم ئامارانەدا تۆمار نەكرابیّ.

ئاماری سالّی 1957 دانیشتوانی مەلّبەندیتەق تەق (300)كەس بووە وە تێكرای (66) گوندی سەر بەناحیەكە (10580 )كەس بووە [54]

ئاماری سالّی 1965، حكومەتی عێراق لە هەموو ناوچەیەكی هەرێم دەسەلآتی نەبوو ،لەبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردی ،بۆیە ئەم ئامارە پشتی بە ستووە بە خەملآندن [55]

ئاماری سالّی 1977 سنوری ئیدارەی ناحیەكە (1073)كم$^2$ بووە (15607)كەسی تیا بووە [56]

52- ئاراس ئیلنجاغی ،دیموگرافیای تەق تەق ،تەق تەق ،ژمارە (4)ی 2001/7/1

53- یاسین صابر صالّح ،ئینسكلۆپیدیای گشتی ،سلێمانی 2005 ل328

54- كەریم زەند ،جوگرافیای كوردستان ،چاپی دووەم ،چاپخانەی شڤان ،سلێمانی 2001،ل363

55- عەبدوللاّ غەفور،جوگرافیای كوردستان،سلێمانی ،2005





واتە هەر كیلۆمەترێك چوار گۆشە (14)كەسی تیا نیشتەجیّ بووە ئەمەش بە چڕیەكی كەم لەقەلّەم دەدرێت.

لە ئاماری سالّی 1987 ژمارەی دانیشتوانی تەق تەق كەمی كردووە بووە بە (11000)كەس هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ :

1-(4/3)ی لادێكانی تەق تەق لە دەرەوەی چوار چێوەی ڕوو پێوی ئامارەكە بوون.

2-هەروەها جیابونەوەی گوندێكی زۆر لە باكوری خۆرئاوایی ناحیەكە و خرانە سەر ناحیەی (شۆڕش)

3-نائارامی و شەڕ لە نێوان ڕژێمی بەعس و هێزی پێشمەرگەی كوردستان

4-زۆربەی گەنجەكان پێشمەرگەو هەلآتووی سەربازی بوون.

5-خەلّكێكی زۆر بەرەو كۆمەلّگا زۆرە ملێكان براون

6-حكومەتی عێراق لە نێوان سالآنی (1977–1987) (43 ) ناحیەی تەواو هەلّوەشاندەوە و سڕیەوە ،لەوانە (تەق تەق)بەركەوت[57] بەلآم خاپور نەكرا و كرا بە گوندی (عەزیزیە)هەرچەندە ئاماری دانیشتوانی شارۆچكەكە لە ماوەی (1988–1989–1990–1991)دەست ناكەوێت بەلآم ژمارەی دانیشتوان لەم ماوەیەدا زیادیكردووە ،بەهۆی خاپوری دێهاتەكانەوە ئەوەی برایە كۆمەلّگا زۆرە ملێكان وە ئەگەر نا ئەوانی تر هاتنە نێو تەق تەق گەڕەكی (حی لالە) وەك نمونە تەنها لە گوندەكانی ڕۆژئاوای تەق تەق پێك هات بەتایبەتی لە خێزانەكانی گوندەكانی (ئۆمەرگومبەت و سێگردكان و كانی لەلە)

دوای ڕاپەڕینی 1991 كۆچ لە شارەوە بەرەو لادێكان دەستی پێكرد ژمارەی دانیشتوانی چەقی تەق تەق بەرەو كەمبونەوە ڕۆیشت،لە ئامارێكی مانگی سوری عێراقی سالّی 1992 (12750)كەس لە شارۆچكەكە نیشتەجیّبوە[58]

56- عەبدوللاّ غەفور ،جوگرافیای دانیشتوانی كوردستان،ستۆكۆلّم ،1994

57- عەبدوللاّ غەفور،جوگرافیای كوردستان ...هەمان سەرچاوە ل274

58- ئاراس ئیلنجاغی ...هەمان سەرچاوە

**ساڵی** 1999 **شارۆچکەکە** (2367)**خێزان و** (12743)**کەسی تیابووە هەر لە هەمان ساڵدا تەق و گوندەکانی** (3126) **خێزان و** (17215)**کەسی تیا نیشتەجێ بووە**[59]

**ساڵی** 2001 **نێو تەق تەق** (15001)**کەس و هەموو سنوری کارگێریەکەی ئەو کات** (31)**گوند بوو** (24254)**کەس بووە**[60]

**واتە لە هەر کیلۆمەترێك** (50)**کەس نیشتەجێ بووە ئەمەش بە چڕیەکی مام ناوەندی دەخەمڵێنرێت هەروەها بەپێی ڕاپۆرتێکی بەشی ئاوی شارەوانی تەق تەق بۆ ساڵی** 2006 **ژمارەی ئەو ماڵانەی هاوبەشی ئاویان هەبووە لە** (6)**گەڕەکدا** (3006)**هاوبەش بوون.**



**شارۆچکەی تەق تەق ساڵی** 2006

59– **ئاماری مانگی نیسانی** 1999 **لە یاریدەدەرێتی ئاسایشی تەق تەق وەرگیراوە**

60– **ئامارێکی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی یونسێف لە مایسی** 2001 **،لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەدەی کۆیە وەرگیراوە.**



تەق تەق ، ثەلكة زيَرينەي كەنار زيَي بضووك ئاراس ئيلنجاغي

# بەشی دووەم

## بنەچەی خانەوادەکان و
## ئاوڕدانەوەیەك بۆ مێژووەکەی

# کردنەوەی کلاو ڕۆژنەیەك بە ڕووی مێژووی تەق تەق

کاتێك گەلێك خاکی داگیر کرابێ و نەوەکانی لە زیندان لە دایك ببن ، زۆر زەحمەتە دوای ئازادی لەو مێژووە تێبگەیین ،ئاوێنەی مێژوو لەهەر کلاو ڕۆژنەیەکەوە ببینین خوێندنەوەی وێنەکان هەزاران لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی جیاجیا هەڵدەگرن ،چونکە داگیر کەران سەردەم ومێژوو شوێنەوار دەشێوێنن ،دەبێ بزانرێت مێژووی نەتەوەیەك گەر بە نیشتمانەوە دزرا بێ زۆر گران فریای ئەوە دەکەویت لە گوندێ یا شارۆچکەیێ مێژوویەکی ڕوونت دەست بکەوێ[1] لەو چوار چێوەیەدا بۆ ڕابردوو سەرەتای ئاوایی تەق تەق سەرەداوایێکی چەق بەستوو وە چنگ ناکەوێ ،تا بەئاسانی مێژوویەکی ڕەوان بدەینە دەست ،ئەمەش کارێکە کورد ووتەنی ،ئەم هەویرە ئاوی زۆری دەوێ ،چونکە تەق تەق و مێژووەکەی کاریگەر بوون بە بارودۆخ و دەوربەر وەك چۆن مێژوو نووس (تاهیر حەوێزی )لە مێژووی کۆیە دەڵێ خۆ ئەم شارە دورگەیەك نییە پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەر نەبێ .

نوسین لەسەر مێژووی کۆنی تەق تەق وەك بەرەبەیان و سپێدەیەکی کەش تەم و مژاوی وایە ،بەرچاو ڕوونی تاکاتی نیوەڕۆ لە چەند مەترێك زیاتر بڕ ناکات. بە بۆچونی خۆم وا دەبینم تا سەرەتای سەدەی بیستەم (1900)قولایی مێژووی تەق تەق ئەو شێوە بارودۆخە ئاو هەوایەی هەبووە ،فاتح بێلان تاڵەبانی ڕۆژنامە نووس و شاعیر بە دەست کوتان بۆ نێو ئەم تەم و مژە لە ژمارە یەکی مانگنامەی تەق تەق و ژمارە 311 ی کوردستانی نوێ دەڵێ "تەمەنی تە قتەق نزیکە (300)ساڵە "ئەویش پشتی بەستووە بە گۆتەو گێڕانەوەی پشتاو پشت و دەما و

---

1- ئاراس ئیلنجاغی ،کردنەوەی کلاو ڕۆژنەیەك بە ڕووی مێژووی تە ق تەق ،تاك ،ژمارە 2 ی شوباتی 2005.



تەق تەق ، ثةلكة زيَرينةي كةنار زيَي بضووك
ئاراس ئيلنجاغي

دەم ئەمەش لە بواری زانستی مێژوودا ناتوانرێت بەتەواوەتی پشتی پێببەسترێت .بەڵام نەوزاد کاکەڕەش دەڵێ "کوچك نەخشینە کە قوچکی نیشانە بووە ،دێیەك بووە لەسەروبەندی سەدەی حەڤدەیەم (1600)خەڵکەکەی دوچاری نەخۆشی تاعون بوون ،ئەم دێیە لە نێوان کونە گورگ و باغەجنێر و تەق تەق بووە بەم نەخۆشیە پەرتەیان کردووە ،هەندێکیان چونەتە باغەجنێر ، نەوزاد کاکەڕەش دەڵێ "نەوەکانی وەیسی کوڕی قەرەنی ئەو سەردەم هاتونەتە ناوچەکە ،چونکە ئەو کات لەبەر بڵاوبونەوەی نەخۆشی دەردو پەتا ،کەناری زێی بچووك چۆل بووە[2].

لە مێژووی تەق تەق دا باس لە(فڕگە) و (عروزە)و (کەڵەکچن)دەکرێت ،فرگە لە کوردیدا واتە شوێنی باڵ گرتنەوەی مەل و لە عەرەبیدا واتە تیپ یا کۆمەڵە ،عروزە ئەگەر لە عروسەی عەرەبییەوە هاتبێ پەیوەندی بە تێکەڵی و هاوسنوریو دەسەڵاتی عەرەبەوە هەیە لەسەر ناوچەکە ،وە دەکرێ ژن وژن خوازی‌و بوك گواستنەوە لەو ئاقارە کرابێت کە شوێنی گۆڕینەوەیبووك نزیك ئەو گردە بووبێ کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن عروزە وەك بونی زۆر زاراوەی لەو شێوەیە لە لادێکانی کوردستان وەك شاخی بوکێ ،سەرشاییان ..تاد.

هەندێك دەڵێن تەق تەقی ئەمڕۆ دوای لافاوێك کەلە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەیەم (1850–1900)ڕوویداوە ،گوندی (فرگە )یا کەڵەکچنی ڕامالیوەو ئینجا تەق تەق دروست بووە ،بەڵام نەوزاد کاکەڕەش دەڵێ "لاپاڵی شاخی قەلان دەراوێکی باشی هەبووە بۆ کەڵەك هەڵبەستان و ڕاگرتنی بۆیە ئەو شوێنە (تەق تەق)ی ئەمڕۆ لەسەر قسەی حاجی بابەکر ئاغای حەوێزی کە دەسەڵاتدارو بازرگانێکی سەردەمی خۆی بووە کراوە بە گوندی تەق تەق.

بۆچونێکی تر دەڵێ چونکە لاپاڵی شاخی قەلان شوێنێکی زامن بووە ترسی گرتنەوەی لافاوی نەبووە ،بۆیە ئەم ئاواییە لەپاڵ ئەم لاپاڵە هەڵیانداوەو تەق

---

2- چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوزاد کاکەڕەش سەعدون ،لە دایك بووی 1954 ی تەق تەق لە 2007/2/11 لە تەق تەق.

تەقیان دروست کردووە ،ساڵی 1993 لافاوی زێی بچووك ئەوەی سەلماند کە شاخی قەلان و لاپاڵەکە مسۆگەر بون کە ئاوی لافاو نایانگرێتەوە.

# ساڵی گرانی و بەسەرهات و نوکتەکان

1– لە گرانی گەورە[3] پیاوێکی گۆڕقەرەجی ،کیلە گەنمێ دەبات بۆ فرۆشتن،لە شار کابرایەك توشی دەبێت و یەکسەر دەیباتەوە بۆ ماڵی خۆیان لەوێ بەدەستاڕ گەنمەکە لێ دەکەن و هەمووی دەخۆن ،کابرای خاوەن کیلە گەنم زۆر دەترسێ لەدڵی خۆیدا دەڵێ :کورە هیچ مامەڵەیەکم نەکرد ،لە کۆتاییدا خاوەن ماڵەکە دەیباتە سەرپارەو لیرەو مەجیدی و دەڵێ"بە ئارەزوی خۆت لیرە هەڵگرە چونکە تۆ گیانی ئێمەت لە مردن ڕزگار کرد.[4]

پا رەو دراوی ئەو سەردەمە ،کە ئاڵوگۆڕو مامەڵەی پێکراوە (لیرەو مەجیدیو پێنج و نیو و قڕان)بووە ، (لیرە) هێندەی (50) فلسی بووە ، تەواو زێر بووە لە بری دینار بەکار هاتووە ، (مەجیدی) هێندەی (100)فلسی بووە تەواو زیو بووە لە بری چارەگە دیناریێ بەکار هاتووە (پێنج و نیو)ئەویش لە زیو بووە لە بری نیو درهەم بەکار هاتوە (قڕان)یش لە مەعدەن بووە لە بری فلس بەکارهاتووە[5]

مام بەکری وەستا عارف وتی :حاجی وەلی کوڕی مستەفا وهاب بۆی گێڕامەوە ووتی "لە گرانی سەردەمی عوسمانیەکان بەچاوی خۆم مردووم بینیوە کەس توانای نەبووە بینێژێت ،هەروەها ووتی "لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو

3– گرانی گەورە مەبەستی گرانی 1876 ی سەردەمی عوسمانیەکانە ،نەوەك ئەو گرانیەی جەنگی جیهانی یەکەم ،(1914–1918)دروستی کرد ،ئەو سەردەمە (1876)گوندی گۆڕقەرەج مابووە.

4– چاوپێکەوتن لەگەڵ خوالێخۆش بوو (حاجی سەعید موحەمەد گەرمکی )لە دایك بوی (1919)ی گەرمك ،لە 2000/11/2.

5– فاتح بێلان تاڵەبانی، بیرەوەریەك لە ڕۆژانی ڕابردووەوە، کوردستانی نوێ ،ژمارە (353)ی 1996/8/7.





دوو چاڵی گەنم لە جێگەی ئەمڕۆی ماڵی خالیدی حاجی وەلی هەبوو چاڵەکان کە لە کۆندا ماڵی کوێخا ڕەشید بۆ گەنم لێیاندابوو ،لەکاتی گرانی دوو کەس لەناوی مردبوون ،کاتێ حاجی وەلی شوێنەکەی کرد بە خانوو ،ئەو ئێسك و پروسکەی تێدا دۆزیەوە.

فاتح بێلان تاڵەبانی ووتی "مام عەبد جاسم ساڵی 1993 بۆی گێڕامەوە ووتی "کاتی خۆی لە (ساڵی گرانی)دا خوێ دەست نەدەکەوت ،گەنم و دانەوێڵەش هەر لە قات و قڕیدابوو ،دەچوین لە گوندی (مەرزان)کە ئاوێکی سوێری لێبوو ،پیێ ی دەوترا (شۆراو)بە کوندە دەمان هێنا ،دایکم دەیخستە مەنجەڵی سفرەوە نەختێ (جۆی)ی بۆ دەپیشاندین ،ئێمەش بەلەپە دەست دەمانخوارد تا لە مردن ڕزگارمان بێت .هەر فاتح بێلان تاڵەبانی لە ژمارە (452)ی 1993/8/3ی کوردستانی نوێ ،لە مام عەبد جاسمەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ"ئەوەی سەرباری گرانی لەو کارەساتە جەرگ بڕانەی کەبینینم و هەرگیز لەبیرم نەچوبێ ئەوەیە لەو ساڵەدا لە گوندی قەرەناوی نزیك تەق تەق ،کابرایەك بۆ پاروە نانێك دوو کچۆڵەی بەدەستەوە گرتبوو بانگی فرۆشتنی لێرادەهێشتن.

مەلا سدیق مەلا ساڵح دەربارەی ساڵی گرانی ووتی "خوشکێکم هەبوو ،بەناوی مریەم کە لە گوندی کانیلەلە بە شوو درابوو ،لەبرسانا مرد ،برایەکیشم لە گوندی سارتك لە برسا مرد ،هەر لەو ساڵەدا منداڵەکی (8)ساڵان کە لەگەڵ باوکی هاتە ماڵمان ئێمەش ماستمان دانێ ،بەڵام باوکی هیچ بەشی نەدا،هەرچەند منداڵەکە بەدەوری باوکیدا دەسوڕایەوە لەبەری دەپاڕایەوە کەبەشی بدا تا بەلادا هات و گیانی لە بەر براو مرد[6]

2– لەمام مارف گوێم لێ بوو گووتی:گوێم لە مام جەمیل بوو دەیگووت لە تەق تەق ڕۆژانە خەڵکی زۆر دەمرد لەبرسان ،لەبەرئەوەی تەق تەق جێگەیەکی سەڕەڕێی کاروان بووە خەڵك زۆر بە تەق تەقدا هامو شۆیان دەکرد و خەڵکی

6– گەلاوێژ ڕەمەزان ،لەبەسەرکردنەوەی مامۆستا مەلا سدیق دا ، تەق تەق ،ژمارە (1)ی سەرماوەزی 2701 ی کوردی.

غەریبەی زۆر لێ دەمایەوە و لە برسان دەمردن ،دەیووت مام حەمەدی عەباس باپیری عیزەت و نەسرەدین ،کە زۆر بە هێز بوو ئەو کات نانیشیان هەبووە ، لە بەیانیەوە تاوەکو ئێوارە مردووی ناشتووە ،لەبرسانیش کەس نەبووە،هاوکاری بکات،جێگەی ئەو قەبرانەش ئێستا لە گەڕەکی( تەکەڵتوویەکانە)[7].

3– لە مام مارف گوێم لێبوو دەیگووت"مام حەمەدی عەباس خێزانێکی هەبوو بەناوی (ئامە)دەیگوت جارێکیان پورە ئامە دەچێتە قەرەناو بۆ سەرخۆشی لەوێ دوا دەکەوێت بۆ گەڕانەوە،مام حەمەدیش دەچێتە سەربانی خۆیان لە تەق تەقەوە بانگی ئامە دەکاو پورە ئامە لە قەرەناوەوە گوێی لە دەنگی دەبێ و وەڵامی دەداتەوە.

4–لەساڵی( 1979–1980)سەلمانی ڕەحمان باوکی قارەمان،قارەمان ئەو کات منداڵ بوو لەگەڵ مەجید جەمیلی ئامۆزای بە داستۆنێکی مۆدیل 1975 دەچنە سەر شایی گوندی موخەڕەس لەکاتی لەشکرو ژن گواستنەوە ،سەلمان سەیارە لێدەخوڕێ ،نەیزانیبوو تەواو لێیبخوڕێ بۆیە سەیارەکە لە نێوان (موخەڕەس و مەلازیاد) لەلای( ئاشی مەحمود ئاغا) لە دەستی نامێنێ دەکەوێتە نێو زێی بچووك بە شاهێدی هەموو خەڵکی شاییەکەو سەیارەکە لەبەر ئاشەکەی مەحمود ئاغاوە دەکەوێتە نێو زێیەکەو لە شوێنێکی قوڵ و پان دەپەڕێتەوە ،لەوێش دەکەوێتە سەر پشت ،ئەو کات من (سوارە) و عادل عزیز سلێمان توانیمان سەیارەکە ڕاست بکەینەوە چونکە لە نێو ئاوەکە سووك بوو دواتر بە تراکتۆر ڕامان کێشا بۆ تەق تەق .

5–لە حاجی شوکری مستەفای عەیشێم گوێم لێبوو، (1900)لەدایك بووە:

گووتی مام خورشیدی ئەمینی خەزنە لە دایك بووی(1892)، خۆی و باوکی لە ساڵی گرانی هەردووکیان لە برسان پەکیان کەوتبوو ،نەیان دەتوانی بەپێ بڕۆن

7– چاوپێکەوتن لەگەڵ سوارەی مام سەعید کە بە سوارەی مام مارفیش ناو دەبرێت،لە دایك بووی 1964 ی گەرمکی ساتوقەلاً لە 2006/4/23 لە تەق تەق .





هەردووکیانم بەسواری گوێدرێژ بردە ناو پارچە (جۆیەك ) لەبەردەم گردی حێمل بۆ ماوەی (15)ڕۆژ لەناو ئەو پارچە جۆیە بوون ئەمجا توانیان بەپێ بێنەوە ماڵ.

6–لە غەریب عارەبم پرسی کە بەسەرهاتێکی کۆنم بۆ بگێڕێتەوە،ئەویش ووتی "گوێم لە دایکم بوو گووتی لە ساڵی گرانی (1918–1919)گورکە هار دەچێتە ناو تەق تەق و ناو مێگەلی ماڵی شوکری مستەفای ئایشە ،گورکە هارەکە لەگەڵ سەگەکان بەشەڕدێت،مام شوکریش دەچێت بۆ لێدانی گورگەکە،بەلاّم گورگە هارەکە پەلاماری دەدات و مام شوکریش دەگرێت ،خەبەریان برد بۆ عارەبی باوکی غەریب کە خزمایەتیان هەبوو ،عارەبیش بە هاواریەوە دەچێت ،گورگە هارەکە پەلاماری عارەبیش دەدات گوێی بریندار دەکات ،ئەویش لە باوەشی دەکات و بەخەنجەر گورگەکە دەکوژێ.

7–غەریب عارەب دەڵێ گوێم لە دایکم بوو گووتی"دوای برینداربوونی (27)ڕۆژ هیچ عەیبی نەبوو ،بەلاّم دوای (27)ڕۆژ دایکی غەریب ناوی پورە بسکان بووە ،دەڵێ عارەب چووبووە جووت کردن نانم بۆ برد خواردنەکەش شفتە بوو لەگەڵ جەڕەیەك ئاو،عەرەب بە پورە بسکانی خێزانی دەڵێ "وەرە گایەکان بکەوەو بیانبەوە بۆ ماڵەوە منیش بەرەوە و دەرگام لێداخەو با کەس نەیەتەلام ،پورە بسکان دەڵێ کەس نەیوێرا بچێتە لای تەنها من نەبێ کە نانم بۆ دەبرد پاش(13)ڕۆژ لەو ڕۆژەوە ژیا ،پاشان خێزانی دووەمی کە ناوی (مریەم)بوو ووتی زێڕیان نیشاندا ئەویش وەفاتی کرد.

8–مامۆستا فەیسەڵ دەڵێ مام عەبد جاسم ووتی:لە پایزی ساڵی 1917 کە بەگرانی گەورە ناسراوە ،دوو کەسم بینی لە برسان لەبەر دەرگای مزگەوتی کۆنی تەق تەق مردبون، کەس نەبوو بیانێژێ ،چونکە زۆربەی پیاوان فیراری عەسکەری عوسمانی بوون ،وە ئەو کەسانەی کە لە تەق تەقیش مابونەوە توانای قەبر لێدانیان نەبووە لەبەر برسێتی ،ووتی منیش چووم بە عەبدولسەلامم گوت کە کوڕی حەمەدی عەباس بوو ،ئەویش بە زێی تەق تەقی دادان.

9-هەروەها فەیسەڵی کوڕی حاجی تەللوب لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ (ساڵی 1917 تەمەنم (12)ساڵان بوو ،(جەندرمەی تورك) م بینی هەڵیان کوتایە ماڵمان چی گەنم و جۆ هەبوو هەموویان برد ،بەڵام نیسك و نۆك و زەخیرەی تریشیان لە حەوشەکە کەڵەکەکردو ئاگریان تێبەردا .

10-مامۆستا فەیسەڵ تەلوب دەڵێ (مام عەبد گێڕایەوە ووتی جارێکیان لە تکریت پێش نوێژیم بۆ جەماعەتێك کردو دواتر دوعام کرد ووتم "خودایە هەرچی فەقیرە دەوڵەمەندی بکەیت"دوایی کە هاتینە دەرەوە یەکێك لە دەوڵەمەندەکانی تکریت پێی ووتم حاجی عەبد توخوا ئەگەر ئەمجارە دوعات کرد بڵێ خودایە هەرچی دەوڵەمەندە فەقیری نەکەی چونکە فەقیرەکە لەگەڵ فەقیری ڕاهاتووە بەڵام دەوڵەمەندەکە فێری فەقیری نیە.

11-- مامۆستا فەیسەڵ دەڵێ :مام عەبد ساڵی 1983 لە شاری هەولێر مەولودێکی کردبوو ،زۆر لە کەسایەتیە ناودارەکانی هەولێری بانگ کردبوو ،خوالێخۆش بوو کاك ڕەشاد مفتی لە حاجی مەلا تەلوب دەپرسێت ئایا مەولودەکەی لەلا چۆنە ؟حاجی مەلا تەللوبیش لە وەڵامدا بە کاك ڕەشاد دەڵێ لە خوا بەزیاد بێت مەولودەکەی زۆر چاك بوو بەڵام فەقیرێکم نەدیت حاجی عەبد بانگی کردبێ.

12-حاجی تەللوب بە جۆتیارەکەی دەڵێت"ئەم گەنمەی حاجی عەبدی برام لە شوێنێکی وا تۆ بکە هەر بنە تۆی خۆی بکاتەوە نەوەك ساڵی داهاتوو تەماح بیگرێ و بۆ ساڵێکی تریش داوا بکات.!

13-لە حاجی تەللوب دەپرسن ئایا لەگەڵ ئاودێرەکەی چۆنە؟لەوەڵامدا حاجی تەللوب دەڵێ "ئاودێرێکی زۆر باشم هەیە هەرچەند لە شوتی کامەی بچوکە ئەوەم بۆ دێنێ بەڵام خوا هەڵناگرێ لە بامیەکە تۆڵەی کردۆتەوە،(ئەم زانیارانەم لە مامۆستا فەیسەڵ تەلوب وەرگرتووە).

14-سوارە سەعید کە لە تەق تەق بە سوارەی مام مارف ناسراوە ووتی"مام عەبد جاسم گێڕاویەتەوە لە دوکانەوە بە کەڵەك هاتوون،لە نزیك ئاوی قەسرۆك





تێپەڕیوون ،ژن و منداڵیش کوریان کردووە،مستەفا ناوێك کوێی بووە ،زۆر شەرمی بەخۆی بووە ،بۆیە فەرەجیەکەی (کورەبار)بە خۆیدا دەدات ،ژنەکانیش دەڵێن" تەماشای ئەو سەگبابە لە کونی فەرەجیەوە سەیرمان دەکات "ئەمە لە کاتێکدا کە پیاوەکانی تر هیچ بەخۆدا نادەن کەچی بە مستەفا وادەڵێن!؟

15-سوارەی سەعید دەڵێ "مەلایەکی گوندی تاڵەبان هاتووە،مام مارف ویستویەتی( کەڵەك) بەرێبکات ،کەچی مەلا ووتویەتی بانوێژێك بکەم،نوێژی نیوەڕۆ چوار رکاتە ،مام مارفیش پەلەی دەبێ بۆیە دەڵێ"کورە ئەوە چوار نوێژ بکەی ، تۆ ووتت یەك نوێژ دەکەم!؟"

16- سوارەی مام سەعید دەڵێ"مام باجەتی بەرەی حەمەدی عەباس ،دەچێتە دارکردن ،دوو ژنی هەبووە ،میم پەریو میم سەلمە بوون ،لەلای گردە سۆرەکە ،کەدێنەوە زێ زیادی کردووەو میم سەلمە ناوێرێ لە زێیەکە بدات ،مام باجەتیش بە کۆڵە دارەوە میم سەلمە هەڵدەگرێت!!

17-هەر سوارەی مام سەعید دەڵێ"محمد سۆفی مرۆڤێك بوو ،زۆر حەزی لە پاك و خاوێنی بوو ،جارێك لە وەرگرتنی نەوت،کە ئەو بایەعی نەوتی هەبووە،بەژنەکان دەڵێ بڕۆن قەنەفڵ لە خۆتان بخەن،هەروەها ئەگەر سەرپەرشتی کۆنکرێتی کۆڵانێکی بکردایە،دەیووت ،هەرچی لەفە (جگەرە پێچانەوە)دەخوا بەیانی نابێتە عەمەلەی من هەروەها دەگێرنەوە نیوەڕۆیەك کاتژمێر(5،12-1)لە کاتی پشوودان خزمێکی گوندی (سماقە)بۆ کارێك دەچێتە ماڵی (محمد سۆفی)ئەویش لەبەردەرگاوە بە کابرا دەڵێ ئەو مەرو ماڵەتەی ئەم دەم زێیەت بینیوە کەوا خەووتوونە ، کابراش دەڵێ بەڵێ "ئەویش دەڵێ ئەوانیش کاتی پشوو دەزانن بەم نیوەڕۆیە بۆ یەخەمان بەرنادەی...!!

# تەق تەق و جولەکە

جولەکە لە تەق تەق نەبووە ،بەلاّم لە سالاّنی (1949–1952)دوو خێزانی جولەکە لە تەق تەق هەبوون ،(عەزرە) فەراشی بەڕێوەبەری ناحیە بووە ،هەروەها (خواجە برایم)ژنەکەی ناوی (مێرەم)بووە ،دوو کوڕی بەناوی (شەموولەو حەییوم)هەبووە ،کاری کوتاڵ فرۆشی بووە،بەتایبەت خامی دەهێنا ،مام حەمەدی وەستا عارف کافرۆشی دەڵێ ،زۆر جاران واڕێکەوتوە گوێم لێ دەبوو (خواجە برایم)بە ئینگلیزەکانی دەووت ئێمە خزمین"

# گۆڕستانەکانی تەق تەق[8]

1–قەبرستانی گەورە لە عروزە.

2–گۆڕستانی شێخ موحەمەدی کونە ناو ،هەندێ قەمیش لەم گۆڕستانە چێنرایە،چ منالّ چ گەورە ئەگەر توشی(کۆخە)ببوایە ،خەڵکی کۆنی تەق تەق پەنایان بۆ دەبردو قەفی بچوکی قەمیشیان بەداوەوە دەکردو وەك خەناوکە دەیانهۆنییەوەو لەملی نەخۆشەکەیان دەخست و زۆربەیان بەم کارە چادەبوونەوە.

3–شێخ مستەفا ،چاکێکە ،دەکەوێتە نێو قەبرستانی نوێی تەق تەق، دوای دامەزراندنی تەق تەق لە شوێنی ئەمڕۆدا ،خەڵك دەچونە سەر ئەم چاکە بۆ ڕزگار بوون لە نەخۆشی تاو ترس و هەروەها بەدیهێنانی مرازو هیوا.(زەوی مالّی حەمەدی عەباس بووە بۆ گۆڕستان تەرخانکراوە).

4– قەبرستانی مەلا صالّح دەکەوێتە لا پالّی بانە ڕەقە کە بە(بەردەرین)مەشهورە ،زەوی مالّی قادری مام شەریف بووەو بۆ گۆڕستان کردوویەتی بە خێر تەرخانی کردووە،بۆیە پێی دەڵێن مەلا سالّح چونکە مەلا سالّح ناوێك خەڵکی گوندی کانی‌لەلە بووە لەم گۆڕستانە نێژراوە ،ئەم زاتە لە

8– ئەم زانیاریانەم لە حەمەد عارف سالّح کافرۆشی وەرگرتووە ،لە دایك بووی 1930ی گەڕەکی مەڵکەندی سلێمانیە ،لەسالّی 1932 باوکی وەستا عارف هاتۆتە تەق تەق،لە 2006/3/6 لە تەق تەق.





گرانیدا چووە بۆ وولاّتی ئێران بۆ خوێندنی فەقێیایەتی ،لە گرانیدا دایك و باوکی دەمرێت ،کاتێ دەگەڕێتەوە لە تاوان شێت دەبێت ،مەلا سالّح زۆر لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزی لەبەر بووە ،دەنگێکی خۆش و زولاڵی هەبووە ،یەك لەو سیفەتانەی کە لێی ئەگێڕنەوە (چای بەتالّی خواردۆتەوە، ڕۆژانە 4بۆ 5 کتلی چای بێ شەکری خواردۆتەوە ،هەر بۆیە خەڵك بۆ سەر گۆڕەکەی تۆچای دەکەنە خێر و خێرات یان بۆی دەبەن ،جگە لەم گۆڕستانە (کەورەمەلا)ش هەر بەناوی ئەوەوەیە،لەژێر ئەم کەورە دانیشتووە ئەمڕۆ ڕێگەی سەرەکی کۆیە–تەق تەقە،کەورەکە بڕدراوە بۆ جادەکە کە دەکەوێتە بەرامبەر گۆمی مشیر ،شەوێ لەم کەورە نوستوەو لەوێ وەك خەڵوەتگەیەکی خۆی ماوەتەوە ،ئەگەر یەکێك سەر ئێشەی هەبوایە دەستی دەدایە سەری‌وماوەیەکی دەبرد سەر ئێشەکەی دەڕەویەوەیان نەدەما،هەندێ جار دەچووە نێو تەنوور دوای نەمانی پشکۆ و خامۆش بوونی لە نێوی دەمایەوە تابەیانی...

5–شێخ بایز، لەدیوی سەرووی بانە ڕەقەیە،ڕێگەی زستانەی کاروان بووە، لە نێوان کۆیەو تەق تەق و جێگەی سەیران و گەشتی تەق تەقیان بووە لە بەهاردا ،خەڵکی بۆ نەمانی لەرزوتا چوینەلای ئەم مەزارە.

6–گردی حێمر: زەوی حەلیمەی حاجی مالّی قادری حەمەد بووە ،کەوتۆتە ڕۆژهەلاّتی گردی حێمڕ.

# ناوی پارچە زەویەكانی تەق تەق

1–كەڵەكچن یان كەلەكچین

2–سولیچە(سولیچان)سوێسكە لە كویٚ دەفڕیٚ لەویٚ تەپكە دەنێتەوە.

3–كۆزە

4–كونەناو(كەندە كۆخە) هەندیٚ جار پێی ووتراوە (كوڕە لاو)

5–مروەتین( ناوی ژنێكە كە ناوی مروەت بووە)

6–گرد خەرمان (سەری گردێكە كە خەرمانی لیٚ بوە، پارچەی گۆزەرین)

7–سیٚمەیی

8–گرد خەڕات (خەرات)دۆمی لێبووە–هەواری عولاٚ عەلی كەندەلانە سور.

9–شكارتەی یابە(یابە) (ڕەنجبەری عەرەبیان هەبووە)

10–جانە

11–تاتە خزە(تاتە زلێخ) بووە

12–قەرەقاچین

13–شیووی لوولە

14–دەباغی گەورە

15–گردی گێوژەكە

16–دەباغی گچكە

17–كونە كەمتیارە

18–گردی شێخ بایز

19–بانە ڕەقە

20–ئاوەزا– ئاوەزیٚ(ئەمڕۆ بووە بەیاریگای تەق تەق)

21–دۆشاو ڕژێرن ( ئەمڕۆ خوێندنگای خاڵخالاٚنی كچانە).

22–دەم كەند

23–شیوە مەلا (گەرمك –تەق تەق)





24–جۆنی بەرد

25–خرابە(گەرمك–تەق تەق)

# پیشەگەری لە تەق تەق



دیمەنێك لە چایخانەی كۆنی تەق تەق ، كەنار زێی بچوك

لە كۆنەوە تەق تەق شوێنی كشتوكاڵ و ڕاوە ماسی و گامێشەوانی بووە ،لەیەك كاتدا هەم شوانی و هەمیش وەرزێری كراوە ،لە جوتیارە دیارەكانی سەردەمی كۆن (بەرەی حەمەدی عەباس و كوێخا ڕەشید و مام كاكەڕەش سەعدون و مام شەریف قادرو ئەحمەدی عەبدەو مستەفای ئایشان و نەوەی حەمە سور جاف[9]

لە پاڵ هەردوو پیشەی سەرەوە (كەڵەكەوان)یش كراوە ،تەختەو توتن و ڕەژوو دانەوێڵەو ئاژەڵی زیندووش لە كوردستانەوە بۆبەغدا دەبران ،خاوەنی ئەم كەڵەكانەش (مام عەبدو تەللوب جاسمی برای بوون)هەروەها لە چلەكانی سەدەی ڕابردوو تەق تەق چەند بازرگانێكی لیٚ پەیدابوو وەك عەبد جاسم وتەللوب جاسم و كاكەڕەش سەعدون و جەمیل عەبدوڵڵا) [10]لەگەڵ چەند كاروان

9– چاوپێكەوتن لەگەڵ مەحمود حەمید عەلی لە دایك بووی 1935 ی تەق تە ق لە 2006/4/21 لە تەق تەق.

10– جەمال فەتحوڵلاٚ تەیب ،كۆیە لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی،سیاسی ،كۆمەلاٚیەتیە ،سلێمانی ،2006 ل137.

چیەك كە بە وولاٌغە بەرزە كەل و پەل و بەرهەمە كشتوكالٌیەكانی ناوچەی (تەق تەق و كۆیە)یان گواستۆتەوە بۆ كەركوك لە كەركوكیشەوە خورماو كوتالٌ و پێداویستی تەنزیلاتیان هێناوە نمونەی وەك (كەریم شەریف و سەلیمی باوكی ئەحمەد وحەمە سالٌح )سەلیمی ئەحمەد وەختی خۆی لە خانووی میم خەجێ بووە ،ئەمڕۆ خانوی شەهاب قەسابە لە تەق تەق ،جگە لەمانە حەمەی موحەمەد و حەوێزی كوێخا ڕەشید هەمان پیشەیان كردووە كوتالٌ فرۆشی (كاك بەگ كۆیی‌و حەبیب و زێنەبە (بۆ جل و بەرگی ژنانە )و مام حەمەشەریف و حاجی عوبێد خەلیفە ، سەرتاشی هەریەك لە سلێمان تورك و سلێمانی عەلی دەلاكیان كردووە ،وەستا مەحمودی حەمید كۆسە دەلٌێ"عەبدول سەلام چەقۆیەكی تیژی هەبوو،بەردەوام لە تەنگەی بوو ،بەو چەقۆیە سەری دەتاشی".

كاری سەقا(ئاو كێشان)بەتەنەكە لە زێی بچوكەوە بووە،عەلی حەمە عەزیز (عەلە كۆڕ)بە سێ درهەم بۆ پۆلیسەكان و بە (250)فلس بۆ ناحیە هێناویەتی ، موحەمەدی سادق مامی سابیر ڕەمەزان هەمان پیشەی كردووە ،بەرگدرووەكان (مستەفا خەیات و فاتمەی حەبیب كەركوكی‌و مریەمەی ڕەحمان)بوون ،مام عەزیز سلێمان تورك كاری تەنەكە چیەتی كردووە، مام ئەحمەدی ڕەحمە هەوجاری دروست كردوە وە وەستای ئاشی ئاو بووە ،وەستا (بەننایی ) مام نەجیم شانازو حاجی شەمسەدین ئەحمەدو قادری شەریف و حەمید كۆسەو وەستا مەحمودی كوڕی و مەجیدو ئەحمەد سلێمان و شەهید وشیار كردوویانە.بازاڕی كۆن لە تەق تەق لە دەم زێ بووە لە نزیك مالٌی مام عەزیز سلێمان و مام مارف ، دوكاندارەكان حەبیب ئێرانی (پۆلیسیش بووە ) حاجی وەلی‌و ئەمینی مستەفا خەیات و مام سالٌح و عیسا قەدۆی پۆلیس خەلٌكی تەلەعفەر بووە ،هەروەها حاجی شەریفیش لە مالٌی خۆیدا دوكانداری كردووە ،خواجە برایمیش جولەكەیەكی دوكاندار بووە لە تە ق تەق.

پیشەی نالٌبەندی وەستا عارف كافرۆشی كردویەتی جگە لە تەق تەق لە گوندەكانی (كانی بی ،مخەڕەس ،گەرمك و ساتوقەلاٌ ،شێخ بزێنی ،سێگردكان





،ئۆمەرگومبەت ،كانی لەلە ،مەرزان ،ئیلنجاغی گەورە)ئێسترو گوێدرێژ و ئەسپیان هێناوە بۆلای وەستا عارف بۆ نالٌ كردن ،ئەو ئامێرانەی لە پیشەی نالٌبەندی بەكاری هێناوە بریتی بوون لە (سمتراش ،قەرەچاغ بۆ پێشەوەی سمی وولاٌغ بەكار هاتووە ، لە واشە :بۆ بەستانی لچی ئێسترو ئەسپی چەموش بەكاری هێناوە ،چەكوش ،گازی درێژ ،تۆپی دار :قاچی وولاٌغەكەی دەخرایە سەری ،بڕبەند واتە كارتیغ ،(60)سم درێژ و (50)سم پانی بووە بۆ لوس كردنی سمی وولاٌغ بەكار هاتووە لایەكی ووردو لاكەی تری درشت بووە .گوێ درێژی بە (100)فلس و ئێستری بە (200)فلس و ئەسپی بە (300)فلس نالٌ كردوە [11] ،ئەحمەدی ڕەحمە هەرچەندە بە ڕەسمی كورتان دروو نەبووە ،بەلاٌم ئەم پیشەیەی زانیوەو لە كاتی پێویست كاری تیا كردووە .ئەوانەی خانی وولاٌغیان هەبووە (مام كاكەڕەش سەعدون ،جەمیل بابی حەمید و مەجید ،عەلی حەمە عەزیز )ئەمانە هەندێك جار حەقی باریان وەرگرتووە، وەستا ئەحمەدی كەركوكی‌و حەوێز كۆیی و فەقێ موحەمەدی تالٌەبان پیشەی پینە دۆزیان كردووە،چەخماخ چی‌و تفەنگ سازی ئەوتۆی لێنەبووە بەلاٌم عەلی قالە قۆزو مام عوسمانە شەل كاری فیشەك داگرتنەوەیان باش زانیوە ،خومخانەچی نەبووە بەلاٌم (قوماشی جاو)لە نێو ڕیخدا دانراوە بۆ ئەوەی ڕەنگی زەرد بێ ،مام محێدینی تالٌەبان كاری موتابچی كردووە بە تایبەت بەڕەی دروست كردوە ،هەروەها ئەحمەدی سمایلی خەزار خەلٌكی گوندی تالٌەبان بووە جۆلاٌیی كردووە ،لەبەر ئەوەی ئاوی زێی بچووك سەرچاوەیەكی سەرەكی بووە بۆیە لە كۆنەوە كۆمەلٌێك ئاشی ئاو لە ناوچەكە هەبوە لەوانە (ئاشی كوێخا ڕەشیدو مام جەمیل و مام ئەحمەدی ڕەحمە ، وەستای ئاشیش بووە) ،لەگەلٌ ئاشی مام ڕەمەزان جگە لەمانە ئاشی ئاگریش هەبووە وەك ئاشی مام ئەمین و مام سالٌح و كوێخا عەزیز لە سێگردكان و ئاشی شێخ ڕەئوفی كاتبی ناحیە لە قەرەناو هەروەها ئاشی ئاگری سمایل ئاشەوان .

11- چاوپێكەوتن لەگەلٌ بەكر وەستا عارف لەدایك بووی 1933 ی تەق تەق ،لە 2005/11/17 لە تەق تەق.

پیشەی عەلافیو دانەویڵە فرۆشی حاجی وەلی کردویەتی ،چایەچیەکان و چایخانە (خاڵە ئەحمەد خەزووری تەلوب جاسم ،عەبدوڵڵای مەلا تاهیر خزمی ئەمینی مستەفا خەیات و مام مەعروف و فارس و خدرو قادرو لەتیفی باوکی حاجی باقی و عوسمان عەلی حەیران )ئەمانە لەنزیك زێی بچووك لە سابات و کەپری دروست کراو لە پەلك و قەمیش چایخانەیان هەبووە ،پیشەی کەبابچی وەستا مەحمود دەڵێ" ئەوەی من بیرم بێ عەلی ناوێك هەبوو کەباب و تکە ی لێدەدا،دواتر مام حەمە ساڵح بووە" بەکری وەستا عارف دەڵێ وەستا سدیقی کەبابچی مێردی پلکە زێنەب و مام برایم و بەم دوایانە کوڕەکانی مام عوبێد خەلیفە کاری کەبابچێتیان دەکرد" ئەوانەی قەسابیان کردووە (مام عەبدڵڵای برای عەلە کوڕ ،سەید فەتاح عەرەب ،نوری قادری حەمەد ،فارسی عەبدول سەلام ،شەهاب و عەبدل خالق مستەفا خەیات و عمری عەلی حەیران). ئەوانەی نانەوا بوون (عوسمان کۆیی، سەباح سڵاح ،دواتر ئەنوەری ئەحمەدی عەبدە).بایەعی نەوت و نەوت فرۆشەکان (مستەفا خەیات ،کاکەڕەش سەعدون ،موحەمەد سۆفی ئەمەیان بە ڕەسمی بایەعی نەوتی هەبووە)،عەریزە نوسەکان (کاکە فەتحوڵڵا ،فاتح خورشید ،کوێخا عەزیز ،قادر ساڵح پۆلیس ،فاتح بێلان تاڵەبانی)،کوێخاکانی تەق تەق کوێخا مارف ،کوێخا سەلمان ،کوێخا سەعید ،کوێخا ڕەشید ،کوێخا کاکەڕەش ،کوێخا عەزیز ،کوێخا ساڵح پۆلیس )لەگەڵ ئەمانەشدا لە نێو خانەوادەکانی تری تەق تەق وەك هەموو ناوچەکانی تری کوردستان لەسەر کوێخایەتی ڕکابەرایەتی هەبووە ،هەر بۆیە کوێخا ساڵح پۆلیسی خانەنشین کە خەڵکی تە قتەق یش نەبووە بۆ چارەسەری کراوە بە کوێخایان .ئەوەی جێگای باسە پیشەی سەرەکی دانیشتوانی کۆنی تەق تەق (کشتوکاڵ و ئاژەڵداریو کەڵەکەوانیو ڕاوە ماسی )بووە ،دوای بەرەی عەبد جاسم ، کاکەڕەش سەعدون ،مام جەمیل و ئەحمەدی عەبدەو مام ڕەحمان عەبدوڵڵاو مام مارف بەکاری کەڵەکەوانیەوە خەریك بوونە ،قەیاغ لە تەختە دار دروست کراوە بە هۆی ڕیشاڵ و بزمارەوە لێك دراوە،دوبە :لە ئاسن دروست کراوە ،کەڵەك لە دارو قەمیش و





جەڕاب پێکهاتووە ، جەڕاب پێستی حەیوان بووە ،لەسەر جەڕابەکانیش دارو قەمیشیان بەستووە پێیان وتوە مەڵبەند ،دوو مەجرەف هەبووە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیو پەتێکی بەهێزیش بەکەڵەکەوە بەستراوە بۆ کاتی لەنگەر گرتن و ڕاگرتن ،کاتێك کە گەیشتونەتە خوار شەرگات و ناو ڕووباری دیجلە ،چەند مەڵبەندێك لێك دەدراو پێیان دەوت (عەبرە) بۆ ئەوەی چاکتر ئاو بەرەو خوارەوەی ببات هەر عەبرەیەکیش (200)جەڕابی پێوە بووە، ئینجا دواتر جەڕابەکان وولاغیان بۆ گیراوە بۆ هێنانەوە،هەروەها ماسی گرتنیش پیشەی هەندێ لە خەڵکی تە ق تەق بوە لەوانەش (فارس عەبدولسەلام و مام حەمیدو مەحمود حەمیدو کوڕەکانیو عومەری عەلی حەیران)لە مەلەوانچیە ئازاو شارەزاکانی تەق تەق مام مارف و بەم دواییانە کوڕەکانی عەزیز سلێمان بوونە ،وە باشترین دۆمینەچیش لە تەق تەق ڕەحمان عەبدوڵڵا باوکی حاجی سوارە بووە ،سەعاتچی جەوهەر ئۆمەرو یەکەم ئوتوی هەڵمیش بەکر سەلام بۆ یەکەم جار هێناویەتی بۆ تەق تەق لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو ،بەڵام لە کۆندا موحەمەد سۆفی بەڕەژوو توانیویەتی ئوتوی هەڵم بۆ خۆی دروست بکات و بەکاری بهێنێت ،


مام جەوهەری سەعاتچی

حەکیم کاکەڕەش یەکەم غەسالەو کارگەی بلۆکی لە تەق تە ق داناوە.

جەوهەر ئۆمەر حسێن ساڵی 1936 لە گوندی کونە گورگ لەدایك بووە ،لە منالیەوە شوانیکردوە وەك خۆی دەڵێ"خۆشیو ناخۆشی لای بزن و مەڕ بوو کۆشك و تەلارمان قاپوتی تەڕ بوو "لە ڕێگەی کاری ووردەکاریانەی خۆی بووە بە چاککەرەوەی کاتژمێر (42)ساڵ ئەو پیشەیە کردووە ،

هەردوو كوڕەكەی (بلال و عەبدوڵلاّ )لە ڕیّی باوكیانەوە فێری ئەم پیشەیە بوون،ئیسرائیل حەنا هاوڕێیەكی سەربازی بوە یارمەتی داوە بۆ فێر بوونی نوسین و خوێندنەوە چونكە نەچۆتە حوجرەو قوتابخانە .[12]



مام سلێمان حەلاق

## پیشەی سەرتاشی[13]

ئەم پیشەیە كۆنەو لە دێر زەمانەوە مرۆڤ بە گوێزانی قەمیش سەری سفركردوە ،یەكەم كەس كە لەتەق تەق ناسرابێت و سەری چاكردبێت مام (سلێمان تورك)بووە ،كە ئەو كات چایخانە نەبووە لەبەردەرگای مزگەوت ئەم پیشەیەی دەكرد ،قەمیشێكیان شەق شەق دەكرد و موسێكیان بەسەری قەمیشەكە دەبەست و لەشێوەی گوێزان سەریان پیّ پاك دەكردەوە ،دوای مام سلێمان تورك،

مام سلێمانێكی تر كە ناوی (سلێمانی عەلی عەزیزە)دوای كاری كرێكاری و شاگردی چایخانە و كاری كشتوكاڵی دەبێتە سەرتاش لە ساڵی 1951 كە ئەو كات دووكانی نەبوو لەبەردەم چایخانەی تەق تەق سەری خەڵكی چاك دەكرد،ساڵی 1963 دوكانێك دەگرێت لەشوێنی گەراجی كۆنی تەق تەق، خاوەنی دوكانەكە مام حەوێزی كوێخا ڕەشید بووە بە (750)فلس داویەتی بەكریّو دواتر كرێیەكەی بووە (1,500) یەك دیناروپێنج سەد فلس ،جگە لە سەرچاكردن ئەو

12- بەكر سەلام ،جەوهەر سەعاتچی وەستایەكی كارامەو خوێندەوراێكی خۆڕسك،تاك ،ژمارە 14 ی شوباتی 2006.

13- چاوپێكەوتن لەگەڵ هیدایەت سلێمان عەلی ،لەدایك بووی 1964ی تەق تەق،لە 2006/8/20.





كات خەڵكی گوندەكان بەتەنەكە نەوتیان لە محمد صۆفی دەكری ئەویش سەری تەنەكەكەی بۆ لەحیم دەكردن بۆئەوەی نەوتەكە نەڕژیّ ،كریّی سەرچاكردنی ئەو كات زۆر كەم بوو هەندیّجار یەك هێلكە وەردەگیرا ،ساڵی 1967-1970 لە گردی بانە ڕەقە (ڕەبیەی پۆلیسی لێبووە ،سلێمان عەلی بەكەرو تێركە ئاوی بۆ بردوون هەر لەوێش سەری چاكردون ،جاری وا هەبووە زوتر سەری پێشمەرگەی لە دۆڵی عروزە چاكردووە وەك(حاجی حمەزیادو حمید كریم و حسێن حمەدەمین...تاد) ساڵی 1973 لەكارەبای تەق تەق دامەزراوە پاش دەوام هەر كاری سەرچاكردنی كردووە،تا ساڵی 1985 بەردەوام بووە ،دواتر كوڕەكانی هیدایەت و سەرهەد دەبن بەوەستایەكی كارامەو شارەزایی سەرتاشین .

## خانەوادەكانی تەق تەق

## خانەوادەی گردە یا ( كێخواكانی تەق تەق )

فاتح بیّلان تاڵەبانی لە دەست نوسەكەیدا لەیەكەم لاپەڕەیدا دەڵیّ"یەكەم كەس كە لەم ناوچەیە جێگیر بووە ناوی (صەیهود)بووە ،كە لە تیرەی عەرەبی ڕەبیعەی وەیسی كوڕی قەرەنی بووە[14] خوالێخۆشبوو د.رەئووف كوێخا عەزیز لە چاوپێكەوتنێكی دا ووتی" خێزانی ئێمە لە سەر زمانی خوالێخۆشبووان(كویخا عەزیزو عەبد جاسم و مەلا تەلوب)كە خۆم گوێم لێیان بووە لەشاری زرباتیەوە كە دەكەوێتە لای سنوری خانەقین هاتوون بۆ تەق تەق ،[15] تاكە خێزان بووە ناوی

14- دەست نوسی فاتح بیّلان تاڵەبانی،كە ساڵی 1993 نوسیویەتی .

15- چاوپێكەوتن لەگەڵ د.رەئووف كوێخا عەزیز لە دایك بووی 1947 ی تەق تەق لە 2005/3/20 لە هەولێر.

(صەیهود) بووه ،خەڵکی ئەم ناوچەیە ژمارەیان زۆر کەم بووه و پێدەچێ هاتنی ئەمانە بۆ ناوچەکە دوای ساڵی 1831 ز بووبێ چونکە لەو ساڵەدا قاتیو قوڕی هەبووه خەڵکێکی زۆر بە تاعون لەناوچوون و ناوچەکە زۆر چۆل بووه بۆیە هەرکەسێ هاتووه لێ ی جێگیر بووه .[16] دکتۆر رەئوف ووتی"باپیره گەورەمان (صەیهود) نازانین چیبووه بەڵام بەعەرەبی قسەی کردووه ،ژنەکەی ناوی عێشە بووه واتە (عائیشە) ،هەروەها مام ڕەفیقی کوێخا ڕەشید دەڵێ"باپیرەمان صەیهود)100٪ بەعەرەبی دواوه ،صباح تۆفیق امین ووتی" لە زرباتیەوه هاتوون لە شاری بەعقوبە ،بەقەسابیو مەڕو ماڵات بە خێوکردنەوه خەریك بوون نازناویان (ڕوبێعی) بووه ،جوامێر سواره هەموو ئەمانە بەدروست نازانێ بەڵکو دەڵێ "لەدیار ڕوبێعەی کوردستانی باکورەوه لەناوچەی جەزیرەوه هاتون.[17]


دکتۆر رەئوف ووتی"ناوی (صەیهود) لەسەر زاری خەڵکی ناوچەکە قورس بووه ،لەگەڵ ئەوەشدا پیاوێکی چوار شانەو باڵا بەرز بووه ناویان لێناوه(گردە) تاکو ئەمڕۆ چەمێك هەیە دەکەوێتە بەرامبەر گردە سوور لەبەری گوندی کەپەنەك پێی دەڵێن (چەمی گردە) لە کۆتاییدا د.رەئوف دەڵێ "زۆر ئیحتیمال هەیە عەرەب بین لەبەرئەوه (زرباتیە)هەر سێ ڕەگەزی تێدابووه (عەرەب،کورد ،تورکمان)هەر چۆنێك بێت ئەم خانەوادەیە لە دامەزرێنەرانی دێی (تەق تەق)بوونەو چەندین کەسیان لێهەڵکەتووه زۆربەیان کوێخابوون وەك(کوێخا مارف ،کوێخا سەلمان،کویخا سەعید،کوێخا ڕەشید،کوێخا عەزیز،د.رەئووفی کوێخا عەزیز،قادر رەمەزان صادق ) ئەمانە خاوەنی زەوی زار بوون لە تەق تەق بە تایبەت لە ڕوباری گرد خەراتەوه بەرەو تەق تەقی ئەمڕۆ.[18]

16- چاوپێکەوتن لەگەڵ مام ڕەفیق رشید لە دایك بووی 1938 ی تەق تەق 2006/7/21 لە تەقتەق

17- چاوپێکەوتن صباح تۆفیق امین، لەدایکبووی (1947)ی بغداد لە 2006/6/12 لە تەق تەق .


18- چاوپێکەوتنی جوامێر سواره رحمان لە دایك بووی 1971 ی تەق تەق لە 2006/4/21 لە تەق تەق.

## داری بنەماڵەی (کوێخا رەشید)








* صباح توفیق امین مارف دەڵێ: لەقەبی
بنەماڵەکەمان (روبێعییە) لە بەعقوبەوە هاتووین

# کوێخا عەزیز رشید


کوێخا عەزیز

کوێخا عەزیز کوڕی کوێخا ڕەشیدی کوێخا سەعیدە ، ساڵی 1927 لە تەق تەق لە دایك بووە ، ساڵی 1936 چۆتە بەرخوێندن و تاپۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە کۆیە تەواو کردووە[19]،

دوای مردنی باوکی لەبەرئەوەی برا گەورە بوە نەیتوانیوە لە خوێندن بەردەوام بێ،دایکی تورکمانی عەشیرەتی (کەنان)ە بووە ، ساڵی 1942–1945 لە کۆمەڵەی دەنگ کاری کردووە لە شاری کۆیە[20]

د.ڕەئوفی کوڕی ووتی "باوکم لە ساڵی 1959–1960 ئاوسەرخەر (مزەخە) ی هێناوەتە تەق تەق ،کەس نەیزانیوە کاری پێبکات تا لە (کەرکوك)وەستایان بۆ هێناوەئەو کات لە سارتکەوە تاوەکو دوکان کەس مزەخەی نەبووە ،کتێبخانەی لە ماڵی خۆیدا هەبووە ،ساڵی 1963 لە شاڵاوی حەرەس قەومی ماڵی سوتاوە ،ئامێرو خانوبەرەی بەتاڵان براوە ،د.ڕەئوفی کوڕی ووتی"ساڵی 1954–1958 لە پردی تەق تەق کاری کردووە هاوڕێی (مستەر سۆبەر)بوە ،بەمەش وایکردوە

19– پێرۆ وهاب عەزیز،کوێخا عەزیزی کوێخا ڕەشیدی کوێخا سەعید ، تاك ژمارە (12)ی کانونی یەکەمی 2005.

20– جەمال فەتحوڵڵا تەیب ،کۆیە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، سیاسی،کۆمەڵایەتی ،سلێمانی 2006 ،ل120 .





خەڵکی تەق تەق زۆرتر کرێکار بن وەك لە قەرەناویەکان ،لە دوای دروست کردنی پردەکە جوتیاری کردوە تا کۆچی دوایی کردووە،ئەو زەویانەی کە بەناوی هێناوە خاوەنداریتی کردووە(تەراحین (شوێنی ماڵی ئێستا)کۆزە (کۆزەمەڕ)بووە گردخەرمان شوێنی (خەرمان و ڕەوسەی گەنم) کوێخا عەزیز پیاوێکی سادەبووەو یارمەتی لەکەس وەرنەگرتوە ،هاتوچۆیلەگەڵ ناودارانی سەردەمی خۆی هەبووە ،دیوەخان و قۆناغێکی هەبووە ،بەمەش ناسیاوێکی زۆری هەبووە ،د.ڕەئوف ووتی"ماڵی باوکم کۆشکێکی دوو نهۆمی هەبووە کەلەباوکی بۆی جێماوە (وەستا وەهبی)کۆیی باوکی وەستا (کەریم)دروستی کردبوو،هاوین فێنك بوو ،د.ڕەئووف ووتی"تەنها کۆشك بووە ئەو ها بەڕێك و پێکی دروست کرابێ لەڕووی ئەندازیاریەوە لە دوکانەوە تا پردێ شتی وانەبووە[21]

## خانەوادەی حەمەدی عەباس[22]

بەیەکەم خانەوادە دادەنرێن کە گوندی (تەق تەق)ی یان ئاوەدانکردۆتەوە، محمد فارس نەوەی حەمەدی عەباسە،ئەو لە مام عەبد جاسمەوە دەگێڕێتەوە کە لە نێوان ساڵانی (1800–1830)مام مستەفای باپیرە گەورەیان هاتۆتە ناوچەکەو بە کشتوکاڵی و ئاژەڵداری خەریك بووە لە (کەڵەك چین نیشتەجێ بووە) هەر بۆیە زەوی و زارێکی زۆریان هەبووە لە تەق تەق ،جێگەی فەرمانگەی شارەوانی تەق تەق خەرمانی گەنمی حەمەدی عەباس بووە ،محمد فارس لە زاری (مام حەمەدی وەستا عارف کافرۆشی)دەگێڕێتەوە کە زۆر جار مام حەمەدی عەباس ئێمەی بە مناڵی بانگ دەکردو دەیووت کۆشتان بکەنەوەو بۆی پردەکردین لە گەنم ،ئەو سەردەم خەڵك زۆر هەژار بووە ،تەنها یەك کراسمان لەبەردابوو ،پێ خاوس بووین،

21– چاوپێکەوتن لە گەڵ خوالێخۆش بوو د.ڕەئوف، هەمان چاوپێکەوتنی پێشوو.

22– حەمەدی عەباس لە شەڕی ستانلی مۆد(عوسمانلیو بەریتانی)لەساڵی 1916 سەربازی عوسمانلی بووە.

مزگەوتی گەورەو مزگەوتی کۆنی تەق تەق لەسەر زەوی و زاری حەمەدی عەباس بنیات نراوە ،لە نێو کوڕەکانی مام حەمەد (بەهجەت و فارس) زۆر بە هێزبوون ،دەگێڕنەوە لەسەردەمی دروست کردنی پردی تەق تەق مام بەهجەت (باجەت)و ئەڵمانیەك زۆرانبازی دەکەن ،کاتێ ئەوەندە ئەزانن مام باجەت بەرزی کردۆتەوە بۆسەری خۆی دەڵێ" سوڕ گومت کەم"ئەویش دەڵێ "نەو باجەت نەو"هەر لە وکاتەدا گرەوی کردووە کە توانیویەتی (8)کیسە چیمەنتۆ لەوسەری پردەکە بەرێت بۆ ئەو سەری پردەکە.محمد فارس باس لەوە دەکات جارێك نەنکم (پەری بۆی گێڕامەوە دەیووت"زۆربەی ژەمەکانی نان خواردن باجەت (14)نانی بە ماستاوەوە دەخواردو مرۆڤێکی ئاسایی بوو ،محمد فارس دەڵێ "تا بڵێی بەدین بووە هەموو جارێ ووتویەتی لەوەتەی خۆم ناسیوە ،ڕۆژی مانگی ڕەمەزانم نەخواردووە بۆ تاکە ڕۆژێکیش ،

فارس کوڕی حەمەدی عەباس ،مرۆڤێکی بەهێز بووە ،بەر لە دروست کردنی پردەکە سەرپەرشتی کرێکارانی (دوبەکەی)کردووە ،هەرکەسێك ئەگەر بیویستایە ببێت بە کرێکارو لەوێ کار بکات ئەو دەبوایە فەردەیەك توتن هەڵبگرێ بەناو ئاوبیباتە سەر (دوبەکە)ئەگەر بیتوانیایە ئەوا بە کرێکار وەریان دەگرت.[سمير]


---

23- چاوپێکەوتن لەگەڵ موحەمەد فارس عەبدول سەلام لە دایك بووی 1967 ی تەق تەق لە 2006/6/5 لە تەق تەق .





**داری بنەماڵەی حەمەدی عباس**




ئەم زانیاریانەم لە محمد فارس عبدالسلام وەرگرتووە.

# حەمەشینی حسێنی حێمڕ

ئـەم نـاوە لـە مێـژووی ئـەم شارۆچکەیە ناوێکـە زۆر بـاس دەکرێت ،مامۆسـتا جوامێر سوارە رحمن لە زاری مام غائیبـەوە کە کوڕی مام ئەسعەدی بەرەی مام حەمـەدی عەباسـە دەگێڕێتـەوەو دەڵێ"مام غائیب ووتـی ئێمـە نـەوەی "گردە"ین ،حێمڕ باپیری (حەمەشین)برای صەیهود بووە،گردێکیش لەم شارۆچکەیە بە ناوی حێمڕ بووە بەگوێرەی داری بنەماڵەی (صەیهود)بێ ،کە مامۆستا جوامێر پێیداوم دەبێت بەرەبابی حەمەدی عباس ئامۆزای کوێخا (معروف)بن.

حەمەشینی حسێنی حێمر گامێشەوانی کردووە ،ئەمڕۆ پارچەزەویەکیان بە نـاوی (گـۆڵی گامێشـان) مـاوە ،فـاتح بێـلان تاڵـەبانی لەدەستنوسـێکی خۆیـدا نوسیویەتی(یەکەم کەس کە لەم ناوچەیە جێگیر بووە ناوی (صیهود) بووە لە تـیرەی عـەرەبی رەبیعـەی وەیسـی قـەرەنی ،لـە ڕێگـەی گـامێش و مـەڕو مـاڵات لەوەڕاندنەوە لە زێی سیروانەوە پەڕیوەتەوە بۆسەر زێی بچووك=ئاوی دوکان.

جێگـەی باسـە هـیچ کـام لـە بنەماڵـەکانی تـەق تـەق پشـت ڕاسـتی ئـەوەیان نەکردۆتەوە حەمەدی عەباس و حەمەشین ئامۆزاو کەسی یەکتربوون و پاشتریش لەگەڵ کوێخاکان (مارف و سەلمان)بن عام بوو بن.(نوسەر)







# کاکەڕەش تەق تەقی و خانەوادەکەی[24]

لە ساڵی 1903 لە دایك بووە ،کاکەڕەش کـوڕی سـەعدون کـوڕی ئیـبراهیم کـوڕی حـەبیب کـوڕی موحەمـەد کـوڕی عەلائـەدین بـووە، بـە ڕەچـەڵەك دەچـنەوە سـەر وەیسـی قـەرەنی کـە ئێسـتا گۆڕەکـەی نزارگایـە لـە کوردستانی ئێران لەلای کرماشانە ،

دایکـی نـاوی ڕەحمەیـە کچـی سـەید مـەحمودی ڕەفاعیـە کـە لەبنچـینەدا لـە بنەماڵەی تورکمانی شیعە مەزهەب بوون و لە ساداتی ڕەفاعین ، ئەوانیش لە بنەڕەتدا لە ئێرانەوە هاتونەتە کەرکوك و خاوەن جێگاو شوێنی تایبەتی بوون لە قەڵای کـەرکوك ، مـام سـەعدون تاقانـە بـووە ،بـاوکی ئیـبراهیم حـەبیب پیـاوێکی ناسراو بووە و سـەخی تەبیعـەت و نان دەرو چاو تێر بووە ،دوای مردنی تـەنها مـام سـەعدونی هـەبووە بۆیـە دایکـی کە نـاوی خەجیجـە بـووە، ئـەویش خـەڵکی بەغدا بووە ، ژنێکی لێهاتووی ئازا بووە تەمەنی لە 100 ساڵ زیاتر بووە ،مام سەعدون زوو مردووە بە گەنجی دایکی مناڵەکانی بە خێو کردووە ، سەرپەرشتی کردوون ،مام سەعدون سێ کوڕی هەبووە (کاکەڕەش ،حمە سدیق ،شەفیق) لەگەڵ سێ کچ( پیرۆزو عاسمەو حەلیمە) کاکەڕەش کوڕی گەورەی مام سەعدون بووە لێهاتوو زیرەك و بەتوانا بووە لەبەر ئەوەی نەنکی بەغدادی و دایکی کەرکوکی بووە هەر لە مناڵیەوە فێری زمانی عەرەبی و تورکی بووە زۆر بە پاراوی قسەی بە هـەر سـێ زمـان کـردوە ، بـە منـاڵی قوڕئـانی خوێنـدووە لـە حوجرە خوێنـدەوارو

24- چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوزاد کاکەڕەش سەعدون ، لە دایك بووی 1954 ی تەق تەق ، لە 2007/4/20ز.

زمان زان بووە ،بە هۆی ئەوەی لە یەکێك لە شەڕەکانی عوسمانی(55)کەس لە براو خزم و کەسەکانی مام ئیبراهیم بەزۆر ڕەوانەی شەڕ ئەکرێن ، لەو (55)کەسە هیچیان ناگەڕێنەوە ،بەو هۆیەوە کە مام سەعدون تاقانە بووەو بە گەنجی مردووە. کاکەڕەش کوڕی گەورەی ماڵەوە بوە هەر لە هەرزەکاریەوە مەسئولیەتی ژیان و خاوەنداریێتی گرتۆتە ئەستۆ ،خزمەکانی کە( بن عام)ی بوون لە خزمانی قەرەناو ،حاجی کەریم کە پیاوێکی دیارو ناسراوی ناوچەکە بووە کچێکی خۆی داوەتێ بە ناوی (حەفسەت)سێ کوڕو کچێکی لێبووە فائق و عەبدلسەلام و نامق و معصومە ،دوایی ژنی دووەمی هێناوە لە تەق تەق بەناوی وەعدیە کچی شەریف قادر بووە کە پیاوێکی خاوەن ماڵ و ناسراو بووە لەو ژنەش (10)کوڕو (5)کچی هەبووە بەم ناوانە (عبدالعزیز ، عبدالحکیم ، عبدالمجید ،ئازاد ،فرسەت ،نوزاد ، فرهاد ،نیازی ،دیاری و فرامۆش کچەکانی نەزاهەت و گوڵ عوزارو ئینتزارو چیمەن و دیمەن).

بەهۆی ئەوەی خاڵوانی کاکەڕەش خاڵوانی باوکی لە کەرکوك و بەغدا بوون ،هات و چۆو سەردانی کردوون شارەزایی و تێکەڵاوی لەگەڵ شارو پایتەخت هەبووە و زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی باش زانیوە خوێندەوار بووە هەر زوو لە ناوچەکە ناسراوە وەکو پیاوێکی شارەزاو لێزان بووە لە ئیش و کاری بازرگانی و کۆمەڵایەتی .خەڵك ڕاوێژیان پێ کردووە و پرس ڕایان لەگەڵی هەبووە هەر لە زووەوە بووە بە قۆناغ و خاوەن دیوەخان ،زۆر چاو تێر و نان دەر بووە.

لەبەرئەوەی ژیانی ئەو کات لەسەر کاروان و بازرگانی بە ڕێگای ئاو کراوە لەسەر پشتی کەڵەك ،کاکەڕەش پیاوێکی بەتواناو لەش ساغ و چوار شانەو بەهەیکەل بووە ،مەلەوانێکی زۆر شارەزاو لە ئاو نەترساوە لەکاتی گەرمەی بەهاراندا کە هێشتا بەربەستی دوکان دروست نەکرابوو کەڵەکیان هەڵچنیوەو بە ئاودا تاوەکو بەغدا ڕۆیشتووە لە گەڵ چەند کەسێکی خەڵکی تەق تەق وەك حاجی عەبد جاسم و حاجی تەللوب و مام جەمیل عەبدوڵڵا وچەند کەسی تر .





بەرهەمی کوردستان لە دیوی ئێرانەوە لە سەردەشت و سابلاغەوە بە کاروانی وولاغ هاتۆتە تەق تەق و لە تەق تەق کۆکراوەتەوە هەر لەبەر شارەزاییان لە ئاوو مەلەوانی باش بوون ، لە لایەن میریەوە بەڕەسمی دامەزراون لەسەر قایەغ و دوبەی تەق تەق .

دوایش کە جسرەکە دروست کراوە بە ڕەسمی بە پاسەوان دامەزراوە تا کۆتایی ژیانی پاسەوان بووە بەهۆی شارەزایی و زمان زانیوو لێ هاتوویی‌و لەگەڵ زۆربەی بنەماڵەکانی کۆیە پەیوەندی کۆمەڵایەتی زۆر بە هێزی هەبووە بە تایبەتی لەگەڵ کاکە زیاد ئاغاو شەفیق ئاغاو جەمیل ئاغاو مەلای گەورەی کۆیە.

لە زۆربەی سەفەرو سەردانەکانیان بۆ هەولێر و کەرکوك و بەغدا پێکەوە بوون چونکە عەرەبی وتورکمانی باش زانیوە، پەیوەندیەکی زۆر فراوانی بووە ،لە سنورەکەو لەگەڵ خەڵکانی سەردەشت و مەهاباد لە ئێران ، لەبەر بەتوانایی دوای خوالێخۆش بوو کوێخا ڕەشید ماوەیەك بووە بە کوێخای تەق تەق هەستێکی بەرزی نەتەوایەتی هەبوە لەگەڵ دروست بوونی حزبی هیوا بووە بە ئەندام لەم حزبەو دواتر بووە بەئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستان و جێگەی بڕوای بەڕێزان کاکەزیادو مام عومەر دەبابە بووە ، زۆر جار کارو چالاکی حزبیان پێکردووە بۆ بەغداو شارەکانی تر هەر بەو هۆیەش بووە لە کاتی کە توشی نەخۆشی بووە لە ساڵی 1963 لە کاتی موفاوەزاتی شۆڕش و حکومەت مام عومەر دەبابە لەگەڵ خۆی بردویە بۆ عیلاج بۆ بەغدا بەڵام دوای تێکچوونی موفاوازەتەکە ئەویش گەڕاوەتەوە علاجی تەواوی بۆ نەکراوە لە 1964/3/15 کۆچی دوایی کردووە لە گۆڕستانی مەلا ساڵح نێژراوە. نەوزاد کاکەڕەش دەڵێ زۆر لەگەڵ پێشکەوتن بووە چونگە چەندین شتی تازەی هێناوەتە تەق تەق وەك:

1–یەکەم کەس بووە لە حەوشی خۆیان ژوورێکی تەرخان کردوە بۆ قوتابخانە لە ماڵی کاکەڕەش یەکەم وەجبەی قوتابی خوێندویانە .

2–یەکەم کەس بووە ڕادیۆی هێناوەتە تەق تەق و ناوچەکە لە مارکەی مارکۆنی بووە ،کە ئەوسا بە پاتری گەورە کاری کردووە.

3–یەکەم کەس بووە لۆکسی بۆ ڕووناکی هێناوەتە تەق تەق .

4–یەکەم کەس بووە ناوی منداڵەکانی بە کوردی ناو ناوە.

5–یەکەم جار ئەو باسی تەلەفزیۆنی کردووە کە ئەو کات لە بەغدا هەبووە ،کە باسی کردووە خەڵکانێك بڕوایان نەکردووە ووتویانە کاکەڕەش لە دین وەڕگەڕایە زۆر بە داخەوە.

کاتێك تەلەفزیۆن لە ساڵی 1968 هاتە کۆیە و تەق تەق کاکەڕەش کۆچی دوایی کردبوو ،بەڵام هەندێك لەوانە مابوون کە بڕوایان پێنەکرد بوو بەڵام ئەوان تەلەفزیۆنیان لە تەق تەق بینی .

6–یەکەم کەس بووە ناعوری گەیاندۆتە تەق تەق و کۆیە بۆ کشتوکاڵ بۆ هێنانی ناعور لە نەجەفەوە سێ مانگی پێ چووە.

کاکەڕەش ئەو شێوە جلانەی لەبەر کردووە.

1–کورتەك و شەڕواڵ.

2–کەواو سەڵتە.

3–ڕانك و چۆغە.

4–بۆ سەفەری بەغدا جلی عەرەبیشی لەبەر کردووە.

5–جامانەو مشکی لەسەر کردووە.

6–لەسەر دەمی ئەو باشترین ماین هی ئەو بووە کە ناوی‌دەرکردووە لە ناوچەکە بە ناوی (ماینە بۆرە).چەند جارێك ئاغاکانی دەوروبەر ویستویانە لەناوی بەرن یان بیدزن بەڵام نەیان توانیوە .

7–هەرچەندە دیوەخانەکەی لە خشت و قوڕ بووە ،بەڵام کورسی‌و مێزی نان خواردن و قاپی فەخفوری‌و کەوچك و چەنگاڵیان بەکار هێناوە لە ساڵی چل و پەنجاکان.

پیاوێکی ئازاو بەدڵ بووە ،هەر دەم لەبەرەی هەژارو نەدارەکان بووە دیفاعی لێیان کردووە.






لە کاتی دەرکردنی جولەکەکان لە کۆیەو تەق تەق زۆر دڵ نەوای کردوون و پاراستونی تاکو کەرکوك ،هەر بەو هۆیەشەوە دوای 47 ساڵ کۆمەڵێك لە جولەکەکانی کۆیە ساڵی 1995 کە گەڕانەوە بۆ کۆیە بۆ سەردانی خزم و دۆستەکانیان دوو دیاری بەنرخیان بۆ کاکە زیاد ئاغای کۆیەو کاکەڕەش تەق تەقی هێنابوو چونکە لە کۆیە کاکە زیاد ئاغاو لە تەق تەق تا کەرکوك کاکەڕەش پاراستبووی لە دەست درێژی کردنە سەریان ئەم دیاریەش تا ئێستا لەلایەن نەوزادی کوڕی پاراستراوە، بەردەوام لەبەرەی شۆڕش و کوردایەتی بووە لەگەڵ دەست پێکردنی شۆرشی ئەیلول یەکێك لە کوڕەکانی بە ناوی نامق کردووە بە پێشمەرگە تا کۆتایی بە شۆڕش هات لە ساڵی 1975.

هەر لەبەر ئەم هەڵوێستەی ئەو بووە کاریگەری ماوە لەسەر بنەماڵەکەی و کوڕەکانی تری لە شۆڕشی ئەیلول و شۆرشی نوێ دا بەشداریان هەبووەو کاریگەریان لەسەر خەڵکەکەش هەبووە.

## داری بنەماڵەی مام کاکە رەش









# بنەماڵەی حەمە سوری جاف[25]

ئەم بنەماڵەیە باپیرەیان حەمە سوور ناوبووە سەر بە تیرەی (جاف)ە لە ناوچەی ( قەمچوغ)ەوە وەهاتۆتە ناوچەی تەق تەق نیشتەجێبووە ،بەکاری کشتوکاڵیەوە خەریك بووە نەوەو وەچەی زۆر لێکەوتۆتەوە لە ناسراوەکانی ئەم خانەوادەیە "مەلا مەحمود و حەمە مستەفاو عەریف جمال حەمەدەمین سەعید)ە،مەلا مەحمودی سمایلی حەمە سوور پیاوێکی نابیناو کوێر بووە ، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤێکی دیندارو خواناس بووە لەسەردەمی ئەودا پێش نوێژی بۆ گوندی گەرمکی تەق تەق کردوە لە ڕۆژی هەینیشدا ووتاری بۆ خوێندونەتەوە هەر بۆیە هاتوچۆی ئەم گوندەی کردووە ، حەمە مستەفا سمایل ،ئەویش پیاوێکی موسڵمان بووە بەبێ بەرامبەر خزمەتکاری مزگەوتی کۆنی تەق تەق بووە، عەریف جەمالیش مرۆڤێکی نیشتمان پەروەر و دیاری شارۆچکەکەیەو لە شۆڕشی ئەیلولەوە تا ئەمڕۆ لە خەباتدایەو نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی بەرەی کوردستانی بوو لە 1991 لە تەق تەق .

---

25- چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆستم رسول حمە شریف سعید ،لە دایك بووی 1971 ،لە 2005/4/14 لە تەق تەق .

داری بنەماڵەی حەمەسور جاف






# خانەوادەی ئەحمەدی دەروێش ئەمین به ئەحمەدی ڕەحمە ناسراوە(26)

له گرانی گەورە ئەم مرۆڤە چووە بۆ گوندی گامێش تەپە ،دوای ئەم گرانیەو نەمانی عوسمانیەکان گەڕاوەتەوە شارۆچکەی تەق تەق ساڵی 1920 ،مام ئەحمەدە وەستای (ئاش )بووە ،سەردەمی ژیانی ئەو( ئاش) کارگەیەکی بەنرخ و گران بەهاو ئاشەوانی پیشەیەکی زۆر باو بووە ،هەر بۆیە بەهۆی ئەم پیشەیەوە گوزەرانی گونجاوبووە ،وەلەسەر زێی بچووك ئاشی ئاوی دامەزراندووەلە گۆڵی(گامێشەو کەوری مەلا )کە ئەمڕۆ لە نێو شارۆچکەی تەق تەقە ،دورگەی مەلا تەللوب ،کە هەموویان بە ئاوو کاریان کردووە ساڵانی پەنجاکان ئاشی لەقەرەناویش هەبووە ،دوو بەرەجووت زەوی هەبووە ،فەلاحەتی تیاکردووە،بە هێستر جووتی لە زەویەکان کردووە ،ماینێکی چاکی هەبووە بە ماینی (سەعدە )بەناوبانگ بووە ، لە هەردوو گوندی( کانیلەلەو مەرزیخە) شوانکاری مەڕی کردووە ، بنەماڵەی ئەحمەدی ڕەحمە بە بنەچە عەرەبن و لە خێڵی( ڕوبێعین )وە دایکی باوکی لە کوردەکانی (قەسری خرابەیە) کە پالانی بووە، کوڕەکانی( حاجی شەمسەدین) لەشەستەکان کادیر بووەو دکتۆر محێدین لێپرسراوێتی بەتالیۆنی حەوتی ئۆمەرگومبەت و(سەدرەدین )حاکمی شۆڕش بووە لەسەردەمی پارتی دیموکراتی کوردستان و (باوەدین) لێپرسراو شانەی ڕێکخستنی شۆڕشی نوێ و شەهیدی ئەنفال کراوە.

26- چاوپێکەوتن لەگەڵ نەسیمە جەلیل احمد امین ، لە دایك بووی 1975 ، لە 2006/6/12 لە تەق تەق.

**داری بنەماڵەی ئەحمەدی رەحمە**




ئەم زانیاریەم لە نەسیمە جلیل احمد امین وەرگرتووە





# خانەوادەی موحەمەد ئەمین کیکی[27]


ماموستا فەیسەڵ حاجی تەلوب دەڵێ مام عەبد جاسم وتویەتی یەکەم کەسی بنەماڵەکەمان کە هاتۆتە تەق تەق موحەمەد ئەمینی باپیرمان بوو لەسەروبەندی ساڵی 1850 زاینی هاتۆتە کەناری زێ بچووک ،موحەمەد ئەمین باپیری( مام عەبدو مام لەتیف) هۆی هاتنی موحەمەد ئەمینی کیکی لە تکریتەوە بۆ تەق تەق دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار :

یەکەم: پیشەی (موحەمەد ئەمین )بازرگانی کردن بوو بە ڕێگەی ئاوی "واتە بە کەڵەك"هەڵکەوتنی تەق تەقیش لەسەر زێی بچووك ئاسانکاری بووە بۆ پیشەکەی ،بۆ گواستنەوەی گەنم و جۆو توتن و داری ئەسپیندار بەرەو شاری بەغدا لە ڕێگەی زێ بچووکەوە.

دووەم:نزیکی تەق تەق لە کۆیە ،بووە بە هۆی ئەوەی (موحەمەد ئەمین) ئاسانتر پەیوەندی بکات بەبازرگان و خاوەن پیشەکانی شاری کۆیە لەوانە (حاجی بابەکر ئاغای حەوێزیو ڕەسوڵ مامەش )کە ئەوسا موحەمەد ئەمین سەوداو مامەڵەی لەگەڵ کردوون دوای نیشتەجێبوونی (موحەمەد ئەمین)لە تەق تەق پەیوەندی ژن و ژنخوازی لەگەڵ بنەماڵەی کوێخا سەلمانی مامی کوێخا ڕەشید پەیدا دەکات کچی کوێخا سەلمان بۆ جاسمی کوڕی دەهێنێ ، جاسمیش سێ کوڕی دەبێت بەناوی (عەبد، لەتیف ،تەلوب) ماموستا فەیسەڵ تەلوب لەزاری مام عەبدو حاجی تەلوبی باوکیەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ:

"ئێمە کە باپیرمان (موحەمەد ئەمین)هاتۆتە (تەق تەق) لەشاری (تکریت)ەوە ،هاتووە بەڵام لە بنچینەدا لە هۆزی ( کی کی) ین ،کە ئەم هۆزە ئەمڕۆ لە پارێزگای (دهۆك)دەژین ئەم هۆزە بەیەکێك لە هۆزە کوردیەکان ناو دەبات ،بەڵام ئەم هۆزە لەشاری (تکریت)پێیان دەڵێن(شیایشە)ئەم هۆزە لە تەق تەق موڵکایەتی پارچەزەویەکانی (کۆزەو شیوی لولەو قادرەشەل و کەلەکچین و قەبرستان و پردەکەو مروەتین و بەستەکە)یان کردووە.

27- چاوپێکەوتن لەگەڵ (فەیسەڵ تەلوب جاسم ) لە دایك بووی 1957 ی تەق تەق لە 2006/7/20 تەق تەق




ئەم زانيارييانەم لە ( فەيصەل تەلوب جاسم ) ەوە وەرگرتووە








حاجی تەلوب

حاجی تەللوب لە 1905 لە تەق تەق لە دایك بووە ،نێوان ساڵانی (1911–1912)چۆتەلای مەلا سابیر بۆ خوێندنی فەقێیاتی هەر لەبەرئەمەش بووە بە (مەلا تەللوب) ناوی ڕۆیشتووە ،دوای نەمانی باوكی شان بەشانی هەردوو براگەورەكەی كاری كردووە ،ئەم حاجی تەلوبە خاوەن كەسایەتیەكی كۆمەڵایەتی دیاربوو لە تەق تەق مرۆڤێكی زیرەك و ڕوو خۆش و قسە خۆش بوو

ئارەزووی دیوەخان و دانیشتنی لەگەڵ پیاوە ڕۆشنبیرو دیارەكانی سەردەمی كردووە وەك (مەلای گەورە وسەید ئەحمەدی خانەقاو بنەماڵەیموفتی ،جگە لە زمانی كوردی و توانیویەتی بە زمانەكانی (عەرەبی ، توركی )بەباشی قسەبكات و مرۆڤێكی بیر ڕۆشن و زەین ڕوون بوو بە تایبەت بۆ ئەو شتانەی كەلەژیاندا بینیبووی، مامۆستا فەیسەڵی كوڕی ووتی بۆ مێژوو دەڵێم "باوكم ساڵی 1987 ڕۆڵی هەبوو لەگەڕاندنەوەی تەق تەق دوای ئەوەی حكومەتی بەعس بڕیاری ڕوخانی دا ،توانی چاوی بەبەرپرسانی ئەوسا بكەویٚ بەهۆی خزمەكانی (تكریت و بەغدا)ی ،توانیویەتی خەڵك لە زیندان دەربهێنێت .ئەم زاتە لە ساڵی 1991 كۆچی دوایی كردووە لە تەق تەق بەخاك سپێردراوە هەروەها مامۆستا فەیسەڵ تەللوب سوپاسی (م.جەلال حەمەد كۆیی) دەكات كە هەڵسا بە نوسینی ژیاننامەی حاجی تەللوبی باوكی جێگەی سەرنجە.

# عەبد جاسم سەرچاوە مێژوویەكەی تەق تەق

مام عەبد جاسم كوڕی موحەمەد ئەمینی تەق تەقی‌یە ساڵی 1902 لە تەق تەق لە دایك بووە ،بە مناڵی لای مەلا ڕەسوڵی بیتوێنی قورئانی خوێندووە لەبەر زیرەكی مەلای گەورەی كۆیە بە (عبدالله المصغر) ناوی بردووە [28] ئەو پیاوە خۆی لە خۆیدا فەرهەنگێكی زانیاریو كتێبێكی مێژوویی بەنرخ بوو ،



مام عەبد

زۆر لە نوسەران وەك سەرچاوە سوودیان لێبینیوە ،هاوڕێی گەلێ لە شاعیرو مەقام زانەكان بووە وەك بێخود و سافیو سێوەو عەلی مەردان ،لە مەقامات شارەزاو دەنگ خۆش بووە [29] لەگەڵ ئەوەی خوێندەواری زۆر نەبووە ،كەچی زمانی عەرەبی بە فەسیحیو عامی زانیوە ،بە تایبەت لەهجەی بەغدادیو تكریتی ، هەروەها زمانی جولەكەكانی كۆیەو دیانەكانی كۆیەو توركیشی زانیوە ،

ئەم زاتە قسە خۆش و شارەزاو بلیمەتە لە تەمەنی (95)ساڵیدا لە 1997/3/22 لە گەڕەكی یەرموكی شاری بەغداد كۆچی دوایی كردوو لە گۆڕستانی شێخ عەبدول قادری گەیلانی بەخاك سپێردراوە[30].

---

28- د.جمال موحەمەد باجەلان ،مام عەلد جاسم تەق تەقی چۆن بلیمەتێك بوو ، تاك ،ژمارە (13)ی كانونی دووەمی 2006.

29- فاتح بێلان تاڵەبانی ،زەنگێك لە ڕابردوەوە ،كوردستانی نوێ ،ژمارە 452 ی 1993/8/3.

30- د.جمال موحەمەد باجەلان ..هەمان سەرچاوە.






# خانەوادەی قادری شەریف[31]

ئەم بنەماڵەیە باپیرە گەورەیان ناوی حەسەن بووە بە حەسەن خەنجەر كەری لەك ناسراوە ،كاك موسەدەق كوڕی قادر شەریف دەڵێ‌وەستا مەحمودی حەمید عەلی لە نەنكم هەمینی بیستووە كە خێزانی باپیرەم شەریف بووە ووتویەتی "تیرەو عەشیرەتمان لەكە و لە گوندی دەرماناوی لەكەوە هاتووین ،كە گوندێكە لەوبەری زێی بچووكە،لەسەرووی شارۆچكەی پردێوە بەرد و (كانی ڕەش) كە ئەو كات (زوڕناسەری)پێووتراوە ،ئەم خانەوادەیە لە تەق تەق گیرساونەتەوە چەند كەسێكی دیاریان لێهەڵ كەوتووە لەوانە (قادر شریف، محمد سۆفی ود. شەریف قادر)

---

31- چاوپێكەوتن لەگەڵ موسەدەق قادر شەریف ،لەدایك بووی (1963)ی تەق تەق لە 2006/8/2 لە تەق تەق.

**بنەماڵەی حەسەن خە نجەرکەری لەك**




ئەم زانیاریانەم له مصدقى قادر شريف وەرگرتووه





## خانەوادەی مستەفای ئایشە[32]


وهابی عەبدولرەحمانی باپیرە گەورەیان لە نێوان ساڵانی 1870–1875 ز لە وولاّتی تورکیاوە هاتۆتە شاری کۆیەو جێگیر بووە،بۆ ماوەی چەند ساڵێ لە کۆیە ماوەتەوە بە کاری فەرمانبەری هەر لەوێ ژنی هێناوە ،ئەو لە فەرمانگەی (توتن) انحصار فەرمانبەر بووە ،کۆمەڵێك منالّی دەبێت یەکێك لە کورەکانی ناوی مستەفا بووە کە باپیرەی نەوەکانی تەق تەقە باوکیان (وهاب عەبدول رەحمان)کۆیەی جێهێشتووەو گەڕاوەتەوە وڵاتی تورکیا و ماڵ و منالّەکانی لە شاری کۆیە بە جێهێشتووەو مستەفای ئایشە بە ناوی دایکیەوە ناونراوە ئەویش کۆمەڵێك کوڕی دەبێت بە ناوەکانی(شوکرو وەلیو عەبدوڵلاّو سالّح و سەعید)

## حاجی وەلی مستەفا وهاب

لەساڵی 1897 لە تەق تەق لە دایك بووە ،ژیانی منالّی بە شوانکارەیی بردۆتە سەر، نەچۆتە بەر خوێندن ،بەلاّم خۆی زۆری هەوڵداوە تا توانیویەتی بنوسێ و بخوێنێتەوە ،دواتر لەبەرهەژاری و نەداری سەپانی و ڕەنجبەری کردووە بۆ بژێوی ژیان ، ساڵی 1935 ، ژنی هێناوە ،کوڕێك و کچێکی بەناوەکانی (خالیدو خوناو ) ،پاش تەمەنێك دواتر بووە بە فەرمانبەر لە ناحیەی تەق تەق ،دواتر وەکالەتی خۆراکی وەرگرتووە تا لە 1990/3/30 کۆچی دوایی دەکات.

32– چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد خالید وەلی مستەفا لە دایك بووی 1972 ی تەق تەق ، لە 2006/6/20.

**بنەماڵەی (شکر مستەفا)**




**ئەم زانیارییەم لە ئەحمەد خالید وەلی وەرگرتووە**






## خانەوادەی حەمە دەمینی قادر ئەلمەرعی[33]

حەمەدەمینی قادر المرعی ئەم خانەوادەیە لە بنەچەدا لە بنەماڵەی دەروێش خدرن لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە هاتونەتە تەق تەق ،مام حەمەدەمینی باپیرەیان لە ساڵی 1885 لە تەق تەق لە دایك بووە ،کەواتە (قادر المرعی) ئەو کات لە تەق تەق بووە ،دەروێش خدر پیاوێکی ئایذیو بەڕێز بووەئێستا گۆڕی ئەو زاتە چاکێکە لە گوندی کانی ڕەشی شێخ بزێنی خواروو.ئەمانە بەپیشەی کشتوکاڵیەوە خەریك بوونە ،تێکەڵاویان لەگەڵ خانەوادەی (کاکەڕەش سەعدون )لە ڕێگەی ژن وژنخوازیەوە پەیدا کردووە،دواتر مام حەمەدەمین پیشەی چایەچی بووە ،بەهەمان شێوە خدرو قادری کوڕیشی ،مام خدر ساڵی 1979 لەلایەن ڕژێمی ئەو کاتەوە گیراوە ،زۆر ئازارو ئەشکەنجە دەدرێت ،ئەمەش دەبێتە هۆی تووش بوون بەنەخۆشیو دواتر شەهید دەبێت.

**داری بنەماڵەی المرعی**




33- چاوپێکەوتن لەگەڵ محمدی خدر حەمەدەمین المرعی، لە دایك بووی 1964 ی تەق تەق لە 2006/5/12.

## خانەوادەی حسن علی جەراح[34]

عەلی عەباس حەیدەری لەشاری بەغداوە لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی وەکو (ملتزمێك) بۆ کۆکردنەوەی باج و سەرانە وەك فەرمانبەرێك نێردراوە بۆ سنوری تەق تەق لە تیرەی بەیاتیە[35] ،لە شوێنی خانووی مام(شەریف قادر) فەرمانگەی داناوە ،لە شوێنی فەرمانگەی تەندروستی و سامانی ئاژەڵ (بەیتەرە)ی کۆنی ناو تەق تەق .نازم حسن علی دەڵێ نزیکترین کەس لە مام عەلی مام عەبد جاسم بووە ،هەوڵیداوە ژنی بۆ بهێنێت مام عەلی باپیرەشم ڕازی دەبێت (سەلمەی حەمەدەمین)ی بۆ دەهێنێ لە ژنە عەرەبەکەی بەغدا (حسێن)ی دەبێت لە کوردەکەش (حسن) دەبێت ،بۆ ماوەیەك مام عەلی دەچێتەوە بەغدا و پورە سەلمەو کوڕەکەی حەسەن لە تەق تەق دەمێننەوە ،گۆڕی علی عباس حەیدەر بەیاتی لە بەغدایەو دواتر مام شەریف کچی خۆی داوەتە حەسەن عەلی .


حەسەن عەلی

حەسەن عەلی نەوەی عەباس حەیدەری جەراحە ،ساڵی (1917)لە تەق تەق ،لەکچی مام حەمەدەمین کە ناوی (سەلمە) بووە لە دایك بووە ،تاوەکو چوارەمی سەرەتایی خوێندووە ،باوکی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم وەك فەرمانبەرێکی عوسمانیەکان لەبەغدا هاتۆتە تەق تەق وەك قۆنتەراتچی و مولتەزم کاری کۆکردنەوەی باج و سەرانە بووە ،ئەمانە بەتیرە بەیاتین،

34- چاوپێکەوتن لەگەڵ نازم حەسەن علی کوڕە گەورەی حەسەن عەلی لەدایك بووی 1950 ی تەق تەق ،لە 2005/11/8 لە بنکەی ڕێنمایی کشتوکاڵی تەق تەق.

35- بارزانی کوڕی ئەمە بەڕاست نازانێت دەلێت ئێمە بەیاتی نین و بەڵکو باپیرانمان لە کوردەکانی لوڕی ناوچەی خوارووی کوردستانن.






د.جمال محمد فقی رسول باجەلان دەڵێت "بەیاتیەکان لە عێراقدا پاشماوەی مەغۆلەکانن ،ئەمڕۆ بەشێك لەمانە تورکمان و عەرەبن"،بەلاّم نەوەکانی حەسەن عەلی لە تەق تەق ژیاون و لەدایك بوون سیفەت و ئەدگارو جل و بەرگ و بیرکردنەوەیان لە کلتورێکی کوردیدا بوون بە کوردێکی موستەکردەو بەشداریان لە شۆڕشە کوردیەکاندا کردووە ،حەسەن عەلی (1961) لە شۆڕشی ئەیلولدا کە لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی بارزان بووە لە مانگی (11)ی 1961 پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات و تێکرای کەل و پەلی مەخفەرەکە تەسلیم دەکات کە (12)تفەنگی ئینگلیزی بووە ئەمەش بۆ ئەو کات چالاکیەکی زۆر گرنگ و جێگەی بایەخ بووە ،ناوبراو ساڵی 1966 پەیوەندی بە لاباڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات ،دوای هەرەسی شۆڕش (6) ساڵ ئاوارەی ئێران بووە ،لەبەر تەمەنی لەسالاّنی هەشتاکان لە وەزیفەی مەدەنیدا دادەمەزرێت لە فەرمانگەی کارەبایی تەق تەق ،دواتر خانەنشین دەبێت و لە 1994/12/23 کۆچی دوایی دەکات.[36]

36- بارزان حەسەن عەلی،حەسەن عەلی و چەند حەقیقەتێك ، تاك ،ژمارە (5) ی نیسانی 2005.

**داری بنەماڵەی حەسەن عەلی**

**( بەیاتی )**




**ئەم زانیاریانەم لە ئەڵوەند شیروان و نازمی حەسەن عەلی مامی وەرگرتووە**





# بنەماڵەی حەمید کۆسە[37]

ئەم بنەماڵەیە ،موڵکدار نەبوون لە تەق تەق ،مام عەلی باپیرەیان لە گرانیدا منداڵەکانی مردوون،تەنها (حەمید) ی دەمێنێ کە لە دایك بووی (1907)ی تەق تەقە ،حەمیدیش لە منداڵیدا دایك و باوکی نامێنێ (ئەحمەدی رەحمە)خزمی دایکی بووە ،هاوکاری کردووە،ئەم منداڵە بۆ ماوەیەك لە( گامێش تەپە) شوانی کردووە ،وەستا مەحمودی کوڕی دەڵێ: لەسەروبەندی گورگە هارەکە باوکم لە تەق تەق شوان بووە ،لەبەر ئەوەی کوڕێکی کاسب بووە بۆیە باپیرەم ،باوکی دایکم کە ناوی (ئۆمەر عەوڵلاّ جگیلەیی) بووە ، دوو کچی هەبووە و کچێکی داوەتێ .




وەستا مەحمود ،کوڕە گەورەی مام حەمید ساڵی (1935) لە تەق تەق لە دایك بووە ،ساڵی 1941 پۆلی دووەمی سەرەتایی لە تەق تە ق تەواو کردوە ،دواتر وازی لە خوێندن هێناوە ،یارمەتی باوکی داوە لەکاروباری جوتیاری،لەبەرئەوەی زەوی و زاریان نەبووە جۆوانیان کردووە لە زەویەکانی ئەحمەدی عەبدو ئەحمەدی ڕەحمەوبەکر شەریف.

مام مەحمود وەستایەکی لێهاتوو بووە لەماوەی نێوان ساڵانی (1955-1978)کاری بەننایی کردووەلە دروستکردنی ناوەندی تەق تەقی کۆن(خاڵخاڵانی ئەمڕۆ)و حەزیرەکە (ئەمڕۆ نەماوە بەرامبەر شوێنی قەسابخانەکەی دەمزێ )و فەرمانگەی پۆستەو گەیاندنی تەق تەق ،پڕۆژەی ئاوی تەق تەق (مەشروعەکە)قوتابخانەی زێڕین ،پردی تەق تەق ،بنکەی پۆلیس و ناحیەو خەستەخانە کۆنەکەو فەرمانگەی کارەبا ،بینای لقی کشتوکاڵی تەق تەق ،ئەو خانووەی مامۆستا تارقی حاجی باقی لای ئۆرزدیەکە و زێرابی گەڕەکی

37- چاوپێکەوتن لە گەڵ وەستا مەحمود کوڕە گەورەی مام حەمید لەدایك بوی (1935)ی تەق تەق لە 2006/3/15لە تەق تەق.

سەربەستی کۆنی تەق تەق ،چەندان خانوو کاری تری بینای کردوە ،ساڵی 1978 وەك فەرمانبەر لە ئاوەدانکردنەوە(اشغال)لەبەشی ڕێگاو بان دامەزراوە.








# بنەماڵەی ئەمینی خەزنە

ئـەم خانەوادەیە(شـێخ بزێنین)،لـە قـەرەناوەوە هـاتون ،خزمایـەتیان لەگـەڵ خانەوادەی مەولودی مام حمە ساڵحی قەرەناو هەیە ،لە تەق تەق لەگەڵ ماڵی بـەکر شـەریف تێکـەڵ بـوون بـە ژن و ژنخـوازی ،بنەماڵەیـەکی کاسـب و ڕەنجبـەر بوون[38]

# خانەوادەی مستەفا خەیات[39]


حاجی ئەمین

مستەفا خەیات کوڕی حاجی ئەمینی کـوڕی حـاجی برایمـی کۆیییە،لەبیسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو ،هاتۆتـە شارۆچـکەی تـەق تـەق ،مـام ئـەمینی کـوڕی ئـەڵێ "بـاوکم درومـانی بەدەست کردووە وەستایەکی شارەزا بووە بۆیـە بە (خـەیات) ناویـان بـردووە ،باوکی حـاجی ئـەمین (مسـتەفا خەیات)بـەکاری دوکانـداری‌و فرۆشـتنی قوماشـی پیـاوان خـەریك بـووە ،چـەند چەرچیەکی هـەبووە ،ڕەفیقی عەلیەفەندی فەڕاشی نەخۆشخانە بووە ،

38- چاوپێکەوتن لەگـەڵ نـادری خورشـید مـام ئـەمینی خەزنـە ،،لـە دایـك بـووی 1938 تـەق تـەق لـە 2006/5/4 لە تەق تەق

39- چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی ئەمینی مستەفا خەیات ،لە دایك بووی 1937، لە 2005/6/20 لە تەق تەق.

دوای دەوامەکەی عەسران کاتبی مستەفا خەیات بووە،جگە لە قوماش فرۆشی قەسابی جەلەبی مەڕ ماڵاتیش بووە ،ئاژەڵی لە وولاتی ئێرانەوە هێناوە بۆ شاری کەرکوک فرۆشتویەتی ،هەروەها ووشکە فرۆشی دانەوێڵەی گەنم و جۆشی کردووە مام ئەمین دەڵێ "لەسەرەتای چلەکان باوکم لە گەڵ شێخەکانی قازبەگیان گەنمی لە ئێران هێناوە و لە کوردستان فرۆشتویەتی ،لەم ڕووەوە بۆی گێڕامەوە "جارێکیان لەگەڵ باوکم ڕۆیشتم بۆ ئێران و شاری (نەغەدە) هەر لەگەڵ شێخەکانی قازبەگیان چوینە گوندی (گوڕناوە) ،ئەو کات یەکەی پێوان (پووت)بووە وەك تەنەکەی ئەمڕۆ بووە هەر پووتی (7)تمەن نرخەکەی بوو ،بۆ یەکەم جار بەچاوی خۆم شەهید( قازی موحەمەد)م بینی ،جگە لەمە لە خوار نەغەدەوە دوو ئێستر گالیسکەیەکیان ڕادەکێشاو هەندێ سەربازیشی تیابوو ووتم باوکە ئەمە چیە؟ووتی کوڕم ئەمە جەیشی ڕووسە.

ئەم خانەوادەیە لە تەق تەق مەلاك نەبوون واتە زەوی و زاریان نەبووە ،بەڵکو خانو و دوکانیان کڕیووەو بەم شێوەیە مێژوویەکیان لە شارۆچکەکەبۆ خۆیان دروست کردووە،لە دیاترین کەسەکانی ئەم خانەوادەیە ،حاجی ئەمینی کوڕە گەورەی مستەفا خەیاتە ،خوارزای کانیلەلەیی‌یەکانە لە کچی حاجی حەمەڕەشی کانی لەلەیە،ساڵی 1931 لە تەق تەق هاتۆتە دنیاوە.

## بنەماڵەی کەریم شقارتە


ئەم بنەماڵەیە،لە کوردستانی تورکیاوە هاتوون تورکییان زانیوە ،بۆیە خەڵك پێیان دەڵێن تورك ،مام شەریف لەبەر بارودۆخی گرانیو نالەباری لە کەرکوکەوە هاتۆتە( تەق تەق) ،هاتوچۆی شاری کەرکوکی کردووە شت و مەکی هێناوە ،لەگوندەکان فرۆشتویەتی ، مام حەمید پیاوێکی دیاری ئەو خانەوادەیە ساڵی ( 1934)لە تەق تەق لە دایك بووە ،مرۆڤێکی قسەخۆش و لەسەر خۆو هێمنە ،ساڵی 1961 پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووە لێپرسراوی ڕێکخراوی






(پ.د.ك)بووە لە تەق تەق ،جێگای ئاماژەیە مام کەریم ساڵی 1892 کە باپیریانە لە شاری کەرکوك لە دایك بووە.

### داری بنەماڵەی مستەفا خەیات




* لە حاجی امین مستەفا خەیات وەرگیراوە

**داری بنەماڵەی کریم شقارتە**




ئەم زانیاریانەم لە رێبوار سابیر کریم شریف وەرگرتووە

## خانەوادەی عەزیز سلێمان تورك


(1922)لە تەق تەق لە دایك بووە ، ئەم خانەوادەیە نەوەی سلێمان تورکن ،سەربازێکی سوپای عوسمانی تورك بووە ،دوای جەنگی جیهانی یەکەم ،نەگەڕاوەتەوە شوێن و وولاتی خۆی بەبرینداری لە تەق تەق ماوەتەوە ،هاتۆتە ماڵی کەریم شقارتە دواتر کچێکی دەدەنیٚ ،مام سلێمان سیٚ کچی دەبیٚ یەکیٚلە کچەکان ناوی (ئامینە )بووە ،لە وولاتی تورکیا ژیاوەو لەوێش کۆچی دوایی کردووە ،نەوەکانی عەزیز سلێمان تورك چەند کوڕێکی هەیە کە مرۆڤی سەلامەتن





و بەپێی توانای خۆیان دەتوانن هاوکاری خەڵك بکەن .سلێمان عەزیز سلێمان لە ئەنفالی 1988 چەندین خەڵکی لە زێی بچووکەوە دەرباز کرد.[40]

**داری بنەماڵەی عەزیز سلێمان تورك**




ئەم زانیاریەم لە رێبوار سابیر کریم وەرگرتووە

## خانەوادەی غەریب عەرەب لەتیف سعدوڵلا ئیبراهیم

عەرەب لەتیف، لە بنەچەدا خەڵکی تەق تەقەو سەردەمانێکی زۆر لە شاری کەرکوك ژیاوە،لە ماوەی ژیانیدا (6)ژنی هێناوە (مریەم و زەهود و بەصریەو خەجیجە)ی لە تەق تەق و (مەیساو فاتمە)ی لە دزەیی ،بەکاری جوتیاری خەریك بووە ،پاش تەمەنێکی زۆر بە هۆی گەستنی لەلایەن سەگی هارەوە لە ساڵی 1923 کۆچی دوایی دەکات ،لەنەوەی (عارەب) غەریبی کوڕیەتی لە ساڵی

40- چاوپێکەوتن لە گەڵ ڕێبوار سابیر شەریف ،لە دایك بووی 1982 ی تەق تەق ،لە 2005/3/20.

(1919) لە تەق تەق لە دایك بووە دایكی شووی كردۆتەوە بۆیە لەماڵی خاڵی (مستەفا وهاب ئایشە )بەخێوكراوە ،لە حەوت ساڵیەوە شاگردی و سەكنی‌و شوفێری كردووە لە شارەكانی كەركوك و موسڵ لەژیانیدا (2)ژنی هێناوە (نەعیمە عەبدوڵلا،گولیزار كاكەڕەش) لەسەردەمی عبدالكریم قاسم ساڵ و نیوێك گیراوە ،زۆر ولاَتانی دراوسێ گەڕاوەو بەكاری شوفێری (ئێران ، توركیا، كوەیت، لوبنان، ئوردەن، سوریا) زمانی (عەرەبی وتوركی و فارسی) و كەمێك لە ئینگلیزی دەزانێ لە ژیانیدا شوفێری(لۆری و جێب و كۆستەرو قەمەرە بووە)بناری كچی دووقارەمانێتی باوكی دەگێڕێتەوە دەڵێت"باوكم لە ئەمنی كەركوك دەتوانێت شەهید (نەعمانە گۆج)ی قەمیشەیی ڕزگار بكات ،كاتێك جلی سەربازی لەبەر دەكات و پاسەوانی زیندانیش تەحیەی بۆ دەكات ئەویش شەهید نامق ڕادەكێشی‌و دەیباتە دەرەوە تا بەناو جاش و جەیشەوە دەتوانێت بیگەڕێنێتەوە قەمیشە".

هەروەها توانیویەتی مام معروفی رحمان ناسراو بە مام مارف لە ئەمنی كەركوك ڕزگار بكات[41]

41- چاوپێكەوتن لەگەڵ بناری غەریب عارەب لەدایك بووی 1979 لە 2006/6/22 لە تەق تەق.





# خانەوادەی وەستا عارف كافرۆشی




وەستا عارف

وەستا عارف كوڕی مەلا ساڵحی مەلا مەحمودی خانەقای گەڕەكی مەڵكەندی شاری سلێمانیە ،لەدوای شەڕی بەردەرگای سەرا( 1930 )ئەم شارە جێدەهێڵێت و لەگەڵ ئامۆزایەكی كە بووە بە بەڕێوەبەری ناحیەی تەق تەق (حەمەدەمین زەكی)دێنە تەق تەق ،دایكی گوڵ بەهاری كچی كوێخا گرونی لازیانی بووە لە بازیان، خێزانەكەی (فاتمەی حوسێنی كوردەكانی كانی مەنمیە)

خوشكەكەی ڕەحمەی ناوبووە داویەتی بە (كەریم بەیتاری نەوروڵی) باوكی مامۆستا كەماڵە پیرە و جەلال لە كۆیە ،وەستا عارف پیشەی بەنناو ناڵبەندێكی كارامەش بووە ،هیچ زەوی زارێكیان لە تەق تەق نیە چونكە نیازی ڕۆیشتنەوەیان هەبووە بۆ شاری سلێمانی تاوەكو كۆچی دوایی دەكات ،ئەوان كورد زمانێكی پاراو بوون ئەو كاتە ناوی منالەكانی ناو ناوە(ووشیار ،قارەمان،ووریا)كەلەم شارۆچكەیە ناوی كوردی پەتی بەم شێوەیە زۆر كەمبووە ،شەهید ووشیار یەكەم شەهیدی شارۆچكەی تەق تەقە ،لە هێڵەكانی ڕێكخستنی ی.ن.ك گیراوەو لە ژێر ئازارو ئەشكەنجەو لێدان شەهید كراوە گۆڕەكەشی هەتا ئێستا وەك سەربازی وونە چونكە لاشەكەی نەدرایەوە،مام ووریا عارف لە شۆڕشی ئەیلول بە كادیر ناوی هاتووە .

علی بەكر عارف ساڵی 1958 لە دایك بووەو لە ساڵی 1977-1978 خانەی مامۆستایانی هەولێری تەواو كردووە لە گوندەكانی (كۆزە بۆرەی ئاغجەلەرو قامیشەی شێخ بزێنی و تەق تەق)مامۆستایەتی كردوە،ساڵی 1992 پەیوەندی كردووە بە (پ.د.ك) دوای ماوەیەك خەبات بووە بە لێپرسراوی ڕێكخراوی تەق تەق ئەندامی كۆنگرەی (19)ی (ی.م.ك) بووە لە 1993/10/6.

## داری بنەماڵەی وەستا عارف کافرۆشی






* لە مامۆستا عەلی بەکر عارف وەرگیراوە.



# خانەوادەی حەمەدەمینی بەرید[42]



حەمەدەمینی بەرید

حەمەدەمینی بەرید کوڕی ئەحمەد کلانتەریە ،ساڵی 1929 لە شارۆچکەی بۆکانی کوردستانی ئێران لە دایک بووە ،ساڵی 1947 هاتونەتە کوردستانی عێراق،

لە 1953/6/24 لە بەریدی کۆیە دامەزراوەو دواتر گوازراوەتەوە بەدالەی تەق تەق ،کە نوری شێخ موحەمەد لێپرسراوی فەرمانگەکە بووە ئەویش تاکە فەرمانبەر بووە ،لە فەرمانگە کە کاری کردووە ، نیاز موحەمەد ئەمین ئەحمەد کلانتەری ،یەکێکە لە نەوەکانی دەستی نوسینی شیعری هەیە ،نازناوی (فەرید بێ شاد)ە ساڵی 1976 لە تەق تەق لە دایك بووە ،ساڵی 1992 سەرەتایی شیعرنوسینیەتی ،حەزدەکات شیعری ئاینیو نیشتمانیو میللی بنوسێت لەیەکێ لە چوارینە شیعرەکانی کە 1999/2/1 لەشاری تاران نوسیویەتی دەڵێ:



فەرید بێشاد

دڵ ئەبێ غەرقی زیکری خودابێ
سەر ئەبێ لەڕێی شەرەف فیدابێ
ئەبێ بەبەرگی زانست بنازی
ماڵ و مەقام لات چەشنی با بێ

مام حەمەدەمینی بەرید هەرچەند فەرمانبەری پۆستەو گەیاندن بوو ،


---

42- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئومێد حەمەدەمین بەرید لە دایك بووی 1974 ی تەق تەق ،لە 2005/3/12 لە تەق تەق.

بەڵام شارەزایی لە کارەبا چێتی وچاکردنەوەی ڕادیۆو مجێورێکی چاکی مزگەوتی کۆنی تەق تەق بووە ،

تا ئەم دواییانە خزمەتی مزگەوتەکەی دەکرد هەر ئەویش بۆ یەکەمین جار چووە بەغدا بۆ هێنانی موکەبیرە بۆ مزگەوتەکە.

**داری بنەماڵەی حەمەدەینی بەرید**




ئەم زانیاریانەم لە مامۆستا ئومێدی
کوڕی مام حەمەدەمینی بەرید وەرگرتووە





## خانەوادەی مام ئەحمەدی عەبدە[43]

مام عەبدوڵڵا هاتۆتە تەق تەق ، حاجی قادری باپیریان لە شوان لە دێی کانی ڕەش بووە ، لەم گوندەدا دار تویەکی زۆر کۆن و بەتەمەنی هەیە پێی دەڵێن تووی مام عەبدە، لە ئەنفال سوتاوە ئێستا ژیاوەتەوەو کارێزێکی لەژێرە ،ئەو کارێزەش هەر بە ناوی مام عەبدە مەشهورە، ماڵی حاجی ڕەشیدو حاجی حسێن خزم و کەس و کاری ماڵی مام عەبدەن.

عومەر ئەحمەد عەبدە لە ساڵی 1988-2003 بەڕێوەبەری فەرمانگەی کارەبایی تەق تەق بووە،ئەنوەری براشی ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی بووە لە دوای ڕاپەڕینی 1991.

43- چاوپێکەوتن لەگەڵ (عمر ئەحمەد عەبدوڵڵا) لە دایك بووی 1937 ی تەق تەق ، لە 2006/4/25 لە تەق تەق .

## داری خانەوادەی ئەحمەدی عەبدە




داری ئەم بنەماڵەیەم لە بەڕێز ( عمر احمد عبدە )وەرگرتووە.

# بەشی سێهەم

## تەق تەق لە گوندێکی کارگێڕیەوە بۆ یەکەیەکی ئیداری و فەرمانگەکانی



تةق تةق ، ثةلكة زيَرينةي كةنار زيَي بضووك ئاراس ئیلنجاغي

## تەق تەق لە گوندێکی کارگێڕیەوە بۆ یەکەیەکی ئیداری

لەسەردەمی عوسمانیەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم (1850-1900)،تەق تەق شوێنی کۆکۆدنەوەی باج و دەرامەت بووە ،بەو فەرمانگەیەی باجی کۆکردۆتەوە ووتراوە (ڕێژە)و ئەو فەرمانبەرەی باجی وەرگرتووە بە( قۆچیو قۆنتەرات چیو مولتەزیم) ناوی دەرکردووە ،عەلی جەراح فەرمانبەرێکی عوسمانی بووە کاری قۆچی کردووە[1] لەبەر ئەوەی تەق تەق ناوچەیەکی ترانزێت بووە لەنێوان قەڵادزێ لە دەشتی (پشدەرو بیتوێن ) تا کۆیەو خۆشناوەتی بۆ کەرکوك و ناوەڕاستی عێراق تاوەکو شاری بەغدا بە هۆی (قەیاغ و دبەو کەڵەك)دانەوێڵەو بەرهەمەکانی توتن و خەڵوزو تا ئاژەڵی زیندووش لە کوردستانەوە بۆ بەغدا لە ڕێگەی زێـی بچووکەوە گوێزراونەتەوە[2].بۆ ئەم مەبەستەش ماڵی کاکەڕەش سەعدون خانێکی گەورەیان هەبووە ،شوێن و گەنجینەی کۆکردنەوەی بەرهەمەکان بووە ،لە ماوەی پایزو زستان تا مانگی ئادارو نیسان ،ئینجا بە هۆی هاتنی لافاوی زێی بچووکەوە ،لەکەڵەك بارکراون بۆ گواستنەوە ،بابەکر ئاغای حەوێزی بازرگان ودەسەڵاتدارێکی ئەو کاتی کۆیە سەرپەرشتی کردووە[3].دوای هاتنی ئینگلیز ساڵی 1918 بایەخی تەق تەق لە ڕووی کارگێڕیەوە زیادی کرد بە تایبەت دوای ڕاپۆرتە کارگێڕیەکانی ناوچەکانی

---

1-چاوپێکەوتن لەگەڵ نازم حەسەن عەلی لە دایك بووی 1950 ی تەق تەق لەبەرواری2006/4/27 لە تەق تەق.

2-د.جمال محمد باجەلان ، گرنگی تەق تەق لە دەڤەرەکەدا ،تاك ، ژمارە(21)ئەیلولی 2006.

3-چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوزاد کاکەڕەش سەعدون لە دایك بووی 1954 ی تەق تەق ،لەبەرواری 2005/5/15 لە تە قتەق.

کەرکوك لە نێوان (1918–1919)،کە لە لایەن یارمەتی دەرانی ئەفسەرەسیاسیەکانەوە ،کە بەحاکمی مەدەنی ناسرابوون پێشکەش دەکران [4].

یەکێك لە تێبینیە مێژوویەکانی ئەفسەرێکی ئینگلیز کە حوزەیرانی 1919 بلاو کراوەتەوە ،لە باسکردنی هۆزی (شێخ بزێنی )،ئی‌بی‌سۆن دەڵێ بەلەبەر چاو گرتنی پڕبایەخی گوندی تەق تەق ،پێویستە بکرێتە مەڵبەندێکی کارگێری ڕاستەوخۆ ،لە کاتێکدا ناکەوێتە ژێر دەسەلاتی عەشیرەت گەری ،ئەمەش وا دەکات پێویست تر بێ ،لەو حاڵەتەدا تەنها هەردوو گوندی (تاڵەبان و گەرمك)نەبێ کە دوو کۆمەڵەی عەشیرەت گەرین لە ناوچەکەدا [5].

هەر چۆنێك بێت ئینگلیز لە 1918/12/15 بەسەر کردایەتی کاپتن های گەیشتۆتە شاری کۆیە [6] کەواتە دەکرێت لە ماوەی دوو هەفتە قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەی لە کۆیەو تە قتەق دانا بێ ،هەر بۆیە ساڵح کلێسەیی لە مانگنامەی تەق تەق ووتویەتی "دوای هاتنی ئینگلیز بۆ کۆیە لە ساڵی 1918 حەما ئاغای گەورە زۆر لە دەسەلاتی چەوسێنەرانەی عوسمانی بێزار بووە،لەبەر ئەوە پێشوازی لە ئینگلیز کردووەو لەسەرا کۆبونەتەوەو حەما ئاغای گەورە کراوە بە قائیمقام و عەبدوڵلا ئاغای حەوێزیش بووە بە بەڕێوەبەری ناحیەی تەق تەق و مەلا حەوێز ئاغای غەفوریش بووە بە مەئموری بنکەی پۆلیسی تەق تەق [7].

فاتح بێلان تاڵەبانی لە ژمارە (311)ی کوردستانی نوێ ساڵی 1993 دەڵێ "بە پێی بەڵگەی ڕەسمی لە 1ی کانونی دووەمی ساڵی 1919 بووە بە ناحیەو مەلا حەوێز ئاغای غەفوری کراوە بەبەڕێوەبەر "بەلام بەبێ ئەوەی بەڵگە ڕەسمیەکە بخاتە ڕوو.هەروەها مامۆستا یاسین سابر ساڵح لە لاپەڕە (328)

4–سەربەست کەرکوکی ،ڕاپۆرتی کارگێری دەڤەری کەرکوك ساڵی 1919 ،سلێمانی 2006 ل 15.

5–ئی بی سون ،ملاحضات عن عشائر الکردستان الجنوبیة بین الزاب الکبیر والدیالة ،وەرگێرانی فواد حەمە خورشید ،حوزەیرانی 1919 ل 114.

6–جەمال فەتحوڵلا تەیب ،کۆیە لێکۆڵینەوەیکی مێژوویی ،سیاسی ،کۆمەلایەتیە ،سلێمانی 2006 لا 83.

7–فاتح بێلان تاڵەبانی کورتەیەك لە مێژووی تەق تەق ،تەق تەق ،ژمارە 1 سەرماوەزی 2700 کوردی.



تەق تەق ، ثةلكة زيَرينةي كةنار زيَي بضووك ئاراس ئيلنجاغي

ئینسایکلۆپیدیای گشتی دەڵی "تەق تەق ساڵی 1919 بووە بە ناحیەو دانیشتوانەکەی (15)ماڵ بووە خەریکی کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی بووینە.

هەندێك لەو ناوانەی کە بەڕێوەبەری ناحیەی تەق تەق بوونە ،کە زۆربەیانم لە فاتح بێلان تاڵەبانی وەرگرتووە کە هەندێکیان بە وەکالەت و هەندێکیشیان جێگەی گومانن کە بەڕێوەبەری ناحیەی تەق تەق بووبن ناوەکانیش(مەلا حەوێز ئاغای غەفوری 1918،مەلا ئەحمەد ئاغای غەفوری ،عەوڵلا ئاغای حەوێزی 1921 ،فەتحوللا ئاغای حەوێزی 1920 ،عەبدولفەتاح ئاغای عەبدوڵلا 1922،بەهجەت ئاغای حەوێزی ،موحەمەد ئەمین ئەحمەد زەکی( گاڕووت) 1931–1932 ،شێخ یونس خانەقا 1946،شێخ فازڵ تاڵەبانی 1948 –1951،ئیحسان جمال موحەمەد عەلی تاڵەبانی لە دایك بووی 1930 ی دەرچووی کۆلیژی ماف ساڵی 1959 بەڕێوەبەری ناحیە بووە [8] ،عەلی حەمادی ،بورهان سلێمان ،ڕەئوف حیکمەت ،کەمال عەلەمدار ،مەلا ڕەشید ،شێخ نوری شێخ ساڵحی شاعیر[9] عەلی عەزیز بەڕانی ،سامی ئەسعەد نائب ،قەحتان محمد ،سەدام شیخ حللاوی ، مومتاز شێخ بیلال ،موحەمەد خدر پاشا دزەیی 1970 ،خدر ئاغای بلباس ،حەسەن هادی سلێمان 1979 ،سەباح محێدین بەوەکالەت ،ابو ئەحمەد 1985 ،عبدالرزاق هادی ، یونس سەلمان ،ئەمیر ساڵح زەکی بەگ ،ملازم لەتیف بەغدادی بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیس بوو بە وەکالەت کراوە بەبەڕێوەبەری‌ناحیە ،عەلی سەروەت ،عەبدولرەحمان ئەفەندی ،ملازم عەلی بەوەکالەت ،شێخ سلێمان مەجید ڕەواندزی کاتب ناحیە بووە بە وەکالەت کرابوو بەبەڕێوەبەر ،شێخ ڕەئوفی خانەقا لە حەفتاکان بەوەکالەت شێخ سوعاد تاڵەبانی 1957–1958.شارۆچکەی تەق تەق لە 1919/1/1 تاوەکو 1986/10/2 بە ناحیەیی ماوەتەوە تا نوسراوی نهێنی پارێزگای هەولێر ژمارە (6493 )لە ناحیەوە هەڵیوەشاندەوە بڕیاری

8–تۆمارەکانی فەرمانگەی باری شارستانی تەق تەق .

9–لەژیان بەسەرهاتی شێخ نوری شێخ ساڵحی شاعیر باس لەوە نەکراوە کە بەڕێوەبەری ناحیەی تەق تەق بوو بێت.

چۆڵکردنی درا[10]هەر چۆنێك بێ ڕژێم لە بڕیارەکەی خۆی پاشگەز بۆوەو کاولی نەکرد بەڵام ناوی نا(قریە عەزیزیە)تا ساڵی 1995 بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی ژمارە (415/3/1/1)لە بەرواری 1995/6/20 بەڕێوەبەری ناحیەی بۆ دانرایەوەو یەکەم بەڕێوەبەری ناحیەی حکومەتی هەرێم (کاکەخان نەسرەدین ئەمین) کە خەڵکی گوندی قەسرۆکی شوان بوو وە بۆ ماوەیە کی دیاریکراو حاکم ساڵح محمد کلێسەیی لە نێوان ساڵی (2000–2001 )بووە بە بەڕێوەبەری ناحیە.تەق تەق تا سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ناحیەیەکی تاقانەی کۆیە بووە ،بەڵام دواتر ناحیەی شۆڕش و ئاشتی و سێگردکان لەسەر سنورو گوندەکانی تەق تەق دروستکران و لە تەق تەق جیاکرانەوە .

## کاکەخان نەسرەدین ئەمین



ساڵی 1954 لە قەسرۆکی ناحیەی شوان لە دایك بووە ،لە ساڵی 1963 لە گەرمکی تەق تەق چۆتە بەر خوێندنی فەقێیایەتی ، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیو ئامادەیی لە کەرکوك تەواو کردووە ،

ساڵی 1969 پەیوەندی بە (پ.د.ك) دەکات تا نسکۆی 1975 . پاشان دەچێتەوە بەر خوێندن ساڵی 1979–1980 زانکۆی موستەنسریەی بەغدا بەشی شەریعە تەواو دەکات . وە لە ساڵی 1980 پەیوەندی بە کۆمەڵەوە دەکات.

لە 1981/1/13 تا 1995/6/20 کاری مامۆستایەتی کردووە لە (مێرگە سوور ،دیانا ،کۆیە ،هەولێر ،پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێر).وە لەساڵی 1992 دەبێتە ئەندام لقی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لقی هەولێر ،ساڵی

10–ئەمینی قادر مینە ،ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان ،تەرحیل ،تەعریب،تەبعیس ،لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان ،چاپی دووەم ،سلێمانی 1992 ،ل 211.





1993 دەبێتە لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی (ی.ن.ك)ی پەیمانگاکان لە هەولێر . لە ساڵی 1995ەوە جگە لە (2000–2001) تا 2007 بەڕێوەبەری ناحیەی تەق تەق بووە ، لە ماوەی یەك ساڵدا (بەڕێوەبەری ناحیەی شۆڕش بوو)ە.

# مزگەوتەکان[11]

## 1-مزگەوتی کۆنی تەق تەق

هەر لەگەڵ ئاوەدانبونەوەی تەق تەق مزگەوت هەبووە ،بەڵام بەشێوەی ساکار تاوەکو لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، مزگەوتی کۆنی تەق تەق بەخشت و قوڕ دروست کراوە لە زەوی قادری مام عەباس و دوای تێپەڕبوونی (30)ساڵ ئینجا جارێکی تر بەبەردو گەچ دروست کرایەوە کە حکومەت پارەی بۆ خەرجکردوە ،وەستا حەوێزی گۆمەشینی شێخان وەستایەتی لێکردووە،ئەو زاناو کەسایەتیە ئاینیانەی مەلایەتی ئەم مزگەوتەیان کردووە (مەلا عمر قەرەناوی و مەلا ابوبکر و مەلا عبدالرحمن و مەلا سدیقی ساڵحی گەرمك و مەلا عمر ئەسکندەربەگی)لە نێوان ساڵی( 2005–2006 )ئەو ئیمام و بانگدەرو مجێورو وکارگوزارانەی بەڕێوەیان بردووە ئەمانە بوون(ابوبکر عبدالله سعید گەرمکی،مەلا نوری محمد امین ئۆمەرگومبەتی، شوکر سابیر)ی بانگدەرو (بکر عمر احمد و محمد احمد) ی کارگوزار بوون.

## 2-مزگەوتی گەورەی تەق تەق


لەساڵی(1980) لەلایەن ئەوقافی هەولێر دروست کراوە،ئەمینی مستەفا خەیات سەرپەرشتی دروست کردنی بیناکەی کردووە،ئەو کاتە بڕی (16)هەزار دیناری سویسری بۆ تەرخان کراوە،زەوی بینایەکەی لەسەر بنیات نراوە خاوەنەکەی (عزالدین قادر حەمەدعباس)بووە ،دواتر مامۆستا (مەلا عبدالمجید

11– زانیاریم دەربارەی مزگەوتەکانی تەق تەق لە مامۆستا ئەبوبەکر عەبدوڵڵا وەرگرتووە.

سعيد تەكەڵتوی) بووە بە پێش نوێژوو ووتار خوێنی ئەم مزگەوتە ئەو ماموستاوپێش نوێژوکارگوزارانەی بەڕێوەیان بردووە لە نێوان ساڵی 2005-2006 ئەمانەبوون(مەلا میرزا محمد تاڵەبانی،ئیمام و ووتار خوێن،مەلا عبدالرحمن احمد سێگردکانی بانگدەر،عبداللە محمد کریم بانگدەرو حمە احمد ابراهیم و احمد حەمە فقێ اومرو حەمە حمەدەمین مستەفا ئەحمەد ،محمد رشید علی و محمد اسماعیل احمد کارگوزار) بوون..

## 3-مزگەوتی گۆڕقەرەج

ئەم مزگەوتە ساڵی (1998)لە شێوەی مزگەوتی گەورە دروست کراوە لەگەڕەکی ڕووناکی لەلایەن خێرخوازانەوە،یەکەم ووتار خوێنی ماموستای کۆچکردوو (مەلا میرزا جگیلەیی)بووە دواتر ماموستا (مەلا محمد سلێمان ئاومالی) دواتر ماموستا مەلا مەجید سەعید تەکەڵتووی و ئینجا مەلا ڕەفیق سێگردکانی بووە،ئەوانەی ئەم مزگەوتەیان لە نێوان ساڵی 2005-2006 بەڕێوەبردووە(مەلا عبدالمجید سعید معروف ووتاربێژ خالید مستەفا عمر پێش نوێژو قورئان خوێن و کاوێس رشید سعید بانگدەرو پشتیوان سەید لەتیف بانگدەرو ،ئازاد کریم حمدامین،محمد عبدالرحمن محمد،حمەزیاد صالح محمد ،خلیل عبداللە محمد).



ماموستا عبدالکریم سێگردکانی

## 4-مزگەوتی بێخود

ئەم مزگەوتە ساڵی (1998) لەلایەن(ڕێکخراوی یەکگرتوی ئیسلامی کورد لەسەر خەرجی ڕێکخراوی مانگی سوری ئیماراتی عەرەبی )دروست کراوە، ئەندازیار (نەوزاد بۆلی )سەرپەرشتی دەکردو

تەق تەق ، ثەلكة زێرينەي كەنار زێي بضووك ئاراس ئیلنجاغي

ماموستا (قوباد عمر فتح اللە) چاودێری کارەکە بوو ،

زەوییەکەی بەڕێز (نەوزاد کاکەڕەش سعدون)دابینی کردووە،ساڵی (2006)هۆڵێکی بۆ دروست کراوە لەلایەن(فەروق فایەق کاکەڕەش)، ماموستا عبدالکریم محمد ابراهیم سێگردکانی) یەکەم ووتار خوێنی ئەم مزگەوتە بووە،ئەوانەی لەم مزگەوتە فەرمانبەری ئەوقافی هەولێربوو لە کۆیە نێوان (2005-2006) بەڕێوەیان بردووە ئەمانەن:(عبدالکریم سێگردکانی ووتار بێژ،عمر حمدامین مولود،سەردار حمدامین عبدالرحمان و قادر رشید علی و محمد قادر علی ،سلاح ئەحمەد خدر ،خالید رشید مولود،جلال حمە ساڵح قادر ،محمد تۆفیق محمد)کار گوزار بوون.

## 5- مزگەوتی عومەری کوڕی خەتاب



ماموستا مەلا عبدالرزاق

پێنجەم مزگەوتی شارۆچکەی تەق تەقە،لەگەڕەکی ( ڕاپەڕین) دروست کراوە ،بەبلۆك و چیمەنتۆ بونیادنراوە،لەلایەن خێرخوازانی تەق تەق و خێرخوازێکی هەولێر،ساڵی (2003)مەلا (عبدالرزاق عباس سعید پێش نوێژوو ووتار خوێنی بووە،ساڵی (2005-2006)ئەمانە فەرمانبەری ئەوقافی هەولێر بوون و بەڕێوەیان بردووە(مەلاعبدالرزاق ساتوقەڵایی پێش نوێژ ووتار خوێن، محمود احمد اومر،عمر عبداللە حمد ،عباس حمە عوسمان، حەمەد حەمەعلی مستەفا،عبدالرحمن احمد).

## 6- مزگەوتی حاجی زارا

ئەم مزگەوتە لە دامێنی گردی مورد ڕوو لە گوندی گەرمکی تەق تەق چەند خێرخوازێ لەسەر وەسیەتی حاجی زارای مام ئەحمەدی دایکی عەلی عەبدوڵڵای گەرمك دروست کراوە،بە پێوانەی ڕووبەری (15مەتر درێژی و 10 مەتر پانی) لەگەڵ گۆمێکی ئاوو بە ڕووبەری (3×3)مەتر و دابین کردنی خانوو بۆ مەلای مزگەوتەکە.لەلایەن (غالب عەلی عەبدوڵڵا)وە سەرپەرشتی دروست کردنی کراوەو لە کانونی دووەمی 2007 بەردی بناغەی بۆ دانراوە.

## هەندێ لە زانا کۆچکردووەکانی سنوری تەق تەق

لە دێیە نزیکەکانی سنوری تەق تەق چەندین مەلاو زانای ئاینی بەتوانا هەڵکەوتوون وەك مەلا قادری ڕەشی سێگردکان و مەلا سدیق مەلاساڵحی گەرمك و مەلا حەمەدەمینی چۆمحەیدەرو مەلا حەمەدەمینی باغەجنێری‌ومەلا عومەر ئەسکندەر بەگی و مەلا عومەر قەرەناوی ...تاد .

### مەلا قادری ڕەش[12]



ماموستا مەلا قادری رەش

قادر مەولود عەبدوڵڵا ناسراو بە مەلا قادری ڕەش ،ساڵی 1892 لە سێگردکان هاتۆتە دنیاوە ،باوکی خەڵکی ئیلنجاغی گەورەیەو دایکی سێگردکانیە ،لە منالیەوە خراوەتە بەر خوێندن ،لەلای ئەم بەڕێزانە خوێندویەتی (مەلا ئەحمەدی ڕەش لە پردێ ،مەلا عەبدوڵلای جەلی زادە لە

12- ئەم بابەتەم لە مانگنامەی تەق تەق ،ژمارە (2)ی ڕێبەندانی (2700)یکوردی بلاو کردۆتەوە .





کۆیە ،مەلا عەبدول ڕەحمانی پێنجوێنی لە سلێمانی ،

مەلا ئەفەندی لە هەولێر ،موفتی ئەمجەت زەهاوی لە بەغداد.لەسەر دەستی مەلا فەتاحی خەتێ مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە ،لەلای ئەم زاتە چەندین سوختەو فەقێ پێگەیشتوون،لە ناوچەکانی شوان ،ساڵەیی ،شێخ بزێنی ،دەشتی کۆیە ،تەق تەق ،دزەیی ،بەمەبەستی کاروباری شەرعی هاتونەتە لای بۆ سوود لێوەرگرتنی .

مامۆستا زۆر قسە خۆش و نوکتە باز بووە ،دەگێڕنەوە کاتێ مەلا کەریم فەقێی بووە ،وانەی فەرائیزی پێداوە مەلا کەریم دەڵێ "مامۆستا زۆر ڕەقە مەبەستی وانەی فەرائیز بووە ،مامۆستاش دەڵێ کوڕم هێشتا ڕەقم نەکردووە!بە داخەوە مامۆستا هیچ کتێب و دەست نوسێکی بەجێنەهێشتووە ،ئەوەی لێی تێبینی کراوە مەندیلی مەلایەتی نەبەستووە هەر جامانەی کوردی لەسەر ناوە ،ئەم زاتە پیرۆزە ساڵی 1971 دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێ و لە گۆڕستانی شێخ موحەمەدی سێگردکان بە خاك سپێردراوە.

### مەلا سدیق مەلا ساڵح گەرمکی



مامۆستا مەلا صدیق

ساڵی 1321 ی کۆچی لە گوندی گەرمکی تەق تەق هاتۆتە دنیاوە ،لەسەر دەستی مەلا موحەمەدی جەلی زادە مۆڵەتی مەلایەتی پێدراوە[13] ،دوانزە ساڵ لە گوندی بۆگدو حەڤدە ساڵ لە گوندی گەرمکی تەق تەق و سی و پێنج

13-گەلاوێژ ڕەمەزان ،لەبەسەرکردنەوەی مامۆستا مەلا سدیق دا ،مانگنامەی تەق تەق ،ژمارە (1)ی سەرماوەرزی 2700ی کوردی.

ســاڵ (1965–2000)لــە شارۆچــكەی تەقتــەق مەلایەتی کردووە ماموّستایەکی ئاینی

ناودارو پیرێکی دونیا دیدەو قسەزان و بلیمەت بووە ، دوای شەست و دوو ساڵ وانە ووتنەوەو خزمەت کردن بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە تەمەنی (104) ساڵیدا لە 2004/4/12 لە تە قتەق کۆچی دوایی کرد.

## مەلا حەمەدەمینی چۆمحەیدەری


ماموّستا مەلا حەمەدەمین

ناوی موحەمەد ئەمین عەلی ئیسماعیلە ،ساڵی 1935 لە گوندی چۆمحەیدەری تەق تەق لە دایك بووە ساڵی 1957 مۆڵەتی مەلایەتی لە ماموّستا عەبدولقادر کانی دەربەندی وەرگرتووە،لە (کەرکوك ، کۆیە، گوندی دارئەختیار ودار بەڕوولەی کۆیە)مەلایەتی کردووە دوای (33)ساڵ مەلایەتی بە کارەساتی ئۆتۆمبیل لە 1990/2/9 دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت، لە گۆڕستانی دەروێش خدر لە شاری کۆیە بەخاك سپێردراوە

## ماموّستا مەلا حەمەدەمینی باغەجنێری


ماموّستا مەلا حەمەدەمین باغەجنێری

لە تیرەی زەنگەنەیە ،ساڵی 1941 لە باغەجنێر هاتۆتە دنیاوە ،ساڵی 1980 مۆڵەتی مەلایەتی

14–کاکەخان نەسردەین ،ماموّستا مەلا سدیق گەرمکیو (62)ساڵ و پیرۆزی ئیسلام ،تاك ژمارە (14)ی شوباتی 2006 ز.

15–فاتح بێلان تاڵەبانی ،بیرەوەریەك لە ڕۆژانی ڕابردوو ،کوردستانی

16–کاکەخانە نەسرەدین ....هەمان سەرچاوە.

17–چاوپێکەوتن لەگەڵ تالب خالد تەها لە دایك بووی 1972 چۆمح

18–د.جمال محمد باجەلان، بەرکوتێك لە ژیاننامەی زانای پایەبەرز چۆمحەیدەری ،تاك ،ژمارە 15 ی ئازاری 2006ز.





لەلایەن ماموّستا مەلا عەبدول کەریمی مودەڕیس پێبەخشراوە ،سەرۆکی ئەنجومەنی زانستی و زانایانی کەرکوك بووە ،دەست نوسێکی بەناوی (ئامۆژگاری لە ڕووی ئاینیو کۆمەڵایەتی)یەوە ،لە دوای خۆی جێهێشتووە ،بەداخەوە تەمەن ڕێگەی لە چاپدانی پێنەدا، لە 1997/4/25 ماڵ ئاوایی کرد.

## مەلا عومەر ئەسکندەر بەگی

عومەر حەمە حەسەن ، ساڵی 1934 لە گوندی ئەسکەندەربەگی ناحیەی ئاغجەلەر ، هاتۆتە ژیانەوە ، لەلای ئەم ماموّستا بەڕێزانە (مەلا سەید ئیسماعیل تلیانی و مەلا حەسەن مەلا مەعسوم و مەلا قادری کانی دەربەندیو مەلا موحەمەدی کانی کوردەو مەلا قادری ڕەش و ماموّستا مەلا عومەری خانەقاو مەلا ئەحمەدی ڕۆژبەیانی و مەلا ئەحمەدی ڕەش ) خوێندویەتی.لەلای ماموّستا حوسێن حەسەن یوسف پێش نوێژی مزگەوتی مەولەویی لە سلێمانی، مۆڵەتی مەلایەتی پێدراوە ، (35)ساڵ وانەی ووتۆتەوە لە گوندەکانی (گەڵناغاج و دار ئەختیار و قەسرۆك و ناحیەی تەق تەق .ماموّستا لە زانستی فەرائیز لە سنورەکە جێگای متمانە بووە لە 2005/5/30 کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی گوندی گەرمك بە خاك سپێردرا.

19–د.جمال محمد باجەلان ،بەرکوتێکی ژیانی ماموّستا مەلا حەمەدەمینی باغەجنێری ،تاك ،ژمارە 17 ی مایسی 2006ز.

20– باوکی لاڤین، ئەو ماموّستایەی ماوەی (35) ساڵ لە خزمەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا بوو ، تاك ژمارە (6)ی حوزەیرانی 2005.

# مەلا عومەر سۆفی ڕەشید مستەفا قەرەناوی

سالّی لە دایك بوونی نەزانراوە ،لە خانەوادەیەكی ئایین پەروەر بووە ، خوێندنی فەقێیایەتی لای ماموٚستا مەلا عەلی لە شاری كۆیە دەست پێكردووە ، بۆ خوێندن چووە بۆ بالیسان و دواتر لە شاری كەركوك لە لایەن مەلا حیكمەتە فەندی مۆلّەتی مەلایەتی وەرگرتووە لە مزگەوتەكانی گەرمك و كۆیەو بانە گولاّن وتەق تەق مەلایەتیكردووە ،دۆستایەتی لەگەلّ مەلاكانی سەردەمی خۆی بە هێز بووە لەوانە مەلا مەعسوم و مەلا موحەمەدی حەتك و مەلا موحەمەدی مزگەوتی منارەو مەلا ئەبوبەكری هەولێری ، كچی كوێخا ڕەشیدی تەق تەق خێزانی بووە ، زۆر پێخۆشحالّ بووە كە سالّی 1932 قوتابخانە لە تەق تەق كراوەتەوە عەلائەدینی كوڕی خۆی ناردۆتە بەر خوێندن ، بە هۆی نەخۆشیەوە سالّی 1945 كۆچی دوایی دەكات و لە تەق تەق بە خاك سپێردراوە.[21]

# ژیانی ماموٚستا ئاینیەكان[22]

## مەلا مەجید تەكەڵتوویی


ماموٚستا مەلا مەجید

عبدالمجید سعید سالّی 1942 لە دایك بووە،خوێندنی فەقێیایەتی لە مزگەوتەكانی كۆیە بووە،وەلەم مزگەتانەو وەلەلای ئەم بەڕێزانەش خوێندویەتی (مزگەوتی (حەتك) لای ماموٚستا مەلا محمد،مزگەوتی (پەلك) لای ماموٚستا حمدامین،ماموٚستا مەلا زاهیر لە مزگەوتی(مەلاجامی) ،مەلا قادر دەربەندی

---

21–چاوپێكەوتن لە گەلّ صباح مەلا عومەر ڕەشید قەرەناوی ، لە 2007/5/7 ی زایینی .

22– چاوپێكەوتن لەگەلّ هەردوو بەڕێزان ماموٚستا مەلا مەجید و ماموٚستا مەلا میرزا تالّەبانی ، لە مانگی 2006/4 ئەنجامدراوە.





لە مزگەوتی (سەرباغ)، ماموٚستا مەلا احمد لە مزگەوتی (منارە)، مەلایەتی لەم گوندانە كردووە

(شیوەشانی بەكر ئاغا،كانی هەنجیری سەیدان،حاجی قەلاّ، شیوەجان، لە(مزگەوتی كۆنی تەق تەق) لەلای ماموٚستا مەلا سدیق گەرمكی دامەزراوە،دواتر لەسەرەتای هەشتاكاندا بووە بە ئیمام و وتار خوێنی مزگەوتی گەورەی تەق تەق.لە دوای ڕاپەڕینەوە لە گوندەكانی (باغەجنێرو كانیلەلەو كانی ڕەش و قەرەناو) بووە ، لە سالّی 2007 پێش نوێژو ووتار خوێنی مزگەوتی گۆڕقەرەجی تەق تەق بووە لەسەر ڕەزامەندی خۆی گوازراوەتەوە مزگەوتی كۆنی تەق تەق ،لە هۆنراوەیەكدا ژیانی خۆی بەم شێوەیە باس دەكات:

ژیانم نارێك پڕ لە دڕك و دالّ — هەروەكو یەخسیر بێ مالّ و بێ حالّ
ناگوزوری و ژین ئەوهای لێكردم — یاخوا پیاو خراپ ببێ بە پردم
نەمزانی ژینم بۆ وانا ڕێك بوو — بوون و نەبوونی بۆ وەك یەك بوو
بەلاّم خوداوەند ئەوهای داناوە — بۆشەو ڕوی هەژار ئەوها بڕاوە

# ژیاننامەی مەلا میرزا محمد احمد تالّەبانی



سالّی 1960 لە گوندی تالّەبانی گەورە لە دایك بووە ،لەتەمەنی (6)سالّی لەلای ماموٚستا مەلا محمد فقی ڕسول باجەلانی لە( تالّەبان) دەستی بە خوێندن كردووە،سەرەتا دكتۆر جەمالی كوڕی ئەلف و بێی فێر كردووە ،دواتر بۆ خوێندن چووە بۆ لای ماموٚستا مەلا سدیقی گەرمك لە تەق تەق ،مەلا میرزا لەلای مەلا موحەمەد قورئانی ختم كردووەو

تا سالّی (1973)كە قوتابخانە لە تالّەبان كراوەتەوە ،دوای نیوەڕۆیان هەر سێ وانەی(نەحوو سەرف و شەرع و حەدیس)ی خوێندووە،لە سالّی (1977–

1980)تەنها ڕەمەزانان بووە به مەلای گوندی ( کونه گورگ )،دوای دەرکردنی گوندەکەیان ماڵیان هاتۆتە تەق تەق بە فیراری و دەربەدەری لە( تاڵەبان و ئۆمەرگومبەت و سێگردکان و تەق تەق )تەمەنی هەشتاکانی بەڕێکردووە ،لەساڵی 1990 (6)مانگ دەچێتە کوێت وەك سەرباز،لەدوای ڕاپەڕین لە(دەربەندی گۆمەسپان) لەگەڵ (6)پێشمەرگە دەگیرێت نزیکەی مانگێك زیاتر لە بەغدا بەند دەکرێت ،ساڵی 1993لای مەلا (خدر سێگردکانی) خوێندویەتی ،مامۆستا مەلا( عمر ئەسکندەربەگی) هاوکاری کردووە، 2004 بۆ ماوەی (3)مانگ بووە بە مامۆستا لە مزگەوتی گۆڕقەرەج،لە 2005/3/25 بووە بە ئیمام و خەتیبی مزگەوتی گەورەی تەق تەق.

# تەق تەق و خوێندن

ساڵی 1932 قوتابخانەی تەقی تەق سەرەتایی دوای دوانزەیەمین ساڵی ناحیەبوونی لە تەق تەق کرایەوە ،سەرەتا لە خانووی جەمیل عەبدوڵڵا بووە دواتر چویتە مزگەوتی کۆنی تەق تەق ،پاشانیش حکومەت بینایەکی لە خشت و قوڕ لە زەوی مەلا تەللوب جاسم بەرامبەر یانەی فەرمانبەرانی ئەمڕۆ(دائیرەی تاپۆ)دروست کرد ،یەکەم بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بە ناوی (عومەر ساقی) دەست بەکار بووە ،کە خەڵکی شاری هەولێر بووە ،وەیەکەم بەردەستی هەمزە ناوێك بووە ،دواتر وەستاعارفی ساڵحی تەق تەق تاوەکو ساڵی 1959 دواتر بەکر عارف تاساڵی 1978 پاشانیش رسول حمە شریف بووە بەردەست و مام حەمەد ئیلنجاغی شوان بووە بەیەکەم پاسەوان.

## عومەر ساقی



عومەر ساقی

ساڵی 1913 لە گەڕەکی سەعدوناوەی شاری هەولێر لە دایك بووە ،خانەی مامۆستایانی بەغدای تەواو کردووە ،لەم قوتابخانانە بەڕێوەبەر بووە (زێڕین لە تەق





تەق ،ڕەواندوز،فەیسەڵیەی سەرەتایی لە سلێمانی ،حیکمە لە عەنکاوە ،کووت ) زمانی فارسی و عەرەبی زانیوەو شیعری بە زمانی فارسی نوسیوە،

دەستەی دامەزرێنەری لقی هەولێری یەکێتی نوسەرانی کورد بووە ،لە گۆڤاری هەتاو کاری کردووە ،لەسەر کوردایەتی دوورخراوەتەوە، ساڵی 1960–1970 سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووە ،1973/8/7 کۆچی دوایی کردووە .[سمير]

**خشتەی ناوی بەڕێوەبەرەکانی یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان کە ئەمڕۆ قوتابخانەی زێڕینی سەرەتاییە**

| ز | بەڕێوەبەر | دەستبەکاربوون | دەست لەکارهەڵگرتن |
|---|---|---|---|
| 1 | عمر ساقی هەولێری | 1932/9/1 | 1933/10/15 |
| 2 | علی خۆشناو | 1933/10/15 | 1934/11/12 |
| 3 | جلال حوێز | 1934/11/12 | 1939/10/15 |
| 4 | سید فتاح | 1939/10/15 | 1941/10/1 |
| 5 | رشید سعید کفری | 1941/10/1 | 1942/9/17 |
| 6 | سلیم موختار هەولێری | 1942/9/17 | 1943/12/12 |
| 7 | فیصل سعید موصلاوی | 1943/12/12 | 1945/10/17 |
| 8 | صمد طه حوێزی | 1945/10/17 | 1946/10/5 |
| 9 | حنا انطوان | 1946/10/5 | 1950/10/1 |
| 10 | جمال طاهر | 1950/10/1 | 1952/9/17 |
| 11 | مولود فتاح | 1952/9/17 | 1954/11/20 |
| 12 | رەشاد علی | 1954/11/20 | 1956/10/1 |
| 13 | زەکی احمد هناری | 1956/10/1 | 1959/8/17 |
| 14 | کمال کریم کۆیی | 1959/8/17 | 1960/10/14 |
| 15 | جلال فتح الله کۆیی | 1960/10/14 | 1964/12/5 |
| 16 | رسول محمدامین | 1964/12/5 | 1965/9/6 |

23–عومەر قادر حەمەدەمین ،عومەر ساقی یەکەم بەڕێوەبەرو مامۆستا لە تەق تەق ،مانگنامەی تەق تەق ،ژمارە (6)ی تشرینی یەکەمی 2001.

| 17 | فؤاد محمد احمد | 1965/9/6 | 1971/12/15 |
|---|---|---|---|
| 18 | جمال ملاصدرالدين كۆيى | 1971/12/15 | 1972/10/12 |
| 19 | جلال صالح محمد كۆيى | 1972/10/12 | 1974/7/6 |
| 20 | سعيد صالح سعيد | 1974/7/6 | 1974/10/15 |
| 21 | فؤاد محمد احمد | 1974/10/15 | 1987/9/15 |
| 22 | عمر قادر حمدامين | 1987/9/15 | 1993/4/12 |
| 23 | فيض الله فتح الله طيب | 1993/4/12 | 1993/10/1 |
| 24 | عمر قادر حەمەدەمین | 1993/10/1 | 1998/10/5 |
| 25 | طارق باقى لطيف | 1998/10/5 | 2004/2/12 |
| 26 | محمد عبيد محمد | 2004/2/12 | - |

## فوئاد موحەمەد ئەحمەد

ساڵی 1962–1963 خانەی مامۆستایانی سلێمانی تەواو کردووە ،یەکێکە لە مامۆستا دێرینەکانی شارۆچکەی تەق تەق ،1963/11/12 لە گوندی (سوفەیە)ی کەڵەکی یاسین ئاغا دامەزراوە ،1965 بووە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی تەق تەقی سەرەتایی کوڕان ،ئەو کات (100)قوتابی کوڕی هەبووە ،ساڵی 2007 خانە نیشین کراوە دوای (44)ساڵ خزمەت کردن. [24]

جەلال حەوێز ئەفەندی ساڵی 1933 نەقڵی تەق تەق کراوە ،ساڵح زەکی بەگ قائیمقامی کۆیە داوای لێدەکات ،کە لە تەق تەقیش قوتابخانەی کچان بکرێتەوە (فەتحیە خانی )خێزانی تا پۆلی پێنجەمی خوێند بوو وەك موعەلیمە دەرسیان پێ بڵێ ، بەڵام خێزانەکەی لەبەر منداڵ بەخێوکردن و ئیشی ماڵ قبوڵی ناکات[25].

24–حەیدەر مەنتك ،دێرینترین مامۆستا لە تەق تەق لەبەسەرکردنەوەیەکدا ،تەق تەق ،ژمارە (2)ی ڕێبەندانی 2700 کوردی.

25–تاهیر ئەحمەد حەوێزی ،مێژووی کۆیە ،بەشی یەکەم ،بەغداد ،1984 ل208.





**خشتەی ئاماری خوێندنگا و قوتابخانەکانی ناو شارۆچکەی تەق تەق بۆ ساڵی خوێندنی 2005-2006**

| ژ | ناوی قوتابخانە | دامەزراندن | یەکەم بەڕێوەبەر | ژ. قوتابی کوڕ | ژ. قوتابی کچ | بەڕێوەبەری ٢٠٠٥-٢٠٠٦ | ژ. مامۆستا ٢٠٠٥-٢٠٠٦ | ژ. کارمەند ٢٠٠٥-٢٠٠٦ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تاڤگەی سەرەتایی | ٢٠٠٤/٩/٢٥ | وهاب مشير طه | ١٥٣ | ١٢١ | وهاب مشير طه | ١٣ | ٤ |
| ٢ | سامال (شاهید وشیار) | ١٩٩٣ | جميل حميد علي | ١٢٥ | ٩٢ | احمد خالد وطي | ٧ | ٧ |
| ٣ | پەیڕەو (شاهید ئاسق) | ١٩٩٣ | فيض الله فتح الله طيب | ١٩١ | ١٠٣ | فرهاد عبيد محمد | ١٤ | ٨ |
| ٤ | زێڕین | ١٩٣٢ | عمر سلقی هەولێری | ١٥٠ | ١٣٥ | محمد عبيد محمد | ١٥ | ٩ |
| ٥ | باباگوڕگوڕ | ١٩٩٨ | اكرم احمد رشيد | ١٧٦ | ١٤٣ | خۆشی حەوێز رشيد | ٢٠ | ٦ |
| ٦ | یەکگرتن | ٩٤/١١/٢٠ | ازاد عبدالله حاجي ملا | ٢١١ | ١٦٣ | جاسم سوارە رحمان | ١٥ | ١٠ |
| ٧ | قاتمی سەرەتایی | ١٩٨٩ | فيصل طلوب جاسم | ٢٠٥ | ١٥٤ | طارق اسماعيل عزيز | ١٥ | ١٣ |
| ٨ | ئامادەیی حەمرین | ٢٠٠٥/١٠/١١ | كمال عثمان علي | ١٧٣ | ١٠٧ | كمال عثمان علي | ١٣ | ٥ |
| ٩ | خاتخاتۆنی کچان | ١٩٩٢/١٢/٥ | نەبیە طالب محمد | – | ٢٥٨ | نەسیمە جليل احمد | ١٨ | ١١ |
| ١٠ | دوا ناوەندی ئێواران | ٢٠٠٣/١١/٤ | فؤاد عمر فتح الله | ٩٣ | – | فؤاد عمر فتح الله | ٦ | ٤ |
| ١١ | ناوەندی ئاشتی | ١٩٩٧ | فریاد حەمەد معروف | ٢٩٧ | – | محمد احمد حمدامين | ١٥ | ٧ |
| ١٢ | ناوەندی کوردستان | ٢٠٠٣/١٠/١٧ | خضر حمه اورحمان | ٢٦٥ | – | خضر حمه اورحمان | ١٦ | ٨ |
| ١٣ | ئامادەیی تەق تەق | ١٩٧٠ | غازي عبدالكريم | ١٧٤ | ١٢٢ | بلال جوهر اومر | ٢٢ | ١٢ |
| ١٤ | ڕووباری سەرەتایی | ٢٠٠٢ | صباح اسماعيل عزيز | ١٦٠ | ١٢٠ | صباح اسماعيل عزيز | ١٠ | ٦ |
| ١٥ | مارین | ٢٠٠٥/٩/٧ | نجاة رفعت ئاسق | ١٨٥ | ١٠٣ | نجاة رفعت ئاسق | ١٤ | ٧ |
| ١٦ | ساوایانی تەق تەق | ١٩٨٥ | تاڤگە عبدالرحمن | ٥٩ | ٤١ | خەرمان محمد | | |
| ١٧ | گۆڕقەرەج | ١٩٩٥ | رشيد محمد | ١٩٦ | ١٥٨ | فاروق عثمان طيب | ١٣ | ١١ |

پێگەیاندووە"بە پلەی یەکەم خوێندکارەکانی خەڵکی کۆیەو ئینجا کەرکوك و دواتر تەق تەق و دەوروبەی بوون ،شوێنی ئامادەییەکە ناوەندی خاڵخاڵانی ئەمڕۆ بووە لەگەڵ ناوەندی تەق تەقی ئێواران ،شوێنی پراکتیکی لە زەویەکانی دەشتی گەرمکی تەق تەق بووە.

وەیەکەم بەڕێوەبەری (عیسام سعید عبداللە)ی موسڵی بووە ،مامۆستا امیر عبدالستار حمدامین کۆیی و محمد رشید حسێن موسلی یاریدەدەری بوون،وە لە ساڵی 1981محمد رشید حسێن یاریدەدەری هونەری کرایە بەبەڕێوەبەر ،سێ یاریدەدەری هەبوو(امیر عبدالستار کارگێڕی و قوباد عوسمان کریم کاروباری خوێندکاران و فریاد حەمەد معروف کاروباری هونەری )کە ئیش و کاری چاندن و داڕشتن و جێبەجێکردنی پلانی کشتوکاڵی بووە ،لە حوزەیرانی 1981 ئەمیر عبدالستار وەك بەڕێوەبەر دەست بەکاربوو ،وەرگرتنی خوێندکاران ساڵی خوێندنی 1982-1983 ڕاگیرا ،بەکۆتا هاتنی ساڵی خوێندنی 1984-1985 خوێندنگاکە داخرا ،هۆکاری داخستنی حکومەت هەوڵی کەمکردنەوەی ئامادەییە پیشەیەکانی دا تەنها زراعەی هەڵەبجە لە سلێمانی و لە هەولێریش تەنها (کەڵەك) مایەوە.[26]

## ناوەندی تەق تەقی کوڕان

بەر لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو،قوتابیانی سەرەتایی دوای تەواوکردنی پۆلی شەشەم ،دەڕۆیشتنە شاری کۆیە بۆ خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی بەڵام دوای ئەوەی ساڵی (1970) خوێندنگەی ناوەندی تەق تەقی کوڕان کرایەوە ،یەکەم بەڕێوەبەری مامۆستا (غازی عبدالکریم) بوو ،دواتر هەریەك مامۆستا نورالدین و جمیل عیسی کریم و عوسمان محمد مهدی و نادر عمر رسول دلێر

26-چاوپێکەوتن لەگەڵ فریاد حەمەد معروف کۆیی ، لە 2006/8/10 لە کۆیە.





محمد حمدامین و چاپوك عبداللە مام یحیا و فریاد حمد معروف و نادر قادر نجم و حمید عبدالقادر و بلال جەوهەر اومر و بەکر سەلام سلیم بوون بە بەڕێوەبەر

لەساڵی (1983) لەسەردەمی (م.نادر عمر رسول) پۆلی چوارەمی لێکرایەوەو بووە (دواناوەندی تەق تەقی کوڕان) لەو کاتەدا مامۆستایانی دواناوەندیەکە زۆربەی کەرکوکی و کۆیی بوون ساڵی (1999-2000)بووە بە دووبەش (ناوەندی ئاشتی کوڕان) و (ئامادەیی تەق تەقی تێکەڵاو).

### ناوي بةرِيَوةبةر و سالآني خزمةت

ساڵی 1970 وەك ناوەندی تەق تەق کراوەتەوە بەڕێز (غازی عبدالکریم محمد) یەکەم بەڕێوەبەر بوو لە ماوەی (1970-1974)دواتر بەڕێز (جەمیل عیسی کریم) بووە بەبەڕێوەبەر لە نێوان (1975-1976)،(سردار محمد ئەحمەد) (1976-1977) (عوسمان محمد مهدی)(1977-1980) نادر عمر رسول (1980-1984) کیفی سلێمان نەجیب(1984-1985) دلێر موحەمەد (1986-1987) چاپووك عبداللە مام یحی(1988)جارێکی تر دلێرموحەمەد(1989-1990) دواتر فریاد حەمەد معروف (1990-1995)و نادر نەجم قادر (1995-2000) حەمید عەبدول قادر عەبدول ڕەحمان (2000-2002) بلال جەوهەر ئۆمەر (2002-2007) بەکر سەلام سەلیم لە (2007) تێکرای ئەمانە بەسوود وەرگرتن لە تۆمارەگشتیەکانی ئامادەیی تەق تەقی تێکەڵاو وەرگیراوە.

## یەکەم پۆلە خوێندکاری ناوەندی تەق تەق

خوێندکارانی یەکەمین پۆلی ناوەندی تەق تەقی کوڕان (ساڵی خوێندنی 1970-1971)کە مامۆستا غازی عەبدولکەریم بەڕێوەبەر بووە.

1-ئەسوەد قادر شەریف تەق تەقی .
2-بەشارەت موختار فاتح خورشید تەق تەقی .
3-عەلی بەکر وەستا عارف تەق تەقی .

4-مزبوت سالّح مستەفا تەق تەقی .

5-کاسب حەمە شەریف بن سعید تەق تەقی .

6-نامق حەمە تەیب تاڵەبانی.

7-سدیق تۆفیق ئەحمەد قەرەناوی .

8-شێروان محمدامین فەتحوڵڵا کۆیی .

9-قاسم عیسی قادر (قەدۆ)تەلەعفەری.

## ناوەندی خاڵخاڵانی کچان



نەسیمە جەلیل

ماموستا فریاد حەمەد معروف دەڵێ (ساڵی 1992-1993)من و ماموستا خدر اورحمان و ماموستا دلێر ،باسی ناوەندیەکی کچانمان کرد لە تەق تەق بکرێتەوە ،ئەو کاتیش ماموستا(مەجید کوڕی مەلا قادری ڕەشی سێگردکان)زۆر هاوکاری کردین ،ماموستا فریاد دەڵێ وابزانم هەر ئەویش ناوی خاڵخاڵانی لە ناوەندیەکە نا،

دواتر دواناوەندی تەق تەق بە نوسراوێك بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر بەڕێوەبەری ناوەندیەکە دەست نیشان دەکات بە ناوی (ئەدیبە تالب موحەمەد) دواتر هەریەك لە (دلێر محمد محمدامین و گولاڵە کامل علیو زارا سمایل قادرو سعدیە سالّح علی و تریفە ناصح مجید و نەسیمە جلیل احمد)بوون بە بەڕێوەبەر وەك لەم خشتەیەدا دیارە .





**خشتەی ناوی ئەو بەڕێوەبەرانەی کە ناوەندی خاڵخاڵانی کچانیان بەڕێوەبردووە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئێستا**

| ز | بەڕێوەبەر | دەستبەکاربوون | دەست لەکارهەڵگرتن | لەدایکبوون |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەدیبە طالب محمد | 1992/12/5 | 1993/9/14 | 1967 |
| 2 | دلێر محمد حمدامین | 1993/10/27 | 1995/11/8 | 1956 |
| 3 | گولاڵە کامل علی | 1995/11/18 | 1997/8/6 | 1961 |
| 4 | زارا اسماعیل علی | 1997/8/7 | 2002/1/2 | 1973 |
| 5 | سعیدیە صالح علی | 2002/1/2 | 2004/2/29 | 1975 |
| 6 | تریفە ناصح مجید | 2004/2/29 | 2005/10/20 | 1980 |
| 7 | نەسیمە جلیل احمد | 2005/10/20 | | 1975 |

## دواناوەندی تەق تەقی ئێواران

لە ئامارێکی یونسێف و وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لە مایسی(2001) دا ڕێژەی نەخوێندەواری لە نێو چینی گەنج ولاواندا ڕێژەیەکی بەرچاو بوو، هەروەها زۆری کۆمەڵێك لە لاوان کە تەمەنیان تێپەڕیبوو بۆ خوێندن لە خوێندنگاکانی ڕۆژدا ،بۆیە کۆمەڵێك خوێندکار داوایان کرد کە خوێندنگایەکی ناوەندی ئێواران لە تەق تەق بکرێتەوە ، خوێندکارەکانیش ئەمانە بوون(شێروان حسێن حمدامین و غمبار عمر حاجی مەلاو فەرمان ملا نوری و احمد هۆشیارو احمد ئەنوەرو یوسف حمدامین و چەندانی تر پەیوەندیان بەبەڕێوەبەری ناحیە(کاکەخان نەسرەدین)کردبوو، ئەویش لە وەڵامی ئەمانە خۆشحاڵیو هاوکاری خۆی دەردەبڕیٚ بۆیە دەڵێ ئێوە تەنها کەسێك دیاری بکەن کە ئیدارەکە وەربگرێ و من باشترین هاوکاریتان دەکەم ،دواتر ئەم خوێندکارانە دەچنەلای ماموستا (فواد عمر فتح اللە) ئەویش لەبەر بەرژەوەندی گشتیو خوێندکاران

**بەدەنگ داخوازیەکەیانەوە دەچێت ،نوری عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا سەرپەرشتیاری کارگێری لەیەکەی سەرپەرشتیاری بەڕێوەبەرایەتی پەروەدەی هەولێر /کۆیە هاوکاریان دەکات.هەر بۆیە بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو بە ئاماژە بە نوسراوی ناحیەی تەق تەق بە ژمارە (147)لە( 2003/10/26 )وە دوا بەدوای ڕاپۆڕتەکەی سەرپەرشتیاری پسپۆڕی لە (2003/11/3 )دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو دراسەکردنی پێویست بەڕێوەبەری پەروەردە (جەمیل عیسی کریم) بە ئیمزایەك بە نوسراوی ژمارە(5892)لە( 2003/11/4 )بڕیاریدا :**

**1-کردنەوەی ناوەندی تەق تەقی ئێواران لە بینایەی ناوەندی خاڵخالأنی کچان.**



**لە راستەوە : ئۆمە حەمەد ئۆمەر ، فوئاد عمر فتح الله ، جمال انور تەها ، فریدون حمزە صابر ، نمیر حوێز رشید ، ئاراس عمر فتح الله.**

**ئەم وێنەیە لە 2003/11/6 لە ناوەندی تەق تەقی ئێواران گیراوە.**

**3-دانانی (شێخان عمر فتح الله،ئاراس عمر فتح الله،نەمیر حوێز ڕشید،فریدون حمزە صابر،جمال ئەنوەر تەها ،نەوزاد مامەند خالید) بە وانە بێژ لە هەمان**





**خوێندنگا ،لەبەر ئەوەی هەرسێ برای یەکتری تێدابوو بە گاڵتەوە دۆست و برادەران دەیان ووت (ناوەندی عومەر فەتحوڵڵا)**


**4-(ئۆمەر حەمەد ئۆمەر وەك بەردەست دانرا.**

**دوای ساڵێك بە نوسراوی ژمارە (8638)ی 2004/10/12 پلەی خوێندنگاکە لەسەردەمی بەڕێوەبەری گشتی( باپیر بکر باپیر )بەرزکرایەوە بۆ خوێندنگای دواناوەندی تەق تەقی ئێواران.**

## خوێندنگەی کەرامەی سەرەتایی

**لەساڵی( 1981-1982 )کرایەوە یەکەم بەڕێوەبەری فاروق محمد عبداللە جەلیزادەی کوڕی مەلای گەورەی کۆیە بوە ،دواتر نەوزاد عمر و فیسل تەلوب و کاوە عبداللە بوون بە بەڕێوەبەری دوای ڕاپەڕین ئەم خوێندگایەکە بەزمانی عەرەبی بوو نەما، دواتر ئەو قوتابخانەیە ساڵی 1993 تێکەڵکرا لەگەڵ قوتابخانەی قانعی سەرەتایی.**

# سەرپەرشتیاران




## 1-کاوە عبداللە حاجی مەلا

**کوڕی شەهید (عەبدوڵڵا جوتیارە). ساڵی 1960 لە کەرکوك لە دایك بووە ،ساڵی 1965 لە سێگردکان چۆتە بەر خوێندن ،لە دواناوەندی زێوەری کوڕان پۆلی یەکەم و دووەمی ناوەندی خوێندوەو سێیەمی**

ناوەندی لە شارۆچكەی تەق تەق تەواو کردووە ،

ساڵی (1977–1980) خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە ،1980/10/29 لەگوندی (گرمکان) پارێزگای سلێمانی بە مامۆستا دامەزراوە ،ساڵی 1983 گواستراوەتەوە بۆ گوندەکەی خۆی سێگردکان ، ساڵی 1985 گواستراوەتەوە ناو قوتابخانەکانی تەق تەق ، لە ساڵی 1987 تا ئەنفالە بەدناوەکان مامۆستای شۆڕش بووە،ساڵی 1991 لە قانع مامۆستا بووە ،ساڵی 1992کراوە بەیاریدەدەر (ساڵی 1993)بووە بە بەڕێوەبەر لە هەمان قوتابخانە ،لە 1996/12/29 لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی هەولێر لە کۆیە کراوە بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.



## 2-فەیزوڵا فەتحوڵڵا تەیب

ساڵی 1955 لە گوندی تاڵەبانی گەورەی تەق تەق هاتۆتە دونیاوە ،سەرەتای خوێندنی لە قوتابخانەی شۆڕشی سەرەتایی شاری کەرکوک دەستپێکردووە ،لە گوندی ئیلنجاغی گەورە پۆلی شەشەمی سەرەتایی تەواو کردوە ،

ناوەندیو دواناوەندی لە شاری کۆیە خوێندووە.پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی لە ساڵی 1978 لە هەولێر تەواو کردووە،لە 1978/10/1 یەکەم دامەزراندنی لە شاری موسڵ بووە،دوای ماوەیەك خزمەت بووە بەسەرباز ، لە ساڵی 1991 لە قوتابخانەی زێرینی سەرەتایی لە تەق تەق وەك مامۆستا درێژەیداوە بە خزمەتکردن، ساڵی 1993 لە کاتی کردنەوەی قوتابخانەیەکی نوێ بەناوی (پەیڕەو) کراوە بەبەڕێوەبەر لە 2005/11/7 بووە بەسەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر لە کۆیە پاشان لە 2006/7/1 بووە بە بەبەڕێوەبەری فێرکردنی گەوران لە هەمان بەڕێوەبەرایەتی وە ئێستا سەرپەرشتیاری پەروەردەییە لە پەروەردەی کۆیە.

## 3-اکرم احمد رشید







ساڵی 1966 لە گوندی تاڵەبانی گەورە لە دایك بووە ،سەرەتای قۆناغی خوێندنی لە گوندی ئیلنجاغی گەورە دەستپێکردووە ،بڕوانامەی سەرەتاییو ناوەندی لە شارۆچکەی تەق تەق بە دەست هێناوە ،

ساڵی خوێندنی 1985-1986 خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە ،1991/10/20 یەکەم دامەزراندنی بووە ،بۆ ماوەی (6)ساڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەی بابەگوڕ گوڕ بووە لە 2004/11/7 لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر لە کۆیە کرا بەسەرپەرشتیاری پەروەردەیی.

## 4-ئازاد عەبدوڵڵا حاجی مەلا




ساڵی 1959لە گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوك لە دایك بووە، کوڕی شەهید (عەبدوڵڵا جوتیارە). سەرەتای قۆناغی خوێندنی لە گوندەکەی خۆیان سێگردکان دەست پێکردووە (ساڵی 1965-1966)وە

لە ساڵی 1971-1972 بڕوانامەی سەرەتایی لە سێگردکان وەرگرتووە ساڵی یەکەم و دووەمی ناوەندی لە ناوەندی زێوەری کوڕان بووە لە کەرکوك ،لە ساڵی 1976 -1977ناوەندی لە تەق تەق تەواو کردووە ،1979 -1980 خانەی مامۆستایانی هەولێری تەواو کردووە ،لە 1980/10/28 لە قوتابخانەی (گرمکان)ی ناحیەی بنگرد دامەزراوە لە 1981/10/1 بووە بەبەڕێوەبەری هەمان قوتابخانە لە ساڵی 1983-1990 کراوە بە سەرباز ،لە 1990/9/2 گواستراوەتەوە قوتابخانەی (بێگەرد)سەربە ناحیەی عەربەت،لە

1990/10/10گواستراوەتەوە بۆ (بنەسلاوە) لە هەولێر لە 1990/11/20 گواستراوەتەوە قوتابخانەی تەق تەقی سەرەتایی لە 1992/12/3 کراوە بەیاریدەدەر لە قوتابخانەی تەق تەق و سامال دواتر لە 1994/12/19 کراوە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی یەکگرتنی سەرەتایی لە تەق تەق بۆ ماوەی (11)سال، 2005/11/28 کراوە بەسەرپەرشتیاری پەروەدەیی تایبەت بە ئەلفبێ لەیەکەی سەرپەرشتیاری سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەدەی کۆیە.

## 5- عومەر قادر حەمەدەمین



لەسالی 1958 لە گوندی سێگردکان هاتۆتە دنیاوە سەرەتایی لە سێگردکان و ناوەندی لە حاجی قادری کۆیی لە کۆیە تەواو کردووە ،1982-1983بڕوانامەی خانەی مامۆستایانی هەولێری بەدەست هێناوە سالی 1982 لە ڕاپەرینەکەی خانەی مامۆستایان لەگەل (9)هاوڕێی دەستگیر کراوە،

لە 1983/10/31 لە سماقولی سەرووچاوە وەکو مامۆستا دامەزراوە لە 1983/10/7 گواستراوەتەوە بۆ ئۆمەرگومبەت ،1984/10/1 بووە بەبەڕێوەبەری قوتابخانەی ئۆمەرگومبەت لە 1985/10/2 وەك یاریدەدەرێك گواستراوەتەوە بۆ زێڕین لە 1987/9/15 بووە بەبەڕێوەبەری زێڕین تا 1998/10/5 لە 1998/10/6 لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کۆیە وەك سەرپەرشتیاری گشتی دەست بەکار بووە.

## 6-علی ڕەزا محمد خدر ناسراو بەعەلی سێکانی



لە سالی 1965 لە سێکانی لە دایك بووە ،بۆیە بەعەلی سێکانی ناسراوە ،سەرەتایی لە سێگردکان تەواو کردووە ،قۆناغی ناوەندی لە ناوەندی (قەندیل) و ئامادەیی لە ئامادەیی هەولێری کوڕان






تەواو کردووە،سالی 1984-1985 بڕوانامەی مەلبەندی مامۆستایانی هەولێری وەرگرتووە،

لە 1991/11/17 لە قوتابخانەی کەرامەی تەق تەق دامەزراوە،دواتر قوتابخانەی قانع و کەرامە تێکەل کران ناویان نرا(قانع)لە 1993/4/20 کرا بە یاریدەدەر بۆ ماوەی(4)سال لە 1997/1/12 بوو بە بەڕێوەبەر بۆ ماوەی (7)سال دواتر لە 2004/10/26 بوو بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر لە کۆیە.

## 7-جەمیل حەمید عەلی مستەفا



لەسالی 1953 لە تەق تەق لە دایك بووە ،خوێندنی سەرەتایی لە تەق تەق و ناوەندیو دواناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە ،سالی 1973-1974 پەیمانگای مامۆستایانی هەولێری تەواو کردووە ،

لە ئابی سالی 1974 کراوە بەسەرباز لەسەربازگەی زوبێری بەسرە بۆ ماوەی سالێك لە 1975/10/12 لە گوندی (ئالانەی) دۆلی خەلیفان وەك مامۆستا دامەزراوە دواتر بووە بە بەڕێوەبەر 1979/11/1 گواستراوەتەوە گوندی موخەڕەسی تەق تەق لەوێش کراوە بەبەڕێوەبەر 1980/11/1 بووە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی شەهید ووشیار (سامال) لە 2004/11/28 بوو بە سەرپەرشتیاری پەوەردەیی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەوەردەی هەولێر لە کۆیە.


## 8- تارق باقی لەتیف



سالی 1960 لە تەق تەق لە دایك بووە ،سەرەتایی لە تەق تەق و ناوەندی زێوەری کوڕانی لەکەرکوك تەواو کردووە ،سالی 1977-1978 خانەی مامۆستایانی هەولێری تەواو کردووە ،لە

1978/10/2 لە قوتابخانەی (جۆبلاغ)ی قەزای دوكان دامەزراوە ،

1984 گواستراوەتەوە قوتابخانەی گوندی كانی لەلە ،1984 گواستراوەتەوە گوندی گەرمكی تەق تەق ،1985 هاتۆتە تەق تەق و 1998/10/5 بووە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی زێڕین ،2004 بووە بە بەڕێوەبەری نەهێشتنی نەخوێندەواری لە پەروەدەی كۆیە ،لەسەر داوای خۆی لە ساڵی 2005 گواستراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەری بنكەی زێڕینی فێركردنی گەوران لە تەق تەق .



## 9- نادر قادر نەجم شوانی

ساڵی 1955 لە ئۆمەرمەندانی شوان لە دایك بووە ، 1981-1982 كۆلێژی شەریعەی لە زانكۆی موستەنسریەی بەغدا تەواو كردووە ، 1983 لە دواناوەندی پردێ دامەزراوە ،1985-1987 بەڕێوەبەری خوێندنگەی (عمر بن عاص )بووە لە قەرەهەنجیر ،

1988-1989 مامۆستای پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێر بووە ، 1989-1991 لە هەردوو خوێندنگەی برایەتی هەولێرو تۆبزاوا مامۆستا بووە، 1991-2000 لە خوێندنگای ئامادەیی تەق تەقی تێكەڵاو بووە ، ماوەی (1995-2000) بەڕێوەبەری بووە ، ساڵی 2000 لە ئامادەیی كۆیەی كچان مامۆستا بووە ، ساڵی 2001 بووە بەسەرپەرشتیاری پسپۆڕی عەرەبی لە پەروەردی كۆیە .

## 10- بلال جەوهەر ئۆمەر



1968/11/25 لە گوندی مخەڕەسی تەق تەق لە دایك بووە ،قۆناغەكانی خوێندنی (سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندی لە تە





قتەق بڕیوە 1990-1991 لە زانكۆی بەغدا كۆلێژی تەواو كردووە ، لە 1992/1/7 لە دواناوەندی تەق تەقی تێكەڵاو دامەزراوە ،

لە 1995/8/17 بووە بە یاریدەدەر لە هەمان خوێندنگاو دواتر لە 2002/11/15 بووە بە بەڕێوەبەری ،2007/10/1 بووە بە سەرپەرشتیاری زمانی عەرەبی.

## 11- فەیسەڵ تەللوب جاسم حەمەد ئەمین تەق تەقی




1957 لە تەق تەق لە دایك بووە ،ساڵی 1963 لە قوتابخانەی تەق تەقی سەرەتایی چۆتە بەرخوێندن ،قۆناغی ناوەندیو دواناوەندی لە كۆیە تەواو كردووە،ساڵی 1976 لە پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر وەرگیراوە ،ساڵی 1978 لە (مێرگە سوور)بە پیشەی مامۆستایەتی دامەزراوە ،

ساڵی 1983 گواستراوەتەوە تەق تەق و ساڵی 1989 بووە بە بەڕێوەبەر لە قوتابخانەی قانعی سەرەتایی تێكەڵاو ،دواتر لە قوتابخانەی تەق تەقی سەرەتایی تێكەڵاو تا ساڵی 2003 كاری بەڕێوەبەری كردووە،ساڵی 2004 بووە بە سەرپەرشتیاری پەروەردەی لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی كۆیە.

# فەرمانگەکانی تەق تەق

## خانەی داد لە تەق تەق


حاکم مەجید برادۆستی

بیرۆکە بۆ دامەزراندنی خانەی داد لە تە قتەق ،لەسەر پێشنیاری حاکم هیمداد مەجید مەرزانی بووە ،دواتر وەزارەتی داد ڕەزامەندی خۆی بۆ کردنەوەی ڕاگەیاند ،لە 2004/4/4 پێکهاتەی بیناکەو بەشەکانی دانرا لەسەرای کۆنی تەق تەق [27] ئەم بەشانەی لە خۆ گرتووە

(دادگای بەرایی ،دادگای باری کەسایەتی ،دادگای کەتن ،دادگای لێکۆڵینەوە)وە فەرمانگەکانی (جێبەجێکردن ،دادنووس ،جێگری داواکاری گشتی)تێدایە یەکەمین دادوەر لەو خانەیە حاکم (مەجید سەعید عەبدوڵڵا) برادۆستی بووە ،وە ئەوانەی وەك جێگری داواکاری گشتی دەست بەکار بوون (حەسەن زەکەریا ئەمین ) و (شێرزاد سەیدا)بوون،کاری داد نووسی (جاسم موحەمەد رەزا) وە ئەوانەی وەك یاریدەدەری دادوەری کاریان لەم دادگایە کردووە ئەمانە بوون(دڵسۆز ئیبراهیم سابیر ،کامران موحەمەد رسول،کەوسەر عومەر فەتحوڵڵا ،کازم عومەر حەمە حەسەن ،سەفین غازی عبدالرحمان ،چرا جمال علی ،فرامۆش عومەر فەتحوڵڵا ،فاتح یاسین ئیسماعیل ،قاسم عومەر حەمە مستەفا ،ئەمیر عەزیز شەریف ،مازن فەیسەڵ تەللوب)

27–ع.فەتحوڵڵا ،لە یادی دامەزراندنی خانەی داد لە تەق تەق ،تاك ،ژمارە (4)ی نیسانی2005ز.





## بنکەی ئاگر کوژێنەوەی تەق تەق


نەقیب شوان

لەساڵی 2004 وەك مەفرەزەی ئاگر کوژێنەوە لە تەق تەق دامەزراوە ،یەکەم بەرپرسی نەقیب (شوان حمدامین سێگردکانی) بووە دواتر لە 2006/5/7 نەقیب (زانا عبدالمجید مستەفا کۆیی )بووە بە لێپرسراوی ،ساڵی 2007 (54)کەس لە بنکەکە کار دەکەن (53)پۆلیس و (1)ئەفسەر ،7 کارمەندی مەلەوانی هەیە ،هۆبەی کارگێڕی ،چەك و جبەخانە ،کۆگا ،هونەری ،ئامێرسازی پۆستە ،دەگرێتەخۆ ،


نەقیب زانا

لێپرسراوی بنکەکە زانا عبدالمجبد مستەفا،خەڵکی شاری کۆیەیە ،نیشتەجێی گەڕەکی قەڵاتە ،دەرچووی ئامادەیی بازرگانی و خولی (1)ی قەڵاچۆلانی پۆلیسە لە 1998/11/23، ساڵی 2005–2006 لێپرسراوی بنکەی ئاگر کوژێنەوەی شاری کۆیە بووە ،لە 2006/8/20 بووە بە نەقیب.

## کۆمەڵگەی چالاکی کۆمەڵایەتی منداڵانی تەق تەق

ئەم کۆمەڵگەیە سەرەتا بە ناوی سەنتەری ڕاهێنانی منداڵان کرایەوە لە 2003/11/5 بە ڕەسمی کرا بە فەرمانگەی کۆمەڵگەی چالاکی کۆمەڵایەتی منداڵانی تەق تەق سەر بە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی شاری کۆیە بووە ، (ئیبراهیم عەلی ئەبابەکر تاڵەبانی )کرا بە لێپرسراوی فەرمانگەکە لە دوو بەشی (چاودێری خێزان ،کەم ئەندامان )پێك هاتووە ، (33)فەرمانبەر کاری تیا دەکەن[28]

28– تاك ،ژمارە (13)ی کانونی دووەمی 2006.


## خانەی ڕۆشنبیری منداڵان

ئەم خانەیە لەسەر زەوی ماڵی مام حەمە شەریفی نەوەی حەمە سوور جافی تەق تەق ،لە ڕووبەری (40×60)م ، 12 ژوورو مشتە مەلاتی پێویست لە ماوەی (180 ڕۆژ لەلایەن کۆمپانیای (ڕام)ەوە جێبەجێ کرا ،بەسەر پەرشتی بەشی تەکنیکی پارێزگای هەولێر لە کۆیە لە 2005/11/12 بەردی بناغەی بۆ دانراو بڕی (302)سێ سەدو دوو ملیۆن دیناری چاپی عێراقی بۆ تەرخانکرا.[29]

## فەرمانگەی دارایی تەق تەق

ئەگەر چی ئەم فەرمانگەیە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە تەق تەق هەبووە ،بەڵام لە ئەنفالە بەدناوەکان لە تەق تەق نەما ،لە 2005/7/25 بە نوسراوی ژمارە (11124)ی وەزراەتی‌دارایی‌و ئابوری هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی ئەم فەرمانگەیە کرایەوە ،بەڕێوەبەرایەتی‌گەنجینەکانی هەولێر لە کۆیە لە 2005/8/2 (شێروان حسێن حەمەدەمینی) گەرمکی کردووە بە لێپرسراوی فەرمانگەکە[30]

## سەرۆکایەتی شارەوانی تەق تەق



ئەندازیار ئازاد مامەند

دوای شۆڕشی 14ی تەمووزی 1958 ،لەم شارۆچکەیە ،بەشێك لە فەرمانگەی شارەوانی کراوەتەوە ،ئەو کات فانۆس شەوانە لە کۆڵانەکان دادەگیرسا (حەمەدی وەستا عارف ) سەرپەرشتی دەکردو هەروەها کاری فڕێدانی زبڵو خۆڵ و خاشاك کاری ئەو شارەوانیە بووە ،

29- تاك ،ژمارە( 11)تشرینی دووەمی 2005.

30-تاك ،ژمارە (8)ی ئابی 2005.





ساڵانی (شەستەکان، حەفتاکان) شتێکی ئەوتۆ بەدەست نەکەوتووە ،سەرەتایی هەشتاکان ئیستملاك بۆ شارەوانی تەق تەق کراوە بەپێی سورەت قەیید ،تەسەروفی لەگەڵ کراوە ،ساڵی 1982 پارچە زەوی ژمارە (19،20،22)لەو ساڵەدا ئیفراز کراون ،ساڵی 1985 نەخشەی تەق تەق ئەنجامدراوە ،بەڵام بە هۆی ڕووداوەکانی ساڵانی (1987-1988-1991)ئەم نەخشەیە هەڵوەشایەوە ،لە نێوان ساڵانی (1987-1994)تەق تەق گوندی (عەزیزیە)بووە ،ساڵی 1994 شارەوانی هاتۆتەوە تەق تەق (سلێمان تەها)سەرپەرشتی کردوە دواتر (شەریف سابیر کەریم)بووە بە لێپرسراو لەسەردەمی ئەمانە هەندێك لە ئەوەلیات و دۆسیەکان هاتونەتەوە[31] لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکان ساڵی 2000 ئەندازیار (ئازاد مامەند خالید)بووە بە لێپرسراوی فەرمانگەکە ،ساڵی 2001 لەسەردەمی ئازاد مامەند جارێکی تر نەخشەی تەق تەق لەسەر بنەمای زانستی و شارستانی بۆ ڕێکخستنەوەی شار ئامادەکراو لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە[32] لە ماوەی ساڵانی (2001-2007)زۆرترین کار لەمێژووی ئەم شارۆچکەیە کراوە ،تەق تەقی ئەمڕۆ پێك هاتوە لە گەڕەکەکانی (ڕزگاری ،سەربەستی ، ڕووناکی ، شەهیدان ،گۆڕقەرەج ،بەختیاری ،ئاشتی)

31-تەق تەق ،ژمارە (1)ی سەرماوەزی 2700 ی کوردی.

32-چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندازیار (ئازاد مامەند خالید) لە 2007/1/1 لە تەق تەق ،ساڵی 1968 لە باغەجنێر لە دایك بووە ،خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی لە تەق تەق تەواو کردووە ،دواناوەندی لەکۆیە و بەشی میکانیکی کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی موسڵی لە ساڵی 1991-1992 تەواو کردووە ،ساڵی 1996 مامۆستای فیزیا بووە لە ناوەندی خاڵخاڵانی کچان ،لە 1999-2000 فەرمانبەری سەرپەرشتیاری پڕۆژەی ئاوی کۆیە بووە ،لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکان لە ساڵی (2000)ەوە بووەبەیەکەم سەرۆکی شارەوانی هەڵبژێردراوی تەق تەق

## پۆلیسی هاتو چۆی تەق تەق



ملازم زاهیر مەنتك

لە 2000/11/3 مەفرەزەی پۆلیسی تەق تەق دامەزرا سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتو چۆ لە کۆیە بوو یەکەم لێپرسراوی مەفرەزە لە تەق تەق (ئەحمەد موحەمەد) ئۆمەرگومبەتی بوو بە پلەی مفەوەز[33]،ژمارەی پۆلیسەکانی هاتوچۆی ساڵی 2006 گەیشتە (15)پۆلیس ، 2003/12/8 (زاهیر غفور ئەحمەد) مەنتك بوو بە ئەفسەری مەفرەزەکەو ،ناوبراو ساڵی 1974 لە گەڕەکی مەنتکاوەی هەولێر لە دایك بووە.

## بنکەی پۆلیسی تەق تەق

بەر لەوەی تەق تەق بکرێتە ناحیە ساڵی 1917 بنکەی پۆلیسی لێبووە ، لەسەردەمی عوسمانیەکان جەندرمەو زەفتیە هەبووە ،چونکە ئیدارە (ڕێژە)ی قۆچی تێدابووە ،بۆ کۆکردنەوەی باج و دەرامەت دوای نەمانی عوسمانیەکان ،لە ماڵی ئەمرۆی عومەر ئەحمەد عەبدە خانویەکی لە قوڕ و خشت دروست کراو بارەگای بنکەکە بوو ،شوێنی حەوانەوەی ئەسپی هەبووە پێیان ووتوە (ئەستیل) ، دوو جۆرە پۆلیس هەبووە (پیادەو سوارە) مەشات و خەیاڵەیان پێدەوترا ، (حەمەدەمین ئاغاو ساڵح پۆلیس و حەسەن عەلیو مەولود پۆلیس )پۆلیسی خەیاڵە بوون بە سواری ئەسپ تەبلیغاتیان دەبرد بۆ گوندەکان (هەر لە کلێسەوە تاوەکو بەستی شەرغە)هەروەها کاری کۆکردنەوەی باج و گەڕان بە دوای

33–حەیدەر مەنتك ،پۆلیسی هاتوچۆی تەق تەق دەیانەوێت ،بڵێن ،تەق تەق ،ژمارە (2)ی ڕێبەندانی 2700ی کوردی.





فیرارەکانی کەلە سەربازی هەڵاتوون ،پۆلیسی پیادەش زیاتر بۆ پاسەوانی بەکار هاتوون لێپرسراوی بنکەکە بە (مەئمور مەرکەز)ناوبراوە[34]

## پرۆژەی ئاو

ئەم پرۆژەیە لە ساڵانی حەفتاکاندا دامەزراوە ،کە تۆڕی گەیاندنی ئاوەکە بە بۆڕی (2)ئینج بووە،بەچەند کۆڵانێك تاکە بەلوعەیەکیان بۆ دانراوە ،ئەمە لە گەڕەکی ڕزگاری تەق تەقی کۆن تا ساڵانی هەشتاکان بەردەوام بوو ،دواتر لەبری بۆڕی (2)ئینجی ،ئەسبێستی بۆ ڕاکێشرا،بۆ هەردوو گەڕەکی ڕزگاریو سەربەستی ،ئەمە تا ساڵی 1994،لەم ساڵە بەدواوە (15)کم تۆڕی ئاو ڕاکێشرا بۆ گەڕەکەکانی (شەهیدان ،ڕوناکی گۆڕقەرەج،ئاشتی)بە بۆڕی پلاستیك ،بەمەش پرۆژەی ئاوی تەق تەق بوو بە دوو بەش (پرۆژەی کۆن و پرۆژەی نوێ)ئەم دوو بەشە هیچ پەیوەندیان بەیەکەوە نیە نە لە تۆڕی ئاو گەیاندن وە نە لە ماتۆڕدا ،دوا ی فراوانبونی شارۆچکەکە لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ،توانرا(6)کم تۆڕی ئاو لەسەر بودجەی شارەوانی (بەشی ئاو) بۆ گەڕەکە نوێیەکان ڕابکێشرێت بە بۆڕی (دکتایل و مغلوف و پلاستیك)بەشی ئاو لە هەوڵی ئەوەدایە پرۆژەیەکی نوێی تەواوکاری تۆڕی ئاو دروست بکات ،لەگەڵ (59)کم تۆڕی ئاو ڕابکێشێت بۆ (بانە ڕەقە،دەشتی گەرمك،لای گەڕەکی پیشەسازیو خوار خوێندنگە (12)پۆلیەکەو سەرووی بنکەی تەندروستی شەهیدان .

ژمارەی قوفڵەکانی پرۆژەی کۆن :12 قفڵە کە ئەمانەن ،11قفڵی سەرەکی ،قفڵی گەڕەکی تەکەڵتوو ،قفڵی تەنیشت مزگەوتی بێخود،قفڵی سەربەستی ،قفلی لای کارەبا، قفڵی لێژی زراعە ،قفڵی مەعمەل خوری،قفڵی بەستەکە ،قفڵی خەتی عەلوەکە، قفڵی یاریگاکە،قفڵی سەر زێراب،قفڵی گەڕەکی دارخورما .

ژمارەی قفڵەکانی پرۆژەی نوێ(13)قفڵن کە ئەمانەن(قفڵی سەر شاخ،قفڵی شەهیدان، قفڵی سماقەو روناکی، قفڵینەخۆشخانە، قفڵی روناکی ، قفڵیگەرمك،

34–چاوپێکەوتن لەگەڵ (نازم حەسەن عەلی)لە دایك بووی 1950 ی تەق تەق ،لە 2006/12/20 لە تەق تەق.

قفڵی ئاشتی سەروو ، قفڵی ئاشتی ناوەند ، قفڵی خواروو ،گۆڕقەرەج(1، 2، 3، 4) ئەم بەشە لە ساڵی 2006 (5 فەرمانبەری میراو ،5 فەرمانبەری پاراستن و چاکردنەوە،یەك بەردەست و 5 پاسەوانی هەبووە) .[35]

بەشێوەیەکی گشتی باری ئاوو پڕۆژەی ئاو و تۆڕی ئاو لە تەق تەق بەم شێوەیە:

لە دوو بەش پێك هاتووە پڕۆژەی کۆن و نوێ ،پڕۆژەکە لە (3)هەزار مەتر بۆڕی (3)ئینج و (21)هەزار بۆڕی (4 ئینچ) و (3500)م بۆڕی (6 ئینج )و (2500)بۆڕی (8)ئینج و (3006 )هاوبەشی ئاوی هەیە بەهەموو شێوەکانیەوە.

پڕۆژەی کۆن کەلە کاتی ئێستادا ڕۆژانە (17)کاتژمێر کاردەکات ،بۆ هەرکاتژمێرێك (115م$^3$)ئاو بەرهەم دێنێت ،واتە لەماوەی کارکردندا نزیکەی (2000م$^3$) ئاو بەرهەم دێنێ،هەر چی پڕۆژەی نوێیە ڕۆژانە (18)کاتژمێر کار دەکات و هەر کاتژمێرەی (100م$^3$)ئاو بەرهەم دێنێ واتە نزیکەی (1800م$^3$) ئاو فرێدەدات کەواتە پڕۆژەی ئاوی تەق تەق لە ماوەی (24)کاتژمێردا (3600م$^3$) ئاو دەدات بەگەڕەکەکانی تە قتەق ،بەمەش لە کۆی (2600)هاوبەش هەر هاوبەشەی(1384 لیتر)ئاوی بەردەکەوێ لەماوەی (24)کاتژمێردا ،ئەمەش بە هەموو پێوانەیەك ڕێژەیەکی زۆرە ،وە ئەگەر بە خەملاندن ژمارەی دانیشتوانیتەق تەق (18)هەزار کەس بێت ئەوا هەرکەسەی لە ڕۆژێکدا نزیکەی (200)لیتری لە ئاو بەردەکەوێت[36].

35- چاوپێکەوتن لەگەڵ هادی خالید حاجی وەلی ، لە 2006/6/25 لە تەق تەق.

36-ڕاپۆرتی بەشی ئاوی سەرۆکایەتی شارەوانی تە قتەق ،سەبارەت بەبەکارهێنانی ئاو لە تەق تەق ،کە لە مانگی ئاداری 2006 پێشکەشی پارێزگای هەولێر لە کۆیە کراوە.





# لقی کشتوکاڵی تەق تەق



مام جاسم

ساڵی 1968 بۆ یەکەمین جار هۆبەی کشتوکاڵی لە تەق تەق دامەزرا ،سەرەتا لە خانووی خوالێخۆش بوو (حاجی حەوێز کەپەنەکی بوو)،ساڵی 1972 بینایەی لە شوێنی ئەمڕۆی فەرمانگەکە بۆ کرا ،ساڵی 1976 بەشی هەرەوەزی لێکرایەوە ،

لە چەند کۆمەڵگایەك پێك هات لەوانە (گۆرقەرەج ،باواجی ،هاوبەش)ساڵی 1987 تەق تەق کرا بە گوندو فەرمانگەکە جارێکی تر بچووك کرایەوەو بوو بە (هۆبە) ،دوای ڕاپەڕین جارێکی تر لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کراوە بە لقی کشتوکاڵی تەق تەق تاوەکو ساڵی 2006 دواتر بووە بە (هۆبە) ،ئەوانەی سەرۆك (هۆبەو لق )بوون ئەمانەن:

کمال عەباس هەولێری ،جەمال ئیسماعیل کۆیی ،ڕەیس ئەبوبەکر بەرزنجی ،موحەمەد حاجی مەغدید کۆیی ،ڕەزا شا کۆیی ،عبدالخالق کۆیی ،ئازاد مەلا عەلی کۆیی ،دڵشاد ڕەفیق کۆیی ،مستەفا حاجی حکیم کۆیی ، جاسم بایز ئێلنجاغی [37] ، نێوان ساڵانی (1994-2002) زۆرترین کاری خزمەتگوزاری ئەنجامداوە بەهۆی ڕێکخراوەکانی (فاوو کاردۆو یونسێف ) ،بەشەکانی (خۆیەتی ،پلان دانان ،کۆگا ،زەوی زار ،دارستانەکان ،هەرەوەزی ،ئامێرەکان خزمەت گوزاری ، ساڵی 1995 (91)فەرمانبەری هەبووە (34)فەرمانبەر لە کاروباری دارستانەکان کاریان کردووە [38] ئەمڕۆ دوو بنکەی هەیە پاراستنی ڕووەك (دیاری کاکەڕەش سەعدون) و بنکەی ڕێنمایی کشتوکاڵی (خیراللە عبداللە فتح اللە) لێپرسراون.

37- نازم حەسەن عەلی ، چاوپێکەوتنی پێشوو .

38-دەست نوسەکەی فاتح بێلان تاڵەبانی (تەق تەق لە قولایی مێژووەوە).

# نەخۆشخانەی گشتی تەق تەق

لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو کراوەتەوە لە شوێن خانووی (جەلال حەوێز کۆیی دانراوە) دواتر گواستراوەتەوە خانوی ئێستای محمد قادر سێگردکانی ،عەلیەفەندی برین پێچی بووە[39] ، نەبەرد نیازی کاکەڕەش لە ڕاپۆرتێکیدا لەسەر تەق تەق بۆ بابەتی جوگرافیای ساڵی (2001-2002) لە پۆلی چوارەمی گشتی لە ئامادەیی تەق تەقی تێکەڵاو نوسیویەتی و دەڵێ"نەخۆشخانە لە ساڵی 1934 لە تەق تەق کراوەتەوەو (ساڵحە فەندی )جولەکە بووە ،یەکەم برین پێچ بووە لە نەخۆشخانەکە.

سەرەتا نەخۆشخانە لە خانویەك بوو نزیك ماڵی مام عەوڵڵا عەزیز دکتۆری نەبوو ،تەنها یاریدەدەری پزیشکی لێبووە ، (حەمەی محە )بەردەست بووە ،دوای ماوەیەك گواستراوەتەوە ئەو بینایەی (محمدی حاجی قادری سێگردکانی تێدایە ئینجا بۆ شوێنی ئەمڕۆی نەخۆشخانەی گشتی تەق تەق .

# بنکەی پۆلیسی کارەبای تەق تەق



مقدم سەرهەد

ئەم بنکەیە لەبەرواری(2004/3/17) دامەزراوە سەر بەبەڕێوەرایەتی کارەبای هەولێر لە کۆیە بوو ،(23)پۆلیس کارمەندی بنکەکەیەو(سەرهەد حەمە عەلی عەبدوڵڵا)بەپلەی موقەدەم سەرپەرشتی هەردوو بنکەی پۆلیسی کارەبای تەق تەق و پۆلیسی کارەبای دیموکرات بوو [40].

39-چاوپێکەوتن لەگەڵ ، ڕەفیق کوێخا ڕەشید ، لە دایك بووی ساڵی 1938 ی تەق تەق ، لە 2006/5/20 لە تەق تەق .

40- چاوپێکەتن لەگەڵ موقەدەم سەرهەد لە دایك بوی 1964 لە2006/8/1 ،لە تەق تەق، مقەدەم سەرهەد عەلی عەبدوڵڵا ،ساڵی 1964 لە دایك بوە ،1981 پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە ،ساڵی 2005 گواستراوەتەوە وەزارەتی ناوخۆ بە پلەی (موقەدەم).





# تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی تەق تەق



یاسین ابراهیم صابر

ئەم فەرمانگەیە ساڵی 2004 لە تەق تەق کراوەتەوە ، شوێنی فەرمانگەکە یانەی فەرمانبەرانی کۆنی تەق تەقە ،ژمارەی فەرمانبەرانی لەساڵی 2005-2006 (12)فەرمانبەرو لە (5)ژن و (7)پیاو پێکهاتبوو، ئەم فەرمانگەیە (5)بەش لە خۆی دەگرێت (کارگێری و دۆسیەکان و ژمێریاری و تۆمارکردن و ڕوو پێوی )

یەکەم بەڕێوەبەری فەرمانگە (یاسین برایم صابر)ە ،لە دایك بووی ساڵی 1975 ی گوندی باغەجنێری تەق تەقە،دەرچووی کۆلیژی بەڕێوەبردن وئابوری بەشی کارگێڕی لە زانکۆی سەلاحەدین[41]

# بنکەی پۆلیسی دارستان و ژینگەی تەق تەق




نەقیب حەمید عباس

لەگەڵ کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەرێم ،پاش ماوەیەك لە 2003/8/18 بڕیاری کردنەوەی بنکەی تەق تەق درا کە (7)کارمەندی بۆ دیاری کرا ئەویش (ئازاد ئەحمەد ڕشید و جمعە بایز حەمەدو ساڵح صباح محمود و مەسعود صباح مەحمود و هەڵۆ صەباح مەحمود و

41- چاوپێکەوتن لەگەڵ یاسین برایم صابر لەدایك بووی 1975 ی باغەجنێر ،لە 2006/8/12 ی تەق تەق.

سەركەت عەبدولاّ مەحمود و هەڵمەت جمال جلال)بوون لە 2004/1/17 مفەوەز فەرەیدون نەجمەدین بەناوی ئەم بنكەیە لەگەڵ (7)پۆلیس دامەزران پاش چەند مانگێك لە 2004/8/15 نەقیب حەمید عەباس بوو بە لێپرسراوی ئەم بنكەیە سەر بە بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی كۆیە كە (موقەدەم ئەبوزێد ساڵح مستەفا)لێپرسراو بوو[42]

## كتێبخانەی گشتی تەق تەق


عمر شوكر مستەفا

سەرەتا لە یانەی فەرمانبەران دانرا،لە 2003/12/29 دامەزراوە ،یەكەم سەرپەرشتیارو لێپرسراوی( عومەر شوكر مستەفا)ی تە قتەقە ،ژمارەی كتێبەكان و گۆڤار تێیدا خۆی لە (5000)دانە دەدات ،ژمارەی گۆڤاری تایبەت بە منالأن (710)دانە دەبێت ،كارمەندەكانی لە ساڵی 2006 (5)كارمەند بووە ،لە ئازاری 2004 بارەگای كتێبخانە لە یانەی فەرمانبەرانەوە گوێزرایەوە بۆ بنكەی خێرخوازی د.رەئوف لە تەق تەق

## فەرمانگەی باری شارستانی تەق تەق

لەسەردەمی مەلیكی دامەزراوە ئەنوەرە فەندی لێبوە ،

دوای ئەوەی حكومەتی عێراقی ناحیەی تەق تەقی كردەوە ،گوندی (عەزیزیە)ساڵی 1987 فەرمانگەی ناوبراوی گواستەوە ناو فەرمانگەی باری شارستانی كۆیە ،دوای ڕاپەڕین و ساڵی 1997 بە فەرمانێكی كارگێری

42–چاوپێكەوتن لەگەڵ نەقیب (حەمید عەباس لە دایك بووی 1970 ی موخەڕەس و مفەوەز فەرەیدون نەجمەدین لە دایك بووی 1974 ی تەق تەق لە 2006/7/17 لە تەق تەق.





ژمارە(88) لە بەرواری 1997/10/26 فەرمانگەی ناوبراو گەڕایەوە تەق تەق و (شێروان حسێن حمەدەمین) بووە لێپرسراوی یەكەمی فەرمانگەكە، دواتر هەرەیەك لە فاروق نورەدین محمد ئەمین و بێستوون حەسەن عەلی بوون بە لێپرسراوی فەرمانگەكە. ساڵی 2006 (8)كارمەندی هەبووە ، (6)پۆلیس و دوو كارگوزار[43].

## فەرمانگەی كارەبای تەق تەق

ساڵی 1969 لە تەق تەق دامەزراوە ،بەشێك بووە لە شارەوانی ،لێپرسراوی ئەم فەرمانگەیە (مەسعود)ناوێكی عەرەب بووە ،ئەم فەرمانگەیە سەرەتا دوو مۆلیدەی (75)كەیڤی هەبووە ئەوانەی كارمەندی بوون ئەمانە بوون(قادر فەتحوڵڵا عەدادو عمر ئەحمەد عەبدوڵڵا و شوفێری ئامێرەكان كەریم عەلی دەهان بوو)

ساڵی 1970 (موحەمەد دزەیی )بەڕێوەبەری ناحیەو سەرۆكی شارەوانی بوو.

ساڵی 1971 (ئەبوبەكر شەریف قادر)بوو بە لێپرسراوی ئامێرەكان دواتر مۆلیدەی (500)كەیڤی بۆ فەرمانگەكە هات لەم قۆناغەش كارمەندەكان بریتی بوون لە( ئەبوبەكر شەریف قادر ، ڕەسول حمەلاو ،عمر ئەحمەد،عبدالرزاق صدیق ،كریم علی،سعدی محمود) ساڵی 1980 وێستگەیەكی (5)مێگاواتی دانرا كە لە دوكانەوە هێڵێكی (33127)دەهات بۆ شارۆچكەكە، دواتر فەرمانگەی كارەبا بەڕەسمی دانراو (مامەند تەها)لێپرسراوی فەرمانگەكە بوو ،ساڵی 1983 ئیسماعیل عوسمان بووە لێپرسراو تا ساڵی 1987 (عمر ئەحمەدی مام عەبدە)ی تەق تەق تا 2000/2/19 بووە لێپرسراو دواتر ( شۆڕش عمر ئەحمەد )كرا بە بەڕێوەبەری فەرمانگەكە لە ساڵی 2006 ژمارەی كارمەندی فەرمانگەكە (48)فەرمانبەر بووە.[44]

43–چاوپێكەوتن لەگەڵ فاروق نورەدەین موحەمەد ئەمین لە دایك بووی ساڵی 1974 ی ئۆمەرگومبەت ، لە2006/5/2 لە تەق تەق .

44–چاوپێكەوتن لەگەڵ شۆڕش عومەر ئەحمەد لە دایك بووی 1967 ی تەق تەق ، لە 2005/7/3 لە تەق تەق .

## کارگەی شوشتنەوەی خوری تەق تەق

لەگـەڕەکی ڕزگـاری سـاڵی 1997 ، لەلایـەن ڕێکخـراوی فـرانس لیبـەرتی لەڕووبەری(2000)م$^2$ دروست کراوە ، جەمال عەبدوڵڵا مەلا سدیق گەرمکی یەکەم بەڕێوەبەری بووە لە ماوەی شوبات تا ئابی 1998 ، لە 1998/9/20 بە ڕەسمی حکومـەتی هـەرێم وەزارەتـی پیشەسـازی ، بەڕێوەبەرایـەتی تـەکنیك و بەرهـەمی سلێمانی وەریگرت ، سیروان سەعید موحەمەد کە خەڵکی سلێمانی بوو ، بووە یەکەم بەڕێوەبەری فەرمانگەکە لە حکومەتی هەرێم ،ساڵی 1998 (41)کارمەند کـاری تیـا کـردووە ،بـەڵام سـاڵی 2000 لـە کارەکـانی وەسـتاوەو ئـەمڕۆ (13)کارمەندی ماوە[45].

## فەرمانگەی پۆستەو گەیاندنی تەق تەق



محمد عبدالرحمان

بۆ یەکەم جار لە ساڵی (1953)مانگی مایس بەدالـە لـە شارۆچـکەی تـەق تـەق کراوەتەوە،کـە فەرمانگەکە لە (6)هێڵ زیاتری نەبووە ،شێخ نوری شێخ موحەمـەد لێپرسـراوی فەرمانگەکـە بـووە ، دواتر هەریەك لە (تۆفیقە فەندی کۆیە،میرزا کـەمال قـەلادزەیی، حەمیـد مسـتەفا حـەدادی کۆیـە[46] وسەید عەزیز بەرزنجیو حەمید مستەفا بۆ جاری دووەم و مەغدید موحەمەد کۆیی و غازی مەهدی حەسەن شەقلاوەیی [47]و سەید ئەحمەد سکتاذیو جەمیل حسێن کۆیی و

45–چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی عەزیز شەریف ، لەدایك بووی 1973 ی سەرچنار لە 2007/5/7لە تەق تەق.

46–چاوپێکەوتن لەگەڵ (محەمەد عبدالرحمن سێگردکانی) لە 2006/4/6 و ئومێد حمەدەمین بەرید لە دایك بووی 1974 ی تەق تەق لە 2005/3/12 .

47– ژمارەی هێڵەکان لەسەردەمی ئەودا بوو بە (19)هێڵ لەبەرئەوەی لە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی کاری دەکرد ڕژێمی بەعس لە سێدارەی دا.





دڵدار ئیسماعیل کۆییو خاتو جەمیلە ساڵی 1985 و قاسم حمە [48] ساڵی 1989 و عمر شکر تەق تەقی ساڵی 1997 و قاسم حمە جارێکی تر 1998 و عمر شکر جارێکی تر ساڵی 1998 عەبدوڵا قادر سێگردکانی[49] ساڵی 1999 و محمد عبدالرحمان سێگردکانی[50] ساڵی 2003 لێپرسراوی ئەم فەرمانگەیان کردووە.

لەسەر مێژووی پۆستەو گەیاندنی تەق تەق بەڕێز مامۆستا ئومێد کوڕی مام حەمەدەمینی بەرید چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ باوکی بۆ ئەنجامدام لە مانگی چواری 2006 ئەمە دەقی چاوپێکەوتنەکەیە:

بەدالـەی تـەق تـەق سـەرەتا لـە خـانوی (شێخ ڕەئوف)بـوو ،دواتـر گوێزرایـەوە خـانوی (بـەکر شـەریف قـادر) ئینجا بـۆ شـوێنی ئـەمڕۆی فەرمانگەکـە ،سـەرەتا (6)هێڵی هەبووە دواتر بووە بە (10)هێڵ ،حەمەدەمین بەرید تـەنها هێڵەکانی چاك دەکـردەوە بـە تایبـەت لـە نێـوان سـاڵانی(1953–1965) چـونکە جگـە لـە مـام حەمەدەمین بەرید فەرمانبەری تری نەبووە ،بەدالەی تەق تەق هێڵی لەگەڵ ڕێدار (شوان) ،کۆیە ،دێگەڵە ،کۆیە لەوێشەوە بۆ سەنگەسەر و قەڵادزێ هەبووە ،هێڵی تەلەفۆن وەك ئێستا داپۆشراو نەبووە بەڵکو ڕووت بوون بە عامووده فافۆنەکانەوە ،وایەرەکان دەگوازرانەوە ،حکومەت بۆ چاکردنەوەی وایەری تەلەفۆنات لە نێوان شـارەکان (مـاین و ئەسـپی)بە (6)درهـەم دەگـرت هەنـدێجار کەرەکـەی مـام خورشیدی باوکی نادرمان دەگرت بـە (3)درهـەم ،لـەبری قادرمە(پەیـژە) دووشت هەبوو پێیان دەووت (رکاب)لە پێمان دەخست بۆسەرکەوتنە سەر عامودەکان،ئەو کات دامەزراندن زۆر کەم یان هەر نەبوو منیش بە هۆی خەلیلی برام دامەزرام چونکە ئەو مەئمور بەرید بوو لە کۆیە لەساڵی 1950 ئەگەر تەعیناتیش هەبوایە دەبـوو دەورە(خـول) بکرێـت لـە هـەولێر ،مـن دوو جـار دەورەی مـەئموری خـەتیان

48--ژمارەی هێڵەکان بوو بە (100)هێڵ دواتر (180)هێڵ

49--ژمارەی هێڵەکان بوون بە (200)هێڵ

50–لە (200)هێڵ کرا بە (1000)هێڵ و دواتریش بۆ (2500)هێڵ بەتۆڕی کێبلات و بەدالەی دجیتاڵ.

**پێکردم 3 مانگ ، 3 مانگ لەساڵی 1953، 1954 دا ئەو کات خۆیەتی (زاتیە) سەربەشاری موسڵ بوو ،یەکێ بیوستایە تەلەفۆن بکا دەهاتە بەرید و وەسلێکی(45)فلسیمان بۆ دەبڕی و پەیوەندیەکەمان بۆ وەردەگرت ،لە پەنجاکان و شەستەکاندا دائیرەکە مان زۆر شوێنی وەردەگرت وەك (کۆیەو ڕانیەو دێگەڵە و هەولێر وڕێدار وکەرکوك وبەغداد )وە سالآنی حەفتاکانیش دەرەوەی وولآتی وەردەگرت لە ڕێگەی کەرکوك و بەغداوە هەتا کۆتایی حەفتاکانیش دوو کارمەند بوین حکومەت زۆر هاوکاری دەکردین بۆ نمونە(دزمەو قەمسەلەی بەرباران و دەست کێش و کرێی ئەو وولآغانەشی دەداینێ ،کەدەمان برد بۆ دەرەوەی شار بۆ چاکردنەوەی هێڵە پچڕاوەکان ،ژیان و گوزەرانیشمان زۆر خۆش بوو ئەو کات ڕاتبی من (7،5)حەوت دینارو نیو بوو.**

# بەشی چوارەم

## تەق تەق لە ئەدەب و فۆلکلۆری کــوردی و بزاوتە ڕۆشنبیرییەکانی

# تەق تەق لە ئەدەب و فۆلكلۆری كوردی

## ڕبەی تەق تەق

زۆر دەمێكە دەپرسم و بزانم (ڕبەی تەق تەق)یان (هەر بە ڕبەی تە قتەقە)چیەو لەچیەوە هاتووە؟ پرسیارم زۆر كردووە بەلاّم نەگەیشتومەتە وەلاّمێكی ئەوتۆ و پاراو و قەناعەت پێهێن لەگەڵ ئەوەشدا دوو لێكدانەوەی جیا هەڵدەگرێت ئەوانیش:

یەكەم: گوایە لەسەردەمی عوسمانیەكان بەر لە جەنگی جیهانی یەكەم ،تەق تەق شوێنی كۆكردنەوەی باج و سەرانە و دەرامەت بووە،بۆقۆنتەراتچیەكانی عوسمانلی ،كۆگایەكی گەورە لە ئاواییەكە هەبووە ،مەئمورەكانی باج ڕبەیەكیان دروست كردووە ،زۆر لەو ڕبانە گەورەتر بووە ،كە جوتیارانی ناوچەكە پێوانەیان پێكردووە ،ئەمەش بۆ ئەوەبووە زۆرترین دەغڵ و دان كۆبكەنەوەو ئەوەی بۆ حكومەتی عوسمانی بێ وە ئەگەر نا زیادەكەی بۆ قۆنتەراتچیەكان خۆیان بێت ،لەمەوە لە نێوان فرۆشیاران و كریاراندا هاتووە (بە ڕبەی تەق تەق نەبێ)یان بە(ڕبەی تەق تەقمان لەگەڵ نەكەن).

دووەم:دەگێڕنەوە كاتی خۆی پیاوێكی خەڵكی تەق تەق سالاّنە چەند كار دەكا و ڕەنج دەكێشێ هەر لە سەر (ساجی عەلی)دەبێ ڕسقی بەزیاد نابێ ...بۆیە وای بەباش دەزانێ ،ناوچەكە بەجێبهێڵێت و بچێتە دەشتی دزەیی ،گوایە ناوچەی ئەوێ دەغڵ و دانی بەبڕشترە ،ساڵێك لەوێ وەرزێری خۆی دەكا كەچی دوای شەن و كەوی خەرمان دەبینێ ڕەوسەی گەنم و جۆی هەر لەبەرهەمی ناوچەی (تەق تەق)زیاتر نیە ،كەلێی دەپرسن ئەرێ بەروبومی ئەمساڵت چۆن بوو ،ئەویش دەڵێ"هەر بەڕبەكەی تەق تەقە"[1]

1-فاتح بێ لان تاڵەبانی ،مەبەست لە ڕبەی تەق تەق ...؟!كوردستانی نوێ ،ژمارە (1506)،1997/11/27.



لێكدانەوەی یەكەم زیاتر دەچێتە عەقڵەوە ،چونكە مێژووی تە ق تەق زۆر كۆن نیە ،تا نەزانرێت ئەو پیاوە كێیە و ناوی چی بووە؟خانەوادەكانی تەق تەق كۆنترینیان بەرەی (صەیهود) گردە و حەمەشینی حسێنی حێمڕو كاكەڕەش سەعدون و حەمەدی عەباس و حەمە سور جافە ،دڵنیام هیچ كام لەو زاتانەش نە خۆیان نەكوڕەكانیان ناوچەی بەراوی پڕ بەرەكەتی كەنار زێی بچوكیان بەجێنەهێشتووە ،بۆ دزەیی ئەمە لەلایەك لەلایەكی تریشەوە ،ناوچەكە دوای عوسمانیەكان كەوتۆتە دەست ئینگلیزەكانەوە و دواتر ڕژێمی دەرەبەگایەتی باڵی بەسەر سەراپای ناوچەكە داگرتووە ،بەمەش غەدرو چەوسانەوە هەر بەردەوام بووە ،بۆیە جوانترە بڵێین چ عوسمانلی چ ئینگلیز چ دەرەبەگ بۆ خەڵكی هەژاری ناوچەكە هەر بە ڕبەی تەق تەق بووە؟!

## ماینەكەی زوڕناسەر

لە گوندی كانی ڕەشی ،شێخ بزێنی خواروو ،لەكۆندا گوندێك هەبووە بەناوی "زوڕناسەر" كە شوێنەواری ئەم گوندە بە پیرە دارەكەی (تووی عەبدە) وە هەر ماوە ،دەگێڕنەوە لەو ئاواییە ،پیاوێك (ماین)ێكی هەبووە ،هەر كەس ویستویەتی توانیویەتی بەئارەزوی خۆی بیبات و كاری خۆی پێئەنجامداوە ئایا بارەداری پێهێنابێتەوە ماڵ یاخود باراشی پێ بردبێت بۆ ئاش ،ئەمەش بووە بە گۆتەو پەندی جێماوی ناو خەڵك ،لەكوردەواری ناوچەكە ئەگەر شتێك هەر ڕۆژەی بەدەست یەكێكەوە بێت،ووتویانە (وەك ماینەكەی زوڕناسەی لێ هاتووە)

ساڵی 1953 شێخ ڕەئوفی خانەقا بە كارمەند گواستراوەتەوە تەق تەق پێی ناخۆش بووە وایزانیوە لە تەق تەق دڵی دەتەقێ بۆیە لە شیعرێكدا نوسیوویەتی:

لەئەشغال دەركرام چیم پێكرا وەك (حاجی لەق لەق )لەق

ئەمێستا عاجزە لێی وەختەیەكە دڵ لە (تەق تەق)تەق

سەرەنجام لە (بانە ڕەقە)ی تەق تەق بە خاك سپێردراوە ،هەروەها لە فۆلکلۆری کوردیو لەگەمەی منالأن ناوی هاتووە بە خۆشیو یاری ناوی گوتراوە:

سابونە ڕەقی ،لە تەق تەقی ،پشتم تەقی[2]

حاجی قادری کۆیی لە وەسفی سمێلی پیاوێکی تە قتەق کە ئەم شیعرە وەك مارف خەزنەدار دەڵێ نوێ گەری تێدایە چونکە ئەو وەسفی پیاو دەکات ،ئەمەش بۆ ئەو کاتی خۆی شتێکی تازە بووە:

شەوکەتی جوتەی سمێڵت تاکە مانەندی کەمە

تەرکەشی تیری تەژاو و شیری دەستی ڕۆستەمە

ڕووی لە تەختی ڕوومەتت هێناوە بۆ شانت دەڵێی

ماری سەرشانی زوحاك و دوژمنی تەختی جەمە[3]

هەنجیری تەق تەقی ئەوەی بیخوا دەتەقی

لە ماوەی نێوان ساڵانی( 1985-1994)هەنجیری پێدەشتە کەناریەکانی گەرمك و قەرەناو و کەپەنەك ،ڕەزە هەنجیرێکی زۆری تێدابوو ،کە بە زێڕی زەرد ناو زەد دەکرا،دەچووە بازارەکانی هەولێرو سلێمانی ،لەوێش پێی دەوترا (هەنجیری تە قتەقی ئەوەی بیخوا دەتەقی)مەبەست ئەوە بووە کە دنکی گەورەو شیرینە مرۆڤ زوو پێی تێر دەخوا.

2-ڕەهبەر سەید برایم ،تەق تەق بوکی خێرو خۆشی دەم زێ ،کوردستانی نوێ ،ژمارە (2680)ی 2002/2/1.


3-د.مارف خەزنەدار ،مێژووی ئەدەبی کوردی ،بەرگی چوارەم، لە بلاوکراوەکانی ئاراس،ژمارە (30) ،هەولێر 2004 ل 146.





# دکتۆر ڕەئوف کوێخا عەزیز

## کوێخایەکی خاوەن بڕوانامەو مەعریفە



د.ڕەئوف کوڕی کوێخا عەزیزی کوڕی کوێخا ڕەشیدی کوڕی کوێخا سەعیدە ، لە نەوەی کوێخا زادەکانی تەق تەقە ، ساڵی 1947 لە تەق تەق هاتۆتە ژیانەوە ، قۆناغی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە تەق تەق و کۆیەو هەولێر تەواو کردووە ، ساڵی 1969 کۆلیژی ڤێرتێرنەری لە زانکۆی بەغداد تەواو کردووە، ساڵی 1976 لە زانکۆی لیڤەرپول ماستەری لە پزیشکی ڤێرتێرنەری وەرگرتووە ،

ساڵی 1979 لە هەمان زانکۆو پسپۆڕیدا لەبەریتانیا بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست هێناوە ، دوای تەواو کردنی قۆناغەکانی خوێندن لە سلك و پۆستی جیادا خزمەتی گەیاندووە بە میللەت وەك :

1-پیشەی پیرۆزی مامۆستایەتی کردووە لە پەیمانگای ڤێر تێر نەری لە بەغدا لە نێوان ساڵانی (1970-1971) .

2-بەڕێوەبەری بەیتەرەی هەولێر بووە بۆ ماوەی چوار ساڵ (1971-1975) .

3-مامۆستایەتی کردووە لە زانکۆی موسڵ بۆ ماوەی چوار ساڵ(1980-1984).

4-بەڕێوەبەر بووە لە کۆمپانیای پەلەوەری گشتی لە پایتەختی هەرێمی کوردستان بۆماوەی چوار ساڵ (1984-1988).

5-ساڵێك بەڕێوەبەری تاقیگەی ڤێرتێرنەری بووە بۆ ناوچەی کوردستان(1988-1989).

6-بۆ ماوەی دوو ساڵ لە زانکۆی سەلاحەدین ماموستایەتیکردووە (1991-1993).

7-بۆ ماوەی سێ ساڵ کاری کردووە وەك پسپۆڕ لە ڕێکخراوی فاو (1997-2000).

8-دامەزرێنەری بنکەی خێر خوازی د.ڕەئوف لە تەق تەق (2002-2003).

9-لێپرسراوی کۆمیتەی ڕیفراندۆم لە بەریتانیا لە ماوەی ساڵی (2003-2004).

دوای ململانێیەکی دوور و درێژ لەگەڵ نەخۆشیدا بۆ ماوەی چوار ساڵ لە شەوی 13/14-9-2006 کاتژمێر 10،2 دەقیقە دڵە گەورەکەی دوای (59)ساڵ تەمەن لە لێدان کەوت.

لە دوای خۆی دوو کوڕو کچێکی بە جێهێشتووە :

1-هەڵات ،لە 1974/6/26 لە هەولێر لە دایك بووە ، قۆناغەکانیخوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە ، دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاری بەشی کارەبای زانکۆی سەلاحەدینە (1995-1996) ، بەشداری کۆمەڵێ خولی پێشکەوتووی کردووە لە بەریتانیا لە بواری پەیوەندیەکان (2003-2005) ، ساڵی 1988 لە پۆلی دووەمی ناوەندی لەلایەن ڕژێمەوە ئازار دراوە ، ساڵی 1991 لە گەڕەکی ئیمام قاسمی کەرکوك بە هۆی کورد بونیەوە گیراوە، ئەمڕۆ کاری بینا سازی دەکات باڵەخانەی د.ڕەئوفی لە هەولێر دروست کردووە کە بووە بە نەخۆشخانەی شیفاء.

2-د.ڕۆژ لە 1976/2/25 لە لیڤەر پولی بەریتانیا هاتۆتە ژیانەوە دەرچووی کۆلیژی پزیشکی زانکۆی سەلاحەدینە (2000-2001)، دواتر لە بەریتانیا بڕوانامەی دکتۆرای بە دەست هێناوە ساڵی 2006 لە بواری نەخۆشیە دەرونیەکان ، ئەندامە لە کۆمەڵەی پزیشکانی دەروونی شاهانەی بەریتانی ،جگە لەمانە وەرگێڕێکی شارەزای زمانە بەتایبەت بۆ کوردەکانیبەریتانیا.

3- شیرین ، لە 1982/4/11 لە هەولێر لە دایك بووە ، 2005 -2006 کۆلیژی ئادابی بەشی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی سەلاحەدین تەواو کردووە .





# د.رەئوف لە دیدی نوسەران

ئەکادیمیەکی کارا ،بێدەنگ ،سەنگین ،بەویقار ،خاوەن هۆشێکی خارق ،زیرەك ،بلیمەت ،کارناس و هۆناس و چاوناس ،بیرمەند ،بەهرەمەند ،ووردو بوێر ،ئاسودە گەش ،هەموو ووشەیەکی تاوتوێ دەکرد ئینجا دەئاخاوت لە ئاخاوتنیش کورتبڕی زوو پەیام گەیشت بوو [4] کەمجار وا ڕێك دەکەوێت پیاوێك لە هەموو ڕوویەکەوە (کامل الاوصاف) لێهاتوو بێ وەك د.ڕەئوف ،جوان و کەشخە ،هەمیشە دەم بەخەندە ،زیرەك و ئاسۆ بین و خاوەن بیرێکی تیژ ،گوڵی مەجلیس و سەخی و ڕۆشن فکرو خاوەن لێکدانەوەی واقیعیانەو ڕەخنەی بونیات نەر بوو[5] هەتا بڵێی مێشك فراوان و بەپێزبوو بۆ داهێنان ،پیاوێکی شێوە جوان و قۆزو ڕەوشت بەرزو سەربەخۆو هەڵکەوتوو ،نیشتمان و نەتەوەی خۆی خۆش دەویست[6] پیاوێکی پڕ لە بیرو باوەڕی پێشکەوتوو خوازانە بوو ،ستراتیجی زان ،شەفاف ،دژی دوو بەرەکی بوو ،بڕوای بە برایەتی کوردو عەرەب هەبوو ،محاورێکی زۆر چالاك بوو ،شیکەرەوەیەکی سیاسی ووردو دیموکرات بوو لە ماڵەوە و لە کاردا[7] بۆ هەمو شیکردنەوەیەك پشتی بە لێکۆڵینەوەی واقیعیو مێژوویی و زانستیو ڕۆشنبیری بەستووە[8] ڕووخۆش و ڕووگەش ،قسە خۆش و نوکتە باز بوو ،هەمیشە بیری ئامادەبوو بۆ وەرگرتنی جیاوازیەکان و تێبینیە

---

4-ئاراس ئیلنجاغی ،د.رەئوف گوزەرێك لە تیشکی زانست ،هاموون ،ژمارە 56 ی 2006/10/22.

5-فریاد رواندزي ،کلمات في رثاء الصدیق الوفي د.رؤوف کویخا عزیز ،الآتحاد ،العدد 1394 الخمیس 2006/9/21.

6-فاروق مەلا موستەفا ،فرمێسکێکی وەفاداری بۆ هاوڕێ ی شیرینم د.ڕەئوف ،کوردستانی نوێ ،ژمارە 4074 ی 2006/9/15.

7-عادل موراد ،لە یادی چلەی کۆچکردوو کاکە د.ڕەئوف ،کوردستانی نوێ ،ژمارە (4106)ی 2006/10/29.

8-نەسروڵلا نەجمەدین ،د.ڕەئوف ماڵئاوا ،ئالای ئازادی ،ژمارە (679)ی 18ئەیلولی 2006.

ووردو زیرەکەکان [9] بەئەمەك بوو لەگەڵ هاوڕێدا ،نەك تەنها لە کوردستان و عێراق بەڵکو لە ئەوروپاشدا هاوڕێ ئینگلیزەکانی خۆش دەویست [10] ،هەڵگری پەیامی بەرزی وولاَت ئاوەدانکردنەوەو مێشك و هزر پاکردنەوەی لابوو بۆ هەموو بارە بەهەندەکان قسەو تێڕوانین و دیدی ژیرو ستراتیژیانەی هەبوو[11] پیاوێکی دڵئەواو بەدڵ بوو تا دوا هەناسەی هاوکاری ڕۆشنبیران و هەژاران و لێقەوماوانی ئەکرد،هەر بۆیە فاتح بێلانی شاعیر لە دێرە شیعرێکدا لە ستایشی دا ووتویەتی:

هەرچییەك کەچاو لە ڕابردووت دەگرێت
دەڵێ هەتا قیامەت خێر بێتە ڕێت[12]

## خەسڵەتە سیاسیەکانی:

سیاسەتمەدارێك بوو لە چەشنی یەکەم (الطراز الاول) ،سەربەخۆو بێلایەن سەربەهیچ حزبێك نەبوو ،میانڕەویی بۆ خۆی کردبووە ڕێچکەو پێوان،خوێندنەوەو پێشبینی بۆ داهاتوو ڕاست و واقیعیانە بوو ،هەموو بۆچونێك جێگەی ڕێز بوولای ،ئەگەر پێچەوانەی لێکدانەوەکانی خۆشی بونایە[13] ساڵی 1966 ئەندامێکی ڕووناکبیری چالاکی کارامەبوو لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە زانکۆی بەغدا ،بە شێوەیەکی تایبەت لە کۆلیژەکانی ئەبو غرێب[14] لە مانگرتنی قوتابیانی 1968

9–د.طالب مراد ،وفي الليلة الظلماء يفتقد البدر وداعاً كاك رؤوف ،صوت العراق ،صحيفة الكترونية يومية مستقلة ،2006/9/19.

10– د.جەلال فەتاح ،د.رەئوف و هەندێك لە یادەوەریەکانم ،تاك ،ژمارە 25ی کانونی دووەمی 2007.

11– قاسم موحەمەد مستەفا ،د.ڕەئوف بەڕاستی دڵ نەوا بوو ،تاك ،ژمارە 22 ی تشرینی یەکەمی2006.

12–فاتح بێلان تاڵەبانی ،ماڵئاوا د.رەئوف ماڵئاوا ،تاك، ژمارە 21 ی ئەیلولی 2006.

13–فریاد رواندزی ،مصدر السابق .

14–عادل مراد ،كلمة وفاء لرحيل صديق الدرب الدكتور رؤوف ،الأتحاد،العدد 1427 ،السبت 2006/11/11.





ڕۆڵی کاریگەری هەبوو ،هەرچەندە ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەبوو ،بەڵام لە نوێنەرانی یەکێتی بەریتانیا چالاکتر بوو هەر بۆیە جەنابی مام جەلال زۆر بەڕێزەوە دەیڕوانیە چالاکیە نیشتمانیە نهێنیەکانی ناوی نابوو کاك کوێخا عەزیز [15]

## پێشنیارە بەدیهاتووەکانی :

ساڵی 1985 لە کۆڕێکی برادەرانی چەپدا بە پشت بەستن بە شیکردنەوەی کاروباری ئابوری سۆڤیەت ووتویەتی "پاش( 5–6) ئەم وولاَتە هەڵدەوەشێتەوە !ساڵی 1988 لە شەڕی خواکورکدا ووتویەتی "لەبەرئەوەی نابەرامبەرە ڕژێم سەردەکەوێت ،بەڵام بە پشت بەستن بە (گەشەکردنی مێژوو کە کەفیلە بۆ گۆڕینی هەموو قەیرانێك )دوو ساڵ زیاتر ناخایەنێت وەزعی کورد باشتر دەبێت ! ساڵی 1990 لە کاتی گرتنی کوێت ووتوویەتی "عددی عکسی ئەم ڕژێمە بە کردەوە دەستی پێکرد[16].

15– عادل موراد ،کوردستانی نوێ ،سەرچاوەی پێشوو .

16–نەسروڵڵا نەجمەدین ،ئاڵای ئازادی ..سەرچاوە پێشوو.

# عەلی حەیران

## دەنگ خۆش لە ئاوێنەی مێژووی تەق تەقدا

عەلی كوڕی سالْحی كوڕی سمایلی گەرمكیە ،لە تیرەی (شێخانی بن داسنیە) ،بە عەلی حەیران ناسراوە ،مام سالْح كوڕە گەورەكەی كە لە سالْی 1927 لە دایك بووە دەڵیٚ"باوكم لە تەق تەق ژنی هێناوە بەلاْم نازانم چ سالْێك بەر لە 1927 هاتووە ،ژنەكەی ناوی (فاتم سەعیدە) و تەق تەقیە،مرۆڤێكی بالاْبەرزو سوورو سپیو چاوشین بووە ،سەپانیو ڕەنجبەری كردووە ئەو سیفەتەی كە بووە بە نازناوی ئەوەبووە كە دەنگێكی خۆش و زولاْڵی هەبووە،بەتایبەت لە حەیران وتندا ،لە گوندەكانی (ئیلنجاغی گەورەو مەرزان و گەرمكی ساتوقەلاْ و ئۆمەرگومبەت و سێگردكان و كانیلەلە و دەشتی كۆیە)ناسراو بووە ،لەبەرئەوەی زۆر تێكەڵی خەڵكی ئیلنجاغی گەورەو مەرزان بووە بۆیە وەسیەتی كردووە كەلەڕیٚی هاتنی خەڵكی مەرزان بنێژرێت كە هاتونە بۆ تەق تەق ،گۆڕەكەشی لە گۆڕستانی كۆنی تەق تەقە ،مام كاكەڕەش سەعدون چەندین جار هەوڵی داوە بۆ ئەوەی بچێتە ئێزگەی بەغداد بۆ تۆماركردنی دەنگی بەلاْم عەلی حەیران ڕازی نەبووە ،ئەمەش هۆكاری سەرەكیە بۆ نەمانی ئەو دەنگە زولاْڵە(17).

17–عەلی حەیران دەنگ خۆش لە ئاوێنەی مێژووی تەق تەقدا ،تاك ژمارە 12 ی كانونی یەكەمی 2005





# فاتح بیَ لان تالَەبانی شاعیر



كوڕی حەمە شینی خورشیدی سادقی حاجی قادرە ،1968 لە گوندی تاڵەبانی گەورە هاتۆتە ژیانەوە ،سەرەتایی و ناوەندیو دواناوەندی لە تەق تەق خوێندووە،1991–1992 بەشی ئابوری لە كۆلیژی كارگێری و ئابوری لە زانكۆی سەلاْحەدین تەواو كردووە ، لەسەرەتای هەشتاكانی سەدەی ڕابردووەوە شیعر دەنوسیٚ ،

یەكەم بەرهەمی شیعری لە گۆڤاری (بەیان )ژمارە 133 بلاْوكردۆتەوە،

لە ڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا شیعرو نوسین و بابەتی جۆراو جۆری بلاْوكراوەتەوە، لەسەرەتای دامەزراندنی ڕۆژنامەی كوردستانی نویٚ لە 1992/1/12 تا سالْی 1997 وەك پەیامنێریٚ كاری ڕۆژنامە نووسی تێدا كردووە ، دەستەی نوسەرانی مانگنامەی تەق تەق و لە دوا ژمارەیدا سەرنوسەری بووە ،ئەمڕۆ مامۆستای ئابوریە لە دواناوەندی تەق تەقیئێواران (18)لە چاپكراوەكانی :

(نۆتەی ئاوازێكی نویٚ ،دیوانە شیعر 2004 ،قەڵەمێك لە ژێر سێبەری سپێتیدا، دیوانە شیعر 2005).

18–هیمداد مەجید مەرزانی ،كوێخا عەلی مەرزانیو بەهرەمەندی لە شوێن پیٚ هەڵگرتن ،سلێمانی 2006 ل 67.

# شانۆگەری لە تەق تەق



شانۆگەری ئاغا و مسكێن 1978

لە راستەوە مقداد تالب و سوارەی مام سەعید

شانۆگەری لە تەق تەق دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای حەفتاكانی سەدەی ڕابردوو ،ساڵی 1972 لە ئاهەنگی نەورۆزدا شانۆگەری (دكتۆر)لەلایەن كۆمەڵێك گەنج نمایش كرا كە تێیدا (نامق فەقێ موحەممەد ڕۆڵی نەخۆش و شێروان حەسەن عەلی ڕۆڵی دكتۆری بینیوە ،

دوای نسكۆی 75 شانۆگەری (زوحاك) پێشكەش كرا، ئەوانەی تیایدا ئەكتەر بوون ئەمانە بوون(عومەر عەلی ڕەزا ، فارس عەبدوڵلا ، عەلی عومەر عەلی ، كامەران سدیق ، قارەمان وەستا عارف ، شێروان حەسەن ،عەلی شوكر) هەمان ساڵ لەسەر كابرایەكی شێت لەلایەن (عەبدولعەزیز فەقێ موحەممەد ، عومەر عەلی ڕەزا ، فارس عەبدوڵلا ، عەلی شوكر ، كەمال حەمید) شانۆگەرییەك پێشكەش كرا.[19]

ساڵی 1978 شانۆگەری ئاغاو مسكێن لەلایەن (پێگەیاندنی لادێ) یەوە ،پێشكەش كرا كە تێیدا سوارەی مام مارف ڕۆڵی پیاوێكی مسكێن و مامۆستا

19–بلال جەوهەر ، پێشینەیەك لەسەر نواندن و شانۆ لە شارۆچكەی تەق تەق ، تاك ، ژمارە (28)ی نیسانی 2007.





هیدایەت سلێمان ڕۆڵی پیاوی ئاغاو نەریمان عوسمان چایەچیو ڕۆستم عوبێد موحەمەدو فەرهادی برایو هیوا كوێخا عەزیز ئەكتەری شانۆگەریەكە بوون[20]

ساڵانی 1981–1982 تا 1984 ئەم قۆناغەش بە دوور نەبوە لە نمایشی شانۆ بەڵام بەداخەوە هیچ زانیاریم لەسەر ئەو قۆناغە دەست نەكەوت ، ساڵی 1985 لە دواناوەندی تەق تەقی تێكەڵاو شانۆگەری قوتابخانەی سەرسوڕهێنەرو دكتۆرو نیمچە دكتۆر لە نەورۆزدا پێشكەش كران كە نوسین و دەرهێنانی بەرهەمەكان بلال جەوهەرو بێستوون حەسەن بوون ، ئەوانەی بەشدار بوون (كەمال عوسمان ، كامەران داود ، سەباح موحەممەد ، جەبار سوارە ، بەهرام ئەكرەم ) شانۆگەری كۆمەڵەی شێتان لە نوسین وئامادەكردنی بلال جەوهەر و بێستون حەسەن بوو ساڵی 1986 نمایش كرا لەلایەن گروپی پێشووەوە ، وەهەروەها هەریەك لە (عاسی یونس ،عەبدوڵلا جەوهەر ، تارق غەفور ،عەبدولواحید عەباس ،ئەمین حوسێن ،عەبدی عەبدولكەریم ،ڕەزا عەبدوڵلا ، كاكەجوان عومەر ، ئیسماعیل ئیبراهیم ، نازم حەمەدەمین)لە هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو ڕۆڵی نواندیان بینیوە لە ئاهەنگەكانی تەق تەق.[21]

## تیثی مؤسیقای تەق تەق



تیپی مۆسیقای تەق تەق

نەورۆزی 1994


لە ساڵانی هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو ، خولیایانی مۆسیقا لە تەق تە ق پەرەی سەندوە ، هەریەك لە شۆڕش عومەرو عوسمان حاجی عەبد و جەلیل قەرەناوی و حەكیم شەهاب لە دواناوەندی تەق

20– چاوپێكەوتن لەگەڵ سوارە سەعید ناسا ساتوقەلا لە2006/4/23 لە تەق تەق.

21–بلال جەوهەر ...هەمان سەرچاوە.

تـەق سـاڵی 1989 بەشـداری ئاهەنگی نەورۆزیان کرد ،

دوای ڕاپەڕین ساڵی 1993 ، ژمارەی عاشقانی مۆسیقا بوون بە (12)ئەندام و تیپـی مۆسـیقای تـەق تـەقیان دامەزراند بـۆ مـاوەی یـەك مـانگ مامۆسـتا هـەژار موحەمەد کۆیی خولێکی بۆ کردنەوە ، دواتر توانییان چەند بەرهەمێك لە سردو گۆرانیبەرهـەم بێنن بـەدەنگی هونەرمەندان (نـەوزاد بانـە گـولاّنی ، فاخر عـەریف تالب ، سەرباز بەکر ، کامەران سدیق ، ئیدریس شەهاب ، قابیل عومەر)[22].



هونەرمەنـدی جوانەمـەرگ (نـەوزاد بانـە گـولاّنی ساڵی 1969 لە بانەگولاّنی دەشتی کۆیە لە دایك بووە ،دەنگێکی بە سۆزی هەبوو ، بەشـداری بۆنـەو یـادە نیشـتمانیەکانی بـە گـۆرانی کردووە، ساڵی 1994 وەك ئەندامێکی کارای تیپی مۆسیقای تەق تەق بەدەرکەوت و چەند بەرهەمێکی تۆمارکرد (دابڕان ،عەشقی دڵ ، کۆتری حەز ، عەمرەکەم حەلاو) لە ئێوارەی 2001/10/8 کۆچی دوایی کرد[23] .

مامۆستا ئەنوەر تاهیر بەر لە ڕاپەڕین هەوڵی داوە خولیایانی مۆسیقا هان بدات دوای ڕاپەڕنیش سەرۆکی تیپی مۆسیقای باواجی (م.هەژار )لە 1993/4/16 توانی مۆسیقارەکان ئەکتیڤ بکات و بەیەکەوە کۆیان بکاتەوە هەیئەیەکی ئیداریان بۆ دروست بکات ، فەرهاد عوبێد سەرپەرشتیارو فاتح بێلان

22-حەیدەر مەنتك ،لەگەڵ تیپی مۆسیقای تەق تەق ، مانگنامەیتەق تەق ،ژمارە (1)ی سەرماوەزی 2700 ی کوردی.

23-ئاراس ئیلنجاغی (کامگار )، هونەرمەندی جوانەمەرگ نەوزاد بانە گولاّنی ، تەق تەق، ژمارە (6) تشرینی یەکەمی 2001.





جێگرو فاخر تالب بەرێوەبەری هونەریو عەبدوڵڵا ژمێریارو حەکیم شەهاب و ئاسۆ موحەمەد ئەندامی یەدەگ بوون ،ئەندامانی تیپی مۆسیقا ساڵی 1993 بریتی بوون لە (فەرهاد عوبێد ، فاتح بێلان ،حەکیم شەهاب ، شۆڕش عومەر ، نەوزاد بانەگولاّنی ،عەبدوڵڵا مەجید ، ئاسۆ موحەمەد ، شوان ئەحمەد ، خالید عەبدوڵڵا ، کاوە عەزیز ) ساڵی 1996 فاتح بێلان بۆماوەیەك بووە سەرۆکی تیپ ، ساڵی 1997 دەستەیەکی کارگێڕی نوێ دروست کرا بەسەرپەرشتی عەبدوڵڵا مەجیدو نەوزاد بانە گولاّنیو ئاسۆ موحەمەد ، ساڵی 2005 تیپی مۆسیقا گۆڕا تیپی مۆزیکی تەق تەق و تیپ ناوەکەی بەڕەسمی گوڕاو لە 2006/3/6 مۆڵەتی یاسایی وەرگرت ، دامەزرێنەرانی بریتی بوون لە (فەرەیدون قادر ڕەمەزان و ڕۆژیدە بەکر عارف ، ئاسۆ موحەمەد قادر ،عەبدوڵڵا مەجید ،ئامانج موحەمەد)[24].

## ڕۆژیدە بەکر دامەزرێنەری کۆمەڵەی تایکواندۆی ئافرەتانی کوردستان



لە 1974/12/25 لە شارۆچکەی تەق تەق هاتۆتە ژیانەوە ،خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لە تەق تەق بڕیوە،بە پلەی دووەم پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر بەشی(شێوەکاری –پەیکەر سازی) ساڵی 1997-1998 تەواو کردووە[25] لە 1998/12/25 وەك مامۆستا لە قوتابخانەی دیانای سەرەتایی

24-ئاسۆ موحەمەد ، تەق تەق و گەشەسەندنی هونەر ، تاك ژمارە (27) ئازاری 2007 ز.

25-ڕامان،ژمارە (3)ی کانونی یەکەمی ساڵی 1998 ، ل 212.

دامــەزراوە ،خــاوەنی چــەندین کــارو چالاکی هونەری و وەرزشیە وەك:

1–بەشداری ڤیستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگای کردووە.

2–بەشداری یەکەم پێشانگای پەیکەر سازی لە هەولێر کردووە لە 1998/1/5 لـە هـۆڵی میـدیا[26] بـە دوو ماکێـت یـەکێکیان بـە نـاوی دیـوار بەنـدی (هـاوار) و ئەویتریان پەیکەرێکی بازنەیی بە ناوی حەپسەخانی نەقیب[27].

3–ئەتروحەی دەرچونی پەیکەرێکی حەپسە خانی نەقیب بە جلی کوردیـەوە ،بەبەرزی (2)م بووە[28].

4–1999/3/16 لە قەزای سۆران بەشداری پێشانگای (وەرینـی پێـنج هـەزار گـوڵ لـە پێشـوازی بـەهاردا)ی کـردووە ،بەهاوبەشـی لەگـەڵ هونەرمەنـد (ڕەگـەز ڕەشید) لە یازدەمین ساڵوەگەری کیمیا بارانی هەڵەبجەی شەهید.

خـاتوو ڕۆژیـدە لەگـەڵ ئـەوەی وا چـاوەڕوان دەکـرا ببێتـە هونەرمەنـدێکی شێوەکاری گەورە کەچی وەك وەرزشەوانێك دەر کەوت لە کارە وەرزشیەکانی:

1–مامۆسـتا بـووە لـە بەڕێوەبەرایـەتی چـالاکی وەرزشـیو دیـدەوانی سـەر بەبەڕێوەبەرایــــەتی گشــــتی پــــەروەردەی هــــەولێر ،سەرپەرشــــتیاری یاریــــە ڕێکخراوەکـانی خوێنـدنگاو ناوەندیـەکانی کچـانی شـاری هـەولێر بـووە ،بەرپرسـی تابلۆی سەرزەوی [29].

2–لە دوای مامۆستا ناسح دووەم کەسە لە شاری هەولێر تابلۆی سەر زەوی ئەنجام داوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردەکانی (هەولێر ،شەقلاوە ،سۆران)لە ماوەی ساڵانی (2000–2003)ز.

26–شادمان دەرگەلەیی ،یەکەم پێشـەنگای پەیکەرسازی لـە شاری هـەولێر دا ،برایـەتی ،ژمارە(2499)ی 1998/2/6 ز .

27–برایەتی ،ژمارە (2500)ی 1998/1/7ز.

28–ابو دالی ،ڕۆژیدە بکر ،تتعامل مع الحجر وتجعله ینبض بالحیاة ،زاگروس ،عدد (10) ،1998/9/27 ، ل37.

29–ڕۆژیدە بەکر خاوەنی گەلێ بەهرەی وەرزشیە ،برایەتی ،ژمارە (3642)ی 2002/3/21.





3–دامەزرێنەری کۆمەڵەی تایکواندۆی ئافرەتانی کوردستانە ،بەپێ نوسراوی ژمـارە( 531) ی 1999/8/15 ی وەزراەتـی نـاوخۆ مۆڵـەتی پێـدراوە لـە مـاوەی نێوان ساڵانی (1999–2003)سەرۆکی کۆمەڵەکە بووە.[30]

ئەندامی یەکێتی تایکواندۆی عێراقی لقی هەولێر بووە ، لە 9–2000/5/12 بەشداری پاڵـەوانێتی تایکوانـدۆی عێراقـی کـردووە ،بە پلـەی یەکـەم دەرچـووە لـە کێشــی (70کگــم) [31] بــە نوســراوی ژمــارە (106) ی 2000/5/30ی یــەکێتی تایکوانـدۆی عێـراق وەك ڕاهێنـەری ڕێپێـدراوی هەڵبـژاردەی تایکوانـدۆی کچـانی هـەولێر دەسـت نیشـان کـراوە ،خـاوەنی (کەمەربەنـدی ڕەش (1)دان) ە، بڕوانامـەی شانازی لە وولاتی (کۆریا)پێبەخشراوە .

لـە خـولی فریـاگوزاری سـەرەتایی مـانگی سووری عێراقـی لقـی هـەولێر بەشـدار بـووەو هـەر بۆیـە توانیویـەتی ڕۆڵـی فریـاگوزاری سـەرەتایی ببینێـت لـە بـورای وەرزشـدا[32] ، سـاڵی 2006 دەسـتەی دامەزرێنـەری تیپـی مـۆزیکی تـەق تـەق بووە[33].

5–هـەروەها بەشـداری چـەندین کـۆڕی شـیعری کـردووە لـە شـارەکانی (هـەولێر ،سۆران ،ڕەواندوز)ئەمەش نمونەیەکی شیعرەکانیەتی:

سێ گوڵ
لە زستانێکی سەختدا
حەزم دەکرد ببمە بەهار
بۆئەوەی بگرم تەنیا سێ گوڵ
ڕەنگی سووری گوڵەکانیش بکەم بە گڕ

30–دەنگی ئافرەت ،ژمارە (23)ی کانونی یەکەمی 2000 ،ل 29.

31–ماریـا ئەحمـەد ،خـاتو ڕۆژیـدە بـەکر :سـەرکەوتنی ئـافرەت لـە وەرزشـدا پاراسـتنی ڕەوشـت و ناوبانگیەتی، پێشکەوتن ،ژمارە (110)ی تشرینی یەکەمی 2001 ل 41.

32–هۆگر ڕەسوول ،زوومی کامێرا ،وەرزش ،ژمارە (168)ی 2001/2/21 ز.

33–ئاسۆ موحەمەد ، تەق تەق و گەشەسەندنی هونەر ، تاك ، ژمارە (27)ی ئازار ی 2007.

بیان نێرم

بۆ کەرکوك و مهابادو دیاربەکر.

# مێژووی جولانەوەی وەرزش لە تەق تەق

وەرزش لەم شارۆچکەیە مێژوویەکی دێرینی هەیە ،سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سیەکانی سەدەی ڕابردوو ،کە ئەو ساکە یاریزانان تەنها لە ڕێگەی قوتابخانەکانەوە بەشداری چالاکی وەرزشیان دەکرد ،یەکێك لەو یاریزانانە (ئەحمەد جەمیل)ە ،نەك تەنها لە تەق تەق بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق و پارێزگاکانی چەندان سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە لە ڕاکردنی ماوە درێژو سوار چاکیدا ،ساڵی 1938 پۆلی شەشەمی کەلۆری تەواو کردووە[34] ،بەڕاستی لاوێکی زیرەك و وەرزشکارێکی سەردەمی خۆی بووە لە سەردەمی حوکمی پاشایەتی لە بواری وەرزش ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە ،لەبرەو پێدانی وەرزش بە تایبەتی تۆپی پیٚ و تۆپی باڵە .[35]

دواتر لەبەر نەبونی ڕێکخراوێك یان ناوەندێك بۆ گەشە پێدانی وەرزش ، تاماوەیەك وەرزش لەم شارۆچکەیە بەرەو کزی ڕۆیشتووە ،تا کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئینجا جارێکی تر بە هۆی کردنەوەی (پێگەیاندنی لادێکان)لە هۆبەی کشتوکاڵی تەق تەق وەرزش لە بواری تۆپی پیٚ و تۆپی سەرمێز بایەخی پێدرا ، کەیفی کۆیی تیپەکانی ئەوکاتی بەڕێوە بردووە ، دوای ڕاپەڕین چەندین تیپی میللی دروست بوون ، لە یاریەکانی تۆپی پیٚ و باڵەدا ،لە 1997/7/13 یانەی وەرزشی تەق تەق دامەزرا ،توانی بایەخ بە بواری وەرزشی بدات و بۆیەکەمین جار لە مێژووی وەرزشی هەرێمی کوردستان پێشبڕکیٚ ی بەلەم ساز

34–تاهیر ئەحمەد حەوێزی ،مێژووی کۆیە ،بەغداد ،1984 ،ل 205.

35–ڕزگار حاجی حەمە، مێژووی وەرزش لە شارۆچکەی تەق تەق ، مانگنامەی تەق تەق ،ژمارە (4) ی 2001/7/1.





بکات لە ئاوی زێی بچووك بۆ لاوانی وەرزش وانی سنوری تەق تەق [36]. یەکەم سەرۆکی یانەی وەرزش تەق تەق نەوزاد کاکەڕەشەو دواتر هەریەك لە ڕزگار حاجی حەمەو دکتۆر برایم بە وەکالەت و کاکەخان نەسرەدین سەرۆکی یانەکە بوونە ئەمڕۆ نەوزاد کاکەڕەش بۆ جاری دووەم سەرۆکی یانەکەیە.

# ناوەندی ڕۆشنبیری تەق تەق

لە کۆتایی ساڵی (2004)دوای هەست کردن بە بوونی پێویستەیەکی زۆر لە شارۆچکەکەمان بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی ڕۆشنبیری ،کۆمەڵێك لە دەرچوانی کۆلیژوپەیمانگاکان و خوێندکارانی زانکۆ و گەنجان و لاوانی سنوری ناحیەی تەق تەق ،بەباشیان زانی ناوەندێکی ڕۆشنبیری و ڕوناکبیری تایبەت بە تەق تەق و دەوروبەری دابمەزرێنن . دەستەی دامەزرێنەران بریتی بوون لە (بەکر سەلام سلیم ،ئاراس ئیلنجاغی،ئامانج عەبدوڵلاٌ سەعید، کاوە تەیب جەلال ، فاروق عوسمان تەیب ،نەجمەدین تەکەڵتویی ،هەڵمەت موحەمەد قادر، هەڵبەست حسێن حەمەدەمین ، جاسم محەمەد ڕەزا ،ئەمیر عەزیز شەریف ،ـ ناسیح یاسین ، عمر عەبدوڵلاٌی مام سۆفی ،هیوا نورەدەین ،سالاری مەلا جەلال، سەیفەدین نەسرەدین).

بۆ پێکهێنانی ناوەندەکە بەندە بەهاوکاری دەستەی دامەزرێنەران و ڕۆژیدە بەکر عارفی خێزانم ،توانیمان ڕەشنوسی پەیڕەو پڕۆگرامی ناوەندەکە ئامادەبکەین لە بەرواری( 2004/9/4)لەماڵی خۆم لەگەڕەکی شەهیدانی تەق تەق گفتوگۆی لەسەر کراو دەرەنجام هەشت بەند لە پەیڕەو پڕۆگرامەکە بەکۆی دەنگی ئامادەبوان پەسند کران بوو بە بەرنامەیناوەند.

دوای پەسند کردنی بەرنامەی کاری ناوەندەکە بەکۆی دەنگی ئامادەبوان (بەکر سەلام سەلیم)کرا بە لێپرسراو (عمر عەبدوڵلاٌ مام صۆفی)کرا بە یاریدەدەرو

36–ڕزگار حاجی حەمە ...هەمان سەرچاوە.

(ئاراس ئیلنجاغی)ل.بەشی کارگێڕی و (ئامانج عبدالله) ل.بەشی ڕاگەیاندن و ،(هەڵمەت محەمەد قادر) ل.بەشی چالاکیەکان (ئەمیر عەزیز شەریف) ل.بەشی دارایی و ( کاوە تەیب جەلال ) ل.بەشی پەیوەندیەکان تێکڕای ئەمانە بە دەستەی بەڕێوەبەر دانران کە لە لێپرسراو و یاریدەدەرو بەرپرسی بەشەکان پێکهاتبوون.دواتر هەریەك لە بەڕێز (کاکەخان نەسرەدین )بەڕێوەبەری ناحیەو (ئازاد خالید مامەند)سەرۆکی شارەوانی تەق تەق بوون بە ئەندامی فەخری ناوەندەکەو ئەمەش نەبووە هۆکار بۆ نەرمی ناوەندەکە بەرامبەر بە دەسەڵات چونکە قەڵەمەکانی کەلە (تاك)بابەتیان دەنوسی هەندێ کێشەو سەرئێشەی بۆ ئەوانیش دەنایەوە ،دوای هەموو ئەمانە دەستەی دامەزرێنەر ،داواکاریەکیان پێشکەش بە وەزارەتی ڕۆشنبیری ئیدارەی سلێمانی کردو لە بەرواری 2004/10/10وەزارەتی ناوبراو نوسراوی ژمارە(3522)ی بەڕێوەبەرایەتی کارگێری خۆیەتی خۆی ئاڕاستەی وەزارەتی ناوخۆ کرد لە بەرواری 2004/5/11 وەزارتی ناوخۆ بەفەرمی مۆڵەتی بەخشیە ناوەندەکە بە ژمارە (6189).

# نوسین و ڕۆژنامەگەری لە تەق تەق

زۆر جێگای ئومێدە کۆمەڵێك قەڵەمی هەڵچوو لە شارۆچکەیەکدا بتوانن بەچەند ژمارەیەکی بلاۆکراوەیەك مێژوویەك دروست بکەن ،کەچی تر پێویستیان بەوە نەبێ بۆ باس کردنی قۆناغێك لە قۆناغەکانی شارۆچکەیەك ڕۆژهەلاّتناس و گەڕیدەیەکی خۆرئاوایی بکەن بەسەرچاوە بۆ مێژووی خۆیان .

تەق تەق تا دوای ڕاپەڕین هیچ پێشکەوتنێکی لە بواری نوسین و ڕۆژنامەگەری بە خۆیەوە نەدیوە ،ساڵی 1992 لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) فاتح بێلان تاڵەبانی بووە پەیامنێری ڕۆژنامەکەو تاکە کەسێکی ئەو کاتەیە کە هانی گەنجانی تەق تەقی دابێت لەو بوارەدا ،بەهۆی دێوزەمەی جەنگی نێو خۆ (1994-1997)هیچ بلاۆکراوەیەك دەرنەچووە ،بەلاّم لە حوزەیرانی 1998 تا





ئەمڕۆ چەند بلاۆکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤار لەلایەن نوسەرانی تەق تەقەوە هاتنە وەشاندن لەوانە:-

## 1-چۆلی

چۆلی گۆمی نەشڵەقاوی بواری نوسینی لە شارۆچکەی تەق تەق شڵەقاند کاتێك یەکەم ژمارەی‌لە حوزەیرانی 1998 کە بەتابیعەو دەست نووس و لەبەرگرتنەوە (استنساخ) دەرچوو ،مۆرکی ڕۆژنامەی پێوە دیار نەبوو ،بەڵکو نامیلکە ئامێز بوو،ژمارە (1) ی حوزەیرانی (12)لاپەڕەبوو ،ڕووی یەکەمی بەرگەکەی وێنەی منارەی چۆلی شاری هەولێر و ڕووی دووەمی بەرگەکەی وێنەی شەهید موحسین بوو ،ژمارە (2) ی تەمموزی (20)لاپەڕەبوو ، بەهەمان شێوە ڕووی یەکەمی منارەو دیوەکەی تر وێنەی شەهید فاقە مەخموری بوو ،وێنەی بەرگیش لەلایەن سەنگەر مورتکەیی کێشرابوو ،ئەم بلاۆکراوەیە تەنها دوو ژمارەیەی لێ دەرچوو بە ناوی‌کەرتی ڕێکخستنی ئاوارەکانی هەولێر لە تەق تەق دەهاتە بلاۆکردنەوە بەلاّم دواتر بەفەرمانی مەڵبەندی (3) ی(ی.ن.ك)ڕێگەی بلاۆکردنەوەی نەدرا ،ستافی چۆلی (شاخەوان مەلا موحەمەد،سابیر ئاومالّی ،چەتۆ نەجم ) و چەند کەسێکی تر پێك هاتبوون ، کەبە داخەوە ناویانم لەبیر نەماوە .

## 2- هەنگاو

مانگنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتی بوو ،کۆمەڵێك لاوانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە تەق تەق دەریان دەچواند ،یەکەم ژمارەی لە تشرینی دووەمی (1999) ەوە دەر چوو ،دوایین ژمارەشی لە تشرینی دووەمی 2000 . هەنگاو (10)ژمارەی لێ دەرچوو ،بەمەش دەردەکەوێ دوو مانگ ،گولاّن و خەرمانان دەرنەچوە ،چوار ژمارەی سەرەتایی دەست نووس بووە ،لە ژمارە (5)ەوە تایپ کراوە لە دوو توێی (8)لاپەڕەی( A4 )هاتۆتە وەشاندن ،شوان موحەمەد کەریم سەرپەرشتیاری نوسین و فەخرەدین قەرەناوی و سیروان مشیر کاذی‌لەلەیی

**ئەندامی بەڕێوەبردن و دڵشاد سابیر کاری دابەشکردنی بڵاوکراوەکە بوو،دوای چۆلی بە دووەمین بڵاوڤۆك لە تەق تەق دێتە ئەژمار.**

## 3-تەق تەق

**مانگنامەیەکی ڕووناکبیری خزمەت گوزاری بوو ،بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی تەق تەق دەردەچوو ،ژمارە (1)ی لەسەرماوەرزی ساڵی 2700 ی کوردی لە دوو توێی 8 لاپەڕەی ( A4)دەرچوو ،سێ ژمارەی یەکەم بەبەرواری مانگە کوردیەکان دەهاتنە وەشاندن ،ژمارە (1) سەرماوەرز و ژمارە (2) ڕێبەندان و ژمارە(3)ڕەشە مێی 2700 کوردی .**

**ئەگەر چی مانگانە بوو بەڵام هەندێ جار لە وەرزەنامە زیاتری پێدەچوو لە نێوان ژمارەیەك و ژمارەیەکی تردا ،بۆ نمونە ژمارە (3)ی لە ڕەشەمێ (شوبات)بوو ،ژمارە (4) تەمموزی 2001 بڵاوکرایەوە ،ژمارە (6)ی تشرینی یەکەمی 2001 و ژمارە (7)ی لە حوزەیرانی 2002 بڵاوکرایەوە ،ستافی (تەق تەق)زوو گۆڕانیان بەسەردا دەهات لەیەکەم ژمارەیەدا (ساڵح کلێسەیی بەڕێوەبەری نوسین و فاتح بێلان تاڵەبانی و ئاراس ئیلنجاغی دەستەی نوسەران بوون) ،لە ژمارە (2،3) دا هەردوو بەڕێزان (فریاد حەمەد مەعروف و حەیدەر مەنتك) بۆ ستافی نوسەران زیاد کران ،لە ژمارە(4) فاتح بێلان تاڵەبانی بووە جێگری بەڕێوەبەری نوسین و ڕزگاری حاجی حەمەش بووە ئەندامی دەستەی نوسەران.**






**(7)مانگ دوای ژمارە (6) ژمارە (7) بڵاوکرایەوە ،کە دوایین ژمارەی بڵاوکراوەکە بوو، وەیەکەم ژمارەی مۆڵەت پێدراو بوو ،ساڵح موحەمەد کلێسەیی خاوەن ئیمتیازو فاتح بێلان تاڵەبانی سەرنوسەر بوون ،بە ژمارە (153)ی 2002/3/18 وەزراتی ڕۆشنبیری لەم ژمارەیەدا ناونیشانەکەی گۆڕا بۆ تەق تەق مانگنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتیە ،لە ناحیەی تەق تەق دەردەچێت)**

**لەگەڵ هەموو ئەو هەڵکشان و داکشانەی مانگنامەی تەق تەق ، بەڵام (تەق تەق) ئەستێرەیەکی گەشی بواری نوسینە لە شارۆچکەی تەق تەق.**

## 4-تاك

**بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتیە ،ناوەندی ڕۆشنبیری تەق تەق ،مانگی جارێك دەری دەکات ، ژمارە (سفر)ی ئەزمونی لە 2004/12/24 لە چاپخانەی (ڕەنج) ی شاری سلێمانی بە تیراژی (500)دانە لە دوو توێ ی (8)لاپەڕەی(A4)بڵاوکرایەوە ،پیت چنیین و نەخشە سازی یەکەم ژمارەی لە نەخشە سازی (لەیزەر) لە لایەن (ئیسماعیل سوارەوە) لە تەق تەق بۆ ئەنجامدرا،تاکە ڕۆژنامەیە لە تەق تەق بە تیراژێکی زۆرو بە بەردەوامیو لە کاتی خۆی دەربچێت ، تا ئەم نوسینە (28)ژمارەی لێبڵاوکراوەتەوە لە ژمارەکانی سەرەتاییدا چەند کەسایەتیەك هاوکاری بوون لەوانە(خوالێخۆش بوو د.ڕەئوف کوێخا عەیز ،شێخ عەلی شێخ حەمە ساڵح ،ڕەهبەر سەید برایم ،شێخ سلاح شێخ شەرەف ،کاك ڕەفیق ،کاکەخان نەسرەدین ،کەیفی عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا ،فاروق فایەق کاکەڕەش ،مام نیزام ،ئازاد مامەند ،علی شکر مەرزانی و هەڵات د.ڕەئوف)**

**لە ژمارە (7) ی تەمموزی 2005 بە نوسراوی ژمارە (540)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری بەرواری 2005/6/29 مۆڵەتی فەرمی وەرگرت و (کاکەخان نەسرەدین خاوەنی ئیمتیاز و ئاراس ئیلنجاغی سەرنوسەر)بوون ،**

ئەو نوسەرانەی کە وەك جێگری سەرنوسەر کاریان تێدا کردووە(هەڵمەت موحەمەد ،بەکر سەلام ،فەرەیدون حەمزە)هەروەها ئەوانەی بەڕێوەبەری نوسین بوون (ئامانج عەبدوڵڵا و بەکر سەلام و فەرەیدون حەمزە) هەریەك لە (هەڵمەت موحەمەدو ئامانج عەبدوڵڵا و بەکر سەلام و دلێر عەبدوڵڵاو جومعەکانی لەلەیی و جەمال ئەنوەرو فەرەیدون حەمزەو هەڵبەست حسێن )یش دەستەی نوسەرانی بوون.

## 5-سەدا

بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتی سەربەخۆ بوو ،کۆمەڵێ گەنج و خوێندکاری تەق تەق ،دوو هەفتە جارێك دەریان دەکرد ،لە 2006/4/23یەکەم ژمارەی بڵاوکرایەوە ،ژمارە (6)دواین ژمارەی بوو لە 2006/7/31 دەرچوو ،تییایدا هاتووە (بڵاوکراوەکەمان بۆ ماوەیەکی کاتی دەبێتە مانگانە) کەچی چیتر بڵاو نەکرایەوە ،بیرۆکەی بڵاوکراوەکەش (ئاری سابیر) بوو، خاوەنی ئیمتیاز هەوار ئازاد عەبدوڵڵا سێگردکانی بوو.

## 6-ڕاما

گۆڤارێکی ڕووناکبیری گشتی سەربەخۆیە ،کۆمەڵێك گەنجی شارۆچکەی تەق تەق دوو مانگ جارێك دەریدەکەن ،خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری نوسینی (بەشار پەیامی)ەو سەرنوسەرەکەی (زەردەشت فەیزوڵڵا)یە ،ژمارە (1)ی لە نیسانی 2006 بڵاوکرایەوە ،بەقەبارەی 56 لاپەڕەی نیو (**A4**) لە حوزەیرانی 2006 ژمارە (2) ی کەوتە بەر دیدی خوێنەرانی کە تیایدا (نەهرۆ حەمەد عارف و وشیار عمر خدرو فاتح یاسین ئیسماعیل و مەریوان محێدین عەلی )بوون بە دەستەی نوسەرانی ،دوای (4) مانگ بەسەر ژمارە (4)ی ،هەردوو ژمارەی (5،6)لە دوو توێ (84)لاپەڕە بڵاوکرایەوە ،ڕاما بەیەکەم گۆڤاری سنوری ناحیەی تەق تەق دادەنرێت لە بواری نوسین و بڵاوکراوە.

# بەشی پێنجەم

## کاریگەری بارودۆخە سیاسیەکان لەسەر شارۆچکەی تەق تەق

# کاریگەری بارودۆخە سیاسیەکان لەسەر شارۆچکەی تەق تەق

تەق تەق دورگەیەك نەبووە ، تا ببێتە ناوچەیەکی گۆشەگیرو باردۆخی سیاسی کوردستان و ناوچەکە کاری لێنەکات ،ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە لەمێژوودا دەسەلاتی عوسمانیەکان و میرنشینە کوردیەکان ڕەنگدانەوەیان لەسەر تەق تەق هەبووە ،بە تایبەت عوسمانیەکان ،نەك تەنها لە ڕووی سیاسەوە بەڵکو لە ڕووی ئابوریشەوە خەڵکیان چەوساندۆتەوە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی باجێکی یەکجار زۆر وەك (مەڕانە ،فرۆجانە ،هێلکانە ،تەپالأنە ،ڕۆنانە ،گوێسانە ،مێوانانە ،جێژنانە ،سەرخۆشانە، سورانە ،بێکارانە ،[1] جگە لەمانە کراسانەو جەمەدانیانە و دەرپێیانەو قاورمانەشیان وەرگرتووە[2] وەك شاعیر مەلا حەمدون دەڵێ:

ژەندرمە ئەسوڕێتەوە وەك واشەی برسی
بۆلاشەی میللەت بە فرو فێڵی غەزاوە
فەوتاوە لەبەر سوخرە کەرو هێسترو یابو
حوشتر سەقەت و شەل بووە گا پشتی شکاوە
کەر شەوقی زەڕینی نیە حتی لە بەهارا
ترسی هەیە نەك بیخەنە ژێر باری قەزاوە[3]

هەروەها خەڵکی شارۆچکەی تەق تەق لەلایەن عوسمانیەکان بە زۆر کراون بە سەربازو ڕەوانەی بەرەی جەنگ کراون وەك حەمەدی عەباس بەشداری شەڕی (عوسمانی –ئینگلیزی )کردوە ،ساڵی 1916 لە خوارووی عێراق لە ناوچەی (کوت)،واتە سەرباز بووە دژی (ستانلی مود)دوای جەنگ سەربازە دۆڕاو بریندارو هەلأتوەکانی سوپای عوسمانی بە کوردستان بلأوەیان کردووە و لە کوردستانی

1– سەربەست کەرکوکی ،ڕاپۆرتی کارگێری دەڤەری کەرکوك ساڵی 1919 ،سلێمانی ،2006 ،ل 31.

2– جەمال فەتحوڵلاّ تەیب،کۆیە لێکۆڵینەوەیەکی ،مێژوویی،سیاسی ،کۆمەلأیەتیە ،سلێمانی ،2006 ، ل54.

3– کامەران ئەحمەد حەمەدەمین ،کوردستان لە نێوان ململانێی نێو دەوڵەتی و ناوچەییدا (1890–1932)دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،سلێمانی 2001،ل13.





عێراق ماونەتەوەو نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە وولاتی تورکیا نمونەی ئەمەش سلێمان تورکی تەق تەقە ،کە نەوەکانی ئەمڕۆ بوون بە خانەوادەیەك لەم شارۆچکەیە [4]

هەرچەندە کۆیەو دەوروبەری شوێنی ململانێی نێوان میرنشینی سۆران و بابان بووە ،هەر چۆنێك بووبێ کاریگەری ئەوتۆی بەسەر (تەق تەق)ەوە نەبووە ، نێوان ساڵانی (1914–1918)تەق تەقیش وەك هەمو ناوچەکانی کوردستان دووچاری گرانیو برسێتی بووە بە هۆی جەنگی جیهانی یەکەمەوە ،عەبد جاسم دەڵێ :لە ساڵی 1918 کە چوومە وە تەق تەق ئێمە جۆمان چاندبوو ،درووێنەمان دەکرد ،بۆ ماوەی(7)ڕۆژ لەسەریەك لە ماڵی ئێمە بڕوشی جۆیان دەکردە چێشت وهەروا بەبێ خوێ دەمان خوارد[5] هەر مام عەبد جاسم ووتوویەتی لە کۆیە بەم چاوانەی خۆم بینیم لەجێ بەنزینخانەی ئێستا هەندێك لە برسان هێستریکی حکومەتی عوسمانیان کەوڵ دەکرد (لای ئاشی تەم تەمان)بارگیرێکیان کەوڵ دەکرد لە گوزەری (دەباغ خانە)ش خەریکی کەوڵ کردنی کەرێك بوون ،بەلأم هەرگیز نەم بینیوە و نەم بیستووە لەو ساڵەدا (1918)خەڵکی لە کۆیە گۆشتی بەنی ئادەمیان خواردبێ ، نازانم چۆن کاك تاهیر ئەحمەد حەوێزی لە مێژووی کۆیە نوسیویەتی گۆشتی بەنی ئادەم خوراوە .[6]

هەر لە درێژەی سیاسەتەکانی عوسمانی لە ناوچەکە خوالێخۆش بوو مەلا سدیق مەلا ساڵح گەرمکی دەڵێ "چاکم بیردێ کە عوسمانیەکان چۆن سەردەمی سوڵتان( ڕەشاد)بە ناوی (موبایەعە) هاتن چی دەغڵ و دانی خەڵکی هەبوو هەموویان پاکۆداو بەتالأن بردیان ،بەم کردەوە نامرۆڤانەیان خەڵکیان هێنایە سەر ساجی عەلی ،خەرتەلەو گلێخەو گۆشتی گوێدرێژو ئەسپی تۆپیوو دەخوراو

4– چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێبوار سابیر شەریف لە دایك بووی ( 1982)ی تەق تەق ،لەبەرواری ( 2006/4/25)لە تەق تەق.

5– فاتح بێلان تاڵەبانی ،زەنگێك لە ڕابردووەوە ،کوردستانی نوێ ،ژمارە (452)ی 1993/8/3.

6– فاتح بێلان تاڵەبانی ،هەمان سەرچاوە.

بە هەزاران کەس لە برسان مردن ،من بەو دوو چاوانەی خۆم لە گوندی گەرمك بینیم کە سەگ چۆن گۆشتی ئادەمیزادی دەخوارد[7]دوای نەمانی دەسەلأتی عوسمانیەکان و هاتنی ئینگلیز تا ڕادەیەك گوزەرانی خەڵك گۆڕانی بەسەردا هات، بەلأم ئینگلیزی داگیر کەر هەمان کارمەندو فەرمانبەرانی کۆنی عوسمانیان لەکاروباری ئیدرایو پەروەدەیی و تاد بەکار هێناوە لە کەرکوك[8]تەق تەقیش بەشێك بووە لە ناوچەکانی کەرکوك ئینگلیز تەنها لە ماوەی سالێك (1919–1920)،پێنج ملیۆن و پێنج سەد هەزار پاوەندی داهاتی گومرگی لە کوردستان و عێراق کۆکردەوە ،بە گوێرەی ئاماری ئەو کات هەر کەسێکی عێراق (2)پاوەندی لێ سەنراوە [9].

لەم ماوەیەدا کۆیەو تەق تەق ناوچەی( تاك و کۆ) شوێنی ململانێی عوسمانیو ئینگلیز بووە ،سالی 1922 سەرهەنگێکی عوسمانی بە ناوی (ئۆزدەمیر)ئینگلیزەکان تێك دەشکێنیٚ ،لەو بارەیەوە عەبد جاسم دەلیٚ ئینگلیزەکان بە خۆیان و (75)بریندارەوە بە شپرزەیی لە دەشتی بیتوێن گەیشتنە کۆیە ،لەبەرەبەیاندا دەرگای مزگەوتەکانیان گرت و هەر کەسیٚ بۆ نوێژ کردن بهاتایە دەیان گرت و بە چوار کەس بریندارێکیان پیٚ هەڵدەگرتن و بەرەو تەق تەق دەیان بردن [10]تورکەکانی عوسمانی لەو سالەدا بەڕێوەبەرێکی ناحیەیان بە ناوی (عبدالفتاح ئاغای عبداللە ئاغا)یان لە تەق تەق دانا[11].

بیرۆکەی تەق تەق بکرێتە ناحیە دەگەڕێتەوە بۆ ئینگلیزەکان ،چونکە کاتیٚ ئینگلیز بەلێنی بە شێخ مەحمودی نەمردا ،حکومەتی کوردستان دابمەزرێنیٚ ،

7– فاتح بیٚلان تالەبانی ،بیرەوەریەك لە ڕۆژانی ڕابردوو ،کوردستانی نویٚ،ژمارە (1353)ی 1996/8/7.

8– سەربەست کەرکوکی ،هەمان سەرچاوە... ل13

9– سەربەست کەرکوکی ، هەمان سەرچاوە ل 81.

10–جەمال فەتحوڵلأتەیب ،کۆیەو هاتنی ئینگلیز ،گۆڤاری ڕاما ،ژمارە (1)ی نیسانی 2006.

11–تاهیر ئەحمەد حەوێزی ،مێژووی کۆیە ،بەرگی دووەم ،بەشی یەکەم ،چاپخانەی نەمیر ،بەغدا ،1984 ل 149.





دوای ئەوە شێخ مەحمود هەستی بە سیاسەتی دوو ڕووی ئینگلیز کرد ،ئینجا لە 1919/5/21 شۆڕشی دژی ئینگلیز ڕاگەیاند[12] ،ئینگلیزیش لە هەولی ئەوەدا بوو دەسەلأتی شێخ مەحمود لە کوردستان کەم بکاتەوە هەر بۆیە بیرکردنەوە لە تەق تەق کە بکرێتە مەڵبەندێکی کارگێڕی لەلایەن ئەفسەرێکی ئینگلیزو لە ڕێکخستنی سنوری کارگێری کەرکوکدا هێشتنەوەی ناوچەی (شێخ بزێنی)دوور لە ئیداری شوان[13]ئەوە دەگەیەنیٚ کە هۆزی (شێخ بزێنی )بەلای خۆیدا ڕابکێشیٚ ،بۆ ئەوەی نەبنە چەکداری شۆڕشەکەی شێخ مەحمود ،بۆ ئەو مەبەستەش تەق تەقیان بۆ بکاتە ناحیەو زێی بچوکیش وەك ڕێڕەوێکی ئاوی بەکار بهێنیٚ ،چونکە وێڵسنی حاکمی سیاسی گشتی مسیۆپۆتامیا ،لە ڕاپۆرتی هەوالگری تایبەت بە بابەتەکانی باشور ی کوردستان ،لە سالەکانی جەنگی گەورە ،ئەوەی ئاشکرا کردووە ،کە حاکمە سیاسیەکان بۆیان هەبووە لەو چوار چێوە گشتیەی کە بۆیان دانرابوو ،ئەو ووردە دەستکاریەکارگێریەی ناوچانە بکەن[14].

تەق تەق لەبەر ئەوەی ناحیەك بووە سەر بەقەزای کۆیە لە مانگی تشیرینی دووەمی 1919 خرایە سەر لیوای هەولێر ،بەلأم لە ڕووی ئیداریەوە تا سالی 1923 سەر بە کەرکوك بووە ،بەپیٚ نوسراوی وەزارەتی ناوخۆی عێراق ژمارە(7711)ی بەرواری (23–25 نیسانی 1921)کۆیەو تەق تەق سەر بە لیوای کەرکوك بوون[15] لە حکومەتی پاشایەتیو تا کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ، تەق تەق ناحیەکی تاقانەی شاری کۆیە بووە ،لەگەلٚ دامەزراندنی (ئەنجومەنی

12–جەمال فەتحوڵلأ تەیب ،کۆیە لێکۆڵینەوەیەکی ،مێژوویی ،سیاسی ،کۆمەلأیەتیە ،سلێمانی 2006،ل 86.

13–دوای پڕۆسەی ئازاد کردنی عێراق سالی 2003 ،جارێکی تر بیر لەوە کرایەوە(هۆزی شێخ بزێنی )زیندوو بکرێتەوە(نوسەر).

14–سەربەست کەرکوکی ،هەمان سەرچاوە.ل 24

15–د.کمال مەزهەر ،کرکوك توابعها والضمیر ،دراسة وسائیقیة عن القزیة الکردیة فی العراق،الجزْء الاول ص42.

ئاوەدانكردنەوەی عێراق)ساڵی 1951[16]بڕیاری دروست كردنی پردیتەق تەق درا لەسەر زێی بچووك ،بەمەش بایەخی ستراتیجی تەق تەق زیاتر بوو ،وە بووە جێگەی بایەخیحكومەتی عێراقی وەك هێڵێكی سەربازی. لەسەرو بەندی شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 و هاتنە سەر دەسەڵاتی (عبدالكریم قاسم) وەك یەكەم سەرۆك كۆمار بە هۆی دۆزینەوەی نەوت لە باكوری خۆرئاوای تە قتەق لە گوندەكانی (ئیلنجاغی گەورەو گچكەو مەرزان و شیواشۆك و داربەسەر ) بایەخی تەق تەق ئەوەندەی تر ڕووی لە زیادی كرد ،لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول بە ڕابەڕایەتی (پارتی دیموكراتی كوردستان) ساڵی 1961 ،بە هۆی چالاكی پێشمەرگەی لەشكری كوردستان دەستیان بەسەر ڕەبیەكانی پاسەوانی (كێڵگەی نەوتی تە قتەق)داگرت بەمەش جارێكی تر تەق تەق ناویكەوتە ناو ناوانەوە جگە لەوەی چەند بارەگایان لە سنوری تەق تەق و گوندەكانی دەوروبەری هەبووە ،هاوینی ساڵی 1963 ڕژێمی عێراق بە حەرەس قەومی پەلاماری كوردستانیان دا لەو ساڵەدا (جەلیل ئاغا سەرپەل بوو لە شۆڕش ،لە شیوە سوور پێشی سوپای حەرەس قەومی گرت و هەر لە وساڵەدا فڕۆكەی حكومەتی عێراق (9)ناپاڵمی لە گوندی كانی لەلە دا كچێكی قادر ئاغا بە ناوی (سەبریە )شەهید بوو لەگەڵ (حەبسەی كەریم ئاغا)جگە لە چەند كەسیێزامدار بوون ،دوای تێكشكانی هێزی پێشمەرگە و هاتنی حەرەس قەومی بۆ بانی ئۆمەرمەندان خەڵك ناچار لە تەق تەق بەرەو گوندەكانی (گەرمكی ساتوقەلاّ ،كانی لەلە ،چەمی كوێخا رەشید ، ئۆمەر گومبەت)بەڕێكەوت لە ترسی حەرەس قەومی ،كە هاتنە تەق تەق تالاّن و بڕۆ دەستی پێكرد (عەزیز سلێمان تورك )مێگەلێكی مەڕو مالاّت هەبوو بەتالاّن براو هەموو خانوەكانیشیان سوتاند[17] مام عەوللاّی

16–سەروەر عمر حەمە مستەفا ،چەند وانەیەك لەسەر جوگرافیای عەسكەری كوردستانی باشور /قەلاّچۆلان ،2002،ل1.

17–چاوپێكەوتن لەگەڵ (عومەر ئەحمەد عەبدوڵلاّ) لە دایك بووی ساڵی (1937)ی تەق تەق لە 2006/4/25 لە تە قتەق.





مامی سلێمان حەلاق ،پیاوێكی بە سالاّچووی پەككەوتە بوو لەماڵی خۆیدا ،خانوەكەیان بەسەردا ئاگر تێبەرداو سوتاو شەهید بوو [18] ،هەر لەو پەلامارە (سلێمانی كوڕی سابیری عەیشێی كەپەنەك )لەوبەری زێی بچووك شەهید كرا و كوڕێكی تریشی بە ناوی (حەمزە ) لە سەرەتای شەڕی (ئێران–عێراق) شەهید بوو[19] هەروەها لە گوندی تاڵەبانیگەورەش خەڵكیان شەهید كرد، لە شۆرشی ئەیلولدا(حەسەن عەلی و حاجی حەمە زیادو حمید كریم شریف و حوسێنی كوێخا حەمەدەمینی گەرمك ،نامق كاكەڕەش ،عیزەت قادر ،حاجی محیالدین ئەحمەد ،عەریف جمال ،بونە پێشمەرگە لە نسكۆی (1975)حەسەن عەلی و قارەمانی وەستا عارف چوونە وولاّتی ئێران[20]هەروەها چەندین لاو لەم شارۆچكەیە پەیوەندی بە (حزبی شیوعی عێراق) ەوە هەبووە وەك (قادر شەریف ،قادر ڕەمەزان، عوسمان عەلی حەیران،سەلمانی مام ڕەحمان ،كاكەی چایەچی[21]. بە داخەوە داوای زانیاریم لە سەر ڕێكخستنەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان و حزبی شیوعی عێراق لە هەردوو ناوچەی كۆیەی حزبی شیوعیو ڕێكخراوی تەق تەقی پارتی دیموكراتی كوردستان كرد لە سنوری ناوچەی تەق تەق بەلاّم هیچ كامێكیان وەلاّمیان نەدامەوە.

18–چاوپێكەوتن لەگەڵ (بەكر وەستا عارف)لە دایك بووی (1932)ی تەق تەق ،لە 2006/3/26 لە تە ق تەق.

19–چاوپێكەوتن لەگەڵ (مەحمود حەمید عەلی)لە دایك بووی (1935)ی تەق تەق،لە 2006/4/21 لە تەق تەق.

20–بەكر وەستا عارف ،هەمان چاوپێكەوتن.

21–مەحمود حەمید عەلی هەمان چاوپێكەوتن.

# هێڵەکانی ڕێکخستنی شۆڕشی نوێ لە تەق تەق و چالاکی نهێنی و شکستی ئاشکرا بونیان

دوای گفتوگۆی شۆڕشی کوردو حکومەتی عێراق ساڵی 1970 ،جارێکی تر جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی گەلەکەمان دووچاری پلانی دەرەکی بۆوە ،لەم نێوەندەدا کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هاتە ئاراوەو جم و جۆڵی ڕێکخستنی لە شارەکانی سلێمانی ،هەولێر ،کەرکوك ،دەست پێکرد،شەهید جەعفەر عەبدولواحید لە ڕێکخستنەکانی هەولێرو شەهید ئەنوەر زۆراب لە کەرکوك و شەهید خالە شەهاب لە سلێمانی کاریان دەکرد .مام ئەنوەر نادر دەڵێ"ئێمە ساڵی 1974 لە هەولێر پەیوەندیمان بە شەهید عەلی ساڵح کرد ،ئەو کات کۆنە جەلالیمان پێدەوترا ،لە ساڵی 1976 ڕاسپێردرام بەکاری ڕێکخستن لە شارۆچکەی تەق تەق ،سەرەتا لە هۆبەی کشتوکاڵی تەق تەق دەستمان پێکرد،شەهید نامق تاڵەبانی و مام نادری برایی و رئیس بەکر بەرزنجیو کەیفی و سەید ناوێك کە ئەمڕۆ لە کەرکوکەو عەلی و دواتر سنوری کاری ڕێکخستنمان فراوان کرد بۆ ڕۆژئاوایی تەق تەق تابەستی شەرغە[22].

مام ئەنوەر دەڵێ"شەهید عەلی ساڵح پێی ووتم دەتەوێ برادەرێکی تر بناسی لە کۆیە ؟منیش ووتم ئەگەر دەکرێ قەیدی چیە پێم خۆشە ئەویش ووتی لە کۆیە برادەرێك پێت دەڵێ ئەنوەر تاقەتی سوار سوارێنت ماوە ئەتۆش بڵێ بەڵێ بەم شێوەیە یەکترمان ناسی لەگەڵ مامۆستا شەهید حەمید کەریم شانە ئەو سەرپەرشتی هێڵەکانی ڕێکخستنی کۆیەو منیش تەق تەقم دەکرد ،بەلام هیوای شەهید نامق دەڵێ باوکم ساڵی 1971 پەیوەندی بە شەهید حەمید کەریم شانەوە کردووە لە کۆیە ،هەروەها باوکم سێیەم کەسی ڕێکخستنە دوای شەهید جەعفەر عەبدولواحید و شەهید حەمید کەریم شانە لە سنوری کۆیە ،ساڵی 1976

22- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر نادر ئیلنجاغی لە دایك بووی 1937 ی ئیلنجاغی گەورە لە 2006/12/23 لە شاری کۆیە.





بەشداری کۆمەڵێ چالاکی کردووە تا لە 1977/12/12 لە گوندی کانی سوور لە شەڕێکی نابەرامبەردا لەگەڵ ڕژێم شەهید دەبی[23].



شەهید نامیق تاڵەبانی

نەوزاد کاکەڕەش دەڵێ"شەهید نامق تاڵەبانی ساڵی 1971 کە لە گرتوخانەی خەلان بوو ،پەیوەندی بە حەمید کەریم شانەوە هەبووە ،وە ساڵی 1972 من و شەهید نامق یەکترمان ناسیوەو لەگەڵ مامۆستا حەمید کەریم شانە کارمان کردووە ،هێڵەکانی ڕێکخستن کەم یەکترمان دەناسی ،تا ساڵی 1975 ئێمە چەند کەسێك بووین لە سنوری تەق تەق یەکترمان ناسی لەوانە مام ئەنوەر نادر ئیلنجاغیو شەهید نامق تاڵەبانی و ئەبوبەکر بەرزنجیو مەلا قادر شێمحێدین "


لە مایسی 1977 پێنج لە ئەندامەکانی نهێنی کۆمەڵە لەلایەن ڕژێمەوە لە شارۆچکەی تەق تەق گیران و ڕەوانەی گرتوخانەکان کران ،لەوانە (ئەبوبەکر بەرزنجی ،ئەنوەر نادر ئیلنجاغی ،نەوزاد کاکەڕەش ،ڕەفیق مەرگەیی ،مەلا قادر شێمحێدین).

نەوزاد کاکەڕەش دەڵێ "دوای ئازاد بوونم لە فەرمانگەی هۆبەی کشتوکاڵی تەق تەق مەساح بووم لێپرسراوی بەشی ناوخۆیی بووم ، تابیعەم لەبەردەست بوو ،زۆربەی پاش نیوەڕۆیان بڵاوکراوەی کۆمەڵەم چاپ دەکردو تا بەیاننامەی

23- چاوپێکەوتن لەگەڵ هیوای شەهید نامق لە دایك بووی 1976 ی تاڵەبانی گەورە لە 2006/12/22 لە شاری کۆیە .

دامەزراندنی یەكێتی نیشتمانی كوردستان لە تابیعەی زراعە چاپم كردەوەو لە ڕێگەی هێڵەكانی ڕێكخستنەوە لە سنوری كۆیەو تەق تەق بلاْومان كردەوە [24]

حاجی نادری مام كەریمی تاڵەبان وتی "شەهید نامقی برام زوو پەیوەندی بە شەهید حەمید كەریم شانەوە هەبووە ،بەلاْم لە ساڵی 1975 ئەنوەر نادر لێپرسراوی ڕێكخستن بوو لە تەق تەق هەریەك لە مامۆستا باپیرو عەلی حەوێزو مەلا قادر كاولانیو شەهید ئاودێریش كاریگەریان لەسەر ڕێكخستنەكانی تەق تەق هەبوو ،مام نادر وتی ئەوانەی لە هێڵی ڕێكخستنی منەوە دەمناسین برایمی ئەحمەد تەهاو بەكری ئەحمەد تەهای تاڵەبان و شەهید حەمەزیاد تاڵەبانی و د.سلاح سەعدی قەرەناویو مەحمود حمە و كاكەخانی برایيو عەبدوڵلاْی حاجی سەعیدەی گەرمك بوون[25]


شەهید عەزیز ئاغای كانی بی

11 ی نیسانی 1979 بە مێژوویەكی تفت و تاڵ دادەنرێت لەمێژووی كاری نهێنی ڕێكخستنەكانی بزوتنەوەو كۆمەڵە لە شارۆچكەی تەق تەق ،چونكە لەم ڕۆژەدا مەفرەزە خاسەی ئەمنی هەولێر بە چاوساغی ئەڵقە لەگوێكانی ڕەشبگیری گەنجی نێو شارۆچكەكەی كرد ،ئەو گەنجانەی بەر شالاْوەكە كەوتن ( شەهید وشیار عارف كافرۆشی و شەهید عەزیز سەعید ئاغای كانی بی و

24- چاوپێكەوتن لەگەڵ نەوزاد كاكەڕەش سەعدون لە دایك بووی 1954 ی تەق تەق لە 2007/2/11 لە تەق تەق.

25- چاوپێكەوتن لەگەڵ نادر كەیم سمایل لە دایك بووی 1934 ی تاڵەبانی گەورە لە 2007/2/25 لە تەق تەق.





وەهاب كوێخا عەزیز تەق تەقی و نیازی كاكەڕەش تەق تەقیو سوارەی سەعید گەرمكی ساتوقەلاْ و بەكر عوسمان تاڵەبانی و كامل عەزیز تەق تەقی سابیر عومەر كادیرو عەلی عومەر كادیر تاڵەبانیو ساڵح سەعید ئاغای كانیبیو مەجید جەمیل عەبدوڵلاْ تەق تەقی و جەمال حاجی حەوێز كەپەنەكیو قارەمان وەستا عارف كافرۆشیو پۆلاْ كوێخا عەزیز تەق تەقیو سەید ئیبراهیم كەركوكی و فایەق عومەر كادیرو حەسۆ نەسرەدین كانی بیو حاجی خدرو حسێن عەلی سەعدون و سەعید سابیر ،ئەمانە تێكرا لە ڕێكخستنەكانی بزوتنەوەی سۆسیالست و كۆمەڵەی ڕەنجدارانی كوردستان بوون[26].لە ئەنجامی زەبرو ئەشكەنجەی زۆر ووشیار عارف وعەزیز سەعید شەهید بوون ،ئەوانی تر لە 1979/8/16 بەر لێبوردونی گشتی كەوتن و ئازاد كران [27].

دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانانی كارتۆنی لە ناوچەی كوردستان بە ناو حوكمی زاتی ساڵی 1979 مفەوەزێكی ئەمنی ڕژێم سوكایەتی بە باوكی شەهید سەعید ساڵح مخەڕەسی كرد ، ئەمەش خۆپیشاندانی لێكەوتەوەو ئەمنەكان بەرد باران كران و سەری ئەمنێك و مفەوەزێكی ئەمن شكێنراو ڕژێم مام سابیر حەمەد درێژ مخەڕەسیو مام حەتەمی مخەڕەس و دوو گەنجی گوندی خەرابەی بەناوەكانی (ستار ئەحمەد ساڵح و جەباری برای )دەستگیر كرد [28].

لە 10/23 تا 1981/11/23 چەندین گەنجی تر لە كاری نهێنی ڕێكخستندا ئاشكرابوون و ڕژێم هەندێكیانی دەستگیر كردو هەندێكیشیان بەرەو ناوچە ئازاد كراوەكان ڕۆیشتن ،لەوانەی دەست گیركران (موحەمەد تاهیر ڕەشید تەكەڵتوویی ،شەهید ئیبراهیم بایز تاڵەبانی، شەهید جەمال كاكەخان گرد خەبەری ،جەواد

26- چاوپێكەوتن لەگەڵ بەڕێزان (نەوزاد كاكەڕەش ،سوارە سەعید ،وهاب كوێخا عەزیز ،قارەمان وەستا عارف ،پۆلاْ كوێخا عەزیز ).

27- چاوپێكەوتن لەگەڵ ئەبوبەكر عوسمان تاڵەبانی لە دایك بووی 1956 لە 2006/4/15 لە تەق تەق .

28- چاوپێكەوتن لەگەڵ بەهرام حەمە شەریف كەریم لە دایك بووی 1959 لە 2006/12/23 لە تەق تەق .

حاجی سمایل تاڵەبانی ،مشیر گەرمكی ،عەبدوڵلاَ ئەنوەر سەعید ساتوقەلاَیی ،عەبدوڵلاَ سەعید تەكەڵتوویی )[29] ئەوانەی دەرباز بوون و گەیشتنە ناوچە ئازاد كراوەكان (دكتۆر بەهرام ئەكرەم داربەسەریو شەهابی مام برایمی تاڵەبان و شەهید سەعدی گەرمكی و سەمەدو سەرهەدی برای) بوون .

موحەمەد تەكەڵتوویی ووتی " لەسەرتای هەشتاكان كۆمەڵە گەنجێكی تر بەیەكەوە كارمان دەكرد وەك ئاراس حاجی ئەمین تەق تەقی ،ئاراس حاجی سابیر باغەجنێری ،ئەمیر نوری ساتوقەلاَیی ،قاسم عەباس ساتوقەلاَیی ،ئەمانە تێكڕا پەیوەندیمان بە عەبدوڵلاَ سەعید تەكەڵتوویی هەبوو[30].

دوای بەرپابوونی جەنگی عێراق –ئێران ،پۆلی دێدەوانی دەشتی هەولێر چەند شانەیەكی ڕێكخستنی نهێنی ناو شاری لە شارۆچكەی تەق تەق پێك هێنا ،كە تیپی 86 ی دەشتی هەولێر سەرپەرشتی دەكرد ،مستەفا چاوشین ووتی "ئەوەندەی من ئاگادار بم ئەوانەی سەرپەرشتی شانەكانیان دەكرد ئەمانە بوون(ڕەمەزان حەمەدمین گەرمكی،موحەمەد ئەحمەد گۆڕقەرەجی ،شۆڕش عومەر تەق تەقی ،جەوهەر حەمەدەمین سێگردكانی ،ئازاد مامەند باغەجنێری ،شەریف سابیر كەریم تەق تەقی ،باوەدین ئەحمەد تەق تەقی )هەروەها جگە لە ڕێكخستنی نهێنی تیپی 86 ی دەشتی هەولێر لە تەق تەق ،ڕێكخستنی سەر بە تیپەكانی21 ی كەركوك و 25 ی خاڵخالاَن و93 ی كۆیەش كاری نهێنی خۆیان دەكرد ،عوسمانی حاجی عەبدی قەرناویش بۆ ڕێكخستنی حزبی سۆسیالست كاری

29– چاوپێكەوتن لەگەڵ جەواد حاجی سمایل میكائیل لە دایك بوووی 1965 ی تاڵەبانی گەورە لە 2007/2/10 لە تەق تەق.

30– چاوپێكەوتن لەگەڵ موحەمەد تاهیر تەكەڵتوویی، لە دایك بووی 1965 ی تەكەڵتوو لە 2007/2/11 لە تەق تەق.





دەكرد وە چەند برادەرێكی حزبی شیوعی و پارتیش هەبوون بەلاَم بە ڕێژەیەكی دیاریكراو و ژمارە كەمتر لە ڕێكخستنەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان [31].

ڕەهبەر سەید برایم ڕۆژنامە نووس و پێشمەرگەی دێرین دەڵێ"حوزەیرانیساڵی 1982 حەوت پێشمەرگە بووین ،شەهید سەعدی گەرمكیو شەهید ئەنوەر سوارەو شەهید هیوا ساتوقەلاَیی و پشتیوان هەمزەی ڕەسول و فارس بەكر هاوارو سەردار فایەق ئاغای حەوێزی و ڕەهبەر سەید برایم یەكەمین چالاكیمان بۆ ڕاگەیاندنی شۆڕش نوێ بە چاوساغی (كامیل عەزیز سلێمان تەق تەقی )لە تەق تەق ئەنجام دا ،كە تابیعەو ڕۆنیۆیی ئامادەیی كشتوكاڵی تەق تەقمان گەیاندە (خڕی ناو زەنگ) سەركردایەتی ئەو كاتی شۆڕش [32]هەروەها تیپی 21 ی كەركوكیش چالاكی ڕێكخستنیان ئەنجام دەدا بە تایبەت هاوڕێ كاوە كەركوكی كە خوێندكاری ئامادەیی كشتوكاڵی كەركوك بوو[33].

لەگەڵ گرتنی تەق تەق ساڵی 1987 جارێكی تر بەشێك لە ڕێكخستنەكانی ناو شار پەیوەندیان بە هێزی پێشمەرگەوە كرد،نەوزاد كاكەڕەش دوای ئەوەی لە ڕێگەی ڕێكخستنی ناو شارەوە چاوساغی ئازاد كردنی تەق تەقی كرد ،لە كۆتایی مایسی 1987 چووە ڕیزی خەباتكارانی شاخ.

دوای ئەنفال (برادەرانی قەرەج)لە ڕێكخستن كاریان كردووە ئەوانیش (مستەفا موحەمەد نەجم "چاوشین" ،موحەمەد ئەحمەد موحەمەد ،ڕەمەزان حەمەدەمین حەمەد ،جەوهەر حەمەدەمین حەمەمستەفا ،حەمید عەبدولقادر عەبدولڕەحمان ،ئیسماعیل ئیبراهیم سابیر ،جومعە كاذیلەلەیی )بوون ،ئەمانە سەرەتا لە ڕێكخراوی هەولێر بەناوی (چیای گۆڕقەرەج) ناسرا بوون ، كە ئەو كات مەلا قادر

31– چاوپێكەوتن لەگەڵ مستەفا موحەمەد نەجم لە دایك بووی 1969 ی كاذیلەلە لە 2006/7/21 لە تەق تەق.

32–ڕەهبەر سەید برایم ،یەكەمین چالاكی بۆ ڕاگەیاندنی شۆڕشی نوێ ،تاك ،ژمارە ( 6 )ی حوزەیرانی 2005ز.

33–ستار عەلی ڕەزا (حاجی ) لە دایك بووی 1971 یكەپەنەك لە 2007/2/10 لە تەق تەق.

بەرپرسی ڕێکخراوی هەولێر بوو ،مستەفا چاوشین ووتی "1988/8/6" بە پێی ڕاسپاردەکانی کاک کۆسرەت پەیوەندیمان کرد بە نەسرەدین ئیسماعیل کە ناوی نهێنی (سەرکەوت )بوو ،دواتر مستەفا چاوشین دەبێتە سەرپەرشتیاری هێڵی ژمارە 3 ی ڕێکخستنی تەق تەق ،دواتر ئەمانە لە ڕاپەڕینی 1991 ی خەڵکی کوردستان بە ناوی شانەی (726)ی بروسک چەکدار کران [34].

جگە لەمانە شەهید فارس (سوارە ئیلنجاغی–شوان) لە ڕێکخستن کاری نهێنی کردووەو پەیوەندی بە پێشمەرگە پارتیزانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کردووە لە دوای ئەنفالەکان لە ناوچەکانی شێخ بزێنیو شوان و قەلا سێوکە[35].

هەروەها شانەی نهێنی تیپی (21)ی کەرکوک کە لە تەق تەق کاری کردووە لە نێوان ساڵی (1986–1987) ، عوسمان ئەنوەر قەسرۆکی ، لێپرسراوی شانە بووەو ئەندامەکانی هەرچەندە بە شێوەی تەسبیحی کاریان کردووە ،بریتی بوون لە (بەکر عومەر سماقەیی و جەبار جەوهەر سماقەییو جەمال ئەحمەد سماقەییو جەنگی جەوهەر سماقەییو ئاراس تۆفیق سماقەیی و ستار مەولود قەرەناوی و زرار مەولود قەرەناویو جەمال سەلام قەرەناوی و خالید نامق کەپەنەکیو سەعید حەمەزیاد کەپەنەکیو یوسف عەبدولرەحمان کەپەنەکیو بەهائەدین عەبدوڵڵا چوغلیجەییو موحەمەد عەلی چوغلیجەیی و عوسمان غەفور کەرکوکی ونازم حەمەدەمین دار ئەختیارییو نەوزاد مامەند باغەجنێری) ئەمانە هەردوو جار لە گرتنی تەق تەق بە کۆکردنەوەی زانیاری لە ساڵانی 1986–1987 بەشدار بوون.[36]

34–مستەفا چاوشین ..هەمان چاوپێکەوتن.
35–ستار عەلی ڕەزا ...هەمان چاوپێکەوتن.
36–چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان ئەنوەر قادر قەسرۆکی ، لە دایک بووی 1966 لە 2007/4/17 لە تەق تەق .





لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا چەندان خەڵکی تر هەبوون لە نێو تەق تەق کاری نهێنی ڕێکخستنیان ئەنجام داوە بەڵام لێکۆڵینەوەکەی من هەر ئەوەندەی پێکرا ئامانج بپێکێ.

## ژیاننامەی شەهید هۆشیار عارف ساڵح کافرۆشی



هۆشیار عارف ساڵح محمود لە ساڵی 1941 لە شارۆچکەی تەق تەق هاتۆتە دنیاوە ،لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر بووە ،تاپۆلی دووەمی ناوەندی خوێندووە ،بەشداری شۆڕشی ئەیلولی 1961ی کردووە،دوای نسکۆی شۆڕش بووە بەفەرمانبەر لە پڕۆژەی ئاوی شارەوانی تەق تەق ،

لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە ،چەندان کارو چالاکی ڕێکخستنی ئەنجامداوە ،تاوەکو لە 11ی نیسانی 1979 بە دەستی مەفرەزەی مشتەرەکەی هەواڵگری و خائینان لەگەڵ چەندین هاوڕێی دەستگیر دەکرێن و ڕاپێچی زیندانی دەزگای (ئاسایشی هەولێر) دەکرێن، دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی بێ ئەندازە لە 1979/4/28 دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێت. ئەو هاوڕێیانەی کەلە گەڵیدا گیرابوون ئەمانەبوون(مەجید جەمیل عبداللە ،قهرەمان عارف ساڵح،پۆلا عەزیز ڕشید،وهاب عزیز ڕشیدکامل ، عەزیز سلێمان ،سوارە سعید مارف،ابوبکر حاجی عوسمان تاڵەبانی،علی عمر کادیر ی تاڵەبان و برایەکەی،حاجی خدری چایەچی ،عەزیزی سەعید ئاغای کانیبی و ساڵحی برای ،نیازی کاکەڕەش سعدون) قارەمانی برای دەڵێ ئەو گروپە سەر بە شەهید (حەمید کەریم شانە)بووین ئەو لە کاتی شەهید بوونی برایەکەی لەلای بووە دەڵێ من لە ژوورێکی ئینفرادی دا بووم ،رەئیس عورەفایەکی کوردی لێبوو وابزانم دیبەگەیی یا مەخموری بوو ،داوام

لێکرد بە پیاوەتی یان بەپارە هاوکاریم بکە ،خزمێکم لە فلانە ژوورە دەچمە لای ئەویش هاوکاری کردم منیش شەوی پێنج شەممە بۆ جومعە لای شەهید وشیارو وهابی کوێخا عەزیز بووم،بەلاّم شەهید وشیار زۆری لێدرابوو،خوێن لە گوێ و لوت و زمانی دەهات ،پێی ووتم حەزم لە دوو شیش جگەرە بەیانیەکەی سەعات (10)جگەرم بۆ هێنا نەیتوانی قووتی بدات لای مامەوە تا کاتژمێر (12)گیانی دەرچوو شەهید بوو ،دوای شەهید بوونی ڕژێم تەرمەکەی نەداینەوەو تا ئەمڕۆش گۆڕی نیە.

## گرتنی تەق تەق لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە سالّی 1987

سالّی 1987 مەلّبەندی ڕێکخستنی(3)ی هەولێر و(2)ی کەرکوکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و مەفرەزەیەکی حزبی سۆسیالست لە هەلّمەتێکی پێشمەرگانە شارۆچکەی تەق تەقیان ئازاد کرد ،مەلّبەندی دوو بەسەرپەرشتی شەهیدی فەرماندە عەبدولڕەحیم، تەرخانکرا بۆ گرتنی سەربازگەی قەلاّتەو سەرپردەکەو قاتعی 14 ی تەمموزی جەیشی شەعبی و جادەی شیوە سوور و ڕەبیەکانی دەوروبەری و دەشتی قەرەناو ،هێزەکانی مەلّبەندی سێ بەسەرپەرشتی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول و شەهید عەبدولڕەزاق ئۆمەر گومبەتی بوو . بۆ گرتنی ڕەبیەکانی ڕاوگە(دواجن)و گردی تفەنگ چیو مۆرد تیپی 86 ی دەشتی هەولێر بە سەرپەرشتی شەهید ڕێبازو فاروق عەلی مەولود جێگری تیپ (بەسەختی بریندار بوون) تەرخانکرابوو کە چەند فەرماندەی کەرتی وەك شەهید ئازاد داربەسەریو شەهید فوئاد گۆمەشینیو شەهید عەلی پونگینەو لەتیفە سوورو ئەحمەد کوردە ڕۆلّی بەرچاویان هەبوو [37]

هەروەها ڕەبیەکانی بارەگای فەوجی جاش و ڕێکخراوی حزبی بەعس و بنکەی پۆلیس و هۆبەی کشتوکاڵ و بنکەی پۆلیسی پاراستنی نەخۆشخانەو

37- جەلال ئیلنجاغی ،گرتنی تەق تەق ، سالّی 1987 ،مانگنامەی تەق تەق ،ژمارە (3)ی ڕەشەمێ ی 2700 ی کوردی.






سەرجەم بارەگاکانی ناو شار بۆ تیپی 87 ی قەرەچووغ دانرا بە سەرپەرشتی فەرماندەی تیپ مام غەفور لەگەڵ چەند فەرماندەی کەرتێك وەك نوری قادر، شەهید فاقە مەخموری ،جەلال ئیلنجاغی ،شەهید عومەر عەوێنە ،قارەمان شینە، عومەر ناسر ،هەروەها تیپی 85 ی بەڕانەتی بۆ گرتنی پڕۆژەی ئاوی کۆیە – تەق تەق و گردی حێمڕو چەند ڕەبیەکی تر ،تیپی( 12 )ی سۆران ڕەبیەکانی شاخی قەلان و بانە ڕەقەی لای فەرمانگەی کارەباو تیپی 93 ی کۆیەش ڕەبیەکانی ڕێگەی تەق تەق کۆیەیان پێ سپێردرا،تێکرای شوێنەکانی نێو شارۆچکەکە لە شەوی 29/30-5-1987 کەوتنە بەر پەلاماری هێزی پێشمەرگەو هەموویان کۆنترۆڵ کران تەنها ڕێکخراوی حزبی بەعس نەبێ ئەویش لەبەر ئەوەی کەوتبووە نێو شارو مالّەکانەوە،دەسکەوت لەم چالاکیەدا یەك ناقیلەو سەدان پارچە چەك و دەیان سەیارەو جیهازی ئەشیعەی نەخۆشخانەکە کە ئەو کات زۆر پێویست بوو بۆ هێزی پێشمەرگە جگە لە کوژرانی (50)کەس لە جەیشی شەعبی و سەربازو جاش لەگەڵ گرتنی (70)دیل [38] جێگای ئاماژەیە ئەم داستانە بە خوێنی پۆلێ شەهید نەخشێنرا (شەهید عەبدول ڕەحیم لە مەلّبەندی دووی کەرکوك ئەندامی مەکتەبی عەسکەری یەکێتی لەگەڵ باپیر تارق و حەمەزیاد ڕۆژبەیانیو یاسین ڕۆژبەیانی ،لە مەلّبەندی 3 ی ڕێکخستنی هەولێر شەهیدی فەرماندە ئازاد داربەسەری و سەلام موحەمەد گۆران و بچکۆڵ ئیسماعیل و عەباس عەوێنە، ماوەتەوە بلّێین نەوزاد کاکەڕەش و براکەی نیازی زۆر ڕۆلّی سەرکەوتویان کێشا لە نەخشەو ڕێنمایی کردن بۆ هێزی پێشمەرگە هەر ئەو شەوە پەیوەندیان بە هێزی پێشمەرگەوە کردو خەباتی شارو شاخیان بەیەکەوە گرێدا،نەوزاد کاکەڕەش ووتی "هەر لەسەر گرتنی تەق تەق بەکر شەریف دەست گیر کراو دواتر ڕژێم لە سێدارەی دا ،هەر لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە کردبوو.لەبەر ئەنجام دانی ئەو چالاکیە گەورەیەو ئاشکرا بوونی نەوزاد کاکەڕەش و بەکر شەریف هەر

38- جەلال ئیلنجاغی ،لە شارەوە بۆ شاخ ،بەشییەکەم ، سلێمانی 2005 ل114.

بۆیە لە هەمان ساڵدا ڕژێم خانووی هەردوو ناوبراویان بە شۆفڵ تەخت کردوو (12000)دوانزە هەزار دیناری سویسریشیان لە حەکیم کاکەڕەش وەرگرت بەناوی قەرەبووی چەکی بارەگای مەفرەزە خاسە .[39]

## نەوزاد کاکەڕەش[40]



یەکێك بووە لە پیاوە شۆڕشگێرو ناودارەکانی سنورەکە و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە کاری ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی بۆیە لێرەدا ژیانەکەی دەخەمە ڕوو. ساڵی 1954 لە تەق تەق لە دایك بووە ، ساڵی 1960 چوّتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی تەق تەقی سەرەتایی تێکەڵاو ،

بۆ خوێندنی ناوەندی دەچێتە کۆیە ، لە پۆلی یەکەمی ناوەندی چوّتە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ، پاش 11 ی ئازاری 1970 بۆتە کارگێڕی ناوچەی قوتابیان و ساڵی 1973 لە هەڵبژاردنێکی ئازادانە بۆتە لێپرسراوی ناوچەی قوتابیانی کۆیە . بە هۆی کاری شۆڕشگێری دەچێتە ئێران و پۆلی شەشەمی زانستی لە شاری پیرانشەهر تەواو دەکات ،پاش گەڕانەوەی لە لقی کشتوکاڵی تەق تەق بە (مساح)دادەمەزرێت .

لەو ماوەیەدا خەریکی کاری ڕێکخستن بووە [41]، لە 1979/3 لە ئەمنی تەق تەق دەگیرێت بەهۆی ئاشکرابوونی کاری ڕێکخستن ئەوانەی کەلەگەڵیشدا گیران

39– چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوزاد کاکەڕەش سەعدون لە 2007/2/11 لە تەق تەق.

40–چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوزاد کاکەڕەش ، لە دایك بووی1954 ی تەق تەق ، لە 2007/5/11 لە تەق تەق .

41– لەبەرئەوەی لەم بەشەدا لە بابەتی هێڵەکانی ڕێکخستنی شۆڕشی نوێ باس لە کاری ڕێکخستنی کراوە بۆیە لێردەدا نەمخستۆتە ڕوو.





ئەمانە بوون(خوالێخۆش بووحکیم و نیازیو ئازاد و دیاریو فەرامۆش )کە هەموویان برای بون، لە زیندان ئازار دەدرێن،دووبارە لە 1979/6/10 دەگیرێت و لە 1977/6/29 بە (6)ساڵ حوکم دەدرێت ،لە 1979/8/18 بە بڕیاری لێبوردنی گشتی ئازاد دەکرێت .

لەشەوی 29/30–1987/5 لەکاتی ئازادکردنی شارۆچکەی تەق تەق کە دەورێکی باشی هەبوو ،دەچێتە دەرەوە تا 1988/6 دەچێتە ئێران.

پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی 1991 دەگەڕێتەوەو پلەی جۆراو جۆری وەرگرتووە وەك:

1–ئەندامی دەزگای دارایی بووە .

2–کارگێری مەڵبەندی سۆران بووە .

3–لە 1993/7/3 دەبێتە بەڕێوەبەری گومرگی ئیبراهیم خەلیل لەسەر وەزارەتی دارایی و لە 1994/12/23 دەگوازرێتەوەو دەبێتە بەڕێوەبەری گومرگی هەولێر .

4–لە 1995/7/27 بۆتە قائیمقامی کۆیە و لە 1999/6/20 گواستراوەتەوە قەزای دوکان ماوەی چوار ساڵ لەوێ ماوەتەوە.

5–لە 2004/6/17 دەبێتە جێگری پارێزگای هەولێر لە کۆیە.

ماوەتەوە بڵێین لە 1976/11/19 خێزانی پێکهێناوە خاوەنی (3) کوڕ و (3)کچە کە ئەمە ناوەکانیانە:

1– باوەڕ (1977/9/16) دەرچووی کۆلێژی ئاداب و ئەندامی مەکتەبی پەیوەندیەکانی دەرەوەی (ی ن ك) .

2– بڵێسە (1982/7/23)دەرچووی کۆلێژی کارگێری و ئابوری یە . ژمێریارە لە زانکۆی کۆیە .

3– دابان (1985/7/10)خوێندکاری کۆلێژی یاسایە لە زانکۆی کۆیە .

4– ئیڤان (1986/10/29) خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی یە لە زانکۆی سلێمانی

.

5- ئاران (1989/6/18) خوێندکاری بەشی وێژەیی لە دواناوەندی کۆیەی کچان.

6- ڕاسان (1996/4/14) خوێندکاری شەشەمی سەرەتایی لە خوێندگای مەلای گەورە لە کۆیە .

# ئەنفالی زێودەر[42]

مەبەست ئەنفالی چوارە ، کە ڕژێمی سەدام بەسەرپەرشتی ئەنفالچی فەریق روکن سوڵتان هاشم لێپرسراوی فەیلەقی یەکی سوپای خوێنڕێژی بەعس ، بەهەزاران لە سەربازو (27)فەوجی جاش و بەسەدان خۆفرۆش و بەکرێگیراو ،لە 1988/5/3 لە ئاسمان و زەویەوە هێرشیان بردە سەر ناوچەکانی کەنار زێی بچووك هەر لە دۆڵی خەلەکان و سورداش و چەمی ڕێزان و قەلاّسێوکەو ئاغجەلەرو تەکیەو شێخ بزێنی سەروو خواروو شوان و تەق تەق و دەشتی کۆیەو تاوەکو پردێ ، ئەم پەلامارە دوایی داستانی تەکەڵتوو لە دووری (6)کم لە خۆرهەلاّتی تەق تەقەوە ،حکومەت توانی دەست بە سەر تەواوی ناوچەی زێودەر بگرێت.

لە 7ی مایس کۆتایی بە شالاّوەکە بهێنێت ، ئەو ناوچانەی کە زۆرترین زیانیان بەرکەوت شێخ بزێنی سەروو (1658) لە پیرو منالّ و ژن و پیاو بێ سەرو شوێن کران دواتر قەلاّسێوکە بە پلەی دووەم کە (1049)کەس ئەنفال کران ، ئەو ناوچانەی کەمترین زیانی گیانیان بەرکەوت شێخ بزێنی خواروو باکوری خۆرئاوای تەق تەق بوون ، چونکە ناوچەی یەکەم بە سوود وەرگرتن لە ئەنفالی یەك و دوو وسێ لەلایەن پێشمەرگەوە ئامۆژگاری کران کە ناوچەکە چۆلبکەن وە ناوچەی دووەم بە تایبەت (9) گوندی باکوری خۆرئاوای تەق تەق بە هۆی بونی نەوتەوە لە ساڵی 1980 ەوە ڕاگوێزرابوون ، .لەم ئەنفالەدا ڕژێم سوودی لە ئاوی زێی بچووك وەرگرت کاتێك کۆلاو کۆل ئاوەکەی لە دوکانەوە بەردابۆوە ، ئەو

42- ئەم بابەتەم لە گۆشەی زێودەری تاك ژمارە (16)نیسانی 2006 بلاّوکردۆتەوە .





دیمەنانەی من لەم ڕۆژگارەدا بینیومن قازو مراویەکانی قەلاّسێوکەو شێخ بزێنی سەروو و دەشتی کۆیە بوون کە پۆل پۆل خۆیان بە ئاوی زێی بچووك دادەداو جاش و خەڵکی نەفس نزم ڕاویان دەکردن ،تەنها جاشەکانی گردی مورد (50-100) دانە قازیان هێنابوو نرخی قازو مراوی زۆر هەرزان بوو جۆرێك لە ئەنفلونزای باڵندەی ئەو کات بوو ، دیمەنێکی تر ئیڤاکانی ڕژێم چۆن وەك مەڕو مالاّت مرۆڤەکانیان دەگواستەوە بۆ حەزیرەکەی تەق تەق کە کۆمەڵێك جاش پاسەوانیان دەکردن ، جگە لەو خەڵکانەی بە نهێنی و خۆ شاردنەوە لە نێو ماڵەکانی تەق تەق دەبینران ، کە ترس ڕووخساریانی گۆڕیبوو ، خەڵکی ئەم شارۆچکەیە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە پاراستن و داڵدەدانی هەلاّتوانی ژێر چنگی شالاّوەکەو حەواندنەوەیان وە بەشێکی زۆریان لە زێی بچووکەوە پەڕاندەوە هەندێکیشیان دوای هەلاّتنیان لە حەزیرەی تەق تەق چاو ساغیان بۆ کرا بۆ دەرباز بوون ،لە ڕاپەڕینی بەهاری 1991 سەربازگەی تەق تەق کە بە قەلاّتە ناسراوە هۆبەیەکی سیاسی هەبوو بە ناوی (تەوجیهاتی سیاسی )کە پڕ بوو لە دۆکیۆمێنێت و بەڵگە کە ڕژێم فریای نەکەوت بیگوازێتەوە کەچی ڕاپەڕینیش نەیتوانی وەك دەسکەوتێ بیانپارێزێ بەڵکو کەوتنە بەر پێ خوست و دڕان و سوتان بەڕاستی بەمەش ناوچەی زێودەر لە باشترین بەڵگەی ئەنفالی چوار بێبەری بوون، کەواتە ئەمانەی سەرپەرشتی ڕاپەڕینی تەق تەقیان کرد لە دەست بەسەراگرتنی بەڵگەکان لە قەلاّتەو ڕێکخراوی حزبی بەعسی نێو شارۆچکەکە ،ئەم بەڵگە نامانە لە دوو لاوە گرنگ بوو دەسکەوتن و پاراستنیان:

یەکەم:لەگەڵ شایەتحاڵەکانی ئەنفال دەبون بە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر دژ بە بەعس و دارو دەستەکەی .

دووەم:خەڵکانێك کە دوێنێ دەستیان هەبووە لە گرتنی خەڵك و چاوساغی بۆ دوژمن ئەگەر مردووەکانیشیان وەك میرابۆی فەڕەنسی لە گۆڕ دەر نەهێنین ، با لە لیستی شەهیدانی نیشتمان پەروەر دەریان بێنین!!هەر لەگەڵ ئەو خەڵکانەی نوکی قەڵەمەکانیان تیژ دەکرد بۆ ڕاپۆرت نوسین لەسەر هێڵەکانی ڕێکخستن ئەگەر چی وەك گورگی بەر تریفەی مانگە شەو دیارن ،بەلاّم بەڵگە دەیناساندن

**وهەر هیچ نەبێ لەگەڵ هەر دەستەگەری‌و خۆبادانێکی (فزوڵیانە )کاتێ کە کەسایەتیە ڕیفۆرمست و کادیرانی پێشکەوتو خوازیان بدیبایە شەرم دایبگرتان!!**

## شةرِى شاخى تةكةلَتوو لة ئةنفالى ضواردا

**لەبەرەبەیانی 4 ی مایسی 1988 کاتژمێر 8 ی سەرلەبەیانی ڕژێم بەسەرپەرشتی فەریق ڕوکن سوڵتان هاشم پەلاماری بەرزایی تەکەڵتووی دا،کە ئەو بەرزاییە (22)پێشمەرگەی تیپەکانی (55)ی قەرەداغ و (17)زمناکۆی لێبوو ،شەڕ تاوەکو 2 ی پاش نیوەڕۆ بەردەوام بوو 12 هەلیکۆپتەر بۆردومانی شاخەکەیان دەکرد ، نۆ پێشمەرگە شەهید بوون ،دوو جاش و نۆ سەربازیش کوژران ،ئەوەی لە هێزی پێشمەرگە ماوە شەو بە چاوساغی وەستا سەلامی باغەجنێر لە جادەی کۆیە –تەق تەق لە بازنەی گەمارۆ ڕزگار بوون[43]**

## دةستريَذة طوللةكةى 1991/3/2 لة تةق تةق و حةقيقةتيَك بؤ ميَذوو[44]

**سەر لە ئێوارەیەکی درەنگی ڕێکەوتی 1991/3/2 لە هەورازی زراعەکە شەهید شەماڵ و هاوڕێکانی (قارەمان ڕەمەزان قەرەناوی و حاجی ستار عەلی ڕەزا کەپەنەکی و جەواد مەحمود ئاغای قەسرۆک) کە چوار ئەندامی ڕێکخستنی شانە چەکدارەکانی بروسک بوون سەربە وەستا سابیر لە**



**حاجی ستار کەپەنەکی**

43–ئەنفالی خاڵخاڵان ، ئەبوبەکر موحەمەد حاجی (مەلا شاخی) چاپی یەکەم ، سلێمانی 2001 ، ل 16.

44–ئاراس عومەر ،دەست ڕێژە گوللەکەی 1991/3/2 لە تەق تەق و حەقیقەتێك بۆ مێژوو ، تاك ،ژمارە (3)ی ئازاری 2005 .





**کۆڵانەکەی ماڵی مام عومەر جۆلا تاڵەبانی کە زۆربەی ماڵەکانی کۆڵانەکە کەپەنەکی بوون ،**

**بە کلاشینکۆفێکی بێ قۆنداغ و ژەنگاوی دەستڕێژی گوللەیان ئاراستەی ڕەفیق(نەجاحی)کورتە بالاو بودەڵەو لێپرسراوی مونەزەمەی بەعس کرد ،لە کاتێکدا کەوا دەوری شارۆچکەکە بە فەوجە خەفیفەکان (جاش )لەسەر گردەکانی (بانە ڕەقەو حێمرو تفەنگی چی‌و مورد) تەنرابوو ،جگە لە بارەگاکانی پرۆژەی ئاوی( تەق تەق – کۆیە) و حەزیرەکە (گەوڕەکە) و ڕاوگەی گەرمك (دەواجن) و سەربازگەی قەلاتە کەیەکێك لەسەربازگە گەورەکانی بەعس بوو لە کوردستاندا کە عەمید موحەمەد جبوری ئەنفالچی تۆقیوو لە قینی پیرۆزی جەماوەر سەرپەرشتی ئەکرد ،تەنها ئەم دەست ڕێژە دڵەڕاوکێیەکی زۆری بۆ دوژمن نایەوەوحکومی عورفی دەرکردو دارو بەردی لێ بوو بوو بە پێشمەرگە وەك شێت شەوانە بە هەرچوار دەوری سەربازگەکەی تەق تەق هاوەن بارانی دەکرد .بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا عەسری 1991/3/9 دەستی کرد بە گرتنی ڕێبوارو شوان و هاولاتی و جاشەکانی سەرڕێگەی (تەق تەق – کەرکوك)بۆ ڕوو سپی کردنەوەی خۆی بە دیاری بۆ (علی کیمیاوی )برد ،کە گوایە لەشەڕی کوردان نێچیری کردوون ،ژمارەیان (37)کەس بووە ،کە یەکێکیان هاوڕیەکی خۆم بوو کە شوان بوو بە ناوی (حەسەن حمەزیاد )گەرمکی بە گوێرەی زانیاری لە (سوێرە )ی خوار بەغدا گوللەباران کراون ،دوای ڕاپەرینی (ڕانیەو سلێمانی‌و کۆیە )لەبەرەبەیانی 1991/3/10 دوای ئەوەی ڕژێم لەشەودا خۆی پێچابۆوەو پاشەکشەی کردبوو، ئینجا خەڵکی شار هەڵمەتیان برد بۆ قەلاتەو ڕێکخراوی حزبی بەعس، بەمەش ڕۆژی 3/10 بووە ڕۆژێکی پرشنگدار لە مێژووی تەق تەق ،ستار عەلی ڕەزا[45] هۆکاری سەرنەکەوتنی کوشتنی ڕەفیق(نەجاح)ی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی "سەرەتالەوە دڵنیا نەبووین ئەو لاندکرۆزە هی ڕەفیق نەجاح بێ ،چونکە ئەو کات هاولاتیەکی تەق تەقیش لاندکرۆزەرەیکی هەبوو هاوشێوەی**

45–چاوپێکەوتن لەگەڵ ستار عەلی ڕەزا کەپەنەکی، لە دایك بووی 1971 ، لە2005/3/20 لە تەق تەق.

لاندكرۆزەرەكەی ڕەفیق (نەجاح) بوو،دوای ئەوەی زانیمان ئەوە رەفیق(نەجاح) ە ،ئەویش لە بۆسەكە دووركەوتبۆوە.

# 1991/3/10 ئەو ڕۆژە بوو بەعسیەكان لە تەق تەق پاشەكشەیان كرد

ڕاپەڕین دەرئەنجامی سیاسەتە هەڵەكانی ڕژێم و زوڵم و زۆرەكانی هاتە كایەوە ،لەگەڵ ئەمەشدا بێبەرنامەو هەڕەمەكی نەبوو ،بەرەی كوردستانی سەركردایەتی ئەم ڕاپەڕینەی خەڵكی كوردستانی كرد ، تەق تەقیش وەك هەموو شارو شارۆچكەكان بەرنامەی تایبەتی بۆ دانرا ،پێش 1991/3/7 مەفرەزەیەكی (ی.ن.ك)بەسەرپەرشتی مامۆستا باپیر بەكر باپیر هاتبونە خوارێ بۆ سنورەكەو لە قەمتەران بەدوای حەكیم كاكەڕەش دەنێرێ و چەند نامەیەكی پێدەدات ،ئەویش نامەكان دەگەیەنێتە چەند كەسایەتیەكی دیاریكراو لە كۆیەو تەق تەق[46] ئەو مەفرەزەیەی بۆ سنوری تەق تەق دانرا ،بەسەرپەرشتی مەلا جمال حاجی عەلی بوو [47] لە ئاقاری گوندی شیوەجان لەلایەن مەردارێك بە ناوی (موحەمەد عەلی سوور شیوەجانی )دالدەدرێن و بەچاوساغی (وەستا سەلامی بەهرامی باغەجنێرو سەرهەد حەمە عەلی كانی ڕەشی)پێداویستیەكانیان لە خۆراك و جل و بەرگ و زانیاریان بۆ دەچوو[48] ،مەفرەزەكە پێك هاتبوو لە (مەلا جمال عەلی لێپرسراو ،شەهید برایم حاجی عوسمان (پ.م) شێخ كەریم كاولانی (كەریمە سوور) ،هەڵۆ ڕەش سارتكەیی ،دلزار عەلی حەمەشین (پ.م) ،ئەنوەر عومەر باغەجنێری [49].

46–ئاراس ئیلنجاغی ،چاوپێكەوتن لەگەڵ نەوزاد كاكەڕەش ،تاك ،ژمارە 15 ی ئازاری 2006..

47–ع.فەتحوڵلاَ ،چاوپێكەوتن لەگەڵ دلێر حاجی موحەمەد ،تاك ،ژمارە (27)ی ئازاری 2007.

48–باوكی ئەرمەند ،چاوپێكەوتن لەگەڵ وەستا سەلام بەهرام ،تاك ،ژمارە (27)ی ئازاری 2007.

49–دلێر حاجی موحەمەد ،بیرەوەری پێشمەرگەیەك ،تەق تەق ،ژمارە (3)ی ڕەشەمەی 2700 ی كوردی.







ئەم وێنەیە 1991/3/10 لەقەلاتە گیراوە
لە راستەوە دلێر حاجی محمد ، نەوزاد كاكەڕەش ، مەلا جەمال علی

ئەم مەفرەزەیە شەوی 1991-3-8/7 هاتنە نێو تەق تەق و شەو لە ماڵی (مام عومەر عەبدوڵڵای كانی ڕەش)مانەوە[50]،هەر چۆنێ بێ نەیانتوانی بەردەوام بمێننەوە لەبەر سیاسەتی ڕژێم و بوونی ڕێژەیەكی زۆر سیخوڕو ڕەفیق حزبی و پیاو خراپ لەشارۆچكەكەو خەڵكیش زۆر زەندەقی لە سیاسەتەكانی بەعس چوو بوو ، وەستا خورشیدی نانەوا ،یەكێ بوو لەوانەی كە هاوكاری مەفرەزەكەی كردووە ،بەوەی كە بۆ ماوەی هەفتەیەك خۆراك لەلای ئەوەو ئامادەكراوە بۆیان ،وەستا سەلام و سەرهەد كانی ڕەشی هەندێ لە نامەكانی مەفرەزەكەیان بۆ كەسایەتیەكانی شارۆچكەكە پێسپێردرابوو و ترساویشن لە پێدانی هەندێك لە نامەكان بۆ چەند كەسایەتیەك !ئەوانەی هاوكار بوون بۆ مەفرەزەكەو چاوساغەكانیان لەتە قتەق بریتی بوون لە (حاجی حەمەزیاد ،حەتەم موحەمەد و براكانی ،جومعەی حاجی ئەنوەری كانی ڕەش و موحەمەدی عەلی سوور ).

بەرنامەی ڕاپەڕینی تەق تەق لە وادەی پێویست ڕووینەدا ،نەتوانرا دەست لە بەعسیەكان بوەشێنرێ ئەمەش لەبەر پاشەكشەی بەعسیەكان لەلایەك و مەفرەزەپارتیزانەكەش لەبەر سەختی بارودۆخی ئەو كات نەیان توانی چەكدارە كوردەكانی ڕژێم و ئەوانەی پێش ئەنفال پێشمەرگە بوون لە خۆیان كۆ بكەنەوە بەر لە 1991/3/10 ،لەگەڵ ئەمانەشدا شانە چەكدارەكانی بروسك زوو بە خۆ

50–باوكی ئەرمەند ...هەمان چاوپێكەوتن.

نەکەوتن ،خاڵێکی تر کە گرنگە کە باسی بکرێت لەبەر چاو ناسی بەرەی گەل و بەرەی دوژمن  چونکە زۆرێك لە ڕەفیق حزبیەکان کوردی خۆمان بوون.

ئەوەی لە تەق تەق پێی دەوترێ ڕۆژی ڕاپەڕین ئەمە بوو ڕژێم  لە  کۆیە لە 1991/3/9 تێك شکێنراو  جەماوەرو پێشمەرگە خوێنیان بۆ ئازادیو شارەکەی حاجی ڕشت ،بەڵام لە تەق تەق بەعسیەکان خۆیان لە ترسان ناوچەکەیان جێهێشت ،شەوی 10/9-3-1991 بارانێکی زۆر باری بەمەش سەربازگەی قەڵاتە کە (عەمید موحەمەد)سەرپەرشتی دەکرد ،خۆی کۆکردەوە و جگە لە چەند سەربازێکی پاسەوانی بێ ئاگا نەبێ ،وە ئەگەر نا بۆ سبەی (3/10)قەڵاتەیان چۆڵ کرد ،وە لێپرسراوی ڕێکخراوی حزبی بەعسی تەق تەق ڕەفیقێکی عەرەب بوو بە ناوی (نەجاح) شەوی 10/9-3-1991 لە ماڵە بەعسیەکان داڵدەدراو بۆ بەیانی 1991/3/10 بە جلی کوردیەوە تا نزیکەی کاتژمێر (7) ی سەرلەبەیانی لە تەق تەق مایەوەو دواتر جانتای بۆ کرایە نێو سەیارەو بە هێمنی بەڕێکرا .

دوای هەموو ئەمانە ئینجا جەماوەرێکی زۆری بێبەرنامە هەموو بەڵگەنامەکانی نێو ڕێکخراوی حزبیان سوتاندو  تلیانە نان و تەلەفزیۆن و کورسیو دەرگا و پەنجەرەکانیان تاڵان کرد ،بۆ سەربازگەی قەڵاتەش بە هەمان شێوە  بلۆك و شیش و سیمی ڕەبیەکان و کۆگای جبەخانەو حانوت و گەنجینەی خۆراکیان بردو تەوجیهات سیاسی (ڕێبەرایەتی  ڕامیاریش)کە پڕبوو لە بەڵگە نامە سوتێنرا ،دەتوانم بڵێم ڕاپەڕینی تەق تەق واقیعێك بوو دەبوایە ڕژێم لە ترسی جەماوەرو پێشمەرگە تەق تەق جێبهێڵێ  و ڕۆژی 1991/3/10 ببێتە مێژوویەك کە بەعس تەق تەقی جێهێشت .

دوای ڕاپەرین لیژنەی سەرپەرشتیای شار پێکهات بەسەرپەرشتی نەوزاد کاکەڕەش و بەئەندامێتی دلێر حاجی موحەمەد تەق تەقی و شێخ فەتاح کاولانی و مەلا جمال حاجی عەلی[51]

51-ع.فەتحوڵڵا ...هەمان چاوپێکەوتن.





ئەم لیژنەیە توانی هێزێکی زۆر لە جەماوەری شارۆچکەی تەق تەق ڕێك بخەن و ئامادەیان بکەن بۆ ڕزگارکردنی شاری کەرکوك ،کاك کۆسرەت و نەوشیروان مستەفا بەر لە ئازادکردنی کەرکوك هاتنە تەق تەق  شەو لە تەق تەق مانەوەو سەرسام بوون بەو هێزە زۆرەی کە ئامادەیە بۆ ڕزگارکردنی کەرکوك چونکە دوو میحورەی سەرەکی (پردێ و چەمچەماڵ)هەبوو ،هەروەها شەهید مەجید گەرمکی و (7)کەسی تر ، کاك نەوزاد کاکەڕەش( 8) تفەنگ و ئاربیجیەکی پێدابوون ئەمانە لە ڕێکخستنەکانی پارتی بوون[52].

## بەرەی کوردستانی لە شارۆچکەی تەق تەق


محمد چاوشین

تەق تەق وەك هەموو ناوچە ئازاد کراوەکانی دوای ڕاپەڕین بەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەی کوردستانی بەڕێوەی دەبرد ،ساڵی 1992 بەرەی کوردستانی لە تەق تەق پێك هاتبوو لە نوێنەری حزبە کوردستانیەکان .موحەمەد ئەحمەد ئیلنجاغی (چاوشین) لێپرسراوی بەرەی کوردستانی بوو وە نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو ،

هەروەها عەریف جەمال تەق تەقی نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان و عەلی عومەر حەیران گەرمکی نوێنەری حزبی سۆسیالیستی کوردستان و قادر ڕەمەزان تەق تەقی نوێنەری حزبی شیوعی ئەندامی بەرە بوون.


یەکەم کاری بەرەی کوردستانی دانانی بەرەیەك (جبهە)بوو لە شیوە سوور بەرامبەر هێزەکانی ڕژێم کە چەند فەرماندەیەك لە حزبە کوردستانیەکان بەشدار بوون لەوانە حەمە سوور دوشیوانی لە یەکێتیو عەزیز بایز مەلازیادی لە

52- چاوپێکەوتن لەگەڵ (نەوزاد کاکەرەش سەعدوون).

سۆسیالست و مام جوامێر و شەهید بەکر جۆلاّ داربەسەری لە حزبی شیوعیەو ڕەفیق تاهیر لە پارتی.

جگە لەمانە لە هەوڵی ڕێکخستنی پەیوەندی برایەتی نێوان حزبە کوردستانیەکان بوون ،گەڕاندنەوەی بنکەی پۆلیس بۆ شارۆچکەی تەق تەق ساڵی 1992 بە لێپرسراویەتی سەلاح عومەر کۆیی کە مفەوەزی پلە یەك بوو ،لەسەردەمی د.جەلال سدیق تاڵەبانی (15000)دیناریان تەرخان کرد بۆ نەخۆشخانەی گشتی تەق تەق.هەروەها گەیاندنی هێڵی تەلەفۆن بە هاوکاری کاك کۆسرەت لە نێوان کۆیەو تەق تەق بە کرینی (50)ستوون(عمود)کە (10000)دیناری بۆ تەرخان کرا ،چەندین جار بە هاوکاری خەڵك شۆستەو شەقامەکانیان بە تراکتۆر پاك دەکردەوە چونکە ئەو کات شارەوانی لاواز بوو ،شەوانە مەفرەزەی پاسەوانیو ئێشکگریان هەبوو دژی جەردەو دزو ڕاوو ڕووت، دروست کردنی بەربەستێکی خۆڵ بۆ کەم کردنەوە مەترسی لافاوی زێی بچووك لە گەڕەکی ڕزگاری ،هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شار بۆ شارۆچکەکە[53].

## قادر ڕەمەزان صادق



لەساڵی 1928 لە تەق تەق لە دایك بووە ، تاوەکو پۆلی چوارەمی سەرەتایی دەخوێنێ ،لەتەمەنی (20) ساڵیدا دەکرێت بە سەرباز لە سەربازگەی هەولێر ،ئەو کات دەتوانرا بە پارە کە بەدیلی پێ دەوترا خزمەتی سەربازی نەکات ، بەڵام ئەو ڕازی نابێت باوکی مام ڕەمەزان پارەی بەدیلی بۆ بدات، لەسەربازگەوە پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراقەوە دەکات ،

53- چاوپێکەوتن لەگەڵ موحەمەد ئەحمەد ئیلنجاغی لە دایك بووی 1951 ی ئیلنجاغی گەورە ، لێپرسراوی بەرەی کوردستانی ئەو کاتی شارۆچکەی تەق تەق لە بەرواری 2002/5/30 لە کۆیە.





ساڵی 1950 لە ڕێکخستنەکانی شیوعی ئاشکرا دەبێ و لە دادگای بەغدا دوو ساڵ زیندانی دەکرێت ،ساڵی 1952 ئازاد دەکرێت و بۆ ماوەیەك لە ژێر چاودێریدا دەبێت ،هەر لەبەرئەوە تەق تەق بەجێدەهێڵێو لە دوبز چایخانەیەك دادەنێو بەردەوام دەبێ لەسەر بیروباوەڕەکەی ،ماوەیەکیش دەچێتە شاری (کەرکوك ) لەسەر بیرو باوەڕی حزبی چەندین ساڵ لەشارۆچکەکەی خۆی دەربەدەر دەبێ نێوان ساڵانی 1963-1967 لە ئۆمەرگومبەت و پاشان تا ساڵی 1975 لە داربەسەرو ساڵێکیش لە کۆیە ئینجا ساڵی 1976 دەگەڕێتەوە تەق تەق ،جارێکی تر ساڵی 1987 تەق تەق جێدەهێڵێو بەرەو هەولێر دەڕوات ،چونکە ڕژێمی بەعس بەبیانووی پەیوەندی بەحزبی شیوعیەوە ،زۆر بانگی منەزەمەی دەکەن، ئەو چۆك دانادات بۆ حزبی بەعس تاکو ڕاپەڕینە مەزنەکەی 1991 دەگەڕێتەوە ڕیزی حزب و دەکرێت بە ئەندامی بەرەی کوردستانی لە شارۆچکەی تەق تەق تاوەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەمەزرێت ،مرۆڤێکی بە هیمەت و بوێرو لەسەر خۆ بوو لە 2000/3/6 بە نەخۆشیەکی کوشندە ماڵئاوایی کرد ،لەگۆڕستانی مەعمەل قیرەکە لەسەر ڕێگەی هەولێر مەخمور بەخاك سپێردراوە.

## شەهید سالار قادر ڕەمەزان



لەساڵی 1972 لە گوندی داربەسەر چاوی بە دنیا هەڵهێناوەو لە ساڵی 1976 هاتونەتەوە زێدی باوو باپیرانی (تەق تەق) وە لە ساڵی 1978 چۆتە بەر خوێندن لە تەق تەق ، لە ساڵی 1987 تەق تەق جێدەهێڵێ بەرەو هەولێر، لە ساڵی 1991 لە ڕاپەریندا دەبێتە پێشمەرگەو لە ئازادکردنی هەولێر بەشدار دەبێت.

هەر لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراق (هەرێمی کوردستان)دەکات و دەبێتە پێشمەرگە لای هاوڕێ (سەعدون). لە 1991/3/31 کاتێ ڕژێمی بەعس پەلاماری شاری هەولێری دا ئەو لەگەڵ چوار هاوڕێی تر لە بارەگای حزب مانەوە بەرگریان کرد تا شەهیدبوون ،لە چوار ڕێیانی شیراتۆن

ولای هوتێل زەیتونە.دواتر بە ڕاسپاردەیی لە گۆڕستانی (بەرماغ)ی ناوشار دەشاردرێنەوە دوای (6،5)مانگ لە 1991/10/15 تەرمی پیرۆزی شەهید سالار گواسترایەوە گۆڕستانی مەعمەل قیرەکە سەر ڕێگەی (هەولێر–مەخمور) هەزاران سلاو لە گیانی پاکی [54].

## شەهید سەیفەدین مارف ڕەحمان



سالی 1970 لە تەق تەق هاتۆتە دنیاوە 1986، بووە بە پێشمەرگە پەیوەندی بە حزبی سۆسیالستی کوردستان کردووە سالی 1988 چووە بۆ ئێران ،سالی 1991 بەشداری ڕاپەڕینی کوردستانی کردووە ،سالی 1993 پەیوەندی بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکات و سالی 1997 لە گوندی دەشتێو شەهید دەبێ .

## شەڕی ئابی 1991 لە نێوان هێزی ( 6 )ی ئاگرینی ی.ن.ك و سوپای عێراق[55]



ڕۆژی (1991/8/9)هێزی (6) ئاگرینی ی.ن.ك بە سەرپەرشتی (ڕەفعەت کەرکوکی) هاتنە نێو شارۆچکەی تەق تەق ،بەمەبەستی پەڕینەوە لە پردی تەق تەق بۆ ناوچەکانی(قەرەسالم و شەوگێر و مەرزیخە و عەمدۆن و کانی ڕەش) حکومەتی عێراقی لە

---

54- چاوپێکەوتن لەگەڵ تارق صابر ڕەمەزان لە دایك بووی 1979 ، لە 2006/6/20 لە تەق تەق.

55- تاك ،ژمارە ( 8)ی ئابی 2005 ز .





قەلاتەی تەق تەق ڕێگەی پەڕینەوەی ئەم هێزەی نەدا،

بەمەش مشتومڕێکی زۆر لە نێوان هەردولا ڕوویدا ،ئەو کات لیژنەیەکی تەنسیق هەبوو لە تەق تەق ، بەسەرپەرشتی کادیرو پێشمەرگەی دێرین کاوە ئەنوەر نادر (مامۆستا کاوە) و ئەندامێتی (بەهرام حەمەشەریف و خەیروڵلا عەبدوڵلا فەتحوڵلا و شوان قادرو فاتح حسێن )چەندین جار چونە قەلاتەو لەگەڵ لێپرسراوی سەربازی قەلاتە گفتوگۆیان لەم بارەیەوە کرد کەچی (عەمید موحەمەد) لەلایەن حکومەتی عێراقی ئاگادار کرابوو کە ڕێگەیان پێنەدات.

ژمارەی پێشمەرگەکانی ئەم هێزە خۆی لە (300)پێشمەرگە دەدا بەمەش دڵە ڕاوکێی بۆ دوژمن نایەوە حکومەتی عێراقی هێزێکی مغاویری لە کەرکوکەوە بەرەو سەربازگەی قەلاتە بەڕێکرد بۆ پشتیوانی و هاوکاری هێزەکانی هەروەها دوو فرۆکەی هەلیکۆپتەری هەڵدایە ئاسمانی ناوچەکە،ناچار هێزی (6)ی ئاگرین بە جادەی گوندی گەرمك ڕێگەی سێگردکانیان گرتە بەر،تاوەکو لەوێوە لە زێی بچووك بپەڕنەوە بۆ ناوچە دیاریکراوەکانیان ،هەردوو هەلیکۆپتەرەکە لە ڕۆژئاوایی تە قتەق بۆردومانی هێزی (6)ی ئاگرینیان کرد،بەمەش ئالۆزیو گرژی لە ناوچەکە ڕوویلە زیادی کرد بەتایبەت دوای ئەوەی هێزی (7) ی کۆیەی (ی.ن.ك) بە فەرماندەیی (ڕەهبەر سەید برایم ) گەیشتە تەق تەق و شەڕ دەستی پێکرد توانرا ڕەبیەکانی دەوروبەری تەق تە ق،گردی حێمر ،تفەنگ چی و گردی موردی گەرمك و بانە ڕەقەی تەق تەق و پرۆژەی ئاوی کۆیە– تەق تەق و بانی تالەبان تا ڕووباری کۆیە ،لەناو تەق تەقیشەوە تاسەر پردەکە پاکرانەوە مەفرەزەیەکی حزبی سۆسیالیست ڕەبیەی کارەباییەکان گرت ،زیانی دوژمن لە شەڕەکە کوژرانی زیاتر لە (20)سەربازو دەستگیرکردنی چەندان سەربازی تر جگە لەدەسکەوتەکانی وەك(70کلاشنیکۆف ،4 هاوەنی 60ملم ، 4 بیکەسی ،4 ئارپێچی ،2 جیهازی ڕاکالی بچووك ،1 جێب قیادە) لەبەرامبەریشدا شارۆچکەی تەق تەق ئاوارەی گوندەکانی دەوربەری بوون مالی هەندێك هاولاتیان سوتاو چەند پێشمەرگەیەك و کۆمەڵەیەك هاولاتیانی نیشتەجێی تەق تەق برینداربوون

**،دواى ئەو شەڕەش ڕێگەى (تەق تەق و کەرکوك)بەتەواوى داخراو بووە ڕێگەیەکى سەربازى تاوەکو ئازادکردنى عێراق لە نیسانى 2003 نەکرایەوە**[56]

56–چاوپێکەوتن لەگەڵ موحەمەد ئەحمەد ئیلنجاغى (محمد چاوشین)لە دایك بووى 1951 ى ئیلنجاغى گەورە لە2004/3/20 لە کۆیە

تەق تەق ، ثەلكە زێرینەی کەنار زێی بضووك ئاراس ئیلنجاغی

# بەشی شەشەم

## چەند گوندێکی دیــاری شارۆچــکەی تــەق تەق

# خرابە ( ناحیەی ئاشتی )

ئەم زاراوەیە لە کوردەواریدابۆ ئەو شوێنە بەکاردێت کە لە کۆندا ئاوەدان بووەو ئەمڕۆ ئاوەدان نیەو قشراغ و مێرابی کاولەخانووگۆزەو کەل وپەلی چەندین ساڵ لەمەوبەر بەکارهاتووی لێدۆزراوەتەوە،کەواتە گوندی خەرابە بە مانای(کاولان یان کاولە هەوار)دێت.

## پێشینەیەکی مێژوویی

نوسین لەسەر مێژووی هەر گوندێك لەم کوردستانە ئاسان نیەو توشی ئاستەنگی دەبیت ،بۆیە کەباس لە مێژووی ئەم گوندە دەکەین بێگومان دەبێت پشت ببەستین بە پەرتوکە زیندوەکان [1] و چەند کەسایەتیەکی دیارو باوەڕپێکراو بدۆێنین و پرسیاریان لێبکەین ئایا چیت بیستووە لەسەر ناوو مێژوو پێکهاتەو ڕووداوەکانی ئەم گوندە؟یا چیت بیستوە لە ڕووداو بەسەر هاتەکان...تاد.بەڵگە نەویستیشە توشی بیرو بۆچونی جیاجیا دەبین چونکە هەر بۆچونێك سەد دەر سەد ئامانج ناپێکێت بەڵام دەچێتە بواری ئەوەی قەناعەت بە عەقڵی مرۆڤ بهێنێت .

ئەم گوندە ناوەکەی خۆی لە خۆیدا مێژوویەکە چونکە(خرابە)واتە وێرانە،دەکرێت بەر لە ئاوەدانکردنەوەی ژیان و گوزەرانی تێدابوو بێت و بەمەش ڕاستی مێژووەکەمان بۆ دەرناکەوێت ، کاتێ ئەم ناوچەیە لە ژێر دەسەڵاتی پیاوانی عەشیرەتی هەمەوەند بووە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم ،هەر بۆیە حەماغای کۆیە داوا لە ئاغاکانی شێخ بزێنی سەروو دەکات ،کە قەڵەم ڕەوی (هەمەوەند)ییەکان لە ناوچەکە کەم بکەنەوە ،تۆفیق ئاغاو سمایل ئاغای برای

1- هەر مرۆڤێك تەمەنێکی لە ژیان بردبێتە سەرو ڕاستگۆ بێت ،پەڕتوکێکی زیندووە.(دانەر)



تەق تەق ، ثةلكة زيَرينةي كةنار زيَي بضووك ئاراس ئيلنجاغي

توانیویانە دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن ،سمایل ئاغا پیاوێکی ئازاو بە ویژدان بووە ،بەڵام تۆفیق ئاغای برای وەك ئەو نەبووە ،ئەمانە لە (گۆمەشین)نیشتەجێ بوون و،بۆ ماوەیەك لە ناوچەکە دەمێننەوە ،بەڵام دواتر پەیوەندیان لەگەڵ حەماغای کۆیە تێك دەچێت و حەسەن ئاغای برای حەماغا دەکوژن و،بەمەش حەمەغای کۆیە لەشکر دەنێرێتە خرابەو لە خوار گوندی (شیوەشان) سمایل ئاغای شێخ بزێنی ڕووبەڕوویان دەبێتەوەو دوای شەڕو پێکدادان (سمایل ئاغا)دەکوژرێت ناوچەکەش دەکەوێتە دەست لەشکری حەماغای کۆیەو صاڵح ئاغای باوکی عەزیز ئاغای خرابە ،کە پیاوێکی باڵا بچکۆڵەی کاسب و هەژار بووە خزمی حەمەغای کۆیە بووە حەماغا گوندی خرابەی پێدەسپێرێ ئەویش سەرەتای کارەکانی بەچەند کارێز لێدانێك دەست پێدەکات.[2]

هەر چۆنێك بێت کە باس لە مێژووی ئەم گوندە دەکەین دەڵێن (ئاغا دێ)بووە هەر بۆیە لە ململانێی نێوان ئاغاکانەوە مێژوویەك بۆ ئەم گوندە دروست بووە ،بەتایبەت لە نێوان ئاغاکانی شێخ بزێنی سەروو غەفوریەکانی کۆیە ،صاڵح ئاغای عەوڵڵا غای ئامۆزاو زاوای حەماغای مەحمود ئاغای کۆیە ،کە پیاوێکی بەدین و کاسب و نوێژکەر وحەرام نەخۆرو سورانەی[3] وەرنەگرتووە[4] ،چەندین کارێزی لێداوە لەوانە(صالحە شینە،کانی خەزان،کانی ماران،قەسرێ،تووە ڕەشە،چڵە خانە"[5]دوای ئەوە لەشکری حەمەغای کۆیە توانی ئاغاکانی شێخ بزێنی سەروو بشکێنێ ئیتر (صاڵح ئاغا)گوندی خرابەی ئاوەدانکردۆتەوەو زێی بچووك بووە بە سنور لە نێوان شێخ بزێنیو دەشتی کۆیە ،بەو شێوەیە تا ئەمڕۆ

2- چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ صدیق اورحمان رسول کاولانی "لە 2006/10/17 ڕۆژی دووشەممە لە بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی ئاشتی.

3- سورانە:باجێکی کاتی بووە کاتێ جوتیارێ کچێکی بە مێرد بدایە دەبوایە دیاریەك بۆ ئاغا ببات ئینجا چ پارە بووبێت یان هەر شتێکی تر بووبێ .

4-چاوپێکەوتن لە گەڵ شێخ سدیق اورحمان .

5-چاوپێکەوتن لەگەڵ مام عەلی ساڵح حەمەد لە 2006/10/17، لە تەمەنی (55)ساڵیدا بوو لە ناحیەی ئاشتی(خرابە) کە لە باغەجنێریەکانی خرابەیە.

ژیان و گوزرەانی تێدا بەردەوامە ،کۆمەڵێك تیرە بەیەکەوە ژیاون وەك(باجۆڵی و کەڵوڕیو جاف و شینکی و مەلا زادەی شێخ بزێنیو ئاغاکانی غەفوری کە ئەمانەش لە (کۆیەو سورە قەلاَو شیوەشان و باغەجنێرو قازبەگیان و شێخ بزێنی) هاتوون .جگە لە باجۆلیەکان کە بە (خرابەیی)دادەنرێن و لە دێر زەمانەوە لە خرابە بوون [6] مام عەلی صالح دەڵێ "قەلاَی خرابە قەلاَیەکی تورەگەڕێژەو ماڵی عەزیز ئاغای لێبووە لە کۆندا ،دەڵێن لەسەردەمی پاشای کۆرە دروست کراوە کەواتەگوندی خرابە مێژوویەکی کۆنتری هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم زۆر دوورتر لە ناکۆکیو دۆستایەتی ئاغاکانی شێخ بزێنیو غەفوریەکانی کۆیە.

وەك کەرتێکی کشتوکاڵی (4620)چوار هەزارو شەش سەدو بیست دۆنمە[7] لەگەڵ بیست لە گوندەکانی ڕۆژهەلاَتی تەق تەق لە تشرینی دووەمی ساڵی 1999بووە بەناحیە لەسەردەمی سەرۆك وەزیرانێتی کۆسرەت رسول عەلی کە کاتێ سەردانی ناوچەکەی کردو خەڵکی دەڤەرەکە داواکار بوون کە ناحیەیەك لەو ناوچەیەدا بکرێتەوە بۆ کار ئاسانی کارگێڕی هەر بۆیە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا کە خرابە بکرێتە ناحیە و بەناوی (ئاشتی)یەوە ناونرا.یەکەم بەڕێوەبەری ناحیەکەش (شێخ صدیقی اورحمان رسول کاولانی بوو(محمد احمد سەرۆکی شارەوانیو ملازم موراد عبدالرحمان کانی کوردەیی لێپرسراوی بنکەی پۆلیس و ڕزگار مستەفا خرابەیی لێپرسراوی بنکەی ئاسایش وبنکەی بەرگری شارستانی (علی عەبدوڵلاَ خرابەیی)و بنکەی پۆلیسی دارستان (فریدون احمد شریف) گۆمەشینی و بەڕێوەبەری ناوەندی خرابە (نەسرەدین ئیسماعیل قادر کۆیی)و دواناوەندی خرابە (ئاراس حسن لە( بنەماڵەی کورتان درووی کۆیە) وبنکەی تەندروستی (د.محمد احمد دواتر بووە هادی احمد شریف) و لقی کشتوکاڵی خرابە (مزەفەر حەمەد ئەحمەد ) وپێناسی باری شارستانی (جەلال حسێن مامە) و ملازم سلاح عمر کۆیی و ملازم ساڵح حاجی خدر خرابەیی

6- مام عەلی ...هەمان چاوپێکەوتن

7-لە لقی کشتوکاڵی خرابە وەرگیراوە لە 2006/10/17.





هەریەك لە دوای یەك سەرپەرشتی بنکەی پۆلیسی خرابەیان کردووە ،بنکەی ئاسایش ملازم قارەمان سلمان تە قتەقیو شۆرش کاکە هەریەك لە دوای یەکتر هاتن بۆ لێپرسراوێتی بنکەکە.

ساڵی 1999 ناوچەقی خرابە (60)ماڵی تێدابووەو ژمارەی دانیشتوانی (394) کەس بووە،ساڵی 2006 (110)ماڵ لە ناحیەکەدا هەبووەو ژمارەی دانیشتوانی (671)کەس بووە[8] ، ناحیەی ئاشتی (خرابە) (20)کەرتی کشتوکاڵیەبە بەڕووبەری (76650) دۆنم ،ساڵی (2000) ، (3551) جوتیاری هەبووە ،بەلاَم وەك ئاوەدانیو گوند(23)ئاوایی هەیە ئەوانیش(کلێسە،- کانی سوور،بۆگد،الا اللە،کانی بی ،ئەلیاسە سوور،کێلە زیندان،کانی کوردەو داوداوە،کاولان ،قزلو، گۆمەشین،کانی هەنجیر،قەسر خرابە ،قازبەگیان، شیوەشان،قولقوڵە،سورە قەلاَ،بانە گولاَن،سوێرەڵە،هەواری تازە لە سنور ئاقاری قزلو،چالاو لە سنووری کاولان) تێکڕایی ڕوو پێوی ئەم گوندانە (192)کم$^2$ دەبێ ،گرنگترین پارچە زەویەکانی ئاوایی خرابە "چڵە خانە،کانی بۆکان،مەیدانگە،دەشتی کێلە سپی ،پەینکە بڕ،کانی ماران،دەشتی قەسرێ ،چەمرگە ،گردی چەمرگە ،شیوە قوول ،ئاودەلوك)ە ،لە کانیە سەرەکیەکانی (خانکە،ئاغاژن ،قولکە،کانی پیاوان ،کانی خەزان،)ە بیرەکانی ئاوی خواردنەوەش (بیری مام عەلی لە کانی خەزان،بیری عبێد احمد فقی رسول لە چڵەخانە ،بیری سەعیدی ئەحمەد لە دەشتی قەسرێ ،بیری عەبد ئاغا لە قەسرێ ،گۆڕستانەکانیش (توە گچکەل و تاعونان و شێخ وەلاو شێخ محمد)ە.

سنوری ناحیەی ئاشتی (خرابە) لە قۆناغی ئەنفالی چواردا بەر شالاَوەکە کەوتووەو (560)هاولاَتی ناوچەکە ئەنفال کراون گوندەکانی (کلێسەو قزلو و گۆمەشین)زۆرترین کەسیان ئەنفال کراون ،چەقی ناحیەکەش (12)هاولاَتی ئەنفال کراوی هەیە لەگەڵ (6)شەهیدی سەنگەر یەکێك لەو شەهیدانە (عەبدوڵلاَ

8-لە ناحیەی ئاشتی خرابە وەرگیراوە چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ صدیق لە دایك بووی 1951 .

**خرابەییە)لە شوێنی حەشارگەکەیەوە لەگەڵ چەند کەسێکی تری گوندەکەیان ،لە نێوان گوندی خرابەو قوڵقولە ،دەبینێت کە دوو سەرباز ئافرەتێکی گەنج ڕاو دەکەن دەیانەوێت پەلاماری بدەن ،سەربازەکان جلەکانی لەبەردادەدڕن ،عەبدوڵلا کە هێزی پشتگیری بوو چەکی پێ بوو ،لە حەشارگەکەی دێتە دەرەوەو هەردوو سەربازەکە دەکوژێت هێزەکانی دوژمن دەوری عەبدوڵلا دەدەن و دەبێتە شەڕ عەبدوڵلا تا دوافیشەك شەڕ دەکات و دوو سەربازی تریش دەکوژێت ،بەڵام دواتر عەبدوڵلا دەگیرێت و (بارق )عەبدوڵلا سواری هەلیکۆپتەری دەکات و لە ئاسمانەوە فرێی دەداتە خوارەوە.[9]**

# گوندی باغەجنێر

**دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناحیەی تەق تەق بە دووری (6) کم لە ساڵی 2005 دوای ئەوەی سێگردکان بووە ناحیە ،بە گەورەترین گوندی ناحیەی تەق تەق دادەنرێت لە ڕووبەردا (27)کم$^2$ دەبێت سنورێکی بەرفراوانی هەیەو گوندە کە کەوتۆتە نێوەندی ئاقارەکەی بەمەش لە نێو گوندەکە بۆ هەر لایەکی بڕۆیت (35-50) دەقیقە بە پێ دەڕۆیت.**

**ڕووبەری گشتی گوندەکە (10835) دۆنمەو (4840) دۆنمی شیاوە بۆ چاندن و بەکەڵکی وەرزێری دێت ،ئەوی تری گرد و تەلان و هەرد و هەڵدێرە و دامێنی بەرزایی تەکەڵتوە( سیتەغارە) ئەمەش لەبارە بۆ ئاژەڵداری و بە خێوکردنی مەڕو مالآت[10] .**

**لە ڕووی هەڵکەوتەی بازنەکانی پانیو هێڵی درێژیدا ،کەوتۆتە نێوان (35,50-35,55)هێڵی پانیباکورو (44,35-44,40)هێڵی درێژی ڕۆژهەڵات ،لە**

---

9-شۆڕش حاجی ڕەسول ،ئەنفال ،کوردو دەوڵەتی عێراق ،چاپی دووەم ،ساڵی 2003 ،سلێمانی ،ل208

10-هەموو زانیاریم دەربارەی زەویو زار لە لقی کشتوکاڵی تەق تەق وەرگرتوە.





**ڕووی بەرزیو نزمیەوە بە هێڵی کەنتوری لە (400-811 م)لە بەرزایی تەکەڵتودایە[11]**

**سنورو ئاقارەکەی لەگەڵ (8)گوند لێك ئەگەڕێتەوە ،لە باکورو باکوری خۆرهەلات (تەکەڵتوو ،ناسراغا ،پەلکانە)لە باکوری ڕۆژئاوایی (کونە گورگ) لە ڕۆژهەلاتی (مخەرەس)لە باشورو باشوری خۆرئاوایی (چۆم حەیدەرو تەق تەق )لە ڕۆژئاوادا (تاڵەبانی گەورە).**

# باغەجنێر لە چیەوە هاتووە

**چەند بۆچونێك هەیە وا لە خوارەوە دەیخەمە ڕوو.**

**1- مامۆستا (ڕەزا رسول عەلی حەمەد)لە زاری حاجی مەحمودی مام عوسمان دەگێڕێتەوە کە ئەو لە باپیری خۆی بیستوویەتی کە باپیری پیاوێکی زۆر ئەختیار بووە ووتویەتی (یەکەم جار پیاوێك لەوێ باخچەیەك دائەمەزرێنێ ،ژنەکەشی زۆر ژنێکی بوێرو ئازا بووە ،بەمانای نێرانە ،ئەویش باخەکەی لەبەرئەوە بە ناوی ئەوە ناو ناوە (باغی ژنێر) (باغی+ژن+نێر) [12] ژنەکەش ناوی فاتمە بووە ،یەکێك بووە لە ژنەکانی کوێخا وەسمان کە یەکەم جار لەم گوندە نیشەجێبوون.**

**2- هەندێکی تر دەڵێن کەسێکی تورك بە ناوی (جونیر )باغێکی بەناو هێناوە لەوێ ،بۆیە بوە بە( باغی جنێر)[13]**

---

11-نەخشەی هێزە چەکدارەکانی عێراق،ڕووپێوی سەربازی،ساڵی 1986

12-کەمجار وا هاتووە لە کوردەواریدا ووشەی ژنێر (ژنی نێر)ئاماژەی پێدرابێ بەڵکو وەك شاعیر (پیرەمێرد دەڵێ(ئەوساکە جوامێر دەنگی دلێر بوو ،خێڵی هەمەوەند ژنیشیان شێر بوو)واتە ئەگەر ژنێك جەسور و بوێر بوایە ووترایە (شێر کە لە بێشە هاتەدەر چ نێر چ مێ)

13-ڕاپۆڕتی هەر سێ خوێندکار (زیرەك مام قادر و حەسەن عمر حەوێز ،خەلات جەعفەر عەولا)کە ساڵی 2001-2002-لە بابەتی جوگرافیا لەسەر مێژووی جوگرافیای گوندی باغەجنێر،بۆ پۆلی چوارەمی گشتی لە ئامادەیی تەق تەقی تێکەلاو ئامادەیان کردووە بەلام بەوە دەچێ هەر سێ خوێندکارەکە یەك ڕاپۆرتیان ئامادەکردبێ.

3– ئەندازیار (ئازاد مامەند خالید)نەوەی موحەمەد خدر قادری بنەماڵەی كوێخا وەسمانی (لەك)ە دەڵێ"پیاوێك بە ناوی (جونەید) باغێكی هەبووە ،باغی جونەید بووە ،بەڵام پیتی دال قورس بەكار هاتووە بووە بە (ر) (ج)یش هەندێك جار دەبێت بە ژ وەك جەم =ژەم ،جان دارك =ژان دارك بۆیە بەخزانی زمان بووە بە(باغی ژنێر)[14]ئینجا ئەم جونەیدە كوێخا بووە یان پیاوێكی دەست ڕۆیشتوو بووە.

4– هەندێك بیرۆكەی تر دەڵێن لە باغی هەنجیرەوە هاتووە ،بەڵام لە كوردستاندا زۆر گوند بە ناوی (كانی هەنجیر)هەنەو گۆڕانیان بەسەرا نەهاتووە بن بە (كانی جنێر)

# مێژووی باغەجنێر

لە سنوری ئەم گوندە كۆمەڵێك شوێنەواری دێرین و كاولەو قشراغی كۆن هەیە ،كە مێژووەكەیان دیار نیە ،مامۆستا ڕەزا رسول لە چوار چێوەی بینینی ئەم شوێنەوارانە دا پێشبینی دەكات كە ئەم گوندە (350–400)ساڵ لەمەوبەر دروست كرابێ و ئاوەدانكرابێتەوە ،بەڵام مامۆستاو ئەندازیار(ئازاد مامەند)پێی وایە (150–200)ساڵ لەمەوبەر شوێنی ئەمڕۆی گوندەكە ئاوەدانكرابێتەوە ،چونكە ئەو پێ وایە ئەو كاولە شوێنەوارانە پەیوەندی بەبارودۆخی شەڕو ڕووداوو نەخۆشیە كوشندەكانەوە بووە،لەشوێنەوارە دێرینەكان و گۆڕستان و كاولەكانی سنوری ئەم گوندە :

1–گۆڕستانەكان(گۆڕستانی قەبری غەریب ،گۆڕستانی كوچك نەخشینە، گۆڕستانی بەراوی مەلا، گۆڕستانی خەرابگە.)

2–شوێنەوارەكان (فرەماڵان ،بە دووری (1)كم لە خۆرئاوایی باغەجنێرەوە،ئەمڕۆ چەندین پارچە گۆزەو سەرە ڕم و پارچە زێڕی لێدۆزراوەتەوە هەروەها شوێنەواری تری وەك (سەر مۆرد ،گردی قەڵای جەژن ،خەرابگە

14–چاوپێكەوتن لەگەڵ ئەندازیار (ئازاد مامەند خالید)لە دایك بوی ساڵی 1968 ی گوندی باغەجنێر ،لەبەرواری 2007/1/1 لە تەق تەق .





،ئەشكەوتی حسێن،لوتكی ئاسونەگا ،كاولە ڕەزا ،ماڵی سوتا) هەموو ئەمانە لە سنوری گوندی باغەجنێرن.

3–كاولەكان

أ–كاولی (كەیلان)گوندێكی ڕووخاوە ، تا ئەمڕۆش مێراب و بناغەكانی هەر ماوە ،لە ڕۆژئاوایی گوندەكەیە ،دانیشتوانی گوندەكە هەر پێ ی دەڵێن (كەیلان)بەڵام مامۆستا (ڕەزا ڕسول)دەڵێ "مام حاجی صابر صادق كە یەكێكە لە پیاوە بەتەمەن و وورد بین و زیرەكەكانی باغەجنێر ووتی ساڵی (1946(خەلیلە فەندی )ناوێك ،كە ڕوو پێوی ناوچەكەی كردووە ، ئەو كات ووتی ئەم كاولە ناوی (چاڵگە) بووەو سنوری سەربەخۆی هەبووە ،بەشكراوە بەسەر گوندەكانی كونە گورگ ،تاڵەبانی گەورە ،تەق تەق ،بەشێكی زۆریشی بەر گوندی باغەجنێر كەوتووە)هەروەها مامۆستا ڕەزا ووتی "ئەم گوندە بە هۆی شالاوە دڕندەكانی عوسمانی دوچاری تالان و برسیەتی بووە چۆڵكراوە ،كوێخای گوندەكەیان بەناوی (كوێخا خدر)چەند ساڵێك لە باغەجنێر دانیشتووە.

ب–كاولان :ئەمەش كەوتۆتە سەرووی خۆرهەلاتی گوندەكە ،سەرەتا گوندی باغەجنێر لەوێ بووە ،بنەماڵەی كوێخا وەسمان لەو شوێنە گیرساونەتەوە ئینجا چوینە شوێنی ئەمڕۆی گوندی باغەجنێر.

ج–كەڕەدێ: لە خۆهەلاتی باغەجنێردایە ،كونەدێ ،یا كۆرەدێ بووە.

د–كاولە ڕەز:نزیك قەلای جەژنە لە خۆرهەلاتی باغەجنێردایە.

# دانیشتوانی گوندەكەو كارە خزمەتگوزاریەكان

لەسەر ژمێری دانیشتوانی عێراقدا ساڵی 1957 ،ژمارەی دانیشتوانی باغەجنێر (372)كەس بووە[15] ،لە ئەنجامی شۆڕشی كوردستان و پەلاماردانی ناوەند لە عێراقدا ،ئامارەكانی (1965–1977–1987)دروست نیەو جێگەی

15–كەریم زەند جوگرافیای كوردستان ،چاپی دوەم،چاپخانەی شڤان ،سلێمانی 2001،ل363 ،بەلام عەبدوڵلا غەفور ، لە كتێبی گوندەكانی باشوری كوردستان لەسەر ژمێری 1957ی دانیشتوانی عێراقدا ،لە لاپەڕە (111)(432)كەس بووە.

باوەڕنین ،بەڵام لە ئاماریكی وەزارەتی پەروەدەی هەرێم و ڕێكخراوی یونسێف لە 2/مایسی 2001 ئەم گوندە (670)کەسی تیا نیشتەجێبوە .

ئەم گوندە (12)تیرەی جۆراو جۆری تیایە[16] ئەمانیش:-

1- تیرەی کوێخا وەسمان کە لە هۆزی (لەك)ن ،بەیەکەم بنەماڵە دادەنرێن کە باغەجنێریان ئاوەدانکردۆتەوە.

2- بنەماڵەی (برایمی رەعدە)کە لە فەقێ میرزاوە هاتووە ،لە هۆزی (زەنگەنەن).

3- بنەماڵەی عەوڵلاّ حەبیب کە لە (تەلە ڕەشە)ی ئێرانەوە هاتوون ،لە هۆزی جافن.

4- بنەماڵەی وەسمان جۆلاّ کە لە گوندی مام ڕەشەوە هاتوون لە هۆزی شوانن.

5- بنەماڵەی پیرداود لە هۆزی داودەن.

6- بنەماڵەی تازە ئەحمەد لە گوندی ژاڵە)وە هاتوون لە هۆزی زەنگەنەن ،ئەوانیش دوو برا بوون ،کوڕی هەردووکیان ناوی (ئەحمەد بووە)برایەکیان ڕۆیشتووەلە باغەجنێر ،کاتێ کە گەڕاوەتەوە نەیانزانیوە بڵێن کام (ئەحمەد)ناچار ووتویانە (تازە ئەحمەد)بەو برایەی کە تازە گەڕاوەتەوە.

7-بنەماڵەی خدری سمایل کە لە بادینان هاتوون.

8-بنەماڵەی (حەسەن حەمەد)لە گوندی عەلی موسا وە هاتوون لە هۆزی پالاّنین.

9-بنەماڵەی حەوێزی وەسمان لە گوندی (جەلەمۆرد)وە هاتون ،ڕەزی حەمە ئایشان هەیە لە جەلەمۆرد.بە ناوی ئەم بنەماڵەیە ،ئەمانەش لە هۆزی مەنتکن.

10-بنەماڵەی سەعید مەحمود)لە گوندی (مامە لێسیەوە)هاتوونە هەندێکیشیان لە گوندی (کاذیهەنجیری برایم ئاغا)ماونەتەوە.

11-بنەماڵەی (جەلال شەریف)ئەمانە لە کاولە گۆڕقەرەجی زێدی حاجی قادری کۆیی هاتوون.

16-هەر بۆیە دەبینین منداڵی ئەم گوندە زۆر زیرەك دەردەچن و کاتێك کە دەچنە قوتابخانە ،چونکە خزمایەتی کەوتۆتە نێوان (12)تیرەی جیاوازەوە.





12-بنەماڵەی (حەمەدی حەوێز)لە گوندی (مخەڕەسەوە)هاتوون ،ئەمڕۆ ڕەزێك بە ناوی (حەمە حەوێز)لە گوندی مخەڕەس هەیە.

لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی 1991 ئاوەدانکراوەتەوەئەمڕۆ نزیکەی (100)ماڵی تێدایە پیشەی سەرەکی دانیشتوانی ئەم گوندە بەخێوکردنی مەڕو ماڵات و وەرزێریە وەك چاندنی دانەوێڵەو گەنم و جۆ لەبەر کارێزی گوندەکە توتنەوانی دەکرا ،تا ساڵانی ڕابردوو ساڵانە(600-700)فەردە توتنی لێدەکرا لە گرنگترین کارە خزمەت گوزاریەکانی کە بۆی ئەنجامدراوە ئەمانەن:

1-دوای ئاوەدانکردنەوە ساڵی 1993 ڕێکخراوی منداڵ پارێزی کوردستان و بازاڕی هاوبەشی ئەوروپی بینای قوتابخانەیەکیان تێدا دروست کرد.

2-مزگەوتێك لەلایەن ڕێکخراوی فریا گوزاری ئیسلامیەوە.

3-پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە.

4-کۆنکرێت کردنی جۆگای کارێزەکەو پڕۆژەی ئاوەکە بۆ ناو گوندەکە.

5-گۆمی شوشتنی مەڕو ماڵات.

6-چەوڕێژکردنی ڕێگای گوندەکە.

7-دابین کردنی مۆلیدەیکارەبایی.

8-دروست کردنی بنکەیەکی تەندروستی.

# باغەجنێر و شۆڕشگێری

چەندەها جار بەر شاڵاوی درندانەی عوسمانیەکان کەوتوەو تالاّن کراوە هەندێك جار لە بری تالاّن خەڵکی ئاواییەکەیان گرتووەو خەڵکیشیان شەهید کردووە وەك شەهید کردنی (حەمەدی برایمی رەعدە)و (برایم حاجی )،هەروەها عوسمانیەکان (کوێخا حەوێزی) گوندەکەیان گرتووە ،ئازاریان داوە لەشاری کۆیە، دوای نەمانی عوسمانیەکان ئینگلیزەکان بۆردومانی ناوچەکەیان کردووە بە فڕۆکەو دوو هاولاّتی ئافرەتێك و پیاوێك شەهید بوون ئەوانیش ناویان (غەزال)

و(عەوڵڵاَ ڕەش)[17] بووە ، هەندێك جار خەڵكی گوندەكە ڕوو بە ڕووی جەندرمەو زەفیتە هاتونەتەوە بەلاَم لەبەر نەبونی چەك و فیشەك هەر خەڵكەكە زیان لێكەوتوو بووە وەك ڕووبەڕووبونەوەی (حەسەن شەلی حەمەد)لەگەڵ جەندرمەكان كە ئەو نازناوە شەلەی لەوە هاتوە كە فیشەكێكیان داوە لە قاچی ،هەروەها كوێخا سلێمان) لەگەڵ چەند پیاوێكی تر توانیویەتی عەمباری توركەكان لە تە ق تەق بشكێنێ و هەموو دانەوێڵەكانی بردووە ،ئەم گوندە وەك هەموو ئاواییەكانی كوردستان دووچاری حەرەس قەومی ڕژێمی عەفلەقیەكان هاتووە ،جگە لە دوا شالاَوی دڕاندانەی ئەنفال لە 1988/5/4 ، گوندی باغەجنێر گوندێكی شۆڕشگێری نیشتمان پەروەرن ، لە شۆڕشی ئەیلولی مەزندا (3 )شەهیدیان داوە بە ناوەكانی (جابر صابر صادق و مەولود عوسمان رسول و فارس عەلی حەمەد) هەروەها لە شۆڕشی نوێ گەلەكەمان (11)شەهیدیان داوە:

(ئەنوەر رسول صادق ،لوقمان جەوهر عەبدوڵلاَ ،شكر محمد قاسم تۆفیق ، فەرهاد ڕەمەزان حەمەد،كمال عزیز قادر ،جواد عزیز قادر ،لەتیف یوسف حمەخان،نازم رسول صالَح ،حوێز جعفر عەبدوڵلاَ،وهاب قادر ئیسماعیل ، پەخشان ئیبراهیم حەمەد) هەروەها لە شالاَوی دڕاندانەی ئەنفالی چوار (30)هاولاَتی ئەم گوندە بەرشالاَوەكە كەوتن و بێ سەرو شوێن كران ئەمەش ناوی شەهیدانیگوندی باغەجنێری ئەنفالە بەدناوەكەیە[18]

وە چوار پێشمەرگەی دانەبڕاویان هەبووە كە هەر چواریان هی یەك ماڵ بوون ئەوانیش (قادر تەها ئیسماعیل و هاشم قادر ئیسماعیل و جومعە قادر ئیسماعیل و شەهاب قادر ئیسماعیل )[19] بوون

17–هیچ نەوەی نەماوە بەلاَم ئەمڕۆش پارچە زەویەك بەناوی عەبدولاَ ڕەشەوە لە باغەجنێر هەر ماوە.

18–بۆ زانیاری لەسەر ئەم گوندە زۆرترین سودم لە چاوپێكەوتنی مامۆستا (ڕەزا رسول علی حەمەد) وەرگرتووە ،لە دایك بووی ساڵی 1963 باغەجنێرە ،لە بەرواری 2006/12/29. لە تەق تەق.

19–چاوپێكەوتن لەگەڵ هاشم قادر ئیسماعیل لە دایك بووی 1968 ی باغەجنێر لە 2007/4/7 لە تەق تەق.





| ز | شەهیدی ئەنفالكراو | تەمەن | ز | شەهیدی ئەنفالكراو | تەمەن |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | تەها سلیم رسول | 1948 | 16 | خدیجە عزیز علی | 1968 |
| 2 | ڕەزا سلیم رسول | 1949 | 17 | شێروان لقمان رەزا | 1985 |
| 3 | عارف سلیم رسول | 1965 | 18 | خەرامان لقمان ڕەزا | 1984 |
| 4 | تەلعەد حەسەن رسول | 1968 | 19 | حمەخان شریف تەیب | 1945 |
| 5 | ڕەفعەت سادق حەوێز | 1963 | 20 | زكیە كامل تەیب | 1957 |
| 6 | ڕەمەزان مەجید عەلی | 1971 | 21 | محمد حمەخان شریف | 1980 |
| 7 | لەعلی هەمزە قادر | 1932 | 22 | مهاباد حمەخان شریف | 1982 |
| 8 | مەجید سعید حەمەد | 1964 | 23 | احمد حمەخان شریف | 1986 |
| 9 | عزیمە عمر رسول | 1950 | 24 | دەشتی حمەخان شریف | 1987 |
| 10 | محمد رەزا ئیسماعیل | 1980 | 25 | عوسمان شریف تەیب | 1950 |
| 11 | گوڵول رەزا ئیسماعیل | 1981 | 26 | ئەتلیمە ساڵح ئەحمەد | 1952 |
| 12 | جوامێر رەزا ئیسماعیل | 1981 | 27 | بێستوونی عوسمان شریف | 1971 |
| 13 | دلێر ڕەزا ئیسماعیل | 1983 | 28 | خاكاو عوسمان شەریف | 1987 |
| 14 | دڵزار ڕەزا ئیسماعیل | 1985 | 29 | دڵخۆش عوسمان شریف | 1980 |
| 15 | مامە رسول محیدین | 1970 | 30 | دڵپاك عوسمان شریف | 1986 |

# گوندی ئیلنجاغی گەورە

ئـەم گونـدە دەکەوێتـە بـاکوری خۆرئـاوایی شارۆچـکەی تـەق تـەق بـە دووری (9)کـم ،هـاو سـنورە لەگـەڵ گونـدەکانی (تاڵـەبانی گـەورەو ئیلنجـاغی گچـکەو مەرزان)لـە خۆرهـەڵات ،(شیواشـۆکی گچـکەو گەورە)لـە بـاکورو (ئۆمەرگومبـەت و کاولە گۆرقەرەج)لە باشورو (سماقەو داربەسەری گچکە)لە ڕۆژئاوادا.

ڕووبەرەکـەی (9822)دۆنم لـە زەوی و زارە (5130)دۆنمـی شـیاوە بـە کـەڵکی کشـتوکاڵ کـردن دێـت ،ئـەوەی کـە مـاوە (4692)دۆنمـەو پاوانـەو بـە کـەڵکی ئاژەڵداری دێت[20]

لە ڕووی بەرزیو نزمیەوە لە (350)م بە هێڵی کەنتوری لـە باشوریەوە دەست پێـدەکات و تـاوەکو (550)م بـەرز ئەبێتـەوە لـە بـاکوری گوندەکـە دا ،هـەروەها کەوتوتـە نێـوان هێڵـی پـانی (35-36)ی بـاکورو هێڵـی درێـژی (44,3-44,35)ڕۆژهەڵاتدایە [21]

# ئیلنجاغ مانای چییە؟

لـە لاپـەڕە(336)ی کورتەیـەك لـە مێـژوو هەنـدێ لـە نـاودارانی هـۆزی شـێخانی (سەعدولاّ شێخانی)دا هاتووە [22]هەریەك بە بۆچونی خۆی دەڵـێ کۆمـەڵێك مانـای هەیە وەك (تەمتەمـە شاخ) و (ڕێزەشاخ) و (قاوە جاغ)(دیوەخـان نشین)،بەڵام ئـەم ووشەیە (ئیلنجاغ)لە بنەچەدا تورکیەو لە بنەڕەتدا (ئیلنچاغ) بووە[23] لـە ئـەنجامی

---

20-ئەم زانیاریانەم لە لقی کشتوکاڵی تەق تەق وەرگرتووە ساڵی 2001.

21-نەخشەی هێزە چەکدارەکانی عێراق ،ڕووپێوی سەربازی ،ساڵی 1986.

22-بە داخەوە بەر لە دەرچوونی ئەم کتێبە زانیاریم لەسەر گوندی (ئیلنجاغی گەورە) لە ڕێگەی (تـەیب ڕشـید تـەیب)ەوە دا بەبـەڕێز (سـەعدولاّ شێخانی)کەچـی بـەڕێزی لـە هەوامشـیش نـاوی سەرچـاوەی زانیاریەکەی نەخستە ڕوو.

23-لە خوێندنی زانکۆدا ،لە هەولێر (سێ کچی )ڕێك و پێکی تورکمانم لەگەڵ دابوو ،ڕۆژێك بە گاڵتەوە ووتم" ئەگـەر خۆشـناو نـین دەبـێ ووشـەیەك هەیـە بـزانن مانـای چـیە؟ووتیان چـیە ووتم





خزانی زمان پیتی چ بووە بـە (ج) بۆتـە (ئیلنجاغ)ئەویش واتـای (خـەڵکی کۆچـەر =انسان لرکوچرلر) دەگەیەنێ بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم ڕاستیە دەتوانین پشت بەچەند ڕاستیەك ببەستین وەك:

1-یەکێك لەپەندە کوردیەکانی کە بۆ مەڕ لەوەڕاندن ووتراوە :

لە کوێستانان (گـەدەو بانـە سـەر)لە گـەرمیانان (ئیلنجاغ و داربەسـەر) پیشـەی مـەڕ لەوەڕانـدیش پیشـەیەکی کۆچـەریە لـە کوردسـتاندا لـە نێـوان کوێسـتان و گەرمیاندا.

2-لە هەرێمی کوردستان چوار گوند بـەو نـاوە هـەن(ئیلنجاغی گـەوەرو گچکە )لـە تـەق تـەق ،ئیلنجـاغی حـاجی لالـەی شـوان ،ئیلنجـاغی قوڕاویـان لـە قوشتـەپە ،تێکڕای ئەم گوندانە زەوی و زارەکانیان دێمە کارو پشت ئاو و پاوانن ئەمەش بۆ لەوەڕاندنی مەڕو بەخێوکردنی لە بارە.

3-تـاوەکو ئەمڕۆشـی لەگەڵـدابێ هـەواری زسـتانەو هاوینـەی ئـەم گوندانـە جیاوازە ،هاوینـان ناوئاوایی جێدەهێڵن و دەچنە شوێنە بە ئاوو لـەوەڕەکان بۆ بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتەکانیان.

---

(ئیلنجاغ)کچـێکیان( ئـەوین )ڕۆژێکیـان قاموسـێکی ئەسـتەمبوڵی (تـورکی- تـورکی) بـۆ هێنـام لـە نێـو قاموسەکە نوسرابوو ئیلنجاغ=انسانلرکوچر ،زۆر بە داخەوە ئەو فەرهەنگەم وەك سەرچاوە بیر نەماوە نـەم نووسی.

# كورتەیەكی مێژوویی

تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەكی زانستی ذیـیە ، باس لە شوێن و هاتنی گوند نشینانی ئیلنجاغ بكات تەنها ئەوە نەبێت لە كۆنەوە ووتراوە (كورە بۆرو بایەزید) ئاوادانیانكردۆتەوە[شمیر]

بەڕێز مامۆستا (مەلا سدیق ئیلنجاغی )لە كتێبی شێخان و شێخان بەگی سەعدولاّ شێخانی دەڵێ (لەسەردەمی میر محمەدی پاشای ڕەواندوز ئاوەدانكراوەتەوە بەلاّم ئیلنجاغ لەو سەردەمە كۆنترە چونكە میر (موحەمەد)خۆی ساڵی 1824 ز حوكمی میرنشینەكەی گرتۆتە دەست (كە چی كوێخا وەسمان یوسف مەلاك وەتمان موحەمەد بایەزید)پێنجەمین نەوەی (بایەزیدە) لە تۆماری ئاماری (1957)ی فەرمانگەی باری شارستانی تەق تەق بە لە دایك بووی (1892) تۆماركراوە ،ئەمە جگە لەوەی بیروبۆچونەكان دەڵێن(خالید)كوڕە بۆر بەر لە (بایەزید)هاتۆتە ئەم گوندە ،بەڵێ ڕێچكەو ڕێگای لەشكرو كاروانی پاشای كۆرە (میر موحەمەد) بە ناوچەو ئاقاری (خدر حاجیانی)سنوری ئەم گوندە تێپەڕیوە بۆ (سێگردكان و وراتی شێخ بزێنی )هەر لە هەمان سەردەمدا (چا بەری باساغا )لە شاری كۆیە نیشتەجێ بووەو (بارگیرو ئەسپەكانی )لە بژوێنی (كفرە دۆل)ئاقاری ئەم گوندە لەوەڕاندووە[ ] ،هەروەها میر موحەمەد دژایەتی ئێزدیەكانی كردووە بەلاّم هەرگیز ئەمانە نابنە بنەمای مێژوویی ئەو گوندە ،كە دەبێ لەسەردەمی ئەو ئاوەدانكرابێتەوە ،بەهەر حاڵ ڕەچەڵەكی ئەم گوندە كە لە بەسالاّچوەكان دەگێڕنەوە دەڵێن :لە ولاتی (مێرگی شێخان) (داسنی ژوورو خواروو) دا ،دوو برا هەبوون یەكیان موسڵمان بووە ئەویتریان لەسەر ئاینی

24–سەعدولّلاّ شێخانی ،كورتەیەك لە مێژووی ناودارانی هۆزی شێخان،بەرگی یەكەم ،چاپی یەكەم ،هەولێر ،2003 ل 162.

25–چاوپێكەوتن لە گەڵ ڕشید حاجی ساڵح مستەفا ،دانیشتوی گوندی ئیلنجاغ ،لە دایك بووی 1939 لە بەرواری (2001/10/21)





ئێزیدی ماوەتەوە برا موسڵمانەكە وولاّتی خۆی جێهێشتووە ،بەلاّم هۆكاری ئەمە نەزانراوە بۆ وولاّتی خۆی جێهێشتووە ،تەنها ئەوەندە هەیە ئەگەر بڵێن چونكە لەسەر ئاینی ئێزیدی نەماوەو بەرەو وولاّتی كۆیە هاتووە ئینجا لێرەدا هەندێك دەڵێن لە (گۆمەتاڵ و گۆمە شین)گیرساونەتەوە و هەندێكی تر دەڵێن لە (بایز ئاغا)نیشتە جێ بووە ،مام ئەحمەدی مام فەتحوڵلاّی گۆمەشینی كە لە ساڵی 2000 مامۆستایانی ئیلنجاغ بۆ یاریەكی دۆستانە چونە گوندی (گۆمەشین)لەگەڵ مامۆستایانی گۆمەشین یاریەكی تۆپی بالەیان كرد )بەندەش لە مام ئەحمەدم پرسی كە ئەو لە تیرەی (گەردی)بوو ووتم ،بۆ دەڵێن گۆمەشینی شێخان ئەویش ووتی "كاتی خۆی سەرخێڵی شێخان، حوكمی لێرە كردووە ،شوێنەواری زیندانەكەی تاوەكو ئەمڕۆ هەر ماوە ،كە ناوی (عەبدوڵلاّ شێخانی بووە ،ئینجا هەندێ وەچەیان لێكەوتۆتەوەو بەرەو شاری كۆیە ڕۆیشتوون لە وێشەوە (كوڕە بۆر)چووە ناوچەی ئیلنجاغی ئاوەدانكردۆتەوە بەلاّم مێژووەكەی دیار نیە ،تەنها ئەوەندە نەبێ لە و كاتەوە تا ئەمڕۆ (9)پشتی لێكەوتۆتەوە.

# لایەنی شۆڕشگێڕی:

هاولاّتیانی ئەم گوندە خاك و نیشتمانیان بە درێژایی مێژوو خۆشویستووە ،لە هەموو شۆڕش و نسكۆكاندا فرمێسكیان بە خوێن ڕشتووە بۆ دۆزی نەتەوەی كورد ،بەشداری ڕێكخستنی حزبە نیشتمان پەروەریەكانی كوردستانیان كردووە بە پێشمەرگایەتی و كادیریو هەڵسوڕاوی چالاك وەك كاركردن لە ڕیزەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان لە شۆڕشی ئەیلولەوە تا نسكۆی 1975 (9)شەهیدیان داوە ،لەبەر دڵسۆزی و كوردپەروەریان لە هاوینی ساڵی 1962 یەكەم مەفرەزەی پێشمەرگە كە لەناوچیاكان هاتونەتە خوارەوە بۆ پێدەشتەكانی (كۆیەو تەق تەق)بەسەرپەرشتی (سەعید مەسیفی)لە باخچەكانی (كوێخا

وەسمان)لە چەمی دایماوێ حەشار دەدرێن شەویش لە ماڵی کوێخا وەسمان داڵدە دەدرێن و چالاکیان لەوێوە دەست پێدەکات[26]

هەروەها یەکەم کاروانی بارە(تفەنگ و دەمانچە)بۆ چەمی ڕێزان لە گوندی ئیلنجاغەوە بە ڕێکراوە  بۆ شۆڕشی نوێ ی گەلەکەمان لەبەر هەمان هۆ (کوێخا وەسمان)ساڵی 1977 زیندانی کراوە [27] لەگەڵ یەکەم پریشکی چەخماخەی شۆڕشی نوێدا لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا ،(بە خوێن و بەماڵ)سنگیان کردووە بە قەڵغان بۆبەرپەرچدانەوەی ڕژێمی بەعس ،هەر لەبەر قارەمانێتی ڕۆڵەکانی ئەم گوندە ژمارەیەکی زۆر شەهیدیان بەخشیوە بە کوردو کوردستان بۆیە نازناوی گوندی (شەهیدان)ی بەدەست هێناوە ،هەر بۆیە لە کودەتا شومەکەی بەعسی 1963 تا ئەنفالی چوار 1988 پێنج جار خاپور کراوە وەك:

1-پەلاماری ڕەشی شومی بەناو(حرس القومی)ساڵی 1963 -1965 ،تالانکراوە و سوتێنراوە ،بە بۆردومانی فڕۆکەهەردوو هاولاتی (زولێخا محێدین حەسەن و قادر عەبدوڵلا ڕەسول)شەهید کراون.

2-بە بیانوی نەوتی (کێڵگەی نەوتی تەق تەق )لە بێژنگ بەسەر و چوار جوتیار،ساڵی 1979-1980 لەگەڵ (9)گوندی تر ی ناوچەکە ئاوارەو دەربەدەر دەکرێن.

3-دوای شەهید بونی پۆلێك لە پێشمەرگەکانی تیپی 86ی دەشتی هەولێرو بریندار بوون و ئاوارە بوون و شەهید بوونی (عوزێر حسێن اومر ئیلنجاغی) لە (1986/10/22)لەشەڕێکی دەستەو یەخەی نابەرامبەری هێزی پێشمەرگەو ڕژێم جارێکی تر دارو بەردی ئەم ئاواییە سوتێنرا[28]

---

26-سەعدوڵلا شێخانی ،هەمان سەرچاوە ل 197.

27-سەعدوڵلا شێخانی ،هەمان سەرچاوە ل 198.

28-شکرالله ئیلنجاغی،(ئیلنجاغ لانکەی  تێکۆشان و فیداکاری)،تاك ،ژمارە (23)،تشرینی دووەمی ساڵی 2006.






4-دوای (سوتان،تالان ،خاپورکردن)ی ئەم گوندە لەبەروارای 1987/4/26 ،لە لایەن جاش و سوپای عێراقەوە ،پێشمەرگە ئازاکانی (حزبی شیوعی عێراق مەفرەزەیەکی (ی.ن.ك) و هێزی پشتگیری  لە نێو (گوندەکەو زیواندارەو پردی ڕووباری‌کۆیە لە مەرزان و باوە مەرە) زەبرێکی پشت شکێنیان لە هێزە ئەنفال چیەکان وەشاندو دوژمن وا زەندەقی چوو بوو قەیسەریان لێ بووبوە بە کونە مشك ،ئەم داستانەش بە خوێنی شەهیدی فەرماندە (عەبدولموتەلب حمە علی ئیلنجاغی ) ناسراو بە هەنگاو تۆمارکرا کە پێشمەرگەی حزبی شیوعی عێراقی بوو.

5-ساڵی 1988 هەردوو دۆڵ و بست بە بستی بیروکانیاوەکان پڕکرانەوە،بەڵام جێگەی شانازییە ئەم گوندە دوای ئەنفالی بەدناو  چوار ڕۆڵەی قارەمانی هەر بەپارتیزانی لە نێو شۆڕشدا مانەوە  تاوەکو ڕاپەڕینی ساڵی 1991 ئەوانیش(جەلال ئیلنجاغی ،مامۆستا کاوە ئەنوەر ،احمد عودل ئیلنجاغی ،نەسرولا علی )بوون .


شەهید بەکر ڕەشاش


شەهید قادر بانی مارانی


شەهید کازم حەمەدەمین

***ئەو پێشمەرگەو هاولاتیانەی گوندی ئیلنجاغی گەورە کە لە نێـوان ( 1961-1975 )لە شۆرشی ئەیلولی مەزندا شەهید کراون.**

| ژ | شەهید | تەمەن | پیشە | شوێنی شەهیدبوون | چۆنیەتی شەهید بوونی | سالی شەهید بوون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | محمد رسول حمه شریف | 50 سالٌ | پێشمەرگەو کادیر | ناوچەی پردێ | سەنگەر | 1963 |
| 2 | تۆفیق حمدامین خدر | 22 سالٌ | پێشمەرگە | شاری موسلٌ | سێدارە | 1963 |
| 3 | زولێخا محێدین حەسەن | 25 سالٌ | کابانی مالٌ | گوندی ئیلنجاغ | بۆردومانی فرۆکە | 1963 |
| 4 | قادر عولاٌ رسول | 85 سالٌ | جوتیار | گوندی ئیلنجاغ | بۆردومانی فرۆکە | 1963 |
| 5 | برایم حمدا نمین خدر | 30 سالٌ | پێشمەرگە | قەلادزێ | سەنگەر | 1968 |
| 6 | قادر حمد ئۆمەر | 30 سالٌ | پێشمەرگە | بەغدا | وون کرا( گولله باران" | 1972 |
| 7 | شەریف عبدالرحمان بایز | 23 سالٌ | پێشمەرگە | موسلٌ | سێدارە | 1974 |
| 8 | جوهر مستەفا رسول | 26 سالٌ | پێشمەرگە | چیای شیشار | سەنگەر | 1974 |
| 9 | صلاح الدین خالید ئۆمەر | 22 سالٌ | پێشمەرگە | ولاتی ئێران | بریندار بوون لە کۆرێ | 1975 |





**ئەو پێشمەرگەو هاولاتیانەی لە شۆرشی نوێدا لە نێوان سالانی 1980-1991 شەهید بوون [29]**

| ز | شەهید | تەمەن | پیشە | شوێنی شەهید بوون | چۆنیەتی شەهید بوون | سالی شەهید بوون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | فەیسەلٌ ووسو جومعە | 25 سالٌ | پێشمەرگە | دەشتی کۆیە | کارەساتی ئۆتۆمبیل | 1981 |
| 2 | عبدالرحمان تەها قادر | 26 سالٌ | پێشمەرگە | سێکانی | سەنگەر | 1982 |
| 3 | موحەمەد رشید تەیب | 33 سالٌ | کاسب | سماقە | بۆردومانی هەلیکۆپتەر | 1982 |
| 4 | وشیار عبدالرحمان بایز | 22 سالٌ | پێشمەرگە( کادیر | کەلی سور | بۆردومانی هەلیکۆپتەر | 1982 |
| 5 | بکر سلێمان فتح الله | 25 سالٌ | جێگری فەرماندەی کەرت | زێی بچووک شێخ بزێنی خواروو | خنکان لە زێی بچووک | 1982 |
| 6 | ئەنوەر مستەفا رسول | 31 سالٌ | پێشمەرگە | گردە سۆر | سەنگەر | 1983 |
| 7 | ووسو وەسمان یوسف | 50 سالٌ | جوتیار | کێلگەی نەوتی تەق تەق | بوردومانی هەلیکۆپتەر | 1983 |
| 8 | محسن حەمەد سالٌح | 20 سالٌ | پێشمەرگە | ئازیانە | سەنگەر | 1985 |
| 9 | عوزێر حسێن ئۆمەر | 22 سالٌ | پێشمەرگە | ئیلنجاغ | سەنگەر | 1986 |

29-ئـەو زانیاریانـەم لـە 2000/12/26 لـە گونـدی ئیلنجـاغ لـە بـەرێز (مامۆسـتا مزەفـەر حمـدامین باین)وەرگرتووە.

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 10 | هەوراز ئازاد سمایل | 2 ساڵ | مناڵ | ئیلنجاغ | بوردمانی هەلیکۆپتەر | 1986 |
| 11 | سلاح سەعید موحەمەد | 25 ساڵ | کادیری سیاسی | قەندیل | سەنگەر | 1983 |
| 12 | نەورۆز کاکل مەحمود | 2 ساڵ | مناڵ | هەولێر | بەندینخانە | 1986 |
| 13 | ڕێباز ئازاد سمایل | 2 ساڵ | مناڵ | ئیلنجاغ | بوردومانی هەلیکۆپتەر | 1986 |
| 14 | ئیدریس سوارە ووسو | 16 ساڵ | پێشمەرگە | شێرواوە | سەنگەر | 1987 |
| 15 | عبدالموتەلیب حمە علی تەها | 21 ساڵ | پێشمەرگە | ئیلنجاغ | سەنگەر | 1987 |
| 16 | نەسرین حەسەن محی الدین | 25 ساڵ | کابانی ماڵ | ئیلنجاغ | تۆپباران | 1987 |
| 17 | تەها حەمەعلی تەها | 19 ساڵ | ڕێکخستن | هەولێر | لەسێدارەدان | 1988 |
| 18 | مناف تەها ئۆمەر | 41 ساڵ | پێشمەرگە | کەرکوک | سەنگەر | 1991 |
| 19 | عەولا رسول قادر | 53 ساڵ | پێشمەرگە | سەری ڕەش | بوردومانی هەلیکۆپتەر | 1991 |
| 20 | شێرکۆ ئۆمەر وەسمان | 20 ساڵ | پێشمەرگە | دیبەگە | سەنگەر | 1991 |
| 21 | زاهیر هەمزە سالح | 22 ساڵ | پێشمەرگە | دیبەگە | سەنگەر | 1991 |
| 22 | جەلیل حەمەد سالح | 20 ساڵ | پێشمەرگە | دیبەگە | سەنگەر | 1991 |





## ئەو پێشمەرگانەی لە شەڕی نەگریسی نێو خۆ شەهید بوون لە نێوان سالآنی (1995-1997)

| ز | شەهید | تەمەن | پیشە | شوێنی شەهید بون | ساڵی شەهید بوون |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کازم حەمەدەمین رەئوف | 32 ساڵ | پێشمەرگە | هەولێر | 1995 |
| 2 | سلاح سەلام سالح | 29 ساڵ | پێشمەرگە | سێبەردان | 1995 |
| 3 | فاخر عباس محیالدین | 25 ساڵ | پێشمەرگە | بەردە ڕەش | 1995 |
| 4 | ئەحمەد عبدالوهاب فتح الله | 26 ساڵ | پێشمەرگە | دارەتوو | 1996 |
| 5 | محمد عبدالوهاب فتح الله | 31 ساڵ | پێشمەرگە | حاجی قەلا | 1996 |
| 6 | حکیم رەئوف عوسمان | 29 ساڵ | پێشمەرگە | ڕێگەی پیرمر | 1996 |
| 7 | قادر عەولا قادر | 33 ساڵ | فەرماندەی هێز | سەفین | 1997 |
| 8 | تارق عەولا قادر | 27 ساڵ | پێشمەرگە | شاخی هیشکۆر | 1997 |
| 9 | ڕەفیق عەولا قادر | 25 ساڵ | پێشمەرگە | شاخی بنەباوێ | 1997 |
| 10 | بەختیار حەمەد عوبێد | 17 ساڵ | پێشمەرگە | شاخی بنەباوێ | 1997 |

ئەمڕۆش چەندان فەرماندەو کادیری پێشکەوتن خوازی سیاسیو بەسەدان پێشمەرگەیان لە کۆڕی خەباتدایە بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی حکومەتی هەرێم



شەهید عەبدولوتەلیب حەمە عەلی (هەنگاو)

# دانیشتوانی ئیلنجاغ و کارە خزمەتگوزاریەکان

لە ئاماری ساڵی 1957 گوندی ئیلنجاغی گەورە (396)کەسی تیا نیشتەجێبووە[30] لە ساڵی 1980 کە دەرکراوە بەبیانووی نەوت(135)خێزان بووە [31] لە ئاماری ساڵی 1987 گوندێکی چۆلکراو بووە ،لە ڕێکەوتی 7 ىنیسانی 2000 ،(110)خێزانی تێدابووە ،ژمارەی (642)کەس بووە (322 مێو 320 نێر[32]) لە ئامارێکی ڕەسمی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوی یونسێف لە 2/مایسی 2001 ژمارەی دانیشتوانی گوندی ئیلنجاغ (637)کەس بووە.

---

30– کەریم زەند ،جوگرافیای کوردستان،چاپی دووەم ،چاپخانەی شڤان،سلێمانی ،2001 ،ل363 بەڵام عەبدوللاّ غەفور لە کتێبی گوندەکانی کوردستانی باشور لەسەر ژمێری ساڵی 1957ی عێراق ،چاپی دووەم،بەرگی دووەم ،هەولێر 2005 بە (509)کەس لەلاپەڕە (111)بلاّوی کردۆتەوە.

31–ئەمینی قادر مینە ،ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان ،تەرحیل ، تەبعیس ،لە بلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان ،چاپی دووەم ،سلێمانی ،1999 ل 308.

32–ڕۆژی هەینی بەرواری (2000/4/7)لە کاتژمێر 8 ی بەیانی تاوەکو 6 ئێوارە ،ئامارێکی ناڕەسمیمان ئەنجامدا لەگەڵ بەڕێز(سامی سلام ساڵح یاریدەدەری پزیشکیو فاتح محمد علی برین پێچی کارامەو (کە سەرۆك و خێزان و توخم و پیشەو لە دایك بوون و ئەندامانی خێزان) لە نێو فۆڕمەکاندا پڕکرانەوە ئەمەش بەڵگەیەکی زیندوە، ئێستالام ماوەو دانەیەکیش لەو ئامارە لە بنکەی تەندروستی ئیلنجاغ ماوە.



تەق تەق ، ثەلكە زيَرينەيِ كەنار زيَي بضووك ئاراس ئيلنجاغي

# گرنگترین ئەو خزمەت گوزاریانەی کە بۆی ئەنجامدراون لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ

1–قیرتاوکردنی ڕێگاو بان لە هێڵی گشتی(کۆیەو تەق تەق)تاوەکو نێو گوندەکە کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو .

2–ساڵی 1948 خوێندنگەی سەرەتایی لێکراوەتەوە ژمارەی قوتابیانی (70)قوتابی بووە[33] یەکەم بەڕێوەبەری مامۆستا (عبدالرحمان امین پەتیار)بووە،خەڵکی شاری کۆیە بووە سەرەتا لە خانوی قوڕ بووە دواتر بینایەکی بەبەرد دروست کراوو کاشی ڕێژی بۆ دروست کرا لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بینایەکە بە شۆفڵ و تۆپباران تەخت کرا،ساڵی 1971 ناوەندی تەواوکاری لێکراوەتەوە ساڵی 1972–1973 ناوەندی سەربەخۆی لێکراوەتەوە (نوری عەبدوڵلاّ فەتحوڵلاّ)بەڕێوەبەری بووە، (سیّ )مامۆستای هەبووە (جیهانگیرو موحسین و عەزیز ئۆمەر) ئینجا دواتر (جەمال حەمە عەلیو ئەحمەد ئیسماعیل و ئیسماعیل عەلیو سامی و تەحسین) هاتونەتە ناوەندیەکە ، ساڵی 1977 (27)قوتابیو ساڵی 1978 (30) قوتابیو ساڵی 1980 بەر لە چۆلکردنی (35)قوتابی هەبووە[34] ساڵی 1980 چۆڵ کراوە ،ساڵی 1984 قوتابخانەی شۆڕش کراوەتەوە بە نهێنی سەر بە میلاکی قوتابخانەی (کانی لەلە)بووە بەڕێزان(ڕزگار حمدامین احمد و دڵشاد عەبدوڵلاّ فەتحوڵلاّ و مامۆستا فەرهاد)وانەیان بە خۆبەخشی تێدا ووتۆتەوە،دوای ڕاپەڕین خوێندنگای سەرەتایی لێکراوەتەوە مامۆستا (دلێر عبدلرحمان قادر)بەڕەگەز ئیلنجاغی بەڕێوەبەر بووە دواتر (عزیز ئۆمەر و مزەفەر حمدامین باین)بەڕێوەبەر بوونە ،ساڵی

---

33–تاهیر ئەحمەد حەوێزی ،مێژووی کۆیە ،بەرگی دووەم ،بەشی یەکەم ،بەغدا ساڵی 1984 ل 299.

34– چاوپێکەوتن لەگەڵ نوری عەبدوڵلاّ فەتحوللاّ لە دایك بووی 1950ی ئیلنجاغی گەورە لە 2001/11/20.

1998 ناوەنـدی سـەربەخۆی لێکراوەتـەوە یەکـەم بەڕێوەبـەری (ئومێـد مامـە محمـد)بووە خـەڵکی شـاری کۆیـە بـووە ،سـاڵی 2004–2005 دواناوەنـدی لێکراوەتەوە (شێخان عومەر فەتحوڵلاّ)بەڕێوەبەری بووە لە ساڵی 2005–2006 ڕێـژەی دەرچـوونی شەشـەمی ویـژەیی (100٪)بـووە ،خوێنـدکار (شـنۆ حەمـەد قادر)توانیویەتی لە کۆلیژی یاساو ڕامیاری زانکۆی کۆیە وەربگیرێت.

3–ساڵی 1993 بینای بنکەی تەندروستی لە لایەن ڕێکخراوی (K.R.A)ی سویدی دروست کراوە و (لوقمان ڕەووف عوسمان) بەڕێوەبەری بنکەو (فەهاو عمر فەتحوڵلاّ)(پەرستیاری شارەزا) و کامەران ئۆمەر وەسمان بوون.

4–ساڵی 1994 خوێندنگایەکی (6)پۆلی لەلایەن ڕێکخراوی فرانس لیبەرتی فەڕەنسی دروست کراوە بەر لەو بینایە لە کابینەدا وانە دەخوێنرا.

5–گەیاندنی تـەزووی کارەبا لەسـەر ئـەرك و مەسـرەفی حکومـەتی هـەرێمی کوردستان ،لە ڕۆژی 1998/12/27.

6–ڕێکخراوی شلتەری ئەمەریکی هەوڵیدا لە ڕێگەی بیرەکانەوە پڕۆژەیەك ئەنجام بدات سەرکەوتو نەبوو لەساڵی 1993؟

7–لە کانونی دووەمی ساڵی 2003 ڕێکخراوی فاو (3)بیری هەڵکەنـد بەمەبەستی دابین کردنی ئاو هەر بیرەی بە قولی (30)م بە گوژمەی (3000)دۆلار بەلاّم سەرکەتوو نەبوو.

8–لەساڵی 2005 کۆمپانیای بەرزی لە هەوڵی دروست کردنی خوێندنگایەکە بۆ دواناوەندی.

9–لە ساڵی 2005–2006 بنکەیەکی تەندورستی تا ئەمڕۆ تەواو نەبووە.





# شوێنەوارو گۆڕستان و سەرچاوەی ئاو

لە سنوری گوندەکە چەندین شوێنەوارو گۆڕستانی تێدایە کە مێژوەکەیان نازانرێت وەك گردی جەلالی لە دایماوێ گۆڕستانی کاولان ،قەبرۆکەی ئەلیاسی لە گردی پاوانێ ،گۆڕستانی بیان[35] گۆڕستانی سەرتەنگانەی کفرە دۆڵێ ،گۆڕستانی سەر گردی داراشان ،شوێنەواری کۆن وەك جەرە و گۆزەو کاولە خانو لە دەوروبەری کارێزی زێڵواوێ گۆڕستانی شێخ ئەحمەدو چاکی کاولان.

لە گرنگترین بیرەکانی کە وەك سەرچاوەی ئاویخواردنەوە بەکار هاتوون ،بیری جەمیلی لە تەنیشت گۆڕستانی ئیلنجاغ ،بیری مام فەتحوللاّیی ،بیری کانی شێخ ڕسول ،بیری قازان،کانی ژنان ،بیری کانی ئەشکەوتی مزگەوتێ ،بیری حاجی علی،

لە گرنگترین کارێزو کانیاوە دیارەکان (ئاوی کانی قەبران[36]،دایماوێ ،کۆڵدەرە، یار وەلی،زێڵواوێ ،بیان، ڕەشمالۆکان)

35–بیان کاتی خۆی گوند بووە ،ئاوێکی زۆرو بێشەلاّنی تێدابووە ،تاپۆی سەردەمی مەدحەت پاشایان هەیە ،گوند نشینانی بیان لەگەڵ نەوەکانی (کورە بۆرو حەمەد و بایەزید)تێکەڵبون لە کۆنەوە لە شوێنی ئەمڕۆی ئیلنجاغ بەیەکەوە دەژین ئەوان لە تیرەی پالاّنین ناودارترینیان (قادر نەجم)بووە ئەگەر نا زۆربەی ئیلنجاغیەکان لە تیرەی شێخانی بن داسنین و ماڵێك دوانیشیان خۆشناون ،ئیلنجاغیەکان بە درێژایی مێژوو ی گوندەکە دوژمنداریان نەبووە زۆر یەکگرتوو برایانە ژیاون.

36–ئاوی کانی قەبران ساڵی 1943 ،مەرزانیەکانی ئیلنجاغی گچکە داوایان لە حاجی خدری ئیلنجاغی گەورە کردووە کە بۆ ماوەیەك کەپرو هەواری لەسەر هەڵدەن بەلاّم دواتر بە پشتیوانی ئاغاکانی کۆیە لەوێ مانەوە ½ ی ئاوەکەیان داگیر کرد ، تا ئەمڕۆش هیچ کەرتێکی کشتوکاڵی بەناوی گوندی مەرزان نییە.

# گوندی ئۆمەرگومبەت

دەکەوێتە خۆرئاوایی تەق تەق بە دووری (10)کم ،لە کۆندا گەورەترین گوندی سەر بە ناحیەی تەق تەق بووە ،بەڵام ئەمڕۆ لە ڕووی ڕووبەرەوە گەورەترین گوندی ناحیەی سێگردکانە ،ڕووبەرەکەی (19987 دۆنم ) ە و نزیکەی (50کم$^2$) یە.[37]

کەوتۆتە نێوان هێڵی پانی (35,5–35,55)ی باکورو هێڵی درێژی (44,25–44,4)ی ڕۆژهەڵات ،لە ڕووی بەرزیو نزمیەوە لە نێوان بەرزی (390–430)م ە ،بە هێڵی کەنتوری[38] ،ساڵی 1957 (358)کەسی تیا نیشتەجێبووە[39] ،ساڵی 2006 (60)ماڵی تێدابووە[40]

## ئۆمەرگومبەت لە چیەوە هاتووە

لەگەڵ جیاوازی بۆچونەکان بەڵام هەموو بۆچونەکان یەك دەگرنەوە:–

1–گاوانێ ناوی ئۆمەر بوە ،لە بانیەکی سەوز مانگای لەوەڕاندووە ،مانگایەکی لێ وون دەبێ بەدوای گەڕاوەو دۆزیویەتەوە ،بەڵام کەوتۆتە نێو چاڵێك ،خەڵکەکە ئاگادار دەکاتەوە ،دەبینن لە چاڵەکەدا (گومەت)ێك هەیە لەژێر زەمیندا ، ئیتر

37–ڕووبەری ئەم گوندە لە لقی کشتوکاڵی تەق تەق وەرگیراوە .

38–نەخشەی هێزە چەکدارەکانی عێراق ،ڕووپێوی سەربازی،1986.

39–کەریم زەند ...هەمان سەرچاوە ل363.

40–ئاراس عومەر،س ناحیەی سێگردکان پێویستی بە خزمەتی زیاترە ، تاك ،ژمارە ( 23)ی 200 تشرینی دووەمی 2006.





خەڵکەکە لەو بەروارەوە ووتویانە (ئۆمەرگومبەتی)دۆزیوەتەوە ،هەر لەوەوە خەڵکەکە ووتویان ئۆمەر گومەت یا ئۆمەر گومبەت[41]



دیمەنێکی گوندی ئۆمەرگومبەت ساڵی 1999

2– پیاوێ لەو ناوچەیە ژیاوە ، ناوی ئۆمەر بووە ،دوای مردنی گومبەتێکی بۆ دروست کراوە[42] ،بەو شوێنە ووتراوە (بان گومبەت)یان (بان گومەت).

3– بۆچونی دروست ئەوەیە (ئۆمەر کەسێك بووە ) گومبەتی بۆ خۆی دروست کردووە ، عیبادەت و خواپەرستی تێدا کردووە ،لە ژێر زەویدا چاڵێکی گەورەی هەڵکەندووە دواتر گومبەتێکی بۆ کردووە ،بە تاپوون بەشی ناوەوەی هەڵهێناوەو دوو کونی بۆ کردووە ،یەکێکیان چەندین مەتر ڕۆیشتووە بۆ سەرکانیەك بەمەبەستی دەست نوێژهەڵگرتن ،هەروەها شوێنی قیبلەی هەبووە ،ئەم گومبەتە بە گوێرەی ئەوەی پارەی سەردەمی فارسە سەفەویەکانی لێدۆزراوەتەوە کە لێ نوسرابوو (عەلی وەلی الله) زۆر کۆنەو ناوی گوندی ئەمڕۆی (ئۆمەرگومبەت)یش هەر لە وەوە هاتووە.[43]

ئەم گوندە باوەڕیان بە ئایین بە هێز بووە و چەندین چاك و پیاو چاکیان هەیە وەك (چاکی مەلا ئەحمەد، ،حاجی کەچەڵ ،مەلا موحەمەد ،چاکی

41–جمعە احمد ئۆمەرگومبەتی ،ڕاپۆرتێ لەسەر گوندی ئۆمەرگومبەت ،لەبابەتی جوگرافیا ،پۆلی چوارەمی گشتی ،2001–2002 لە ئامادەیی تەق تەقی تێکەڵاو .

42–سەروین عەزیز سەلیم ، ،ڕاپۆرتێ لەسەر گوندی ئۆمەرگومبەت ،لەبابەتی جوگرافیا ،پۆلی چوارەمی گشتی ،2001–2002 لە ئامادەیی تەق تەقی تێکەڵاو .

43–چاوپێکەوتن لەگەڵ خوالێخۆش بوو (مەلا سدیق مەلا ساڵح گەرمکی )لە دایك بووی (1324)کۆچی ،لە 2000/11/19 لە تەق تەق.

ئۆمەرگومبەت)[44] کەڵەلین و کاولەل و خرابەو خوندی چەند ناوچەیەکی شوێنەوارین لەم گوندەدا ،هەرچەندە هەموویان (دەربەندی)ین ،بەڵام لەچەند بەرە باب و بنەماڵەیەك پێك هاتوون وەك (شەلەوەندی ،خلە گۆجە ،کەرخۆری،کاکی ،مامیل،گەردی ،حەمە گولاّن[45])هەروەها چەند ماڵە (سیان و بڵباس و گۆرقەرەج)ی تێدایە.

لەگەڵ (9)گوند سنوریان یەك دەگرێتەوە ئەوانیش (ئیلنجاغی گەورەو سماقە)لە باکورو (تاڵەبانی گەورەو گەرمك و کاذیلەلە )لە ڕۆژهەلاّت ،(سێگردکان و زێبچووك)لە باشوو ، (میرکە و نێرەگین و قەمبەر) لە خۆرئاوادا .

(تانۆکەو زەلین و جەژنی سوێرو ڕێ قڕبی خەزای )کۆمەڵە کارێزێکی ئەم گوندەن ،هەرچەندە دەڵێن (دەربەندی یەکان) سنوریان لە بەستی شەرغەوە تا تەق تەق و لە قەرەناو تاوەکو سماقە بووە و پاشای گەورە هاتووە بۆناوچەکە و پێشوازی گەرمیان لێکردووە ،بۆیە پاشای گەورە هەموو ناوچەکەی پێداون ،بەلاّم هیچ سەرچاوەیەك باس لەو بەسەر هاتە ناکات.

ئۆمەر گومبەت ئاغادێ نەبووە ،مام سۆفی بەئاغاکانی سەردەمی خۆی ووتوە "هەموو وەرزێك دەبینن بەلاّم بە مراز ناگەن"ئەوانیش تێدەگەن بێ سوودە هەوڵدان لەگەڵیان ! خزمانی ئۆمەر گومبەت زۆر پرس و ڕایان بەیەکەوە بووە ،مرۆڤی بەسالاّچووی زیرەکیان لێهەڵکەوتووە ، لە کشتیاریدا زۆر ئازان لە پیاوە بەتەمەنەکانیان دەگێڕنەوە ووتویانە "ئەگەر حکومەت لێی توند کردی ، تۆش لە خاك توند بکە"لەسەرەتای هاتنیان بۆ ناوچەکە تا ئەمڕۆ شێوە زاری لوڕی خۆیان پاراستووە ،کەم تێکەڵی سیاسەت بوون ،ئەوانەی تێکەڵیش بوون ، بوون بە فەرماندە وەك کاکەعەبدول ڕەزاقی شەهیدی فەرماندە ،لە سنوری وراتی کۆیە

---

44–سالار عەزیز سەلیم، ،ڕاپۆرتێ لەسەر گوندی ئۆمەرگومبەت ،لەبابەتی جوگرافیا ،پۆلی چوارەمی گشتی ،2001–2002 لە ئامادەیی تەق تەقی تێکەلاّو .

45–سوود لە چاوپێکەوتنی (بەختیار عەلی ئەحمەدو مەهدی موحەمەد عەزیز )خوێندکاری پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی کەرکوك ،لە 2006/12/20 لە تەق تەق.





،هاوینی 1982 سێیەم شەڕی ناو دێی تێدا تۆمارکراوە ،لە شۆڕشی نوێ گەلەکەمان کاتێ جاش و سوپای بەعس پەلاماری تیپی 86 یدەشتی هەولێری داوە ،شەهید شاخەوان عەباس سەرپەرشتی کردووە ،هەریەك لە شەهید ئەحمەد قەمبەریو شەهید بەکر ڕەشاش ئیلنجاغیو شەهید هاوڕێ کاوە،ڕۆڵی قارەمانانەیان هەبووە ،دوای شکانی دوژمن (3)هاولاّتی بریندار دەبن (فاتمەو عەزیمەو کچێکی تری مام حەکیم عبدالرحمان فەقێ محمد[46] ئەو گوندە چەندین شەهیدی هەیە وەك (هەیبەت عبدالرحمان عزیز و خوشکەکەی ،مەجید حەمەشین قادر حەمە سوور،عبدالله خدر عبدالرحمان و خدر وەسمان خدر ،ئازاد عومەر عبداقادر، موحەمەد عومەر حەمە مستەفا )

چەند زاراوەیەك لە شێوە زاریان :–

بویش :بڵێ مەویش:مەڵێ

پویش :پوش مویش :مشك

چەرموو:سپی کەوو :شین

وەوی :بوك گندوژ:شوژن


ئەو پەندانەی کە بە شێوە زاری ئەوان بەکار دێت بوکێ لەگەڵ تۆمە خەسو گوێت لێ بێ(وەوی دەوەل توما خەسویلە گوێت لەی بووك)[47]

---

46–چاوپێکەوتن لەگەڵ عبدالرحمان محمد(حەمۆل) مەولود لە دایك بووی 1952 ی ئۆمەرگومبەت ،لە 2007/1/13 لە تەق تەق.

47–زریان عومەر حەمە مستەفا ،ڕاپۆرتێك دەربارەی سێئۆمەر لەلە ،لە زمانی کوردی ،پۆلی چوارەمی زانستی ،ساڵی خوێندنی 2006–2007 ز

## شوێنی جوگرافیاو مێژووی ناحیەی سێگردکان


دیمەنێکی گوندی سێگردکان ساڵی 1999 گیراوە

دەکەوێتە خۆرئاوای شارۆچکەی تەق تەق بە دووری (21)کم بەڕێگای قیرتاو کراودا , کەوتۆتە سەر هێڵی درێژی (44)پلەی خۆر هەڵات و نێوان هێڵی پانی (35- 36)ی باکور , لەناوچەی هێڵی بارانی نیمچە مسۆگەر دایە ساڵانە بڕی (200-500) ملم بارانی لێدەبارێت , کەوتۆتە بەری ڕاستی زێی بچووک ,سنووری لە گەڵ گوندەکانی ( ئۆمەرگومبەت و کانی لەلە) لەخۆرهەڵات و (سێکانی و قەمبەر ) لەخۆر ئاوادا یەکدەگرێتە وە و لە باکوری داگوندەکانی (میرکە و نێرەگین ) هاوسنوریەتی , لەباشووریشدا زێی بچووک لە گوندەکانی شێخ بزێنی خوارووی جیا دەکاتەوە وەك ( دەرماناو , پەڵکانە, عەمدۆن) . کەوتۆتە سەر شاڕێگەی بەیەکەوەبەستانی ناحیەی قوشتەپەو بەستی شەرغە لە خۆر ئاوادا بەناحیەی تەق تەق لە خۆر هەڵات [48]. ڕووبەری سێگردکان (12100)دۆنمە , نزیکەی (30)کم2 دەبێت [49]. وا چاوەڕوان دەکرێت (225)

48-ملاحظات عن عشائر كردستان الجنوبيه بين الزاب الكبير و ديالى (EL YBanistersoone EL)
(وەرگێڕانی فوادحەمە خورشید , حوزەیرانی 1919, ل 21
49-نەخشەی هێزە چەکدارەکانی عێراق , 1986





کم2 ببێتە ڕووبەری ئەوناحیەیە لەداهاتوودا , وە بکەوێتە نێوان قوشتەپە لە خۆر ئاواو دێگەڵە (شۆڕش)لە سەرووی داو (تەق تەق) لەخورهەڵاتی و (شێخ بزێنی خوارو ) لە خوارووی دا .[50]

## سێگردکان لە چیەوە هاتووە؟

هەمولایەك کۆکن ناوی سێگردکان لەوەوە هاتوە کەسێ گرد لە ئاوایەکەدا هەن بەناوی گردی (خدر زیندە) و ( میرسێودین- کە هەندێ جار گردی پشت ماڵان و ناوگردانیشی پێدەڵێن) و ( هەوار تاعوون ) هەرسێکیان زاراوەی سێگردکانیان بەخشیووە بەگوندی سێگردکان .جابۆیە پێویستە لە نوسیندا ( سێگردکان ) بنوسرێت نەك (سێگرتکان) چونکە ئێمە لە خوێندنەوەی ووشەی وەك ( مەهاباد) دەکەینە (مەهابات ) سێگردکانیش لەزاردا دەکەین بە ( سێگرتکان ) .

## کورتەیەك لەمێژووی سێگردکان

بۆ مێژووی سێگردکان پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئۆمرگومبەت , ئۆمەر گومبەتیەکانیش دەربەندین و خۆیان دەگەڕێننە وە بۆ دەر بەندی شاهۆی کوردستانی ئێران و سەرتیرەی با جەلا نیەکان. کەواتە باجەلانیەکان کێن ؟ لەکوێوە هاتوون؟ باجەلانیەکان خێزانێك بوون لە کوردستانی توور کیا لەشاری دیار بکر ( ئامەد)لەساڵی 1630ز بەسەرۆکایەتی (عەبدال بەگی باجەلانی ) هاتوونەتە ناوچەی (زەهاو) لەلایەن سولتان موڕادی چوارەمی عوسمانی ساڵانە بڕی (300000) بیزە یان دراوەتێ , وە لەکاتی پێویست دا (2000)سواری بۆ ناردوون سەر بە خەلافەتی عوسمانی بوون لەگەڵ (نادری شای فارسی ) جەنگاون تاڕێکەوتنی (ئەرزەڕۆم)لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا , دواتر بەرەو خانەقین و مەندەلی چوون لەسەردەمی (عوسمان پاشای باجەلانی ).[51] باجەلانیەکان

50-لقی کشتوکاڵی تەق تەق
51-دوو دانیشتن لەگەڵ ( مام عومەر عەزیز )سێگردکانی

توانیویانــە لــە ناوچــەی زەهــاو زمــانی کرمــانجی خۆیــان بەســەر زمــانی پەهلەوی‌بســەپێنن و بۆماوەیــەك زاڵــبن بەســەر ناوچــەی زەهــاو و دەوروبــەری ، سوننە مەزهـەب و لەسـەر ڕێچکەی شافیعی بوون .ئەم گێرانەوە مێژوویە نزیکە لەگەڵ گۆتەو گێڕانەوەی بەتەمەنەکانی دەربەندی کەبیری جۆراو جۆر هەیە دەڵێن " باپیرەگەورەمان جومعە دەربەندی کار بە دەست بووە چەند کوڕو کچێکی هە بووە پەهلەویەکان داوای یەکێك لە کچەکانی لێدەکەن (کەتانە و زەمانە)ناو بوون ، ئەمیش بە مە ڕازی نابێت ناچار ناسەلمێنێ و دووچاری شەر هاتووەو وولاتی جێهێشتووە " یان دەڵێن "جمعە دەربەندی و حەوت برا بوون " وە یان " خۆی و چوار بـرا بـوون " ئەمانـە هاتوونەتـە دوڵـی ( خەلـەکان و بەشـێکیان لـە قـەلاَی شێروانەی کەلار و شیوە جان و کەڵە کی یاسین ئا غا ) جومعەش هاتۆتە ناوچەی (کاولانی ئۆمەر گومبەت) دەڵێن گۆڕەکەی لە گۆرستانی کانی قەبرانی مەرزانە ، هەنـدێك دەڵـێن (کـاکی) نـەوەی جومعـە لـە ئۆمـەر گومبەتـەوە چـووە گونـدی سـێگردکانی ئـاوەدان کردۆتـەوە یـان دەڵـێن خـدری کـوڕی جومعـە دەربەنـدی سـێگردکانی بنیـات نـاوە , بەهـەر حـاڵ هـەر تیرەیـەك لەدەربەندیـەکان لـە ئۆمـەر گومبـەت هـەبێ بەهـەمان شـێوە لەسـێگردکان هەیـە . سـێگردکانیەکان نـەوەی ئۆمەرگومبەتیـەکانن ...... لەکۆتای‌سـەدەی هـەژدەو سـەرەتای سـەدەی نۆزدەیـەم دەکـرێ بکرێـت بەسـەرەتایەکی مێـژوویی بـۆ گونـدی ئۆمـەر گومبـەت و سێگردکان.[52]

## دانیشتوانەکەی

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم و ڕێکخراوی یونسێف لە3/5/ 2001 ژمارەی دانیشتوانی (1218) کەس بووە گرینگترین بەرەبابەکانی بریتین لە (شەلەوەندی, کاکی , کەرخۆری , خوندێتی .......تاد) چەندین پیاوی وەك ( مـەلا قـادری ڕەش ,عەبدوڵلاَی فـەقێ خـدر , حـاجی حەمـەی‌برایم , کوێخـا حەمـە

52–مامۆستا (ئەبو بەکر ئەحمەد حەمەدەمین ) سێگردکانی .



تەق تەق ، ثەلكة زيَرينةي كةنار زيَي بضووك ئاراس ئيلنجاغي

مستەفا , مەلا عومەری خانەقا , حاجی حەمە دەمین , حەمە علی خوندی) یان لێ هەڵکەوتووە , خاوەنی چەندان شەهیدی سەر بەرزی وەك (عەبدوڵلاَجوتیار , مەلا قادر, ئاکۆ سوورو براکانی , شەهیدی فەرماندە عەبدولڕەزاق ئۆمەر گومبەتی , زیادی کوێخا مستەفا , علی سالح و چەندانی تر )

ئەوەی جێی باس کردنەمەڵبەندی حەسانەوە ومێوانداری کردنی پێشمەرگە قارەمانەکانی سالاَنی هەشتاکان بووە .... ئەم گوندە لە 1986/7/10 لەلایەن حکومـەتی بەعسـەوە دوای بـەرەنگار بوونەوەیەکی‌مەردانـەی هێـزی پێشـمەرگە سوتێنراوە و تالاَن کراوە , لە 1988/5/1 بەر شالاَوی ئەنفال کەوتووە . گردی ( بان قەلاَت و بان کەڕان ) دووشوێنی شوێنەوارین و چەندین پاشماوەو ئاسەواری کۆنیان تێدا دۆزراوەتەوە , سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەیان لەکۆندا کانی ( سمەو کانی‌بەرمالاَن ) بووە , زمانیشیان لەگەڵ گوندەکانی دەوروبەر جیاوازەو تا ئەمڕۆ توانیویانـە شـێوە زاری خۆیـان بپـارێزن , فـاتح بێـلان تالـەبانی شـاعیر لەسـاڵی 1974 لە نێویان ژیاوەو گاریگەری شێوە زاریان وای لەشاعیر کردووە بەم شێوە یە هۆنراوەیەك لەسەر شێوە زار یان دابنێ:

لەوەر چوێ بەس بویش لەوەر چوێ
بەم دویشی دەست لەم کەرەوە
چوێوەتیوم چوێ کردیوم
ڕاکوشیەم بەکەسەرەوە[53]

دوای تێپـەڕبوونی سـاڵێك بەسـەر ناحیـەی سـێگردکان (7)فەرمانگـەی نـوێ کراوەتەوە ، بەڕێوەبەرایەتی ناحیە (عومەر ئەحمەد موحەمەد ) و بنکەی ئاسایش ملازمـی یەکـەم (شـێروان سـاڵح حەمـەدەمین ) بنکـەی پـۆلیس (ملازمـی دووەم (شێروان حسێن ئەسعەد) و بنکەی پۆلیسی ئاگر کوژێنەوە ملازمی یەکەم (جومعە موحەمەد نەجم ) بنکەی پۆلیسی دارستان و ژینگە پارێزی نەقیب(نەجات عەبدول

53–دیوانی نۆتەی ئاوازێکی نوێ , فاتح بێلان تالەبانی , ل 20

حەمید مەجید) و سەرۆكایەتی شارەوانی (فەرمان حەمەدەمین ئەحمەد) و فەرمانگەی ڕەگەزنامەو باری شارستانی مفەوەز (ڕەوەند وسو عەبدولرەحمان) ناو چەقی ناحیەكە ساڵی 2006 (175)خێزانی تیا بووە، گوندەكانی ناحیەكە بریتین لە (ئۆمەر گومبەت ،سێكانی ،قەمبەر ، تازەدێ (شەیتان) ،سارتك ،سەربەست (ئاقارێكی گوندی سارتكە ئەمڕۆ كراوە بە گوند) ، ئاومالْ ، بەردە سپی ، كانی سلێمانە ، جلبەسەر ، نێرەگین )تێكڕای ئەمانە دانیشتوانەكەیان بەناحیەكەوە (557)خێزان بووە[54].



ئەم وێنەیە لە مانگی 2006/11 گیراوە

لەراستەوە: ملازم جومعە كانی لەلەیی ، نەقیب نەجات ، حاكم عمر، ملازم شێروان كوێخا صالح ، ملازم شێروان حسین

54- ئاراس ئیلنجاغی ، چاوپێكەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیەی سێگردكان ، تاك ژمارە (23)ی تشرینی دووەمی 2006.





## مەراسیمی كردنەوەی ناحیەی سێگردكان[55]


دوای ئەوەی گوندی سێگردكان ،لە بڕیارێكی گونجاوی حكومەتی هەرێمی كوردستان (ئیدارەی سلێمانی)لە (2005/4/25) كرا بە شارەدێ (ناحیە)،كاتێ فەرمانگەی بەڕێوەبەرایەتی یەكەی كارگێری و بنكەی پۆلیس و ئاسایش دامەزرا ،لەبەرواری 2005/12/7 بەڕێز (كۆسرەت رسول عەلی)لێپرسراوی دەستەی كارگێڕی مەكتەبی سیاسی (ی.ن.ك) بە یاوەری (عوسمان بانی مارانی)سەرۆكی فراكسیۆنی سەوزی پەرلەمانی كوردستان و (شێخ عەلی حەمە سالْح) لێپرسراوی مەڵبەندی 14 ی ڕێكخستنی كۆیەی (ی.ن.ك)و پارێزگاری هەولێر لە كۆیە و جێگیروقائیمقامیەتی كۆیەو بەڕێوەبەری ناحیەی تەق تەق لەگەڵ جەماوەرێكی زۆری سنوری ناحیەی تە قتەق و سێگردكان و گوندەكانی دەوروبەری لە مەراسیمێكی شایستەدا ئەم شارە دێیەی كردەوە ،جەماوەری ئاپۆرە بەستوو لەبەردەم قارەمانی هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو بە چەپڵە ڕێزان و گوڵ باران پێشوازیان لە هەڤاڵ كۆسرەت كرد ،دوای سروودی نیشتمانیو وەستانی ساتێ بۆ گیانی شەهیدان پاشان بەڕێز (سەلاح شێخ شەرەف )پارێزگاری هەولێر لە كۆیە لە ووتەیەكدا" بەناوی جەماوەری ناوچەكەو حكومەتی هەرێمەوە بەخێر هاتنی بەڕێز كۆسرەت و میوانانی كرد و بەڕێزیان ووتیان "كاك كۆسرەت یەكێكە لە شێرو پڵنگەكانی ئەم سنورەو قالبووی خەباتی ڕێگەی ڕزگاری خوازی گەلەكەمانە ،هەروەهابە ئامادەبوانی ڕاگەیاند "كە حكومەتی هەرێم بایەخ بە ناحیەكەو سنورەكە دەدات هیوای خواست كردنەوەی ئەم ناحیەیە ببێتە مایەی خێروخۆشی بۆ ناوچەكە "دواتر داوای لە بەڕێز(كۆسرەت رسول )كرد بفەرموێ بۆ پێشكەشكردنی ووتەیەك ،ئەمەش بەشێكە لە ووتارەكەی لێپرسراوی دەستەی كارگێری مەكتەبی سیاسی ی.ن.ك :"سوپاسی ئامادەبونتان دەكەم و پیرۆزبایی‌كردنەوەی ناحیەكەتان لێدەكەم ،هیوادرام بە كردنەوەی ناحیەكە ئەو

55-تاك ،ژمارە ( 12) ی كانونی یەكەمی 2005.


**ئازارانەتان لە بیر بەرێتەوە ،کە لە ڕۆژانێکدا چەشتووتانە ،وەهیوادارم خەڵك دەنگ بدات بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان ژمارە (730) ،چونکە ئەو لیستە بەدیهێنەری سەرجەم خەون وئامانج و ئاواتی تیابەدی دەکرێت ،ئەم سنورە شوێن و لانکەی شۆڕشی کوردایەتی بووە بە تایبەت شۆڕشی نویٚ ی گەلەکەمان ،هەروەها خاوەنی چەندین شەهیدی سەرکردە وەکو(شەهیدی فەرماندە عەبدول ڕەزاق و شەهید مەلا قادر و شەهید ئەحمەد قەمبەریو عبدالرحمن سۆنەگۆلی و شەهید دێدەوان و شەهید ئاکۆ سوورو شەهید عەلی ساڵح و شەهید زیاد سێگردکانی و چەندانی تر )هەروەها ووتی ئەم سنورە ،سنورێکی دەوڵەمەندە و نەوتێکی زۆری هەیە ،حکومەتی هەرێمیش دوو پاڵێوگەی دراوەتیٚ یەکێکیان لە کۆیە ئەویتر لە بادینان ،سەروەتی هەر ناوچەیەك زۆرینەی بۆ ئەو شوێنە سەرف دەکرێت کە لێوەی دەردەهێنرێت ،لە کۆتاییدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە 2005/12/15 لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا دەنگ بدەنە لیستی (730)چونکە چەندی دەنگ زۆرتر بیٚ ئەوەندە کورد لە بەغدا سەنگەری پتەوتر دەبێت ،پاشان سەردانی ماڵی (مەولود عەبدولاٚ شوکرو حاجی قادر)ی کرد ،نیوەڕۆ خوانیش لە شارەدیٚ سێگردکان مایەوە.**








# بەڵگەنامەکان




**بەڵگەیەکی سەردەمی مەلەکی ، کەناوی ( تەق تەق )ی بە ( تاق تاق ) هێناوە، لە ساڵی ( 1927 )، لە ( نەوزاد کاکەرەش ) وەرگیراوە**






في سنة ١٩ استحقاق / / ١٩
فلس دينار
١٤ فقط اربعة عشر دينارا و ستمائة فلس
انني كاكه رش سعدون عند بموجب هذه الكمبيالة وغب مرور
من تاريخه أعلاه ملزوم دفع نقداً في كركوك لأمر احمد ... المبلغ المرقوم
أعلاه فقط ... والعوض وصلنا
عن قيمة ... التي استلمناها بالتمام وقبلنا على كل عيب.

**کۆمپیالەیەکی مام کاکەرەش سەعدون لە ساڵی ( 1960 ) ، لە ( نەوزاد کاکەرەش ) وەرگیراوە**



**سەنەدێكی فرۆشتنی خانوو لە تەق تەق ساڵی ( 1928 )**

**كە واژۆی كوێخا رەشید و شاهد چاوشی پۆلیسی تەق تەق بهادین ی لەسەرە كە مام كاكەرەش خانویەكی كڕیوە لە علی كوڕی سعید ، لە ( نەوزاد كاكەرەش ) وەرگیراوە.**







**ئەم وێنەیە 1966/9/4 لە تەق تەق گیراوە.**

**وەستاوەكان لە راستەوە:**

**1/ قادر حەمە غریب خەڵكی ساتوقەلا ، 2/ احمد سلام قەرەناوی ، 3/ جبار حمەصالح قەرەناوی ، 4/ فوئاد جمیل خەڵكی مەخمور.**

**دانیشتووەكان لە راستەوە:**

**1/ جمیل حمید علی تەق تەقی، 2/ عزیز علی میكائیل سماقەیی، 3/ نەوزاد كاكەرەش تەق تەقی 4/ عزیز محمد اسماعیل قەرەناوی، 5/ جمال احمد**




قەڵای ساتووقەڵا



قەڵاتە، سەربازگە









سند


خاقانی






**تاپۆی رەشی عوسمانی ماڵی کوێخا رەشید ، لە وەهابی عەزیز رەشید وەرگیراوە**





**نەخشەی بنەڕەتی شارەوانی تەق تەق**

**لە شارەوانی وەرگیراوە**





Kurdistan Regional Government | حكومەتی هەرێمی كوردستان
Council of Ministers | ئەنجوومەنی وەزیران
Ministry of Electricity | وەزارەتی كارەبا
Minister's Office | نوسینگەی وەزیر

**Memo No:** **Date:**

**To:**
JACO International,
P.O. Box 211974,
Dubai,
UAE.
**Attention:**
Joe Cole,
President

**Subject: PPA/MOE/TAQ**

I refer to the Power Purchase Agreement signed between the Ministry of Electricity and JACO International, Jaco International Malaysia Ltd & JACO Energy Group (under incorporation) on the 23 November 2006 (the "Agreement"). Terms defined in the Agreement shall have the same meanings herein.

On behalf of the BUYER, I hereby request that:

(A) Article 1 of the Agreement shall be amended to read as follows:

"Subject to this AGREEMENT, the SELLER undertakes to construct, using its own financial and labor resources, a Power Production Facility in the vicinity of **Koysinjaq/Taq Taq** in the Federal Region of Kurdistan at the site (delimited by the coordinates set out in ANNEX A) (the "Site") to produce electricity (the "Power Production Facility"), and to supply such electricity to the BUYER and the BUYER undertakes to purchase such electricity for its own needs at the quantities and prices as specified in this AGREEMENT for a period of 10 (ten) years after the commissioning of the Power Production Facility."

(B) Article 2 of this agreement shall be amended to read as follows:

1. The SELLER will use Crude Oil ( as per the sample received by the Seller from the BUYER ) as fuel feedstock for the power production facility ( the selected feedstock fuel being referred to herein as "FEEDSTOCK FULL".

2. PRICE OF THE POWER: The price payable by the BUYER to the SELLER will be US$ 0.025 (Two and one half US cents ) per kilowatt hour with a guaranteed and mandatory continual consumption minimum of 260 MW ( Two Hundred and Sixty Megawatts ).

3. The SELLER will provide additional electricity to the BUYER at the request of the BUYER at US$ 0.0225 (Two and twenty five US cents) per kilowatt hour subject to capacity restraints and availability at the Power Production facility. This additional electricity supply will only be provided subject to the additional supply of requisite volumes of – FEEDSTOCK FUEL to the SELLER by the BUYER free of all charges and fees.

(C) Annex A to the Agreement shall be amended to read as follows:

JACO INTERNATIONAL Dubai - U.A.E.

**Kurdistan Regional Government**
**Council of Ministers**
**Ministry of Electricity**
**Minister's Office**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**ئەنجوومەنی وەزیران**
**وەزارەتی کارەبا**
**نوسینگەی وەزیر**

**Memo No:** ٩٢٨٠ **Date:** ٢٠٠٦/١١/١

بۆ/ بەرێوەبەرایەتی تاقیگەی بیناسازی

بابەت/ پشکنینی گڵی شوێنی وێستگەی کارەبا

داوا لە بەرێزتان دەکەین بۆ ئەنجامدانی کاری تاقیکردنەوەی گڵی ئەو پارچە زەوییەی کە تەرخان کراوە بۆ دامەزراندنی وێستگەی کارەبا لە تەق تەق وە بۆ ئەم مەبەستە کۆمپانیای جاکۆ رێگای پێدراوە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتییەکەتان. لەگەڵ رێزماندا.

**هۆشیار عبدالرحمن سیوەیلی**
**وەزیری کارەبا**

**وێنەیەك:**

- **خولاو.**

Tel: 2271893 E-mail:moe-kr@hotmail.com

# پشکنینی گڵی شوێنی وێستگەی کارەبا





North East corner 35° 57.484N – 44° 35.366E

North West corner 35° 57.422N – 44° 34.939E

South East Corner 35° 57.146N – 44° 35.241E

South West Corner 35° 57.084N – 44° 34.814E

It is approximately 103.87 acres or about 168 Dunums

In all other respects the Agreement is confirmed as executed.

Please acknowledge the SELLER s acceptance of and agreement with the terms of this letter by signing and returning to the BUYER The endorsement on the enclosed duplicate.

Yours faithfully

Hoshyar Siwaily,
Minister

---

To: The Ministry of Electricity, 60th Street, Erbil, Federal Region of Kurdistan, Republic of Iraq.

Attention : H.E. Hoshyar Siwaily
Minister

On behalf of the SELLER under the Agreement I hereby acknowledge receipt of this letter and the SELLER's agreement to the terms thereof.

Gawain C. Forsyth
Director Marketing
JACO International

Date 8 DEC 2006

جاکو انترناشیونال دبي - ا.ع.م. Dubai - U.A.E. JACO INTERNATIONAL

# گرێبەستی وەزیری کارەبای هەرێم

تەق تەق مرکز + هەموو گوندەکانی ...

کەرتی ئاشتی = ٣٠٦ خ
کۆترەکەوەرە ٢٢٥
شەهیدان ٥٣٤
سەربەستی ٥٨٢
ڕووناکی ٥٤٨
ڕزگاری ٦٤٨
٢٨٤٣ خانو

هەرێمی کوردستان
وەزارەتـــی پـــەروەردە
بەهاوکاری ڕێکخراوی (( UNICEF ))

پوختەی فۆرمی ڕووپێو کردن

پارێزگە ( هەولێر ) قــەزا ( کۆیە ) ناوچــە ( تەق تەق )

| ژمارەی خانە لە فۆرمی ڕووپێو کردندا | | شار (حضر) نێر | شار (حضر) مێ | شار (حضر) کۆ | لادێ (ریف) نێر | لادێ (ریف) مێ | لادێ (ریف) کۆ | کــۆ نێر | کــۆ مێ | کــۆ کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | | ٧٥٢٨ | ٧٤٧٢ | ١٥٠٠٠ | ٤٥٩٧ | ٤٦٥٦ | ٩٢٥٣ | ١٢١٢٥ | ١٢١٢٩ | ٢٤٢٥٤ | |
| ٦ | | ١٥١١ | ١٣٢٣ | ٢٨٣٤ | ١٠٣٠ | ٨٤٣ | ١٨٧٣ | ٢٥٤١ | ٢١٦٦ | ٤٧٠٧ | ١٩٩٦ـ ٢٠٠١ |
| ٧ | ١. دەوام دەکات | ٦٢٦ | ٤٣١ | ١٠٥٧ | ٣٧٦ | ٢١٣ | ٥٨٩ | ١٠٠٢ | ٦٦٢ | ١٦٦٤ | ١٩٩٢ـ ١٩٩٥ |
| | ٢. دەوام ناکات | ٢٤٣ | ٣٠٠ | ٥٤٣ | ١٥٨ | ٢٨٤ | ٤٤٢ | ٤٠١ | ٥٨٤ | ٩٨٥ | ١٩٩٢ـ ١٩٩٥ |
| ٨ | ١. دەوام دەکات | ٩٧١ | ٦٣٤ | ١٦٠٥ | ٦٣٧ | ٢٠٩ | ٨٤٦ | ١٦٠٨ | ٨٤٣ | ٢٤٥١ | ١٩٨٦ـ ١٩٩١ |
| | ٢. دەوام ناکات | ٢٠٨ | ٥٢٨ | ٧٣٦ | ٢٠٧ | ٦٠٣ | ٨١٠ | ٤١٥ | ١١٣١ | ١٥٤٦ | ١٩٨٦ـ ١٩٩١ |
| ١٠ | نەخوێندەوار | ٩٠٦ | ٢١٤١ | ٣٠٤٧ | ٧٦٠ | ١٥٧٨ | ٢٣٣٨ | ١٦٦٦ | ٣٧١٩ | ٥٣٨٥ | ١٩٥٦ـ ١٩٨٥ |
| | خوێـــندەوار | ٢٢٣٨ | ١٠٩٣ | ٣٣٣١ | ٩٣٧ | ٢٧٥ | ١٢١٢ | ٣١٧٥ | ١٣٦٨ | ٤٥٤٣ | ١٩٥٦ـ ١٩٨٥ |
| ١١ | نەخوێندەوار | ٥٥٦ | ٩٤٣ | ١٤٩٩ | ٤١٣ | ٦٤٨ | ١٠٦١ | ٩٦٩ | ١٥٩١ | ٢٥٦٠ | ١٩٥٥ و پێش |
| | خوێـــندەوار | ٢٦٩ | ٦٢ | ٣٣١ | ٧٩ | ٣ | ٨٢ | ٣٤٨ | ٦٥ | ٤١٣ | ١٩٥٥ و پێشتر |
| ١٢ | | ٣٤٣ | ٢٣٠ | ٥٧٣ | ٢١٤ | ١٧٣ | ٣٧٨ | ٥٥٧ | ٤٠٣ | ٩٦٠ | کەم ئەندام |

ناو و ئیمزای سەرۆکی لیژنەی ڕووپێوکردن — ناو و ئیمزای بەڕێوەبەری ناوچە ( یان سەرۆکی کەرت ) — ناو و ئیمزای قایمقام ( یان نوێنەری لە لیژنەی فەرعیدا ) — ناو و ئیمزای بەڕێوەبەری گشتی ( یان نوێنەری لە لیژنەی مەرکەزیدا )

ژمارەی فۆرم:- ( ) ( ) ( ) ( )

چەند تێبینیەك :-

١-سەرۆکی لیژنەی ڕووپێو کردن پوختەی ئەو ( إجمالیة ) ئیمزا دەکات کە تایبەتە بە شوێنەکەی خۆی ، ئەوانی تر تایبەت بە خۆیان ئیمزادەکەن .

٢- گشت فۆرمەکانی (مسح) ولیستەکانی ( الخلاصات الإجمالیة ) ئەدرێن بە بەڕێوەبەریتیە گشتیەکانی پەروەردەو پاشان بەوەزارەتی پەروەردە .

٣- ا- شار :- ئەوشوێنانەیە کە خزمەتگوزاری شارەوانی تیا هەیە ( الوحدات السكنية المشمولة بالخدمات البلدية ) .

ب- لادێ:- ئەوشوێنانەیە کە خزمەتگوزاری شارەوانی تیانیە ( الوحدات السكنية غير المشمولة بالخدمات البلدية ) .

٤- لە پشت ئەم فۆرمە دا ناوی شوێنەکان ( گەرەك ، گوند) دەنووسرێت لە لایان ( سەرۆکی لیژنەی ڕووپێو، سەرۆکی لیژنەی کەرت ،بەڕێوەبەری ناوچە ،قایمقام ، لیژنەی ناوەندی پارێزگە) وەهەرکەس بە پێی ئیمزای خۆی .

بەپێی ئامار ٣-٤-٥-٦/٥/ (٢٠٠١)

**ئاماری 2001 ی تەق تەق**





هەرێمی کوردستانی عێراق
ئە نجومەنی وەزیران
وەزراتی ڕۆشنبیری
بەڕێوبەرێتی گشتی ڕاگەیاندن

حکومەتی هەرێمی کوردستان
بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕاگەیاندن

ژمارە : ٥٤٣
زاینیی: ٢٥/٦/٢٠٠٥
کوردی: ٨ی پووشپەڕ ٢٧٠٥

**مۆڵـەت**

بە پێی برگەی ١٦ لەیاسای چاپەمەنی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ /ی هەرێمی کوردستان بڕیاردرا بە بەخشینی مۆڵەتی یاسای بەبلاوکراوەی ( تاك ) کە هەموو مەرجەکانی یاسایی تێدایە .

خاوەن ئیمتیاز:کاکەخان نصراللەامین

سەرنووسەر:ئاراس عمرفتح اللەئیلنجاغی

فەتاح زاخۆیی
وەزیری ڕۆشنبیری

**مۆڵەتی ڕۆژنامەی تاك**



## دیمەنێك لە تەق تەق







# سەرچاوەکان

## کتێبەکان

1. خەبات عەبدوللا ،بنەماتیۆریەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشوور ، چاپی دووەم ،چاپخانەی روون ،سلێمانی 2005ز.
2. د.سلێمان عەبدوللا ئیسماعیل ،تایبەتمەندیەکانی باران لە هەرێمی کوردستانی عێراق ،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان ،سلێمانی 2006.
3. عەلی ئەسغەری شەمیمی هەمەدان،جوگرافیای کوردستانی ئێران ،چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق،بەغدا ،ساڵی 1980.
4. سەرپەرشتیاران(فەرید ئەسەسەرد و د.ئومێد نوری) ،گیروگرفتی ئاو لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ،بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان ،کتێبی یەکەم ،سلێمانی ،ساڵی 2003 ز.
5. ملاحظات عن عشائر الکردستان الجنوبیة بین الزاب الکبیر ودیالی : Ely Banistere Soane حوزەیران 1919 .
6. یاسین صابر صالح ،ئینسکلۆپیدیای گشتی ،سلێمانی 2005 .
7. کەریم زەند ،جوگرافیای کوردستان ،چاپی دووەم ،چاپخانەی شڤان ،سلێمانی 2001.
8. عەبدوللا غەفور،جوگرافیای کوردستان،سلێمانی ،2005.
9. عەبدوللا غەفور ،جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان،ستۆکۆلم ،1994.
10. جەمال فەتحوللا تەیب ،کۆیە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی،سیاسی ،کۆمەلایەتییە ،سلێمانی ، 2006 .
11. سەربەست کەرکوکی ،ڕاپۆرتی کارگێری دەڤەری کەرکوك ساڵی 1919 ،سلێمانی 2006 .
12. ئەمینی قادر مینە ،ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان ،تەرحیل ، تەعریب،تەبعیس ،لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان ، چاپی دووەم ،سلێمانی 1992 .

13. تاهیر ئەحمەد حەوێزی ،مێژووی کۆیە ،بەشی یەکەم ،بەغداد ،1984.

14. د.مارف خەزنەدار ،مێژووی ئەدەبی کوردی ،بەرگی چوارەم، لە بلأوکراوەکانی ئاراس،ژمارە (30) ،هەولێر 2004 .

15. هیمداد مەجید مەرزانی ،کوێخا عەلی مەرزانیو بەهرەمەندی لە شوێن پێ هەڵگرتن ، سلێمانی 2006 .

16. کامەران ئەحمەد حەمەدەمین ،کوردستان لە نێوان ململانێی نێو دەوڵەتی و ناوچەییدا (1890–1932)دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،سلێمانی 2001.

17. د.كمال مظهر ،كركوك توابعها والضمير ،دراسة وثائيقية عن القضية الكردية فى العراق،الجزء الاول، 2006ز .

18. سەروەر عمر حەمە مستەفا ،چەند وانەیەك لەسەر جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشور– قەلأچۆلان ،2002.

19. جەلال ئیلنجاغی ،لە شارەوە بۆ شاخ ،بەشییەکەم ، سلێمانی 2005 .

20. ئەنفالی خاڵخالأن ، ئەبوبەکر موحەمەد حاجی (مەلا شاخی) چاپی یەکەم ، سلێمانی 2001 .

21. شۆڕش حاجی ڕەسول ،ئەنفال ،کوردو دەوڵەتی عێراق ،چاپی دووەم ،،سلێمانی، ساڵی 2003 .

22. سەعدوڵلاْ شێخانی ،کورتەیەك لە مێژووی ناودارانی هۆزی شێخان،بەرگی یەکەم ،چاپی یەکەم ،هەولێر ،2003 .

23. دیوانی نۆتەی ئاوازێکی نوێ , فاتح بێلان تالەبانی، چاپخانەی بژار ، هەولێر 2004ز .

## ڕۆژنامەو گۆڤارەکان

1. ئاراس ئیلنجاغی ،تەق تەق بژوێنی هەرێمی کوردستانە ،تاك ،ژمارە (6)ی حوزەیرانی 2005.

2. دێدەوانی یەعقوب ،تەق تەق سوودو هەڵکەوتەکەی، تەق تەق ،ژمارە (6)ی تشرینی یەکەمی 2001ز.

3. نەخشەی هێزە چەکدارەکانی عێراق ،ڕووپێوی سەربازی ،ساڵی 1986.





4. موحەمەد عەبدوڵلاْ عومەر ،ڕۆڵی ئاو لەبەعەرەبکردنی کەرکوك ،باسێك لە سەنتەری برایەتی ژمارە (20)ی هاوینی 2000 ز.

5. د.ئازاد جەلال شەریف ،ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستانی عێراق ،باسێك لە سەنتەری برایەتی ،ژمارە (13)ی ئەیلولی 1999 .

6. ئاراس ئیلنجاغی ،گۆرقەرەج ئەو ئەسپە قەرەجەیە کە خاوەنەکەی وون کردووە ،تاك ژمارە ( 13)ی کانونی دووەمی 2006.

7. ڕامان ژمارە 71 , 5مایسی 2002

8. ڕێگای کوردستان, ژمارە 502، 13یئایاری 2002.

9. پڕۆفیسۆر د.ئازاد نەقشبەندی ،بایەخی گەشتوو گوزاری سامانی ئاوی کوردستانی عێراق ،باسێك لە سەنتەری برایەتی ژمارە (13)ی ئەیلولی 1999.

10. ئاراس ئیلنجاغی ،فرمێسکێ بۆ دار سنۆبەریەکانی تەق تەق ،خەرمان ،ژمارە (5)ی کانوونی دوەمی 2001.

11. گڕی نەوتی شیواشۆك و وە جاغی ئیلنجاغ ،ڕەهبەر سەید برایم ، کوردستانی نوێ ، ژ(2767).

12. هەنگاو ،2001 ،ژمارە (9).

13. ڕزگاری ،ژمارە (115) .

14. ئاراس ئیلنجاغی ،سەرنجێکی مێژوویی پڕۆژەی نەوتی شیواشۆك ،ڕێگای کوردستان ، ژمارە (457)ی 2001/6/11

15. ئاراس ئیلنجاغی ،دیموگرافیای تەق تەق ،تەق تەق ،ژمارە (4)ی 2001/7/1

16. ئاراس ئیلنجاغی ،کردنەوەی کلاْو ڕۆژنەیەك بە ڕووی مێژووی تە ق تەق ،تاك ،ژمارە 2 ی شوباتی 2005.

17. بەکر سەلام ،جەوهەر سەعاتچی وەستایەکی کارامەو خوێندەوراێکی خۆڕسك،تاك ،ژمارە 14 ی شوباتی 2006.

18. پێرۆ وهاب عەزیز،کوێخا عەزیز ی کوێخا ڕەشیدی کوێخا سەعید ، تاك ژمارە (12)ی کانونی یەکەمی 2005.

19. بارزان حەسەن عەلی،حەسەن عەلی و چەند حەقیقەتێك ، تاك ،ژمارە (5) ی نیسانی 2005.

20. د.جمال محمد باجەلان ، گرنگی تەق تەق لە دەڤەرەکەدا ،تاك ، ژمارە(21)ئەیلولی 2006.

21. فاتح بێلان تاڵەبانی کورتەیەك لە مێژووی تەق تەق ،تەق تەق ،ژمارە 1 سەرماوەزی 2700 کوردی.

22. گەلاوێژ ڕەمەزان ،لەبەسەرکردنەوەی مامۆستا مەلا سدیق دا ،مانگنامەی تەق تەق ،ژمارە (1)ی سەرماوەرزی 2700ی کوردی.

23. د.جمال محمد باجەلان، بەرکوتێك لە ژیاننامەی زانای پایەبەرزی کورد مامۆستا مەلا حەمەدەمینی چۆمحەیدەری ،تاك ،ژمارە 15 ی ئازاری 2006ز.

24. د.جمال محمد باجەلان ،بەرکوتێکی ژیانی مامۆستا مەلا حەمەدەمینی باغەجنێری ،تاك، ژمارە 17 ی مایسی 2006ز.

25. باوکی لاڤین ، ئەو مامۆستایەی (35)ساڵە لە خزمەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلاکدا بوو ، تاك ژمارە (6)ی حوزەیرانی 2005 ز.

26. عومەر قادر حەمەدەمین ،عومەر ساقی یەکەم بەڕێوەبەرو مامۆستا لە تەق تەق ، مانگنامەی تەق تەق ،ژمارە (6)ی تشرینی یەکەمی 2001.

27. حەیدەر مەنتك ،دێرینتیرین مامۆستا لە تەق تەق لەبەسەرکردنەوەیەکدا ،تەق تەق ،ژمارە (2)ی ڕێبەندانی 2700 کوردی.

28. تاك ،ژمارە (13)ی کانونی دووەمی 2006.

29. تاك ،ژمارە( 11)تشرینی دووەمی 2005.

30. تاك ،ژمارە (8)ی ئابی 2005.

31. تەق تەق ،ژمارە (1)ی سەرماوەزی 2700 ی کوردی.

32. فاتح بێ لان تاڵەبانی ،مەبەست لە ڕبەی تەق تەق ...؟!کوردستانی نوێ ،ژمارە (1506)،1997/11/27.

33. ڕەهبەر سەید برایم ،تەق تەق بوکی خێرو خۆشی دەم زێ ،کوردستانی نوێ ،ژمارە (2680)ی 2002/2/1.

34. ئاراس ئیلنجاغی ،د.ڕەئوف گوزەرێك لە تیشکی زانست ،هاموون ،ژمارە 56 ی 2006/10/22.





35. فریاد رواندزي ،کلمات في رثاء الصدیق الوفي د.رؤوف کویخا عزیز ،الآتحاد ،العدد 1394 الخمیس 2006/9/21.

36. فاروق مەلا موستەفا ،فرمێسکێکی وەفاداری بۆ هاوڕێ ی شیرینم د.ڕەئوف ،کوردستانی نوێ ،ژمارە 4074 ی 2006/9/15.

37. عادل موراد ،لە یادی چلەی کۆچکردوو کاکە د.ڕەئوف ،کوردستانی نوێ ،ژمارە (4106)ی 2006/10/29.

38. نەسروڵلاّ نەجمەدین ،د.ڕەئوف ماڵئاوا ،ئالاّی ئازادی ،ژمارە (679)ی 18ئەیلولی 2006.

39. د.طالب مراد ،وفي اللیلة الظلماء یفتقد البدر وداعاً کاك رؤوف ،صوت العراق ،صحیفة الکترونیة یومیة مستقلة ،2006/9/19.

40. فاتح بێلان تاڵەبانی ،ماڵئاوا د.ڕەئوف ماڵئاوا ،تاك، ژمارە (21) ی ئەیلولی 2006.

41. بلال جەوهەر ، پێشینەیەك لەسەر نواندن و شانۆ لە شارۆچکەی تەق تەق ، تاك ، ژمارە (28)ی نیسانی 2007.

42. حەیدەر مەنتك ،لەگەڵ تیپی مۆسیقای تەق تەق ، مانگنامەیتەق تەق ،ژمارە (1)ی سەرماوەرزی 2700 ی کوردی.

43. ئاراس ئیلنجاغی (کامگار )، هونەرمەندی جوانەمەرگ نەوزاد بانە گولاّنی ، تەق تەق، ژمارە (6) تشرینی یەکەمی 2001.

44. ئاسۆ موحەمەد ، تەق تەق و گەشەسەندنی هونەر ، تاك ژمارە (27) ئازاری 2007 ز.

45. ڕامان،ژمارە (3)ی کانونی یەکەمی ساڵی 1998.

46. شادمان دەرگەلەیی ،یەکەم پێشەنگای پەیکەرسازی لە شاری هەولێر دا ، برایەتی ، ژمارە(2499)ی 1998/2/6 ز .

47. برایەتی ،ژمارە (2500)ی 1998/1/7ز.

48. ابو دالی ،ڕۆژیدە بکر ،تتعامل مع الحجر وتجعله ینبض بالحیاة ،زاگروس ،عدد (10)، 1998/9/27 .

49. ڕۆژیدە بەكر خاوەنی گەلێ بەهرەی وەرزشیە ،برایەتی ،ژمارە (3642)ی 2002/3/21.

50. دەنگی ئافرەت ،ژمارە (23)ی كانونی یەكەمی 2000 .

51. ماریا ئەحمەد ،خاتو ڕۆژیدە بەكر :سەركەوتنی ئافرەت لە وەرزشدا پاراستنی ڕەوشت و ناوبانگیەتی ،پێشكەوتن ،ژمارە (110)ی تشرینی یەكەمی 2001.

52. هۆگر ڕەسوول ،زوومی كامێرا ،وەرزش ،ژمارە (168)ی 2001/2/21 ز.

53. ڕزگار حاجی حەمە، مێژووی وەرزش لە شارۆچكەی تەق تەق ، مانگنامەی تەق تەق ، ژمارە (4) ی 2001/7/1.

54. فاتح بێلان تاڵەبانی ،زەنگێك لە ڕابردووەوە ،كوردستانی نوێ ،ژمارە (452)ی 1993/8/3.

55. فاتح بێلان تاڵەبانی ،بیرەوەریەك لە ڕۆژانی ڕابردوو ،كوردستانی نوێ،ژمارە (1353)ی 1996/8/7.

56. جەمال فەتحوڵلاتەیب ،كۆیەو هاتنی ئینگلیز ،گۆڤاری ڕاما ،ژمارە (1)ی نیسانی 2006.

57. ڕەهبەر سەید برایم ،یەكەمین چالاكی بۆ ڕاگەیاندنی شۆڕشی نوێ ،تاك ،ژمارە ( 6 )ی حوزەیرانی 2005ز.

58. جەلال ئیلنجاغی ،گرتنی تەق تەق ،ساڵی 1987 ،مانگنامەی تەق تەق ،ژمارە (3)ی ڕەشەمێ ی 2700 ی كوردی.

59. شكرالله ئیلنجاغی،(ئیلنجاغ لانكەی تێكۆشان و فیداكاری)،تاك ،ژمارە (23)،تشرینی دووەمی ساڵی 2006.

60. ئاراس ئیلنجاغی ، چاوپێكەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیەی سێگردكان ، تاك ژمارە (23)ی تشرینی دووەمی 2006.

# ضاوثێكەوتنەكان

1- چاوپێكەوتن لەگەڵ نەوزاد كاكەڕەش سەعدون ،لە دایك بووی 1954 ی تەق تەق .

2-چاوپێكەوتن لەگەڵ خوالێخۆش بوو (حاجی سەعید موحەمەد گەرمكی )لە دایك بوی (1919)ی گەرمك .





3-چاوپێكەوتن لەگەڵ سوارەی مام سەعید كە بە سوارەی مام مارفیش ناو دەبرێت،لە دایك بووی 1964 ی گەرمكی ساتوقەلاَ.

4-چاوپێكەوتن لەگەڵ مەحمود حەمید عەلی لە دایك بووی 1935 ی تەق تە ق.

5-چاوپێكەوتن لەگەڵ بەكر وەستا عارف لەدایك بووی 1933 ی تەق تەق .

6-چاوپێكەوتن لەگەڵ هیدایەت سلێمان عەلی ،لەدایك بووی 1964ی تەق تەق.

7-چاوپێكەوتن لەگەڵ د.ڕەئووف كوێخا عەزیز لە دایك بووی 1947 ی تەق تەق .

8-چاوپێكەوتن لەگەڵ مام ڕەفیق رشید لە دایك بووی 1937 ی تەق تەق .

9-چاوپێكەوتن لەگەڵ صباح تۆفیق امین ،لە دایك بووی (1947)ی بەغدا.

10- چاوپێكەوتن لەگەڵ جوامێر سوارە رحمان لە دایك بووی 1971 ی تەق تەق

11-چاوپێكەوتن لەگەڵ موحەمەد فارس عەبدول سەلام لە دایك بووی 1967 ی تەق تەق

12-چاوپێكەوتن لەگەڵ ڕۆستم رسول حمە شریف سعید ،لە دایك بووی 1971 .

13-چاوپێكەوتن لەگەڵ نەسیمە جەلیل احمد امین ، لە دایك بووی 1975 .

14-چاوپێكەوتن (فەیسەڵ تەلوب جاسم ) لە دایك بووی 1957 ی تەق تەق

15-چاوپێكەوتن لەگەڵ موسەدەق قادر شەریف ،لەدایك بووی (1963)ی تەق تەق .

16-چاوپێكەوتن لەگەڵ نازم حەسەن علی ،لەدایك بووی 1950 ی تەق تەق ،.

17-چاوپێكەوتن لەگەڵ نادری خورشید مام ئەمینی خەزنە ،،لە دایك بووی 1938 تەق تەق .

18-چاوپێكەوتن لەگەڵ حاجی ئەمینی مستەفا خەیات ،لە دایك بووی 1937ی تەق تەق.

19-چاوپێكەوتن لەگەڵ بناری غەریب عارەب لەدایك بووی 1979ی تەق تەق .

20-چاوپێكەوتن لەگەڵ ئومێد حەمەدەمین بەرید لە دایك بووی 1974 ی تەق تەق ،.

21-چاوپێكەوتن لەگەڵ (عمر ئەحمەد عەبدوڵلاَ) لە دایك بووی 1937 ی تەق تەق .

22-چاوپێكەوتن لەگەڵ تالب خالد تەها لە دایك بووی 1972 چۆمحەیدەر .

23-چاوپێكەوتن لە گەڵ سەباح مەلا عومەر ڕەشید قەرەناوی .

24- چاوپێكەوتن لەگەڵ هەردوو بەڕێزان مامۆستا مەلا مەجید و مامۆستا مەلا میرزا تاڵەبانی .

25–چاوپێکەوتن لەگەڵ فریاد حەمەد معروف کۆیی .

26–چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندازیار (ئازاد مامەند خالید) لەدایك بووی ،ساڵی 1968 ی باغەجنێر.

27– چاوپێکەوتن لەگەڵ هادی خالید حاجی وەلی .

28–چاوپێکەوتن لەگەڵ ، ڕەفیق کوێخا ڕەشید ، لە دایك بووی ساڵی 1938 ی تەق تەق .

29–چاوپێکەتن لەگەڵ موقەدەم سەرهەد لە دایك بوی 1964 .

30–چاوپێکەوتن لەگەڵ یاسین برایم صابر لەدایك بووی 1975 ی باغەجنێر

31–چاوپێکەوتن لەگەڵ نەقیب (حەمید عەباس لە دایك بووی 1970 ی موخەڕەس.

32–چاوپێکەوتن لەگەڵ مفەوەز فەرەیدون نەجمەدین لە دایك بووی 1974 ی تەق تەق .

33–چاوپێکەوتن لەگەڵ فاروق نورەدەین موحەمەد ئەمین لە دایك بووی ساڵی 1974 ی ئۆمەرگومبەت .

34–چاوپێکەوتن لەگەڵ شۆڕش عومەر ئەحمەد لە دایك بووی 1967 ی تەق تەق .

35–چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی عەزیز شەریف ، لەدایك بووی 1973 ی سەرچنار.

36–چاوپێکەوتن لەگەڵ (محەمەد عبدالرحمن سێگردکانی) .

37–چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێبوار سابیر شەریف لە دایك بووی (1982)ی تەق تەق .

38–چاوپێکەوتن لەگەڵ (عومەر ئەحمەد عەلدوڵڵا) لە دایك بووی ساڵی (1937)ی تەق تەق .

39–چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر نادر ئیلنجاغی لە دایك بووی 1937 ی ئیلنجاغی گەورە.

40– چاوپێکەوتن لەگەڵ هیوای شەهید نامق لە دایك بووی 1976 ی تاڵەبانی گەورە .

41– چاوپێکەوتن لەگەڵ نادر کەیم سمایل لە دایك بووی 1934 ی تاڵەبانی گەورە .

42– چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەبوبەکر عوسمان تاڵەبانی لە دایك بووی 1956 .

43– چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهرام حەمە شەریف کەریم لە دایك بووی 1959 .

44– چاوپێکەوتن لەگەڵ جەواد حاجی سمایل میکائیل لە دایك بوووی 1965 ی تاڵەبانی گەورە.



تةق تةق ، ثةلكة زيَرينةي كةنار زيَي بضووك ئاراس ئيلنجاغي

45– چاوپێکەوتن لەگەڵ موحەمەد تاهیر تەکەڵتوویی، لە دایك بووی 1965 ی تەکەڵتوو.

46– چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا موحەمەد نەجم لە دایك بووی 1969 ی کانیلەلە .

47–چاوپێکەوتن لەگەڵ ستار عەلی ڕەزا (حاجی ) لە دایك بووی 1971 ی کەپەنەك

48– چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان ئەنوەر قادر قەسرۆکی ، لە دایك بووی 1966 .

49– چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا (ئەبو بەکر ئەحمەد حەمەدەمین ) سێگردکانی .

50–چاوپێکەوتن لەگەڵ موحەمەد ئەحمەد ئیلنجاغی لە دایك بووی 1951 ی ئیلنجاغی گەورە .

51–چاوپێکەوتن لەگەڵ تارق صابر ڕەمەزان لە دایك بووی 1975 .

52–چاوپێکەوتن لەگەڵ موحەمەد ئەحمەد ئیلنجاغی (محمد چاوشین)لە دایك بووی 1951 ی ئیلنجاغی گەورە .

53–چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ صدیق اورحمان رسول کاولانی .

54–چاوپێکەوتن لەگەڵ مام عەلی ساڵح حەمەد .

55–چاوپێکەوتن لەگەڵ هاشم قادر ئیسماعیل لە دایك بووی 1968 ی باغەجنێر .

56–چاوپێکەوتن لە گەڵ ڕشید حاجی ساڵح مستەفا ،لە دایك بووی 1939 .

57– چاوپێکەوتن لەگەڵ نوری عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا لە دایك بووی 1950ی ئیلنجاغی گەورە .

58–چاوپێکەوتن لەگەڵ عبدالرحمان محمد(حەمۆل) مەولود لە دایك بووی 1952 ی ئۆمەرگومبەت .

59–چاوپێکەوتن لەگەڵ مام عومەر عەزیز سێگردکانی